# گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا

د. پەری ساڵح موفتی

* ناوی کتێب: گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا

* نووسەر: د. پەری ساڵح موفتی

* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .

* نەخشەسازی: عیسام موحسن.

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٧٨).

* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

* تیراژ: ٥٠٠ دانە.

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(     )ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

**<u>کورتەی هێما کوردییەکان</u>**

**چ = چاپخانە**

**چا = چاپ**

**ل = لاپەڕە**

**س.پ = سەرچاوەی پێشوو**

**ر = رۆژنامە**

**گ = گۆڤار**

**<u>کورتەی هێما عەرەبییەکان</u>**

ص = صفحة

ج = جريدة

مج = مجلة

مط = مطبعة

ط = طبعة

د.ت= دون تاريخ

# پێشەکی

گـوێگرتن لـە گێڕانـەوەی حیکایـەت یـا سەرگوزەشـتە لەسـەردەمی منداڵییەوە، لەقووڵایی هزرو هەستی مرۆڤی کورد چەکەرەی کردووە، چـونکە بەشـێکی گرنگـی شەوچـەرەی ژیـانی رابـردووی کوردەواریمانـە، هـەروەها بەشێکی گرنگی پەروەردەی منداڵانە لەلایەن دایکانەوە شـەوانە، یا هەنـدێ جار بە رۆژیش بۆیان دەگێڕنەوە.

ئەمجۆرە حەزە هەر لە منداڵییەوە لەلام پەیدابووە، بەتایبەتی لەشەوانی هاوین و لەخۆشیی نووستن لەتەنیشت پورمـەوە، و ترسم لەسـینیی زیـوینی هەڵگێڕدراوەی ئاسمانی پڕلـە نهێنـی، مـن بـە پـورم دەوت ڕووت لـەمن کـە و خوشکیم لەمن بچووکترو ئازا تر بـوو دەیـوت: نـەء بـا ڕوو لـەمن بکـا، پـورە ئەوەندە میهرەبانبوو دەیوت: قەیدی نییە روو لە ئاسمـان دەکـەم و دەسـتی بـە گێڕانـەوەی حەکایەتـە خۆشـەکانی دەکـرد، رەنگـە هـەر لەبـەر ئـەوەی لەتەنیشت ئەو دەنووستم بۆیە حەزم لە حەکایەتبووبێ.

کـاتێ گـەورەتریش بـووم خوێندنـەوەی چـیرۆکە فارسـییەکان لەلایـەن باوکمەوەو کۆبوونەوەی هاوسێکانمان لەماڵی ئێمە، تاباوکم بـەزنجیرە بۆیـان بکـا بـەکوردی، وای لێکـردم زیـاتر هـۆگری خوێندنـەوەی چـیرۆکە میللـی و چیرۆکە هونەرییەکان بم و هەوڵی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە بـدەم لـەبارەی چـیرۆکەکانی ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیلەوە، کـە یەکێکـە لـە چیرۆکنووسانی هاوچەرخی کوردیماندا.

چیرۆك، وەك هونەرێکی ئەدەبی، پشت بەگێڕانەوەی رووداوی راسـتەقینە یان خەیاڵ دەبەستێ، کە بەسەر خودی چیرۆکنووس یا یەکێك لەو کەسـانەی دەوروبەریدا هاتووە.

ئەم لایەنە، یەکێکە لە بنەماکانی جیاکردنەوەی چیرۆکی هونەری لە حیکایەتی فۆلکلۆری، کە زۆر جار حیکایەتێکی خەیاڵاوی دەبێتە کەرەسەی سەرەکیی ئەمجۆرە چیرۆکانەو بە بەشێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆری دادەنرێت.

چیرۆك، رەگەزێکی زیندووی ئەدەبییە، دەقێکی لە بار بۆ لێکۆڵەر دابین دەکات؛ تابتوانێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات. چیرۆکی نوێی کوردی، شان و شکۆیەکی گرنگی هەیە، بۆئەوەی بتوانێ بە داهێنان بگات؛ نووسەرانی کورد هەوڵی زۆریانداوە بۆبە دیارخستنی تایبەتمەندییەکانی ئەم هونەرە لە ناو ئەدەبی کوردیدا.

چیرۆکی کوردی بۆو بەرامەیەکی تایبەتی هەیە، چیرۆکی کوردی هەر خەریکی رێگە برینە بۆ پێشکەوتن و کامڵ بوون وداهێنانی زیاتر و روانین بەرەو ئاسۆو داهاتووی گەش و پێگەیشتوو.

چیرۆکنووسانی کورد، چیرۆك بە رێگایەکی گرنگ دادەنێن بۆ دەربرینی ئەو هەست وهزرو روانینانەی لە ناخ و گیانی پڕ لە جموجۆڵ و چالاکی چیرۆکنووسەکاندا پەردەپۆشکراون، لەگەڵ جۆری ژیان وچۆنیەتیی بەسەربردنیشی گونجاوە، بۆیە هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ گرنگیدان بە بنیات و رێسای هونەری چیرۆك، ئەمەش بە شارەزایی و بەردەوامی بەدەستهێنراوە.

هۆی بایەخدانم بە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەم کتێبە بۆ چالاکیی چیرۆکنووسەکە (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دەگەڕێتەوە، ماوەیەکی دوورو درێژە، بە وشیاری و سۆزێکی ناسك، لەگەڵ هەستکردن بە کێشە وردو درشتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، بە تایبەتی لەو کاتە ناسکانەی، کەم کەس دەوێرا ورتەی لێوە بێت، ئەم چیرۆکنووسە بەچەکی پێنووسەکەی و لەرێگەی هێماوە ناوەرۆکی چیرۆکەکانی گڕو تینی وەبەر خەڵکی

ستەمدیدەی کوردستاندا دەهێنا، بە تایبەتی لەو هێرشە ناڕەوایانەی لە ساڵانی چلەکانەوە تاگەیشتە هێرشە دڕندەکانی پاکتاوی نەژادی و ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیاباران .

تاکە گرفت لەرێی لێکۆڵینەوەکە، هەمەجۆریی زاراوەو بەکارهێنانییەتی لەلایەن لێکۆڵەرانەوە. لێکۆڵەر پشت بەهەندێ زاراوە دەبەستێ، کەسەرهەڵدانەکەی لەشارستانییەتێکی جیایە و زاراوەکان لەو شوێنانە نەشونمایانکردووە، ئیدی دەگوێزرێنەوە بۆژینگەیەکی دی، کە لەزۆربەی شتەکان لە یەك جیان، لەئەوروپییەوە بۆ عەرەبی، دواتر بۆ کوردی لە کوردییەکەش چەندین زاراوە بەرامبەر یەك وشەی عەرەبی دانراوە ئەمە بووەبەهۆی دوودڵی بۆلێکۆڵەر لەهەڵبژاردنی زاراوەدا بۆنموونە:

زاراوەی (الاستباق)ئەم واتایانەی بۆدانراوە:

پێشکەوتن : التقدم، پێشبینی: التوقع، پێشخەری، هەروەها بۆبنیاتی (التتابع) : شوێنکەوتە، زنجیرەیی، یەك لەدوایەکداهاتن، بەدوای یەکداهاتن. بۆبنیاتی(التضمین) :تێکەڵ:الخلط، تێکچڕژاو: التداخل، تێهەلکێش دانراوە. ئەم زاراوانەش زوربەیان مانای بنەڕەتی زاراوەکانیان نەگەیاندووە.

گرنگیی ئەم کتێبە لەوەدایە، بەداخەوە، تاکو ئێستا وەك پێوست چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوەو، جگە لە لێکۆڵینەوەیەکی زاهیر رۆژبەیانی رەخنەگر بە ناوی :(چیرۆکی هونەری کوردی)، شەست و سێ لاپەڕەی بۆ ئەم چیرۆکنووسە تەرخانکردووە، لێکۆڵینەوەی دیکەی تێرو تەسەلی لەسەر نەکراوە و چیرۆکەکانی شایانی بایەخپێدانی زیاترن و، بەهرەو داهێنانێکی بەرچاویان تێدا بەدی دەکرێت.

ڕاستە تا ئێستا لەبارەی گێڕانەوەی نێو هەندێ دەقی رۆمان و چیرۆکی کوردی چەند کتێبێك نووسراوە، بەڵام لەبارەی گێڕانەوەی نێو دەقی

چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل کارێکی ئەکادیمی ئەوتۆ نەکراوە، ئەگەرچی کەرەسە بنچینەییەکانی گێڕانەوە لەجیهانی رۆماندا پتر دەبینرێنەوە، بەلاّم چیرۆکیش لەو کەرەسە بنچینەییانە بێبەش نییە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین، ئاماژەبەوە بکەین، کەوا ئەم چیرۆکنووسە تا ئێستا حەوت کۆچیرۆك و رۆمانێکی هەیە بە ناوی (بەهاری رەش) سالّی ٢٠٠٧ لە یەك بەرگدا کۆکراونەوە بەناوی کۆچیرۆك، ئومێدەوارین بەم لێکۆلێنەوەیە کەلێنێکمان لە بواری رەخنەو لێکۆلّینەوەی ئەدەبیدا پڕکردبێتەوە .

# بەشی یەکەم

## چەمك وجۆرەكانی گێڕانەوە

### چەمكی گێڕانەوە

دووبارە باسکردنەوەو خستنەڕووی ڕووداوێکە یان چەند ڕووداوێکی دوور یا نزیکە، لەڕێگەی گێڕەرەوە، کە خۆی بەشداربوویەکی ڕووداوەکەیە یا بەباشی ئاگای لێیەتی و واقیعییە، یان خەیاڵییە.

گێڕانەوە، بریتییە لە گواستنەوەی بەسەرهات، کە گێڕەرەوە ئەنجامی دەدات بۆ وەرگر(بۆگێڕراو)، دەکرێ بوترێ گێڕەرەوە قسەکەرەو، بۆگێڕراو گوێگرە.

گێڕانەوە زاراوەیەکی گشتییە، کە ئەویش ((گێڕانەوەی ڕووداوێك یان زیاتر، هەواڵێك یان زیاتر دەگرێتەوە ئیدی لە کرۆکی ڕاستییەوە هاتبن، یان لەداهێنانی ئەندێشەوە))[1]، واتەهەندێ ڕووداو ڕاستەقینەن وهەندێکیش دروستکراو.

لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا گێڕانەوە بە واتای: ((گێڕاندنەوە، گێڕاندنەوەش بەواتای باسکردنی قسەی گوتراو))[2] هاتووە .ئەمانە تەنیا رابردوو دەگرنەوە نەك داهاتوو، بەپێی پێناسەی یەکەم و دووەم ئەرکی گێڕانەوە سنووردار دەکرێ، بەمەش پێویستی بەگێڕەرەوە دەبێت، تا ڕووداوەکانیان بۆ باسبکات بە تێگەیشتنێکی نزیك لە واتای گێڕانەوە .

بەپێی ئەمەی باسکرا ناکرێ گێڕانەوە تەنیا یەك پێناسەی بۆبکرێ، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبێتە هەڵگری پێناسەی جیاجیا بۆیە دەبێ ڕێگە سەرەکییەکانی گێڕانەوە دیاریبکەین و لێیان بدوێین، تا وەك کلیلێك جیهانە داخراوەکەی پێبکەینەوەو ناخی ڕاستەقینەی ئەم هونەرە ئەدەبییە، کە چێژ

---

[1] – معجم مصطلحات الادب –مجدی وهبة، مكتبة لبنان، ١٩٧٤، ص٣٤١

[2] – هەنبانە بۆرینە – هەژار، فەرهەنگی کوردی– فارسی، چ/٥، تهران، ١٣٨٥، ل٧٤١

و تــامی تایبــەت بــەمرۆڤ دەبەخشــیٚ، بخەینــەڕوو، چــونکە تامۆچــێژی ئەوگێڕانــەوە مێژووییــە نەمرانــە، کــە رووبــەڕوو رووبانــداوە گێــڕەرەوەو بۆگێڕراو لەیەك ساتەکاتدا ئامادەبوون وەك: کلیلەو دمنەو هەزارو یەکشــەوە، بــوون بــەهۆی ئــەوەی لەگێڕانــەوەی یەکەمــدا حــوکمکردنی ولاَت لەهندســتان بۆباشتر بگۆڕیٚ و لەدووەمیشدا شەهرەزاد لە کوشتن رزگاری ببیٚ.

مرۆڤ، هــەر لــە ســەرەتای خەلقبوونیــەوە جــۆرە زمــانێکی ئاخــاوتنی هەبووە بۆ ئەوەی لەگەلٚ کەسانی دەوروبەری خۆی گفتوگۆ بکــات و، ئــەوەی چاویشی پێکەوتووەو پێی سەرسام بووە یا حەزی لێیبووە یا لێی ترساوە تا بەهۆیەوە بیگێڕێتەوە و باسی بکات، هونەری گێڕانەوە تایبەتە بەمرۆڤ و((بــە ئامرازی یەکەم دەژمێردریٚ لە ئەدەبی چیرۆکدا))[1] .

لەژیانی رۆژانەدا، لەگەلٚ هەبوونی مرۆڤدا گێڕانەوە هەبووە، هەرچــەندە زاراوەی (زانستی گێڕانەوە – Narralology) بە زانستێکی نویٚ دەژمێردرێــت و ((لەگــەلٚ دەرفــەتی کاریگــەربوون بــە بونیادگــەری لەبازنــەی بــەکارهێنانی رەخنەیی بەشــێوەیەکی تایبــەتی هاتۆتــە نــاوەوە ))[2]، بــەلاَم ئــەم زاراوەیــە لەشــەوو رۆژێکــدا لــە ئــەدەبی رۆژئــاوادا پەیــدا نــەبووە، بــەلٚکو ریشــەی ئــەم گێڕانەوەیە بــۆ ســەردەمی ((ئــەفلاتون و ئەرەســتۆ دەگەرێتــەوە))[3]، بــەلاَم سەرهەلٚدانی گێڕانەوە دەبیٚ زۆر لەو مێژووە کۆنتر بێت، لەگەلٚ هەبوونی مرۆڤ لەســەر گــۆی زەوی لەســەردەمی شارســتانییەتە کۆنەکانــەوە گێڕانــەوەش هەبووە، کاتیٚ لەڕاووشکار گەڕاونەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکان ودەســتیانکردووە بە وێنەکێشانی ئەو ئاژەلٚ وگیانلەبەرانەی کە لێیان ترساون یان هۆگریانبوون یــان لێیــان مــردوون لەســەر دیــواری ئەشــکەوتەکان، جگــە لەوێنــە کێشــانی

---

[1] – فــن الشــعر –ارســطوطاليس، تحقيــق وشــرح د.شــكري محمــد عيــاد، دار الكتــاب العــرب، ١٩٦٧،ص٤٨.

[2] – Dictionary of stylistics ،wales، karie- n Group 1.1 ltd .1989 . p102 .

[3] – النص الروائي (تقنيات ومناهج )، بيرنار شاليط، ترجمة : رشيد بنحدو، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية، ١٩٩٩، ص١٨–١٩ .

کەرەستەی ڕاو ونێچیرەکان، یان زۆر جار لە فیلمە بەڵگەنامەییەکاندا بینراوە مـرۆڤ ڕووی لەوحـە هونەرییـەکانی بـەش بەشـکردووە و هەربەشـێکی بـە وێنەیـەکی هەڵکەنراوبەیارمـەتی ڕۆخـە تیـژو لارەکـەی ڕووەکی(بـردی) پڕدەکردەوە.

ئەم وێنانە زۆر پێش قسەکردن کەوتوونەوە، بۆیە وێنە دەبێتـە یەکـەم کەرەسەی گێڕانەوە لەسەردەمە کۆنەکاندا، جگە لەمانە زۆرجار ئەو پیتانـەی نامەیان پێنووسیوە بۆیەکتری وئەو(مۆر)انەی هەیانبووە لەکاروباری بازرگانی وشتی دیکەدا بەکاریانهێناوە هەریەکە وێنـەی شـتێکی لەسـەر بـووە: (چـاو، ئاژەڵی جۆراو جـۆر، ڕۆژ، مانگ...هتـد) : ئەمشـتانە ئـەوە دەسـەلمێنن، کـە وێنە یەکەم شت بووە مرۆڤ پـەنای بـۆ بـردووە بـۆدەربڕین لـە ویسـتە کـانی، ئەمـە سـەرەتای گێڕانەوەیـە ولەسـەردیواری (موزە)کـان و بنیاتنـانی مۆنۆمێنتەکان کورتـەی چـەندین گێڕانـەوە دەخەنـەروو، چـونکە گێڕانـەوەی نویّ تەنیا ئەوەنییە لەدیار دەقە ئەدەبییـەکان بوەسـتیّ، کەپەیوەسـتن بـە گێڕانەوە، بەڵکو زۆر جۆری دیکە دەگێڕێتەوە، ئەوانـەش کارەهونەرییـەکانی وەك: تابلۆ، وێنەفۆتۆگرافییەکان، کاریکاتێر و هێماکانی، زۆرجار نووسینێکی سادەی سەر دیوارێك، هەریەکێك لەمانـە بـەپێی تایبەتمەنـدی خۆیـان جـۆرە چیرۆکێکیان گلداوەتەوە، ئەمەش لەگـەڵ بۆچـوونی (بارت)ڕێکدەکـەویّ، کـە دەڵیّ:((دەکریّ گێڕانەوە بەهۆی ئـەو زمانـەی کـە بـەکار دەهێنـریّ، زارەکـی بێت یان بەنووسین، بەهۆی وێنەی جێگیرەوەبـیّ یـا جـولاو، بـەهۆی تێکـەڵاو کردنێکی ڕێکوپێك بۆ ئـەم کەرەسـتانە کـە لەئەفسـانەو پڕوپـووچ و چـیرۆك وداستان ومێژوو ومەرگەسات وبەزمە سـات و تـابلۆی وێنەکێشـراو، تادەگاتـە هونـەری نەخشـاندن (زخرفە)وسـینەماو ریکلامـی تەلـەفزیۆن ولەزگـەکان وگفتوگۆکان))[(١)] دەوەبیّ.

---

1- Roland barthes ,introduction analyze des resist . communication.8,1966,p.7.

لەشانۆنامەی ((هەبوونەبوو))[١]دا کاتێ کچی میر شوو بە رەجەب دەکات و لەدواییدا دەکەوێتە زیندان و لەوێ مافوور دەچنێ و دەیفرۆشێ، بەهۆی نەخش ونیگارەکان شوێنەکەی دەدۆزرێتەوە، لێرەدا زمانی قسەکردن و گێڕانەوە نەخش ونیگاربوو، هەروەها لەونموونە هاوچەرخییانەدا مۆنۆمێنتی (عومەری خاوەر) تادنیا مابێ هەڵگری گێڕانەوەیەکە سروشت ورەفتاری دوژمنانی کورد بەرامبەر خەڵکی مەدەنی و بێتاوان نیشاندەدات.

گێڕانەوە شتێك نییە لە خۆیەوە هاتبێتە ئاراوە، بەڵکو((رێگایەکە، چیرۆکبێژ یان داهێنەرێکی میللی بەرهەمی خۆی لەرێی گێڕانەوەوە پێشکەش بەخوێنەر دەکات))[٢]. کەواتە گێڕانەوە چنینەوەی قسەیە، بەلام ((لە شێوەی حیکایەت، بەم چەمکەش گێڕانەوە بۆ مانا کۆنەکەی دەگەڕێتەوە، کە فەرهەنگە عەرەبییەکان مەیلی ئەوە دەکەن کە مانای "چنینەوە"ی بۆ دابنێن))[٣]، ئیدی ئەم چنینەوە چۆن و بەچ شێوەیەك کاریگەری لەسەر خوێنەر دەبێ و لە یادەوەری دەمێنێتەوە، بۆیە بەمە هونەری گێڕانەوە ماندووبوونی زیاتری دەوێ، چونکە جاران حیکایەتخوان تەنیا باسی کاتی رابردووی دەگێڕایەوە، جگە لە خەیاڵی پەتی و ئەفسانەو خورافە و درێژ دادڕی ودووبارەو دەبارەی وشەی (گۆتی، هەرزۆیی)، داهاتووش کەمتر لای لێدەکرایەوە، دەکرێ بڵێین: ((هیچ دەقێکی ئەدەبی بەبێ گێڕانەوە نابێت))[٤]و ئەمەشە وای کردووە، کە هونەری گێڕانەوە بەهایەکی بەرزو گرنگی هەبێت وتاموچێژێکی تایبەتی و رۆڵی دیاری هەبێت، کە چالاکی و

---

١ – زنجیرە درامای تەلەفزیۆن

٢ – بنية النص السردي في منظور النقد الأدبي، د.حميد لحمداني، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط٢، ١٩٩٣، ص٤٦.

٣ – ألف ليلة وليلة، تحليل سيميائي تفكيكي لحكاية حمال بغداد، د.عبدالملك مرتاض، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٨٤ .

٤ – مدخل إلى التحليل البنيوي للقصص، رولان بارت، ترجمة : منذر عياشي، مركزالإنماء الحضاري، ط١، حلب،١٩٩٣، ص١٢.

جوولــە بەچــیرۆك دەبەخشــێت ئــەم لایەنــەش زۆر پێویســتە بــۆ ((دەســتەبەرکردنی بـیری خوێنـەر، ئـەوەی دێتـە مەیـدانیش هەڵپـەکردن و پەرۆشـیی خوێنـەرە بـۆ دەسـتبەردار نـەبوون لـە خوێندنـەوەی چـیرۆکەکەو بەردەوام بوونە لە چاودێریی وردی پاژەکان، ئەمەش بەهۆی حەز لێبوون لـە دۆزینــەوەی پاڵنــەرە راســتەقینەکان لــە روودانــی کێشــەی هەمــە جــۆر لــە رووداوەوە، هــەروەها هۆکــاری دەروونــی لــە سروشــت و هەڵوێســتی کارەکتەرەکاندا))[1].

هەر لەبەر ئەوەی گێڕانەوە بەرهەمی کارێکـە، گێـرەرەوە ئـەنجامی دەدات بۆیە: ((گێڕانەوە کـارێکی هەواڵگەیانـدن و هونەرییـە. هەواڵگەیاندنـە، چـونکە زنجیرەیـەك رووداو دەگوێزرێنــەوەو ئــەرکی گەیانـدنی پێسـپێرراوە پێیـدەوترێ (نێـرراو) و بـۆ نێرراو(وەرگـر) بـۆ چـنینەوەی ئـەو رووداوانـەو دارشــتنەوەیان لــەقاڵبێکی زمــانی کــە پەرۆشــی بــەهای جــوانیی دەقەکــە بێت))[2]، ئەم دەقانەش هەر جۆرێکی ئەدەبی بن .

## ئەرکی گێڕانەوە:

چیرۆك بەپێی ئەو رێکخستنەی کە لە واقیعدا هاتووە رووداو پێشکەش ناکـات، بــەڵکو رووداوەکــان پــێش وپاشــدەکات، هەنــدێکیان بــەکورتی وهەندێکیان بەدرێژی باسدەکات بۆزیاتر بەرجەستەکردنی دیمەنێك، لایـەنێك، بابەتێك، لەدوورەوە بێت یا لەنزیکەوە.

ئەرکێکی دیکەی گێڕانەوە بەدیار خستنی هەموو ئـەو شـتانەی نووسـەر دەیزانـێ لـەبارەی کارەکتـەرو هەوڵدانیـەتی بـۆ چـوونە نـاو نـاخی شـاراوەی کارەکتەرو دۆزینەوەی تایبەتمەندی و سیفەتەکانی.

---

[1] – الروایة العراقیة وقضیة الریف – باقر جـواد الزجـاجی، دار الحریـة للطباعـة، بغـداد،١٩٨٠، ص١٦٤.

[2] – السرد عند الجاحظ، فادیه مـروان احمـد الونسـة، اطروحـة دکتـوراه، کلیـة الاداب، جامعـة الموصل، ٢٠٠٤، ص٢.

## ئەركی گێڕەرەوە:

بۆئـەوەی پرۆسـەی گێڕانـەوە بـەزنجیرەی سروشـتیی خۆیـدا بـڕوات ؛ دەبـێ ئامرازێـك هـەبێت ئـەو گێڕانەوەیـە ئەنجامبـدات و بیگەیەنێتـە دەسـت وەرگـر ئـەوئامرازەش نـاوی گێـڕەرەوەی لێنـراوە، بـوونی گێـڕەرەوە بـە مـەرجێك دانـراوە دەسـتبەرداببوون لێـی مەحالـە وگێـڕەرەوە پێكهێنـەری سەرەكییە لە ئەڵقەی پەیوەندی كە یاكوبسـن پێشـنیازی كـردووە ئەوانـەش شەش ئەركن لەلایەن نێرەری زمانەوە جێبـەجێ دەكـرێن وهەریـەكێك لەمانـە بەهۆكارێك لەهۆكارەكانی بەردەوامبوون پەیوەستە بەشێوەیەكی توندو تـۆڵ وبەپێی ئەم هێڵكارییەی خوارەوە:[1]

٣ – سیاق (رێچكە)

١– نێرەر (هەڵچوون یان دەربڕین) ٦– پەیام(شعرییەت)…. ٢ – وەرگر (تێگەیاندن)

٤– پەیوەندی (وشیاری، ئاگایی)

٥– شەفرە(كۆد)

ئـەركی هەڵچـوون لـەبواری گەیانـدنی گێڕانـەوەدا، لەوكاتـەدا بـەدیار دەكـەوێ، كـە قسـەكردن لـەبارەی گێـڕەرەوەوە بێـت ،چـونكە ئەوشـتانەی لەگێڕەرەوەوە دەردەچێ لەچـیرۆك و شیعروپەخشـان ئەوانـە هەڵچوونەكانن كـــە لەگـــەڵ شـــێوازی دارشـــتن دەریانـــدەبڕێ وەك : سەرســـوڕمان وگاڵتەوگاڵتـــەجاڕی ودڵخۆشـــبوون، بـــەلام ئامانجەكانیشـــی دەربڕینێكـــی راستەوخۆیە لەهەڵوێستی نێرەر بەرامبەر گوێگر. هەرچی ئەركی تێگەیاندنـە، لەوكاتانەدا بەدیار دەكەوێ، كە قسـەكردن لـەبارەی بـۆ گێـڕراو (وەرگر)بێـت لـەپێناوی وروژانـدنی ئاگـایی و وشـیاری و بـەردەوامبوون بەبـەكارهێنانی شێوازی داواكردن ونەكردن (امر و نهی)وپرس و خستنەڕوو و هەڕەشەكردن و پاڕانەوەو گۆڕینی ئاوازی دەنگ. شعرییەتیش لـەو كاتانـەدا بـەدیار دەكـەوێ

---

[1] – قضـايا الشـعرية، رومـان ياكوبسـن، ت:محمـدالولى ومبـارك حنـون، دارتوبقـال، ط١، الدارالبيضاء، المغرب، ١٩٨٨، ص٣٣.

کەقسەکردن لەبارەی پەیامی گێڕانەوەوە بێت، پەیامێکی زمانییە ئەرکی جوانیی وئەدەبی دەقەکە جێبەجێ دەکات بەهاوبەشی پێنج ئەرکەکانی دی،ئەرکی شیعرییەت بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە گرنگی بەبنیاتی زمانەوانی دەدات وبەشێکە لەزمانەوانی و لێی جیا نابێتەوە [1]).

ئەوەی لەسەر گێڕەرەوە پێویستە ئەنجامی بدات، گاڵتەنەکردنە بەتواناو زیرەکیی وەرگر، گێرەرەوەش ئامرازێکی تەکنیکییە لەدەستی ئەوکەسەی چیرۆك یا ڕۆمانەکەی دەگێڕێتەوە، بۆ پەردەلادان لەسەر جیهانی چیرۆك یا ڕۆمانەکەی بەکاریدەهێنێ، بەپێی ناولێنانی بارت، کە دەڵێ: دروستکراو لەکاغەز[2].

## جۆرەکانی گێڕانەوە

ئەو ڕووداوانەی ژیان لە ڕابردوو، و ئێستاو لە داهاتووشدا روویانداوەو ڕوودەدەن دەبێ پەندو ئامۆژگارییان لێوەربگیرێت و بەشێوەیەك لە شێوەکان بۆ نەوەکان بگێڕێنەوە، ئەگینا دەکەونە جیهانی لەبیر چوونەوەو لە یادەوەری مرۆڤدا نامێننەوە. کەلتوورو مێژووی گەلانیش بەهۆی تۆمارکردن و هەڵگرتنیان بەنەمری دەمێننەوەو لەڕێگەیانەوە بناغەی شارستانییەت دادەنرێ، بە درێژایی مێژوو کورد ئەو بوارەی پێنەدراوە بەسەرهاتەکانی خۆی بنووسێتەوەو هەڵیبگرێ، ئەوەی نووسراوەتەوەش، بە فرتوفێڵی جۆراوجۆر لەنێو بردراوە.

ئەو ڕووداوانە هەندێکیان لەنێو چیرۆکی کوردیدا بەشێوەیەکی هونەریی و سەرلەنوێ داڕێژراونەتەوەو، لەڕێگەی دوو جۆر گێڕانەوەوە خراونەتەروو، ڕەخنەگرانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانیان کردووە:

١- گێڕانەوەی بابەتی ٢- گێڕانەوەی خودی

[1] - الاسلوبية رؤيا وتطبيق، يوسف ابوالعدوس، ط١، دار المسيرة لبنان، ٢٠٠٧، ص٤١، والسردعندالجاحظ، مصدرسابق، ص٦٦.

[2] – تقنيات السرد فى النظرية والتطبيق، امنة يوسف، دار الحوار للنشر، اللاذقية، ط١٩٩٧،١، ص٢٩.

**گێڕانەوەی بابەتی:**

گێڕانـــەوەی بابـــەتی یـــا دەرەكـــی، هەنـــدێ جار(راســـتەوخۆ یـــان داســـتانی)[1] یشـــی پێـــدەوترێت، چـــونكە داســـتان بـــەزۆری یـــەك گێـــرەرەوە تاكۆتایی گێڕاویەتییەوە، كۆنترین و نـاودارترین جـۆری گێڕانەوەیـە. زۆربـەی زۆری چیرۆكنووســـان ئـــەم شـــێوازەیان بـــەكارهێناوە، لـــەجیاتی كارەكتـــەر گێڕەرەوەیـەك لـەناوەوەی دەقەكـە رووداوەكـان بـەهۆی جێنـاوی كەسـی سێیەمەوە دەگێڕێتەوە.

لەهەموو لێكۆڵینەوە كوردی و عەرەبییەكاندا، ئەوانەی بەرچـاوكەوتن، زاراوەی (هەموو شـتزان)[2] بـۆ گێـڕەرەوەی بابـەتی دانـراوە، چـونكە بـەلای فلـۆپێرەوە: ((نووســـەر دەبـــێ وەك خوداوەنـد وابێـت لەگەردوونـدا، كـەس نـەیبینێت خـاوەن توانـاش بێـت بـەجۆرێكی وا لەهـەموو شـوێن و جێگایـەك هەســـت بـــەبوونی بكـــەین ونـــەیبینین))[3] و ئاگـــاداری هـــەموو شـــتێكی ناوچیرۆكەكەیەتی.

بەلای نووسەرێكی دیكەوە لـە گێڕانـەوەی بابەتیدا((نووسـەر ئاگـاداری هـەموو شـتێكە، تەنانـەت بیروهەسـتی شـاراوەی كارەكتـەرەكانیش))[4] ئـەم زانیارییانەش كەگێڕەرەوە هەیتی تەنیا بـەناو چـیرۆكەكەوە پەیوەسـتە نـەك بەجیهانی دەرەوەی چیرۆكەكە.

بەكارهێنانی ئەم شێوازە بەم جۆرە بەربڵاوییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كـە ماوەیـەكی یـەكجار زۆر لـە ئـەدەبی فۆلكلۆری‌ـو میللییـدا لەرێگـەی فەرمانەكانی (گۆتی، وایكرد ... هتد) پیادەكراوە.

---

١- الأدب وفنونه، د.محمد مندور، دار النهضة مصر للطبع و النشر، ١٩٧٤، ص١٨٧.

٢- بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط١٩٩٠،١، ص٢٣٣ .

٣ – عالم الرواية، رولان بورنوف وريال اوئيلة، ت:نهادالتكرلي، مراجعة: فـؤاد التكرلي ومحسن الموسوي، دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الثقافة والاعلام، ط١، بغداد،١٩٩١، ص٧٧.

٤ – اساليب السرد في الرواية العربية، د.صلاح فضل، دار المدى للثقافـة والنشـر، دمشـق، ط١، ٢٠٠٣، ص٢١.

بێگومـان ئـەم شـێوازە، تـاکو ئێسـتا، رەنگدانـەوەی لەسـەر چـیرۆکی کوردیـدا مـاوە، بـەو پێیـەی بـاوترین رێگەیـە، کـە چیرۆکنووسـان پـەنای بۆدەبەن.

ئەم گێڕانەوە بابەتییە ((بەسەربەخۆیی گێـڕەرەوە جیـا دەکرێتـەوە، لـە هەڵوێست و رووداوە گێڕدراوەکان))[1]، نووسەر، تەنیا ئـەرکێك کـە ئـەنجامی بدات ئەوەیـە : بـە وەسـفکردنێکی ورد، لـە دوورەوە، وەسـفی وردو درشـتی شتەکان دەکات، بەڵام بەشداری رووداوەکان نییە " تەنیا لەرێگـەی وەسـفی دوورو نزیـك، بـۆ وەرگـر، دەستنیشـانی رووداو دەکـات و گێـڕەرەوە شـوێن چـــارەنووس و داهـــاتووی کارەکتـــەر دەکـــەوێ لـــەرێی کـــردەوەو تێڕوانینەکانییەوە و خۆی لە چیرۆکەکەدا کەسێکی نامۆیە، چونکە ((وەسف هەوڵی پەردەلادان لەسەرکەسەکان وسروشـت و رەفتاریـان دەدات))[2]، هـەر بـەهۆی وەسـفەوە، نووسـەر لەشـوێنی بـەرزو بڵنـدەوە بـە ئـارەزووی خـۆی حەوشەو ژوورو سەربانی بەرزی ماڵەکان و ناو تەندورو بـاوڵی ناوچـیرۆکەکانی دەبینی و هەرلەوێوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی کارەکتـەرە و، دەسـتی بەسـەر ناخی شاراوەیدا گرتووە .

لەگێڕانـەوەی بابەتیـدا گۆشـەنیگا تـەنیا هـی گێڕەرەوەیـە، بـەڵام لـە گێڕانەوەی نوێدا گێـڕەرەوە ئـەو بـاوەی نـەماوە، بـەڵکو زۆرجـار کارەکتـەر خۆی بەدیار دەکەوێت و سەرنج و تێبینیی خۆی دەردەبڕێ، بەمە گێڕەرەوە بێدەنگی هەڵدەبژێریت و وەك تەماشاکەرێك(بینەرێك) تەنیا تەماشا دەکات .

ئەم گێڕانەوەیە لە بنچینەدا بە جێناوەکانەوە پەیوەستە، گێـڕەرەوە لە رێگەیانەوە بیرو بینینیەکانی خـۆی لـەبارەی ئـەدگارو شـێوەی دەرەوەی کارەکتەر دەخاتە روو، بۆئەمەش لەرێی جێناوەکانی کەسی سێیەمی تاك و دووەمی تاك وکۆ بەپێی پێویست بەکاردەهێنرێن. جـاری وا دەبێـت هـەردوو

---

١- المصطلح السـردی معجـم المصـطلحات، جیرالـد بـرنس، ت: عابـد خزنـدار، المجلـس الأعلـی للثقافة، ٢٠٠٣، ص١٦٣ .

٢ - الالسنیة والنقد الادبی، د.موریس ابوناضر، دار النهار للنشر، بیروت،١٩٧٩، ص١٣٣.

جێناوەکانی کەسی دووەمی دوێنراو—سێیەمی نادیار، لەناو یەك چیرۆکدا بەکاردەهێنرێن، لێرەدا سەرپشکی گێڕەرەوە لە بەکارهێنانی جێناوەکاندا، بۆ هەمەڕەنگکردنی گێڕانەوەکەی ودوورکەوتنەوە لە رۆتین، بەدیار دەکەوێ.

لەمەی سەرەوەدا ئەوە بەدیار دەکەوێت، کە گێڕەرەوەی هەمووشتزان بەوە لە گێڕەرەوەی بەشدار جیا دەکرێتەوە، بێ ئەوەی دیار بێت بیروڕاکانی دەخاتە روو، جگە لەوەی دوورە لە بەکارهێنانی جێناوی (من)، بوارێکی باشیشی بۆ رەخساوە تا شتی زیاتر لەبارەی کارەکتەرەکانەوە بزانێت، ئەوەی دەیگێڕێتەوە مەرج نییە راستبێ، بۆیە گێڕانەوەی بابەتی لە رستەیەکی خەبەری دەچێت هەواڵەکە لەئەستۆی گێڕەرەوەدا نابێت و، ئەم تەنیا گێڕەرەوەیەو کاتی چیرۆکنووسین لە کاتی گێڕانەوە جیا دەکاتەوە .

ئەوەی لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا وردبێتەوە، دەبینێ شێوازی گێڕانەوەی بابەتی بەسەر چیرۆکەکانیدا زاڵە. نووسەر، بە زۆری گێڕەرەوەیەکی لە دەرەوەی رووداوەکان هەڵبژاردووە لە جیهانی چیرۆکەکانی دەڕوانێت، بەکارەکتەرو رووداو و کات و شوێنەکانیانەوە، ئەویش گێڕەرەوەی هەمووشتزانە .

هەندێ جار هەوڵەکانی چیرۆکنووس دیارە، کە دەیەوێ دەسەڵاتی گێڕەرەوە کەم بکاتەوە، تاکو ماوە بەکارەکتەرەکانی بدات بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتریدا بە سەربەستی بدوێن دوور لە دەست تێوەردانی گێڕەرەوە، جگە لەمانە بالادەستی رەهای گێڕەرەوە بە ئاشکرا، لە چیرۆکەکاندا دیارە، لە پێشکەشکردنی زانیاریی تەواو لەبارەی چیرۆکەکان وەك دەنگێکی نەبیستراو، کە لەراستیدا پەیوەستە بە شتێکی گرنگ ئەویش گۆشەنیگای گێڕەرەوەیە، کە مەسەلەیەکی تەکنیکییەو ((رێگەیەکە لەو رێگایانەی گێڕەرەوە رووداوەکانی پێدەباتە پێشەوە))[1]، گێڕەرەوەو گۆشەنیگاش وەك دوانە لەیەك جیا نابنەوە.

---

[1]– بناء الرواية، سيزا قاسم ،ص١٨٥.

له چیرۆکی (ناسنامەو قۆچانی رەش)دا ئـەم باڵادەستییەی گێـڕەرەوە بە روونی دیارە ((لە سـاڵی هـەزارو نـۆ سـەد و سـی و پێنجـەوە تـا ئـەمڕۆ – مەبەست لە ئەمڕۆ ساڵی رماندنی خانووەکەی مـام کەریمـە. ئەکاتـە بیسـت و حـەوت سـاڵ، بیسـت و هەشـت سـاڵ بـەر لـە ئـەمڕۆ لەگـەڵ ئـەمڕۆدا وەك یەکن))[1] .. ئا ئەوەتا دەسەڵاتی رەهای گێـڕەرەوەو جێگاکـەی کـە لێیـەوە تەماشا دەکات دیارە بەوەی توانایەکی زۆری هەیە، کە جـاڕی ئـەوە بـدات و کاتی رووداوەکە بە وردی دەستنیشان بکات و کاتی نووسین و گێڕانەوەکەش دەستنیشان بکات کە وەك یەکن.

گێڕەرەوە، ئاگاداری ئەوەیە کە چارەکە سەدەیەك زیاتر بەر لە ئێسـتا رووداوێك روویداوەو لە دەرەوەی ئـەو زەمەنـە وەسـتاوە جیـای دەکاتـەوە و دەیبینێ و دەستنیشانی دەکات، نەك هـەر ئەمانـە، بـەڵکو دەتوانـێ بڕیـاری لەسەر بدات بەپێی ئـەوەی زانیـاریی تـەواوی هەیـە، لـە نـاوەڕۆکی شـاراوەو نهێنیی رووداوەکان لە دەرەوەو لە ناوەوە، کـە کـەلتووری دکتاتۆرەکـان نـە گۆڕاوە ژیانی میللەتی کوردیش لەم چوارچێوە نەگۆڕە ماوەتەوە لە زەمـەنی گێڕانەوەکەوە تا ساتەکانی ئێستا پاش بیسـت و هەشـت سـاڵ، ((ئەگـەر ٢٨ ساڵ بخەینە سەر ساڵی ١٩٣٥ ئەوا دەکاتە ساڵی (١٩٦٣)))[2]، لەم ساڵەشدا هەڵوێسـتی بـەعس بەرامبـەر بـە کـوردو تێکـدانی خانووبـەرەی ئەوماڵانـەی کوڕیـان پێشـمەرگە بـوو، لـە یـادەوەریی گشـت کوردێـك مـاوە، کـە چـۆن ئازووقەی ماڵەکان و قورئانیان فڕێدەدا سەرکەل و پەلـەکانی دیکـەو ئاگریـان تێبەردەدا.

گێڕەرەوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانە، کە حوکمی کوردستانیان کـردووە و، لـە رابـردووی دوورو نزیـك هـەموویان وەك یەکن وناگۆڕێن.

---

[1]– کۆچیرۆك، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٠ .

[2]– کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا، ١٩٧٠ – ١٩٧٩، ئازاد محەمـەد، نامـەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل١٤٣.

لـه چـيرۆكی (تـەنيا ماچـیٚ) و لـه گێڕانەوەيـەكی بابەتيـدا ((كاروانەكـە قەتارەی بەستبوو ... رێگايەكی سەخت و ناڕێكـە ... توولـە رێگاكـە وڵاخـیٚ پتری پيا ناڕوا، بە ئاسانی وڵاخەكان دەژمێررێن .. يەك دوو... هەشت بێجگە لە دوو وڵاخی سەڵتی بیٚ بار، كـە لـە ملەيـەك سـەر بكەوتنايـە وڵاخـەكان لـە ژێربارەكانا دەيان نركان .

لە گەرميانەوە خورمايان هاوردبوو گۆڕيبوويانە مێـوژو گـوێز، شـەبەق لەدێی (كانی رەش) كەوتبوونـە رێگـە، نيوەڕۆيـان لەسـەر كانييـەك كـرد لـە رێگا، ئێستاش دوای نيوەڕۆيە درەنگە، تـەنگيان بـە دێـی ( ژاژ) هەڵچـنيوە، خوا ياربیٚ لەوێوە بەرەو دێكەی خۆيان دەچن. پرشە پرشی بـاران دەسـتی" پێكرد لـە بـەينی كـاژە هەورەكانـەوە گزنگـی هـەتاو كـە دەيـدا لـە بارانەكـە دەدرەوشايەوە "لەبنەوە هەورێكی توند چۆكی نابووە زەوی، كوتوپڕ بايەكی سارد هەڵی كرد بە توندی.... هەورەكەی عاست ئێمـەی شـيكردەوەو بـەرەو ئەولا دايانی ماڵی، ئەوەندەی نـەبرد لووتكـەی شـاخەكان گـوم بـوون لـە نـاو هەوری قيناويـا، نـەخێر وەك وردە – كـا – بـەفر دەسـتی پـیٚ كـرد، هـەموو شـوێنیٚ تـارای سـپی بەسـەرا كێشـرا، تـا كڵاوەكەی"رەسـووڵيش " كـە لـە زووخاڵ رەشتر بوو سپی و جوان دەركەوت ! پيرە باش كە بە تونـدی هـەڵی كردبـوو بـەفری رێگاكـەی لـوول دەدا وەك گـەردەلوول دەيكـرد بەگـژ وڵاخ و كاروانييەكاندا))[1].

لەنێوان گێـڕەرەوەو رووداودا ماوەيـەك هەيـە، چـاوی گێـڕەرەوە وەك چاوی كاميرا شـتەكان لـە دوورو نزيكـەوە دەبينـیٚ و ئاگـاداری وردو درشـتی گێڕانەوەكەيـــەو بـــە وردی وەســـفەكان دەكـــات، زانيـــاريی گێـــڕەرەوەی هەمووشتزان دەربارەی رووداوەكان لە كارەكتەرەكانی ناو چيرۆكەكە زياترە؛ بۆيـە هـەموو شـتەكان دەزانێـت و لـە دوورەوە باسـی كاروانەكـە دەكـات و زوومی چاوەكانی دەچێتە سـەر تولـە رێگـاو لـە دوورەوە ژمـارەی وڵاخـەكان

---

١ – كۆچيرۆك،ل١٧

دەستنیشان دەکات لەمەش وردتر دەبێتەوە؛ بەیارمەتیی هەستی بیستن گوێی لە نرکەی ولاخەکانیش دەبێت، تەنانەت دەزانێ لە کوێوە بۆ کوێ دەچن و ورد بینینەکە چڕتر دەبێتەوە بە کات و شوێنی حەسانەوەی کاروانەکەش دەزانێت و پێش کارەکتەرەکان ئەو باسەکە دەگێڕێتەوە، چونکە دەسەلاتی زاڵە بەسەر چیرۆکەکەدا. ناوی شوێنەکان یەکە یەکە دێنێ و لە کاتێکی فیزیکیی ڕێکوپێکدا دەڕوات بەڕێوە. تەنانەت چاوەکانی دوور نییە لەوەسفی سروشت و پەی بە شیبوونەوەی هەورەکان دەبات و لە درکەیەکی خواستراودا وەسفێکی جوانی هەور دەکات، هەر بەم وەسفە دەرەکییە ناوەستێ و دەچێتە ناخی هەورەکەو دەزانێ کە قیناوییە، جگە لە وەسفکردنێکی نزیك بۆ کلاوە رەشەکەی رەسوول، کەپێش وپاش بەفربارین رەنگەکەی دەستنیشانکردووە .بەم جۆرە بینرا دەسەلاتی گێڕەرەوەی هەمووشتزان هیچی بۆ کەس نەهێشتبۆوە تا گۆشەنیگای خۆی دەربخات، گۆشەنیگا، تەنیا گۆشەنیگای خۆیەتی و بەهۆی جێناوی سێیەمی نادیار، کە هاوشانی فرمانی رابردووی (بوو)ە گێڕانەوەکە بەڕێوە چووە.

لە چیرۆکی (تابلۆیەکی سوریالی)دا گێڕەرەوەی هەمووشتزان وەك نەریتێکی خۆی، خاوەن هەموو زانیاری و ڕووداوە وردو درشتەکانە و زانیاری دەربارەی دەرەوەو ناوەوەی کارەکتەرەکان هەیە ((هەندێکیان پاڵە پەستۆکەیان بەهەل زانی، خۆیان نووسانە سمتی ئافرەتەکانی تەنیشتیانەوە، شۆفێرەکەش لەگەڵ مەردمەکانی ڕیزی پێشەوەدا لەسەر کرێی ڕێگە مشتومڕی بوو، ئاگایان لە : وشیار بەو لەسەرخۆبەی ئەوانەی دواوە نەبوو .. هەژانێك، لەترێك .. دوان بەرەو کۆرە شیوێکی قەراغ ڕێگاکە گلان. نەفەرەکان لەشیان لە شوێنێ زیاترەوە هێڵی سووری هەڵخست .. چاوی بڕییە ئاوێنە بچکۆلەکەی بەردەم شۆفێرەکە، دەیان وردە درزی تێکەوتبوو، ڕووی خوێناوی شۆفێرەکە لەشێوەی تابلۆیەکی سوریالیدا دەینواند، بەرەبەرە، تەمێکی خەست بەرچاوی گرت و ئاگای لەخۆی نەما .. لەناو تەمەکەدا چەند تارماییەکی بینی، لە تەنیشتییەوە ڕاوەستان، ئەو

وزەیەی لە مێشکیدا مابوو نەیتوانی کات و جێگاکەی بۆ دیاری بکات. ئازار کەوتە مۆرانە، زیاتر بە ئاگای دەهێنا ...درزەکە پێوەدرا، جارێکی کە بۆ چەند ئانێك پێڵووی لە یەك ترازا))[1].

گێڕەرەوەی هەمووشتزان زانیاریی لە کەسەکانی ناو چیرۆکەکە زیاترە، تەنانەت خولیاو حەزی کارەکتەرەکانی لێوە دیارە، لەبەرچی پاڵەپەستۆ دروست دەکەن! ئاگای لە مشت و مڕی نێوان شۆفێرو نەفەرەکانی پێشەوەیە لەسەر کرێ. کامێرای چاوی گێڕەرەوە لە پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەوە دەچێتەوە دواوە قسەی نەفەرەکان دەگوازێتەوە کە دەڵێن لەسەرخۆبە، ئەمجارە هەژان و لەتری ئۆتۆمۆبیلەکەو، کەوتنە خوارەوەی دوو نەفەر، ئەم وێنانەی هەموو لە دوای یەکتر وێناکردووە، ئیدی زۆر بە هێواشی و بەوردی، زوومی چاوەکانی چۆتە ناو چاوی کارەکتەرێك و بە چاوی ئەوەوە، سەرو گوێلاکی خوێناویی شۆفێرەکە لەناو ئاوێنە دەیان درزبردووەکەدا وەك تابلۆیەکی سوریالی دەبینێ، گێڕەرەوە دەزانێ کات و شوێنەکە کوێیە، بەڵام کارەکتەر ناتوانێ دیاری بکات .

گێڕەرەوەی هەمووشتزان وا لە خوێنەر دەکات، پێ بە پێ دوای هەنگاوەکانی بکەوێ و تامەزرۆی گێڕانەوەکە بێت و پەرۆشی کۆتاییەکەشی بێت و پێشی باوەڕ بکات، چونکە ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بۆ نووسەرو خوێنەریش ئاسانە و ((گێڕەرەوە لە تۆمەتی درۆ سەبارەت بە رووداوەکان دەپارێزێ، لەبەر ئەوەی گێڕەرەوە تەنیا پەیامێك لەنێوان خوێنەرو ئەو رووداوانەی روویانداوە دەگوێزێتەوە))[2].

لە چیرۆکی (لە رۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا) گێڕەرەوەی هەمووشتزان لەرێگەی جێناوی سێیەمی تاك و کۆدا چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە. لەم رێگە کۆنباوە لە دەقەکەدا ((نووسەر ئامادەیی تەواوی

---

١- کۆچیرۆك، ل٨٢ .

٢- في نظرية الرواية، د. عبدالملك مرتاض، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، ١٩٩٨، ص١٧٧ .

هەیە شانبەشانی کارە هونەرییەکەی، وەك ئەو محازەرە وایە کە هاوشان دەبێ لەخستنەڕووی بۆ فانۆسی سیحری یاخود فلیمێکی بەڵگەنامەیی (وثائقی)))[1] بە زۆری کاری گێڕەرەوە خستنەرووی رووداوەکانە، نەك خۆ تێکەڵکردن بۆ روونکردنەوە .

بەپێی دەربڕینی هینری جیمس: ((گێڕەرەوەی نادیارو خاوەن سیفەتی بابەتییانە هەوڵی ئەوە دەدات رەنگدەرەوەی کارو رووداوەکان بێت، کە کارەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن، نەك گێڕەرەوە دروستی کردبێت))[2] واتە تەنیا ئەوەی دەیبینێ دەیگێڕێتەوە، هەندێ جاریش بێدەنگی و بێلایەنیی هەڵبژاردووەو بواری بەکارەکتەرەکانی داوە، تاکو ئەوەی لەدڵیاندایە دەریببڕن .

((کۆمەڵە منداڵێکی پێ خاوسی دێ، هەندێکیان سك پەنماو تەنگیان بە سەگێك هەڵچنیبوو چنگ لەسەر شان لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان دوای کەوتبوون، چەرخەی دێکەیان پێکرد .. گەیشتنە ئاستی سەرەنوێلکەکەی بەرانبەر ماڵی پووره ئایشی دووانیان هەنگاوەکانیان سست کردەوە، تەماشایەکی یەکتریان کردو لە منالە ورووژاوەکان دابڕان، تا خۆیان گەیاندە سەرە نوێلکەکەش هەناسە برکێیان بوو. یەکێکیان بە پارچە ئاسنەکەی دەستی بەربووە زەوییەکەی بەردەم خۆی ئەوەی تریان بە دەستی قرێژی خۆڵی چاڵەکەی بۆ دەردەدا .. بە دەم خۆڵ دەردانەوە بۆ ئەو بەرەوە هەڵیڕوانی، سەرنجی لە دەرگای ماڵی پووره ئایشێ گیرکرد ...دەرگا تەنەکە ژەنگاوییەکەیان چەند رۆژێکە کڵۆم کراوە، لەزەوییەوە بە بەرزی چەند پێیەك بەخشت و بەردی قۆقز کەڵەك چنە. هەرچەند پووره ئایشێ وەك

---

[1]- نظرية الأدب، اوستن وارين و رينيه ويليك، ت: محي الدين صبحي، مراجعة: د.حسام الدين الخطيب، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والادب والعلوم الاجتماعية، مطبعة خالد الطرابيشي، دمشق،١٩٧٧، ص٢٩١.

[2]- الألسنية والنقد الأدبي فى النظرية و الممارسة، د. موريس أبو ناضر، دار النهار للنشر، بيروت، ص١١٧.

ڕۆژانی رابردوو لەبەر دەرگا نەبوو، بەڵام دەتوانرا جێ دانیشتنەکەی دیاری بکرێ ئەوەندە شانی لە دیوارە گڵێنەکە توند کردبوو، بستێ جێی سپی هەڵگەڕاندبوو، بۆ ماوەیەك سەرنجی لە دەرگاکە نەگواستەوە، بەدەم خۆڵ دەردانەوە وتی : نایەڵین منداڵان بچنە حەوشەکەیانەوە ... ئێ ؟ ئەو هەموو جارێ شەکرە سوورەی پێ دەداین چۆن دەهێڵین ..

– دایکم ئێستا پێم دەڵێ : کاتێ کوڕەکەی بهاتبایەتەوە شەکرە سوورەی پێ دەدان. هەردووکیان بۆ ماوەیەك تاس بردنیەوەو لە یاریکردن کەوتن، ئەو ئێوارەت بیرت دێ بانگی کردین ..))[1].

لەم گێڕانەوەیەدا دەنگی گێڕەرەوە لەهەموو شتێك زیاتر ئامادەیی هەیەو زاڵە، زانیارییەکان لەرێگەی ئەوەوە پێشکەش دەکرێ، خۆی وەسفی منداڵەکان دەکات و سەرنجی پێی خاوسی و سکی پەنەماویان دەدات، هەر خۆی وەسفی شوێنەکە دەکات، دەستنیشانی شوێن و ژمارەی منداڵەکان دەکات سەرنجی هەنگاوە لەسەرخۆکانیان دەدات و وەسفی جووڵەو هەناسە بڕکێیان دەکات و هەست بە سۆز و بیرکردنەوەیان دەکات، گێڕەرەوە لێرەدا بە ئاشکرا دیارەو دەنگی بەرزەو نزیکە لە کارەکتەرەکان و دوورە لە نووسەر، ئەو نزیکییەش دەرفەت و بواری دەدات کە بەوردی ئاگای لە کردارو بیرکردنەوەی ئەوان بێت، ئەگینا ناتوانێ بەم شێوەیە زانیاری لەسەر ئەوان هەبێت. گێڕەرەوە هەوڵی داوە یەکێتی ئەم دیمەنە بپارێزێ، جێگۆڕکێ ناکات. ئەمە لە بارەی شوێن، هەرچی (زەمەن/ کات) ە، ئەوە گێڕەرەوە سوودی لەبوونی خۆی وەك گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزان وەرگرتووە، باس لە ڕۆژانی رابردووی پوورە ئایشێ دەکات، بەڵام ئەمە زۆر بەردەوامی نییە هەوڵی داوە یەکێتیی کات و شوێن لەم پارچەیەدا بپارێزێ، ماوەی بۆ کارەکتەرەکان رەخساندووە کە خۆیان دەربڕی قسە و باسی خۆیان بن، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێ لە کۆتاییی دایەلۆگی نێوان دوو منداڵەکە، زوو خۆی

---

١– کۆچیرۆك، ل١٠٣.

تێکەڵ بە باسەکە دەکاتـەوە. گێـڕەرەوە مـاوەی بـە کارەکتـەر داوە لەگـەڵ هاوڕێکەی بدوێ و جێناوی کەسی یەکەمی کۆ بەکاربهێنێ، سـەرەتا جێنـاوی نادیاری سێیەمی تاك و کۆی بەکارهێناوە دواتر جێناوی کەسـی یەکـەمی کـۆ دواتریش جێناوی کەسی دووەمی تاك .

گێڕانەوەی بابەتی، تەنیا لەرێگەی جێناوی کەسـی سـێیەمی تاکـەوە نییە، بەڵکو لەرێگەی جێناوی کەسی دووەمیش ئـەنجام دەدرێـت، ئەگەرچـی بەکارهێنانی ئەم جێناوە، وەك جێناوەکانی دیکە زۆر باو نییە، لەبەر ئـەوەی تەنیا دەتوانێ قسە لەگەڵ خوێنەر یان یـەك کـەس بکـات، لەگـەڵ ئەوەیشـدا شـان بـە شـانی جێناوەکـانی دی لـەناو چـیرۆکدا بەرچـاو دەکـەوێت، لـەناو دایەلۆگەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە کە دوو کەس گفتوگۆ لەگـەڵ یـەك دەکەن .

لە چیرۆکی (ئـاوارەبوون)دا کارەکتـەر دەڵـێ: ((دوێنـێ ... دوێنـێ ... دوێنێ لە پانتاییەکی چەمەنتۆ ڕێژدا لە تەنیشت دیوارێکی رەنگامەدا، کە تـۆ تەماشـای خـەت و رەنگـەکانی دیکـەی دیوارەکـەت نـە ئـەکرد تـەنها وێنـەی کۆترێـك سـەرنجتی رادەکێشـا لەگـەڵ ژمارەیـەکی زۆری کرێکـاری دیکـەدا راوەستابووی، چاوەڕێ بووی یەکێ کارێکت بێ بسپێرێ ...ئـەی چـۆن ئەمـە رۆژگارە ... بیرتە کاتێ کۆمەڵێ لە جێبێك دابەزین، پاش ئەوەی چەند جارێ چاویان بە زەڕەبینەکانیانەوە نا کابرایەکی سەر رووتەڵـە چـەند قوتکەیـەکی لەناو وەردە دوو گاسنەکەتدا قووت کردەوە... " ئیتر ئێرە قەدەغـە دەکرێ و نەیکێڵن". وایان گوت و تـۆ تێنەگەیشـتی بـۆ وا ئـەڵێن))[1]. وا دیـارە ئـەم جێناوی کەسـی دووەمـی تاکـە بـۆ چـەند حاڵـەتێك بـە کاردێت لەوانەیـە بـۆ ((بیرخستنەوەی بەسەرهاتێك بەکاربێت یان بۆ رازو گلـەیی، هەنـدێ جـاریش ئەم راناوە لەجێی راناوی یەکەمی تاك (من) بەکاردەبرێت))[2].

---

[1]– کۆ چیرۆك ،ل٢١٧ .

[2]– چیرۆکی هونەری کوردی، (شێوەو شێوازو بونیاد)، زاهیر رۆژبەیانی، چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨،ل٢٧٢–٢٧٣.

ئەم یادگارییە هی ئەوە نییە لە یادەوەری بسڕێتەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش لە یاد نەمێنێ ئەوە لە نەستدا هەردەمێنێتەوە. لێرەدا کارەکتەر قسەکەرو گوێگرە، هەر خۆی رابردوو دێنێتەوە یادی خۆی .

لە بەکارهێنانێکی دیکەی بۆ جێناوی کەسی دووەمی دوێنراو لە چیرۆکی (گورگی رەش و گورگی بۆزوو گورگی شین)دا گێڕەرەوە قسە لەگەڵ کارەکتەرێك دەکات، بەلاّم ناوو رەنگی نییە ((کە بە من بڕواناکەی، خۆت بچۆ گوێ بە تاوێرێکەوە بنێ، گوێ بنێ بە پنچکێکەوە بزانە چی دەژنەوی، لە کەندرێکدا پاڵ بکەوە، سەر بنێ بەسەر زەوییەکەوە پێت دەڵێ: چەند کەسی تێدا زیندە بە گۆڕکراوە. خۆت ئەگەر بێت و عەشقێکی دەروێشانەت لەگەڵ شوێن و کەسەکانیدا هەبوو، ئەوا نەك هەر گوێت لە دەنگەکان دەبێت لەوانەیە بە چاویش دیمەنەکان ببینی !! گرنگیش نییە کەی لە چ ساڵێکدا روویان داوە. هەر دێتە بەرچاو .. هەموو ئەو خەلیفەو شاو سولّتانانە دەبینی کە تینوویەتییان بە خوێنی ئێمە شکاند))[1] .

بەکارهێنانی ئەم جێناوە تەکنیکێکی وردە، راست و رەوانیی هەواڵەکەو واقیعییەت و پیادەکردنی ئەم رووداوانە لەسەر ئەرزی واقیع بەدیکراوەو بینراوە، بۆیە گێڕەرەوە دەیەوێ بە یارمەتیی جێناوی دووەمی تاك ئەم هەوالاّنە بگەیەنێتە (خاص و عام).

لە گێڕانەوەیەکی دیکەی بابەتیدا لە چیرۆکی (ئەی چی بکەم)دا گەرچی لە سەرەتادا گێڕەرەوە لەرێگەی جێناوی کەسی سێیەمی تاکەوە وەسفی کارەکتەر دەکات وەك ئەوەی لەگەڵیدا بژیت؛ ئاگاداری نانکڕینی ژنەکەو دانانیەتی لە بەردەم منداڵەکانیدا، بەلاّم گێڕانەوەکە تاکۆتایی لەسەر جێناوی نادیار نامێنێ، بەڵکو گێڕەرەوە ماوە بە کارەکتەر دەدات کە لە دەردە دڵی خۆی بدوێ بە هۆی جێناوی قسەکەرەوە:((لە نانەواخانەکەی تەنیشتییانەوە پێنج نانی هێنا، وەکو هەموو رۆژێك لەگەڵ منالّەکانیا

---

[1] – کۆچیرۆك، گورگی رەش وگورگی بۆزوگورگی شین ،ل١٩٤

دانەنیشت. نانەکانی بە پەلە لەبەردەم دانان و چووە ژوورەکەی تەنیشتەوە لە پێش ئاوێنەیەکی چوار گۆشەییەوە راوەستا ... بە تەنیشت ئاوێنەکەوە دیمەنێکی رەنگامە لە گۆڤارێك دەرهێنرا بوو بە دیوارەکەوە لکێنراوە، وێنەکە دیمەنی دەریایەکی شێتەو گەمیوانێك بە تەنیا لە ناو بەلەمێك دایە و سەولێ دەوەشێنێ .... لە ئاوێنەکەدا دیقەتی روومەتی خۆی دەدات .... چیتان لێم دەوێ ؟! رووی شێواو و شپرزەو رەنگ پەڕیوی خۆی لە ئاوێنەکەدا دەبینێ. بەڵام جۆرە جوانییەکی هێشتا تیا مابوو تا ببێتە جێگای تێڕامان و سەرنجدان .... ئەم نانەوایە بۆ وا تەنگی پێ هەڵچنیوم و چی دەوێ ؟ " چاوت لە چاوی باڵندەیەك دەچێ بە تەپکەوە بووبێ راست دەکات .."))[1] .

گێڕەرەوەی هەمووشتزان ئاگاداری کات و شوێن و ژمارەی نانەکانیشە هەروەك سنوورو پەردە بۆ گێڕەرەوەی هەمووشتزان نییە، بۆیە دەزانێ کارەکتەر لە ژوورەوەش چی دەکات و لە کوێ وەستاوە ؟ جۆری ئاوێنەکەشی دەستنیشانکردووە، کە چوار گۆشەیە. بە کامێرای چاوەکانی وێنەی سەر دیوارەکەش دەبینێ و بە وردی وەسفی دەکات، وێنەی دەریایەکی شێتە، کە جیهانە جەنجاڵەکەی دەوری کارەکتەر دەنوێنێ و گەمیوانی تەنیاش، ژیانە تەنیاییە پڕ مەترسییەکەی دەنوێنێ.

گێڕەرەوە زوومی کامێراکەی ئەوەندە هێواش کردۆتەوە، کارەکتەر چۆن خۆی لە ئاوێنەکەوە دەبینێ ئەویش دەیبینێ، راستە جوانییەکەی ژاکاوە، بەڵام جوانییە سەرنج راکێشەکەی هەر مابوو، تاکو ئێرە گێڕەرەوە ئەم هەواڵانەی وەك راپۆرتێك پێشکەش بە خوێنەر دەکات. ئیدی بوار بۆ کارەکتەر دەڕەخسێنێ و واز لە دەسەڵاتی دەستبەسەرداگرتنی گێڕانەوەکە دەهێنێ و کارەکتەر لەرێگەی جێناوی قسەکەر باسی خۆی دەکات و تێکەڵ بەجێناوی سێیەمی تاکی دەکات، کە مەبەستی نانەوایەکەیە و دواتر لە

---

[1] - س.پ،٦١.

مەنەلۆگێکی نا ڕاستەوخۆدا قسەی نانەواکەی بە بیردا دێتەوە و، پشتڕاستی قسەکەشی دەکات .

لە گێڕانەوەی (ڕاستەوخۆ / بابەتی)دا، گێڕەرەوە وێنەی جووڵەی کارەکتەر بۆ پێشەوەچوونی ڕووداوەکان دەگرێت، جگە لە دەربڕینی ناوناخی کارەکتەر بەرامبەر هەر هەڵوێستێك کە دێتە پێشی.

**گێڕانەوەی خودی:**

گێڕانەوەی ناوەکیشی پێدەوترێت، پێچەوانەوەی گێڕانەوەی بابەتییە (دەرەکی) کە گێڕەرەوە لە ڕێی وەسفکردنەوە گێڕانەوەکە ئەنجامدەدات، هەرچی گێڕانەوەی خودییە، گێڕەرەوە بەشدارە لە ڕووداوەکان و جێبەجێکەرو دروستکەری گێڕانەوەکەشە، لەڕێگەی جێناوی قسەکەرەوە ئەنجامی دەدات، ئەمجۆرە گێڕانەوەیە لە گێڕانەوەی ژیننامەو دان پیادانانەکان دەچێت، زۆرجار تۆمارکردنی یادەوەرییەکانی ڕۆژانەش ئەم شێوە نووسینە دەگرێتەوە.

ئەگەر گێڕەرەوەی بابەتی بە هەمووشتزان بناسرێ، کە بە زۆری لەڕێگەی جێناوی نادیارەوە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدا، ئەوا لە گێڕانەوەی ناوەکیدا گێڕەرەوە ڕۆڵی لە بەئەنجام گەیاندنی ڕووداوەکاندا هەیە، چیرۆکەکە لەناوەوە دەگێڕێتەوەو بە بینینێکی خودییانە پێشکەشیان دەکات، زانیاریشی لە بارەی کارەکتەرەکانەوە زۆر نییە. ئەگەر ئەم شێوازە، بە ئاسانترین ڕێگە دانرابێت بۆ نووسینی چیرۆك، لە هەمان کاتدا گێڕانەوەی خودی لە دەروونی خوێنەر نزیکترە و ((بە دیار نەمانی گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەقە گێڕراوەکە زیندووترو بە پێزتر دەبێت))[1]. لەم گێڕانەوەیەدا خوێنەرو کارەکتەر ئەوەندە لە یەکتر نزیك دەبنەوە، خوێنەر وا هەستدەکات خۆی لە ناو ڕووداوەکاندا دەژیت و دەستبەرداری چیرۆکەکە

[1]- البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق، عبدالله أبراهيم، ص١٩٥

نابێت. بەلای ئۆستن وارین و رینیه ویلیکەوە: ((گێڕانەوەی چیرۆك بەجێناوی کەسی یەکەمی تاك بەرنامەیەکە دەبێ بەوریاییەوە بخرێتە تای تەرازوویەکەوە، تاکو بەرامبەر هەموو بەرنامەکانی دیکە بوەستێ لەتای تەرازووەکەی دی))[1] واتا: ئیشکردن لەسەرگێڕانەوەی خودی پێویستی بە تواناو وردبینی زیاتر هەیە .

لەو دیاردە هونەرییانەی لە گێڕانەوەی خودیدا تێبینی دەکرێت، بەکارهێنانی جێناوی جیا جیایەو بەوە جیا دەکرێتەوە کە ((کرانەوەی زیاترە بەرامبەر بە جێناوەکانی دیکە، جارێك شێوازی جێناوی قسەکەرو جارێك جێناوی دوێنراو"دووەمی تاك وکۆ" ولە سێیەم نادیار))[2] بەکاردێت لەبەر ئەوەی زۆرجار جێناوی (من) لە توانایدا نییە بەرگە بگرێ بۆیە خۆی دەداتە پاڵ جێناوی یەکەمی کۆ (ئێمە).

ئەمە لە کاتێکدا روودەدات کارەکتەر لە مەترسی نزیك بکەوێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی جێناوی کۆ، تا ((لە ژێر ئەو هەستی کۆ "جماعی"یەدا لەخۆ خستنە پاڵ دڵنیا بێت))[3] زۆر جاریش بۆ خۆ گەورەکردن یان بۆخۆ هەڵنان خۆی دەخاتە ژێر باڵی جێناوی یەکەمی کۆ.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بە ناوی (دارەکەی بەرماڵمان)دا، دوو سێ نموونە لەو شێوازەی بەکارهێناوە، کە لە ساڵی ١٩٦٨ چاپکراوە .بێجگە لەوەی لەسەرانەسەری کۆ چیرۆکەکانی کەم لاپەڕەی هەیە، ئەم شێوازەی تێدا نەبێت چ بە تەنیا و چ بە تێکەڵی لەگەڵ گێڕانەوەی بابەتیدا. ئەوەی تێبینی دەکرێ لە گێڕانەوەی خودیدا دەربڕین لە تایبەتمەندیی دەروونی کارەکتەرە.

لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا، لە گێڕانەوەیەکی خودیدا، گێڕەرەوە لەبارەی رابردووی کارەکتەرێك هەواڵمان دەداتێ بە یارمەتیی جێناوی قسەکەر (م)

---

١ – نظرية الادب، اوستن وارين ورينية ويليك، ص٢٨٩

٢– السردية في النقد الروائي العراقي (١٩٨٥–١٩٩٦)، أحمد رشيد وهاب الدرة، ص٨٢.

٣– البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق(١٩٨٠–١٩٨٥)، عبدالله أبراهيم ،ص١٩٥.

لەپشت ئەم ڕاناوەوە گۆشەنیگایەك هەیە، ئەویش گۆشەنیگای گێڕەرەوەیەو لەروانگەی خۆیەوە باسی ژیانی رابردووی کارەکتەرێك دەکات. بەمەش لەگێڕانەوەی خودیدا کارەکتەرو گێڕەرەوە لەیەك جیادەبنەوە، گێڕەرەوە باسی رابردووی کارەکتەر دەکات. لەبەر ئەو بەد رەفتاری و ئەو بێهەڵوێستییەی بەرامبەر خوشکەکەی خۆی کردوویەتی، چۆن لەو ئان و ساتەدا، کە خوشکە دەربەدەربووەکەی سەری بەماڵی ئەودا گرتووە، لەبەر ترسنۆکی و لاوازی ...هتد، خوشکەکەی تەسلیمی دوژمن کردووە، لە ناجوامێری خۆی، ئەو تاوانەی بەسەر خۆیدا هێنا، لەکاتێکدا دەیتوانی هەڵوێست وەربگرێ خۆیی و خوشکەکەی بچن بۆ شاخ بۆلای هەزاران کەسی دیکە، کە لە دژی رژێم خەریکی شۆڕشکردن بوون. بۆیە ئەم کارەکتەرە تووشی گرێی دەروونی بووە لەو کارە دزێوو ناشیرینەی ،کە کردوویەتی زاتی ئەوە ناکات؛ سەیری ئاوێنە بکات .

ئەم گێڕانەوەیە گێڕانەوەیەکی دانپیانانە، زۆرجار کە تاوانبار دان بە تاوانەکەی خۆیدا دەنێ، دەروونی ئاسوودە دەبێت و گرێی دەروونیی نامێنێ، بەڵام کارەکتەری چیرۆکی ئاوێنە، دە ئەوەندە باسەکە بلێتەوە سوودی نییە، بۆیە هەر خۆی بە سەگ دێتە بەرچاو و هەردەم ترسی ئەوەی هەیە کلك و گوێی سەگ ئاسای بۆ دروستببێ ((من لەو ئێوارەیەوە ناوێرم ئاوێنە لە ماڵەوە دانێم، هەمووم شکاند، هەر بە تەنها ئاوێنەکان نەبوون ئازاریان ئەدام، خەونەکانیشم هەراسانیان کردووم .. لە کەنار ئاوێکی بێ بن و بێ پەی رامدەگرن. ئاوەکە، لیخنە شەپۆل دەدا هەمان ئەو دەستانەی لە گۆلەکەدا دیمن پاڵێکم پێوە دەنێن بۆ ناو ئاوەکە. دەستەکە درێژ دەبێتەوە تا دەرم بهێنێ و دەرم ناکات، من لە ترسی شەپۆلەکان هاوار دەکەم و دەنگم دەرناچێ سەرم بە لەشی سەگێکەوەیە، سەری گەماڵێکی گوێ شۆڕیش لەجێی سەرەکەی خۆم دانراوە))[1] هەر لەسەرەتاوە گێڕەرەوە

---

[1]– کۆچیرۆك، ل٢٠٩ .

سـەرنجی خوێنـەر بـۆ لای چـیرۆکەکەی رادەکێشـی، بـە یـەکگرتنی لەگـەڵ جێناوی قسەکەر کە راستەوخۆ گێڕەرەوە بە خوێنەرەوە پەیوەست دەکات، رێگەیەکی ئەم سەرنج راکێشانە بـۆ ورووژانـدنی هەسـت و سـۆزی خوێنـەرە، تـاکو وای لێبکـات بـە شـێوازێکی دۆسـتانە بـە چـیرۆکەکەوە بنووسـێ و وا هەستبکات گێڕەرەوە تەنیا مەبەستی ئەو خوێنەرەیە، بۆیە بەم شێوەیە ئەم نهێنییەی بۆ دەردرکێنێ، چۆن هاوڕێیەك لە کاتی دڵتەنگیدا دەردە دڵی خۆی بۆ هاوڕێیەکی دیکەی هەڵدەڕێژێ، تاکو کەمێك دڵـی ئـارام بێتـەوە. هـەموو فرمان وجێناوەکـان پەیوەنـدییان بـە گێـڕەرەوەوە هەیـە :(مـن – نـاوێرم – هەمووم – ئـەدام – نـاوێرم – دانـێم – هـەمووم شـکاند – خەونەکانیشـم – کردوم – رامدەگرن – دەنگم – سەرم – خۆم) وەك ئەوەی سوور بێ لەسەر خۆ پێشکەشکردن بۆ خوێنەر بە بێ پێناو و یارمەتی، جگە لەوەی زۆر حەزی لەوەیە لە ژێر کاریگەریی ئەم جێناوە پەنجـە لەسـەر واقعییـەتی گێڕانەوەکـە دابنێ و خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێ، بۆیە لە سـەرەتاوە بـە ئاوەڵکـارێکی کاتی رووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوەو دژیەکییەك سەرنجی خوێنەر رادەکێشـێ (ئێستانە) کە کاتی ئێستایە (ئەوجا) واتا: ئێستا نـا ئەوسـا کـە هـەردووکیان ئاوەڵکاری کاتین، چۆن دەتوانێ ئەم دوو کاتە لەگەڵ یەك کۆ بکاتەوە ؟ هەر لەسەرەتاوە سوورە لەسەر ئەوەی سـەرنجی خوێنـەر بـۆ لای خـاڵی سـەرەتا لەچـیرۆکەکەی رابکێشـێ، ئـەو مـاوە زەمەنییـەی کـاتی رووداو و کـاتی نووسینەکە لە یەك جیا دەکاتەوە. ئەم (ئەوجا) یە پەیوەستە لەگەڵ (ئاوی گۆلەکە) لەو شوێنەی شـۆخەی خوشـکی دەسـتی بـۆ درێـژکرد، کەچـی ئـەو سەری خۆی شۆڕکرد وەك ئەوەی شۆخەی نەبینیبێ، بەڵام لە نـاو ئاوەکـەوە دەیبینی، کاتی گێڕانەوەکە ماوەیەك پاش روودانەکەیە، لەسەر پاراستنی ئەو ماوەیـە سـوورە لـە مێشـکی خـۆی تـا کۆتـایی چـیرۆکەکەش چـەندین جـار دووبارەیان دەکاتـەوە بـە بـیر خـۆی و خوێنـەریان دەهێنێتـەوە و ئاوێنـە و گۆلەکەو رووبارەکە بوون بە مۆتەکەو ژیانییان لێ تاڵکردووە .

له (فڕینەکانی نازم ڕەشە قوماش)دا هەر لە ناونیشانی چیرۆکەکە خۆ بەدەرخستنی تێدادیارە و هەموو خۆ بە دەرخستنێك کە لە جۆری ئاسایی لابدات؛ ئەوە ڕەنگدانەوەی هەستی خۆ بە (کەمزانین)ی کەسەکەیە. نازم ئەو کارەکتەرەیە، لە سەرەتاوە دیارە کە گێڕەرەوە ئەو کارەکتەرە بەوەرگر دەناسێنێ، لەبەر دوودڵی و ئەو بارە دەروونییە خراپەی تێیکەوتووەو، باڵی ڕەشی بەسەریدا کێشاوە، خۆ ڕزگارکردن لە خۆزەلیلکردن دەبینێ، بەڵام ئەم (من)ە دوورە لە کەسایەتیی چیرۆکنووس ((هیچ پەیوەندییەکی بە منی خودی چیرۆکنووسەوە نییە، واتا (من)ێکە ڕێك لە جیاتی (ئەو) بەکاربراوە))[1]. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆچوونی جیاواز بۆ ئەو(من)ە هەیە : ((لەگەڵ پەرەسەندنی تیۆری ڕەخنەیی و تەکنیکی چیرۆك و ڕۆماندا، مەیلێك سەری هەڵدا بۆ دوور خستنەوەی نووسەر لە دەقەکەی هەروەها بابەتی جیاوازیی نێوان نووسەرو چیرۆکبێژ هاتە پێشێ، واتە مەرج نییە گێڕانەوە بریتی بێ لە گێڕانەوەی خودیی نووسەر))[2] ئێمەش دەڵێین: لە ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی چیرۆکنووس، ئامادە بوونێکی زۆری هەیە لە دەقەکەیدا دابڕاو نییە لە کۆمەڵ، ژانی خەڵك ژانی چیرۆکنووسە، جگە لەو حاڵەتە لێکترازانەی (انفصام) هەیەتی، کاتێك مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا نشوستی لە دواییەکی بەسەردا دێت، ناچاردەبێت پەنا بباتە بەر فەنتازیاو خەون، بۆ ئەمەش گێڕەرەوە نازم پەنای بۆ فەنتازیا بردووە، بەڵکو کەمێك ئارامی بۆ سروشتی ئاڵۆزو شێواوی نازم بگەڕێتەوە، لایەنی شاراوەی نەست لە چیرۆکدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەك دەکرێ ئەمە دەستنیشان بکرێ، کە چیرۆکیش وەك ((ڕۆمان تاقیکردنەوەی کەسێتییە دانەر بەناوی ڕاستەقینەی خۆی ئەنجامیداوە))[3]،بەڵام گەر سەداسەد

---

[1]– چیرۆکی هونەری کوردی ، شێوەوشێوازوبونیاد، زاهیر ڕۆژبەیانی،ل١٧٥

[2]– شیعرییەتی دەق و هەنگوینی گێڕانەوە، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، چ: ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١١

[3] – نظرات في الرواية المصرية، د.نبيل حداد ،دار الكندى للنشر والتوزيع، الاردن،٢٠٠٣، ص٧٤

تاقیكردنەوەی كەسیی خۆیشی نەبێ، ئەوا بێگومان هەردەبێ كەمێك لە ژیانی ئەو خەڵكەبێ، چونكە ئەو چیرۆكنووسەی وەك سەیرانكەرێك لە دوورەوە لەدیار بابەتەكەی دەوەستێت و لەگەڵ ژانی رووداوی چیرۆكەكەی خۆی ژان ناكێشێ، لە ئەنجامدا چیرۆكێك لەدایك دەبێت زۆربەی بەها هونەرییەكانی لەدەست دەدات. ئەگەرچی ئەم بیروڕایانە لەڕەخنەی نوێدا رەتدەكرێنەوە.

گێڕەرەوە هەندێ جار بۆ بەهێزتركردنی گێڕانەوەكەی دەچێتە ژێرباری جێناوی كەسی یەكەم تاكو رووداووبەسەرهاتی كەسێك بخاتەروو كەبەڕاستی لەنێو كۆمەڵگەدا خۆشەویست نییە بەهۆی رەفتارە ناسروشتییەكەی یان خۆی ئەو كارەكتەرە دروست دەكات: ((زۆربەیان رەنگدانەوەی حەسرەت و كەسەرو خۆزگەی حەوت هەشت ساڵیمن))[1] بێبەشی لە خۆشی و چەپاندنی حەزەكانی سەردەمی منداڵی، بووە بە داینەمۆی هەڵسوڕاندنی ئەم هەموو شێوانەی كە خۆی تیادا دەدۆزێتەوە ((لەو سەردەمانە هەموو هاوڕێ هەرزەكارەكانم باسی سەركێشی خۆیانیان لەگەڵ ئافرەتاندا بۆ یەكتر دەگێڕایەوە، تەنها من نەبێ، بە بیستنی ئەم باسانە ئارەقەم دەكرد .. بە عەزرەتەوە بووم لە نزیكەوە بۆنی ئافرەتێ بكەم، كە كچێكم لێ نزیك دەبووەوە وەك ژوو ژوو بێ ئەوەی لە دەسەڵاتمدا بێ گرمۆڵ دەبووم، كە گوێم لە تریقەی گاڵتە پێكردنیشیان دەبوو دەتوامەوەو دەبووم بە تنۆكی ئاو .. بۆیە كە ئێستا هەر ئەوەندە دەستم دەنێمە ژێر چەنەو پێڵووم دەنێمە سەریەك دەبمە (هاڕوونێكی) ئەم سەردەمە، كە نیزەی دونیام لێ دەئاڵێ كام مەمك توندە لەنێو چنگما دەیفلیقێنمەوە، بە پەلەپیتكە لە گوێ مەمكی هەناریی و رەنگ نیسكی و هەندێ رەش داگیرساویان دەدەم، كام جێگای ناسك و دژواری لەشی

---

١- كۆچیرۆك، ل٢١٠

نەرمیان هەیە بە نوقورچ تێیان بەردەبم لێویان دەخەمە ژێر دانم، تا خوێن بە لێوما دانە چۆڕێ دەم هەڵناگرم))[1].

حەسرەتی بێبەشی و دووری لە خۆشییەکانی ژیان وای لێدەکات لە فرینەکانیدا کە هەر فەنتازیایە و دوورە لە راستی ببێتە مرۆڤێکی سادی و رقی دڵی خۆی بە ناسک ئەندامانیدا دابڕێژێ.. ئەم دانپیانانە بە هۆی جێناوی (من) بە هێزترە لەوەی جێناوی (ئەو) بە کاربێنێ.

لەم چیرۆکەدا (٢٥٦) جار جێناوەکان بەشێوەجیاوازەکانییەوە بەکارهاتووە.

چیرۆکنووس، لە نووسینی چیرۆکەکانیدا، بایەخێکی زۆربەرچاوی بە گێرانەوەی خودی داوە. لە سێ چیرۆکیاندا زۆر بە زەقی و بەرچاوی بە تەنیا جێناوی کەسی یەکەمی تاکی بەکارهێناوە لە چیرۆکەکانی (فرینەکانی نازم رەشە قوماش، ئاوێنە، باڵندە) ئەم چیرۆکانە تا کۆتایی یەك گێرەرەوەیان هەیە، تەنیا کارەکتەرە کەرۆڵی سەرەکی لەم چیرۆکانەدا دەگێرێ و لەرێی گێڕەرەوەیەکەوە باسی ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەوان کراوە، گێڕەرەوە ئەوەندە لەکارەکتەرەوە نزیکە بۆیە وا دەزانرێ بوونە بەیەك و بەزاراوەی (بینین لەگەڵ) ئاماژە بەهاوشانی گێڕەرەوە و کارەکتەر دەکرێ. چیرۆکنووس جیهانی چیرۆکەکانی بە بینینی خودی رەنگاڵە کردووە، لە چەند چیرۆکی دیکە[2] بە تێکەڵی جێناوی یەکەمی تاك و یەکەمی کۆ بەرچاو دەکەون .

لە چیرۆکی (باڵندە)دا چیرۆکەکە جۆرە ژیننامەیەکی کارەکتەر لەگەڵ وەسفێکی گەرمیان دەست نیشانکردووەو خوێنەر هەر لەسەرەتاوە

---

١- کۆچیرۆك، ل ١٥٧ _١٥٩

٢ - زۆربەی زۆری لاپەرەکانی ئەم جۆرە گێرانەوەی تێدا هەیە، هەر هیچ نە بێ لە پەرەگرافێکی بچووك وەك لاپەرەکانی (٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٨، ٦٧، ٨٣، ٨٥، ٨٧، ٩٤، ١١٣، ١٢٨، ١٧٢، ١٧٧، ١٩٩، ٢٠٣، ٢١٠، ٢١١، ٢١٣، ٢١٤، ٢٢١، لەمانەش زیاتر بەرچاو دەکەوێ .

هەست بەوە دەکات؛ بۆ ناو چیرۆکەکە راکێشراوە هەربۆیە  وەك دیلێکی لێدێت لەبەرامبەر شێوازی گێڕەرەوەو  نووسینەکەی.

بەکارهێنانی جێناوی قسەکەرو دروستکردنی شێوازی ژیننامەی خودی بە پارێزگاری کردنی گێڕەرەوە لە گۆشەنیگاو وێنەگرتنی روودانی رووداوەکان، هەر لە ساتەکانی یەکەمەوە، لەرێگەی کامێرای چاوی گێڕەرەوە کاتی رووداوەکان یاد دەکاتەوە نەك ئێستا، هەرچەندە رووداوەکان کاتیان بەسەرچووە، بەرووکەشی پێوەندییان لەگەڵ ئێستادا پچراوە، بەڵام پێوەندییان بە کارەکتەر / گێڕەرەوە وەك زنجیرە بە دوای یەکەوە هەرماوە. ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی پێوەندیی نێوان چیرۆکەکە نەپچڕێ و زیندوویێتی ببەخشێ و پێوەندی لەگەڵ خوێنەریش بمێنێ، جگە لە بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی ئامانجی کۆمەڵایەتی.

ئەگەرچی گێڕەرەوە سەرەتای رووداوەکانی بە ئاوەڵکاری کات دەستنیشانکردووە ؛  واتە ئەو ماوە درێژەی نێوان کاتی رووداو و کاتی گێڕانەوە، بەڵام خوێنەر بە هەست و سۆز و کاریگەری و کاردانەوەی کاتی روودانەکە وا هەست دەکات ئێستا لەبەرچاوی خۆی روودەدات و لەگەڵیدا دەژیت و ((زۆربەی رۆژانی منداڵیم تەماویی و نادیارن ... بەڵام رووداوی دەمەو عەسرانێکم باش لە یادەو هەرگیز لە یادم دەرناچێ ... تاقانەی خوا پێداوێکی دەسڕۆ بووم ئەوەم هەمیشە لە یادە هەموو کاتێ بە تووڕەیی دەمدیت، جێگای دوورم بەر دەرگای حەوشە یا پێچی کۆڵانەکەی ئەو لامانەوە بوو، لە هەموو دەرچوونێکیشمدا گیرفانەکانم پڕ لە مێوژ دەکران، مێوژیش لەم گەرمیانە هەروا بە ئاسانی دەست نەدەکەوت و خواردنی هەموو کەسێ نەبوو، منداڵانم لێ دەئالان، هەندێ جار باوکم ئاسا منیش تووڕە دەبووم، خۆ گوربزرکردن و مشتەکۆڵەی هەندێکیان ساردیان دەکردمەوە قالەی هەمین، هەمیشە فاقێکی بە بەرۆکەوە بوو ریشۆڵەی پێ دەگرت و بە منداڵانی دەفرۆشتەوە))[1].

---

[1]– کۆچیرۆك، ل٢١٤

لەم سێ چیرۆکەدا: (فرینەکانی نازم رەشە قوماش، ئاوێنە، باڵندە) بە تایبەتی دوو چیرۆکەکەی یەکەم، چیرۆکنووس جۆرە کارەکتەرێکی خاوەن رەهەندی دەروونی بەرجەستەکردووە و پەردەی لەسەر پێکهاتەی نەست و حەزە چەپێنراوەکانیان لاداوە. لەگەڵ ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجە و خۆ خواردنەوە دەروونییانەی، کە دەبنە هۆی خەوزڕان و دوودڵی و نا ئارامی و ئۆقرە لێبڕان، ئەم کارەکتەرانە خاوەنی سروشتێکی فەنتازی و سەر لێشێواو و چەواشە کراون، کە بەڕاستی لە ناو خۆیاندا نەخۆشن، نەخۆشی پەرتەوازە بوون و دابڕان تەنانەت لە خۆیشیان، کە بە هیچ جۆرێ خۆیان پێ گردوکۆ و راستەڕێ ناکرێ، بەجۆرێکی وا لە ناو چیرۆکەکانیشدا بەوە جیا دەکرێنەوەو دەناسرێنەوە، چونکە ((بە شێوەیەکی گشتی کارەکتەر خاوەن پێکهاتەیەکی دەروونیی ئاڵۆزە، بە گرژی و شپرزەیی هەڵچوونە دەروونییەکان هەڵاوساوە، کە پاڵنەرە ناوەکییەکان گۆشی دەکەن، ئەم کاریگەرییەش لەو رەفتارو کردەوانەی دەیکات هەستی پێدەکرێت. لە لایەکی دیکەوە بە دەست دژیەکییەکانی دەروونییەوە دەناڵێنێ))[1] ئەوەی خاوەنی ئەو بارە دەروونییە نالەبارو ناجێگیرە بێت لەگەڵ خەڵکدا، زۆر بە پارێز دەبێت و، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی کردنیان هەردەم چون پەموودانە خۆی دەخواتەوە.

لە چیرۆکی(دارەکەی بەرماڵمان)[2]دا ،یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی چیرۆکنووسە، هەر بەو ناوەش ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە ((هەر لە شاری (ك)دا قوتابخانەم تەواوکردو لە شاری (ق) بووم بە مامۆستا و ئەوەندەی نەخایان شەڕ دەستی پێکرد: ئیتر بۆ ماوەی دوو ساڵ دێکەی خۆمانم نەدییەوە، بەڕێکەوت کەسێکی خەڵکی دێکەشم نەدی ...!))[3] توانای گێڕەرەوە لە دەربڕین لەوەی، کە دەیەوێ لەم گێرانەوەیەدا و لەرێگەی

---

[1]– بنية الشكل الروائي، الفضاء، الزمن، التبئير، حسن بحراوى، المركز الثقافى العربى، بيروت، ط١، ١٩٩٠، ص ٣٠٢

[2] – لەم کۆمەڵە چیرۆکەیدا لە ل١٤، ل٢٥، ل٢٨ گێڕانەوەی خودی بەکارهێناوە .

[3]– س.پ، ل٢٤

گێڕانــەوەی خــودی بــە یارمــەتی جێنــاوی لکـاو بـۆ کەسـی یەکـەمی تـاك (قوتابخانەم تەواو کرد، بووم، خۆمانم، دێکەشم) بەکارهێنانی ئـەم جێناوانـە لە لایەن گێڕەرەوە، گێڕانەوەکەی بە هێزتـر کـردووە ،جگـە لـە بـەکارهێنانی ئـامرازی لێکـدەری (و) گێڕانەوەکـەی خێراتـر کـردووەو بەسـەرهاتی ئـەم چـیرۆکەش ((بەســەرهاتێکی راستەقینەوسەرگوزەشــتەی چیرۆکنووســەکە خۆیەتی کەدوایی لەزۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی رەنگدەداتەوە))[1].

لە چـیرۆکی (دان پیانـانی نامـەردێك)دا، کارەکتـەر بـەهۆی جێنـاوی لکـاو بـۆ کەسـی یەکـەمی تـاك گێڕانەوەکـەی ئەنجامـدەدا، ئەمـەش مانـای ئەوەیە: گێڕەرەوە، کارەکتەرەکە لە ناوەوە دەبینـێ نـەك لـە دواوە یـان لـە دەرەوەی، کە ئەمە رەنگە کەسی دووەمی گێڕەرەوە بێت، هەر بۆیە توانـای ئەوەی هەیە لە گێڕانەوەکە خۆی سەرپشکبکات و رێگە بە خۆی بدات بۆ خۆ تێکەڵکردن، ئەمجۆرە گێڕانەوەیە توانایەکی زۆری لە چـیرۆکنووس دەوێ بـۆ چوونە نێو بەرگی کارەکتـەر، لـە هـەمان کاتـدا سەربەسـتییەکی تـەواوی بـە کارەکتــەر داوە، بـۆ ئـەوەی پـەردە لەسـەر نهێنیـەکانی ژیـان و دەروون و هەستی نەخۆشی خۆی لابدات ((دانی پێدا ئـەنێم : کـاتی خـۆی منـداڵ بـووم هەموو شەوێ خۆم ئەئاخنییە بن بـاڵی داپـیرەوەو داوای دووپـات کردنـەوەی داســتانی(مەردو نامــەرد)م لێئــەکرد ئێســتاش نــازانم بــۆ ؟ زۆرترینـــی (نامەردم)خۆش ئەویست بۆیە ئیستەش کردەوەکانم نامەردیی لێ ئـەتکێ))[2] گێڕەرەوە لەرێگەی جێناوی لکاوی یەکەمی تاك لە رابردووەوە بۆ ئێستا باسی کارەکتەرمان بۆ دەکات. ئـەم جـۆرە گێڕانەوەیـە، کـە (بیـنین لەگـەڵ)ی پـێ دەوتـرێ گێـرەرەوە لـە نـاو دەقەکـەدا زانیـاری هـەر ئەوەنـدەی زانیـاری کارەکتەرەکەیـە هـەر بۆیـە ((هـیچ زانیـاری و لێکدانەوەیـەکمان پێشـکەش ناکات، تەنیا دوای ئەوەی کارەکتەرەکە خۆی بتوانێ بگاتە زانیارییەکان))[3]

---

[1] – چیرۆکی هونەری کوردی شێوە و شێواز و بنیاد، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٣٧.

[2]– کۆ چیرۆك، ل٦٢ .

[3]– بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، حميد لحمداني ، المركز الثقافي العربي، بيروت،١٩٩٣ ، ص٤٧.

ئیدی ئەویش دەیانزانیّ، وێنـەکان لـە رابـردوون و گێڕانەوەکەشـی ئێسـتایەو کاریگەرییەکەی بەمجۆرە هەڵس و کەوتەوە، تاکو ئێستا لەسەر کارەکتەرەکە ماوە، وەك کەسێکی دەروون نەخۆش، حەزی لەلادانە، نەك گرتنی راستەڕێی شەقامی ژیان .

لەم گێڕانەوە خودییەدا: ((قەومێل لەشم بۆ وا داهێزراوە ؟! ئەی ئەم دڵە کوتکێیە بۆ ؟ ... خۆزی دەمزانی کاتیّ تەماشای منیـان دەکـرد چـییان دەوت ؟ ئەی ئەو یەکەیانە بـۆ هـەر لـە یەکبینـە ئـاوڕی دەدایـەوە ؟ سـاڵحی هۆمـەر نامـەردت نەکـەن بـۆ وا پەشـۆکاوی ؟ بۆچـی کـەس تەماشـای کـەس ناکات؟... من چیم .... فەرمانبەرێکی بچووکی بیّ دەسەڵات، بیست ساڵە لە دایەرەم تا ئێستاش قاتی سەرەوەم نەبینیوە))[1] واقیعیـەتی ئـەم گێڕانـەوە خودییە لەوەدایە، گێڕەرەوە رووی دەمی لە خوێنەران کردووە و پرسـیاریان لێدەکات و تێکەڵ بە رووداوەکانیان دەکات، وێنەکان لـە یـادی تۆمـارکراون، دوای ئەمــە کردوونــی بــە هــەواڵ و ســەرنجی خوێنــەر رادەکێشــیّ، لــە گێڕانەوەکەدا (جێناوی سێیەمی نادیار) (تەماشـای منیـان دەکـرد)، جێنـاوی دووەمی تاك (نامەردت نەکەن) هەر مەبەستی خـودی کارەکتـەرەو (جێنـاوی یەکەمی تاك) دەستی بەسەر گێڕانەوەکەدا داگرتووە، گێڕەرەوە شانبەشـانی کارەکتەر دەڕوات و باسی حاڵەتی پەشۆکاوی وشڵەژانی دەروونی ئەومان بۆ دەگێڕێتـەوە، چـۆن لـە ترسـی پیاوەکـانی رژێـم و تـەنیا تەماشـاکردنێکیان بۆئەو، لەشـی داهێـزراوە، نووسـەر بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم کـارە گۆشـەنیگای (بینین لەگەڵ)ی بەکارهێناوە .

---

[1]– کۆچیرۆك، ل١٧٦ .

# بەشی دووەم

## توخمەکانی گێڕانەوە

### ١- زمان

ئەدەب، رۆڵێکی بەرچاوو فراوانـی لـە ژیـانی رۆژانەمانـدا هەیـە، بـەڵام بەبێ زمان ئەو ئەدەبە چۆن دەردەبڕدرێ ؟ زمان وەك بەرگێکی پۆشتە وایـە بۆ چیرۆك چەندی ئەو زمانە رێکوپێك بێت، چیرۆکەکە شکۆدارتر دەبێ، جگە لەمانـە کـاری ئـەدەبی هـەروەك بنیاتنـانی تـەلارێکی رازاوەیـە کەرسـتەی بنچـینەیی بـۆ بەرزکردنـەوەی ئـەم تـەلارە زمانـە، بەتایبـەتی زمـانی کورتـە چیرۆك دەبێ سادەو ساکارو دوور لـەئاڵۆزی و لێڵـی بێـت و رسـتەکانی دوورو درێژو بێزارکەر نەبن، بەمەش سەرنجراکێش و بەتامو چێژدەبێت .

هەروەك رێگەی سەرەکی بۆ لەیەکتر گەیشتن زمانەولەنێوان خەڵکدا، ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ، ئامرازێکیشە بۆ دەربڕین لە خودو دەوروبـەر، دەربڕینـی هەر مرۆڤێکیش جیایە لە یەکێکی دی .

چیرۆکنووسیش پەروەردەی ئەم دەوروبەر و ژینگەیەیە، هێزو دەسەڵات و داهێنان، یـان پێچـەوانەیان، لـەم ژینگەیەیـە وەردەگرێـت، مـرۆڤ هـەر لـە منداڵییەوە بەبێ ویست و ئارەزووی خۆی ناوێکی لێنراوەو بووە بـە هـەڵگری ئەو ناوە، بەهـەمان شـێوە زمانێـك بـە بـاڵای بـڕاوە، وردە وردە لەگـەڵ ئـەم زمانەدا گەشەی کردووە و تێکەڵ بە هۆشی بووە .

لەبەر ئـەوەی هـەر ناوچـەیەکیش شـێوازی زمـانێکی تایبـەت بـە خـۆی هەیەو خەڵکی ئەو ناوچانەش ناتوانن بە ئاسـانی دەسـتەبەرداری ئـەو شـێوە زمانانە بن، نووسـەریش وەك تـاکێکی دانـەبڕاو لـە دەوروبەرەکـەی بـە پێـی تاقیکردنـەوەو خوێندنـەوەو رۆشـنبیریی خـۆیی و ئـەو دەوروبـەرەی تێیـدا دەژی؛ زمانێکی تایبەتی لەلا دروست دەبێت و بەو زمانە لە نووسەرانی دیکە جیا دەکرێتەوە، لـە روونـی و ئاشـکرایی و لێلـی، چـونکە شـێواز بریتییـە لـە

((تایبەتمەندی شاعیرو نووسەر لە هەڵبژاردنی وشـە))[1] ئـەو هەڵبژاردنانـەش هەندێ جار لە دەوروبەرەکەی خۆیەتی، بۆیە مۆرکی ناوچەیی وەردەگرێت.

لەگـەڵ پەرەسـەندنی کۆمـەڵ و داهێنانـە جـۆراو جۆرەکـان وردەوردە بیروڕای جیاواز هاتۆتە کایەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمـان لـە ئەدەبدا، هەندێ بیروڕای جیاوازی نووسەران کەدژیەکی لەبیروڕاکانیاندا هەیە دەخەینەڕوو.

١- دەبێ زمانی گفتوگۆکردن بە زمانی ستاندارد بێـت[2]، خـاوەنی ئـەم بیروڕایـە خەریکـە ئـەو زمانـە وەك زمـانی سـەردەمی ڕۆمانـەکان لـە زمـانی ناوچـەیی جیـا بکەنـەوە و وا تێدەگـەن، ئەگـەر زمـانی ناوچـەیی لەگەڵیـدا بەکاربێت، بۆشایی دروست دەبێت و بەمە ئاستی نووسینەکە لەبەرزییەکەیدا نامێنێ.

سەرەرای ئەوانە دایەلۆگ بـە زمـانی سـتاندارد وا لـە ئیشـی نووسـەران دەکـات، ببێتــە هــۆی یــەکگرتن و یــەك پارچــەیی و دوور کەوتنــەوە لــە ناوچەگەریی تەسك، چونکە دڵسۆزی بۆ زمـان و بـەهێزی هەسـتی نەتـەوەیی لەوەدایە، تاکو دەکرێ نووسین بەزمانی ستاندارد بێت.

٢- زمانی دایەلۆگ بە تێکەڵی بێت لـە نێـوان زمـانی سـتاندارد و زمـانی گشتییدا، بە تایبەتی هەندێ زاراوە ناکرێ بە ناوچـەیی بەکارنەیـەت، چـونکە مانــای جــوانترو باشــتر دەگەیــەنێ و کاریگەریشــی زیــاترەو لــە زەینیشــدا دەمێنێتەوە[3].

٣- واباشە بۆ ئەنجامدانی ئەو گفتوگۆیانەی لەسـەرزاری کارەکتـەرەکان دەکرێ، بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری کارەکتەرەکان بێت، زمـانی ڕۆشـنبیران بـە

---

١- النقد التطبيقي و الموازنات، محمد الصـادق عفيفـي، مؤسسـة الخـانجي، مصـر، ١٩٧٨، ص ٢٠٠.

٢ - بناء الرواية، د.عبدالفتاح عثمان، مكتبة الشباب، مصر، ١٩٨٢، ص٢٤٣-٢٤٨.

٣ - بناء الرواية، د. عبدالفتاح عثمان ،ص٢٤١.

ستاندارد بێت و خەڵکە گشتییەکەش بە زمانی ناوچەیی بێت، بە بیانووی ئەوەی زمانی ناوچەیی لە واقیع نزیکترە[1] .

کۆمەڵگا لە کۆمەڵێك خەڵك پێکهاتووە هەریەکە بەشێوەیەك قسە دەکات، هەر یەکێك لەم خەڵکە، لە ناو چیرۆکەکان چ واقیعی و چ خەیاڵی رۆڵێکیان دەبێت و هەر بەو زمانەی خۆیان دەدەوێن، ستاندارد بێت، یان ناوچەیی، چونکە پیرێژنێکی کەڕەواڵەی گەرمیان یان پیرەمێردێکی باڵەکایەتی بە زمانی ستاندارد بدوێ، بەمە چیرۆکنووسێن واقیعیەتی تیادا نامێنێ، چونکە((شتێکی لەبار نییەو بە هیچ شێوەیەك ناگونجێ، نووسەر وا لە کارەکتەرەکانی بکات، هەموویان بە یەکسانی و بە یەك ئاستی زمانی قسە بکەن، بە تایبەتی ئەو زمانەی بە کاری دەهێنن زمانی رۆژانەی خەڵك نەبێ کاتی ئەوەش هاتووە نووسەرەکانمان هەست بەو راستییە بکەن، کە ئەوان سەربەخۆ نین لەوەی کارەکتەرەکانییان بە زمانی ستاندارد قسە بکەن))[2] بێگومان ئەمە بۆ چیرۆکی کوردیش هەروایەو دەبێ ئەم رێگەیە پیادە بکرێت کە لە قازانجی چیرۆکەکەو دانەبڕانێتی لە ئەدەبی جیهانی، جگە لەمانەی باسکران دەکرێ زمانی کارەکتەر لەنێوان ستانداردو گشتی بێت، بەپێی باری کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان بەتایبەتی لەدایەلۆگ.

چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لەبارەی بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی، بە تایبەتی چیرۆکەکانی سەرەتای چیرۆکنووسینی، رووبەڕووی کۆمەڵێك رەخنە بووەتەوە هەروەك زاهیر رۆژبەیانی دەڵێت: ((ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل خوێندنی بە عەرەبی بووە خۆی خۆی فێری زمانی کوردی کردووە، لە سەردەمێکیش سەری هەڵداوە بە سەردەمی تاریکی دادەنرێ بۆیە روخساری ناوچەیی بەسەر چیرۆکەکانیدا زاڵە))[3] . باشتر وایە بڵێین خۆی خۆی فێری نووسینی کوردی کردووە،چونکە خۆی

---

[1]- س،پ، ل٢٤٠.

[2]- فن القصة، وجهة نظر و تجربة، عدّی مدانات، الأهلیة للنشر و التوزیع، ٢٠١٠ ،ص٢٧٨.

[3]- چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٢٤.

بەرەگەز کوردە، زۆر نووسەری کوردیشمان هەیە، لەوانەیە زمانی کوردیشیان زانیبێ، لەبەرهەر هۆیەك بێت، تواناکانی خۆیان لە خزمەتی میللەتانی دیکەدا، داناوە و نەیانوێراوە، قەرەی خۆیان لە قەرەی ئەوە بدەن، کە بە کوردی بنووسن و چەندین خوێنەری کوردمان لە چێژی بەرهەمەکانییان بێبەشکردووە و بە زمانی (عەرەبی، تورکی، فارسی) نووسیویانە، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل هەرلەیەکەم چیرۆکییەوە سەرنجی رۆشنبیرو خوێنەرانی بەلای خۆیدا راکێشاوەو خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە کتێبخانەی کوردی ئاوەدان کردۆتەو.

لەم چیرۆکانەدا هەست دەکرێت زمانی ژن ومنداڵ زمانێکی تایبەتییان هەیەو دەربڕی خەڵکێکی سادەی ناوچەی گەرمیانن و هیچ لەبەهای هونەری چیرۆکەکان کەم نەبۆتەوە.

((الحەمیلا کوڕ بوو، بەخوا ئەگەر کەنیشك بووایە دوو پام نەدە ڕۆیشت))[1]. لەم گێڕانەوەیەدا شێوەزاری ژن زۆربە جوانی دیارە، بەلام لە کۆتایی هەمان چیرۆکدا گێڕانەوەکە لەسەر زاری منداڵێکە دەڵێ : ((مامرێکشم بە دایکم دا نارد دای بە مەلا حەسەن))[2]. ئەوجۆرە دەربڕینانە بۆ منداڵێك ناگونجێ، چونکە منداڵ عەقڵی بەم جۆرە ئیشە ناشکێ عەقڵیشی پێ بشکێت لەبەربالا دەستی باوك نەیتوانیوە فەرمانی وا دەربکات و زمانەکەش لە زمانی پیاوێکی بە تەمەن دەچێت نەك زمانی منداڵ.

لەم چیرۆکانەدا (هەیاس، تۆپەکەی ئازاد، خەونی ناو تەلبەندەکە، گەردەلوول)دا شێوازی قسە کردنی منداڵان بەروونی دیارە .

لە چیرۆکی (هەیاس)دا ئاوات بە هەیاس دەڵێ : (هەتاڤ رۆۆۆی) لەم گفتوگۆیەدا رەنگ و لەرینەوەی دەنگی منداڵەکە بە جوانی دێتە بەرچاو، لە

---

١- کۆچیرۆك، ل١٤ .

٢- س.پ، ل١٦ .

چیرۆکی تۆپەکەی ئازاد و چەند چیرۆکێکی دی[1] چەندین جار وشەی (ئـێ؟) دووبارە کراوەتەوە لەسەر زاری ئازاد ئەم ((ئێ یە تۆنێکی منالانە بە قسەکەر دەبەخشێت و ئاوازێکی پڕ سۆزی دەخاتە سەر))[2] ئەم (ئێ)یە بە راستی بە شێوازی منداڵەوە بەندە .

لە چیرۆکی خـەونی نـاو تەلبەندەکـەدا ((دایـە، دایـە، تۆپەکـەم لـەناو چیلکەو ئاوماڵکەی تەنووربانەکەمانم شـاردۆتەوە نایبـەن؟))[3] زمانەکـەش و بیرکردنەوەکەش مندالانەیە، دووبـارە کردنـەوەی نـاوی (دایـە) لـە دوو دێـڕدا پێنج جار دووبارە کراوەتەوە، زۆر واقیعی و گونجاوەو لە شوێنی خۆیەتی لە گێڕانەوەکان و لە دایەلۆگەکاندا زمانی گێڕانەوەی دایەلۆگەکان بـەجۆرێکی وا نیشـاندراون وەك ئـەوەوان، وێنـەیان کێشـرابێ لەرێگـەی نیشـانەی پرسـیارو سەرسورمان و خالبەندی و وەستان و تەتەڵەی زمان و دووبارەکردنەوە، یـان بڕینی وشەو دەربڕینەکەی وەك چۆن بەسـەر زاردا دێـت، بـە گـوێرەی بـاری دەروونیی کارەکتەرەکان و شەکەتیی جەستەو دەروونیان .

## ٢- ڕووداو

گێڕانەوە، توخمێکی گرنگی بنیاتنانی ڕووداوە، ((بەشداری لە ڕەوتـی گێڕانەوەدا دەکات، هەروەك چۆن بەشداری لەسەرەتاو کۆتاییدا دەکات))[4]. گرنگیی ڕووداو لەوەوە دێـت کـە تـوخمێکی چـالاك بێـت لـەکاری بنیاتنـان و بەنزیکی لـە توخمـەکانی دیکـەی نـاو چـیرۆك و لێشـیان دانـەبڕابێت، ڕووداو کۆڵەکـەی هەرەسـەرەکی وگیـانی بنیاتنـانی چـیرۆکە، ڕووداو ((کۆمەڵـە

---

[1] – هەیاس، تۆپەکەی ئازاد، چەرخێکی کەش بایز تەمەنی هەروەك ئێستا دەبێ، گەردەلوول، خەونی ناو تەلبەندەکە، لە رۆژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا .

[2] – چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٧٣.

[3] – کۆچیرۆك،ل٢٠٥.

[4] – الوجود والزمان والسرد (فلسفة بـول ريكـور ) ت : سـعيد الغـانمي، المركـز الثقـافي العربـي، بيروت، ١٩٩١، ص٤١ .

بەسـەرهاتێکی رێکخـراوو کاریگـەرە کـە تایبەتمەنـدی و جوداییـان لەرێگـەی کاتـەوە بەشـێوەیەکی دیـاریکراو وەردەگـرن))[1]، چـونکە کـات تـوخمێکی بنچینەییە بۆ دیاریکردنی رووداو.

نـاتوانرێ واز لـە رووداو بهێنـرێ و هەڵبوەشـێنرێتەوە، لەبـەر ئـەوەی وازهێنان لە رووداو مانای واز هێنانە لە گێڕانەوە، ئەگەر ((گێڕانەوە روونەدات ژانرێك پەیدا نابێت بەناوی چیرۆك))[2].

ئەگەر چیرۆك گێڕانەوەی رووداو بێت ئەوا ((رووداوی ناو چیرۆك فرمان یـاخود کـارێکی چـیرۆکییە کـە جووڵـەی کارەکتـەر دروسـتی دەکـات بـۆ پێشکەشکردنی لەرێگەی تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراوی مرۆڤایەتی))[3] بـەبێ کارەکتـەر ئـەم کـارە نـاکرێ، چـونکە رووداو بابـەتێکی سـەرەکییە لـە پێکهێنانی چـیرۆکدا، بۆیـە ئەگـەر کۆمـەڵێك رووداوی لەدواییـەك و لەیەکچوو هەبێت، پێوەندی لەنێوانیانـدا کـەم یـازۆر هـەر دەمێنـێ، چـونکە هـۆش و زمان تێیدا رۆڵێکی سەرەکی دەگێـڕن ودەبـێ رووداوەکـان وا رێکبخـرێن، کـە دانەبڕاو بن لەیەکتری.

کەواتـە یەکیـەتیی رووداوەکـان و بنیاتنـانێکی پتـەو و بەیەکـەوە بەستراو، شتێکی پێویستە بۆ پێشکەشـکردنی رووداو، هونـەری رووداویـش: ((بەکارەکتەرەوە بەستراوە هەروەك نەخۆش بەنەخۆشیەوە، لەهـەر کوێیـەك رووداو هـــەبێ هـــەر دەبێـــت کارەکتـــەرێك هـــەبێت، ئـــەو رووداوەی ئەنجامدابێت))[4]، لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، هەرچـەندە ئـەم بۆچـوونە تەنیا لە رەخنەی تەقلیدیدا رەچاو دەکرا، بەڵام لەرەخنەی نوێدا وانییە.

---

[1] – البناء الفني لرواية الحرب في العراق، د. عبدالله إبراهيم، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٨، ص٤١ .

[2] – لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا، ئیبراهیم قادر محمد، نامەی دکتورا ، کۆلێجی زمان، ١٩٩٧، ل٢٤ .

[3]– دراسات في نقد الرواية : د.طه وادي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٩، ص٣١٠.

[4] – س.پ، ل٣٩ .

بنیاتی کاتیش هەر لەرێگەی رووداوەوە لەناو چیرۆك لێی دەکۆڵرێتەوە، چونکە رووداو ((کردارێکە بەکاتەوە بەندە))[1] .

هەر بەم شێوەیەش تایبەتمەندی یەکەم بۆ دووەم دەچێت و بەپێچەوانەشەوە، بۆیە لێکۆڵینەوە بە تەنیا لە یەکێکیان ناکرێت و هەروەك چۆن رووداو بەکاتەوە بەندە بە توخمەکانی دیشەوە بەندە.

ئەگەر کات رێکخستنێك بێ بۆ رووداو ئەوا دەبێ شوێن پێگەی یەکەم بێت، چونکە ئاشنایەتییەکی وای پێدەبەخشێت گونجاو بێت لە ئەدەب و هونەردا. کەواتە: چیرۆك بەم توخمانە (رووداو، کات، شوێن، کارەکتەر) بنیات دەنرێ، هەروەك شێرکۆ بێکەس دەڵێ: ((راستە چیرۆك گێڕانەوەی رووداوە، بەڵام ئەم بنەمایەش بەتەنیا ناتوانێ چیرۆکێکی هونەری پیشان بدات، یان بیکات بەبابەتێکی هونەری ،چونکە هەموو رەگەزەکانی ناو هونەری چیرۆکنووسین یەکتری تەواو دەکەن و هیچکام لەو رەگەزانە بەتەنیا ناتوانێ چیرۆکێکی جوان بخولقێنێ))[2] لێرەوە گرنگیی رووداو و رۆڵی روون و ئاشکرای لە بنیاتی چیرۆکدا بەدیار دەکەوێت. هەروەها ئەو گرنگییەش نەپەیوەندی ((بەگەورەیی وبچووکی رووداوەوە هەیە نە بەهێمنی و توندوتیژییەکەی، بەڵکو رووداو بەهای خۆی لە ئیشکردن و جۆری خستنەرووی ئیشەکە بەدەست دەهێنێ))[3]. هەندێجار نووسەر رووداوێکی گەورە دەکاتە بابەتی چیرۆکەکەی، بەڵام بەرێگایەکی گونجاو نایخاتەروو، بەمەش بەهای ئەدەبی و مرۆڤایەتی لەدەست دەدات، هەندێجاریش رووداوێکی بچووك دەکاتە بابەتی چیرۆکەکەی و لە خستنەروویدا بەرێگایەکی هونەری سەردەکەوێت و بەهای ئەدەبی و مرۆڤایەتیی بەرز

---

[1] – دراسات في القصة العربية الحديثة، د.محمد زغلول سلام، منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٨٧، ص١١.

[2] – گۆڤاری ئاینده، چەند پەیڤێك دەربارەی چیرۆکی کوردی، شێرکۆ بێکەس، ژ٤٩، ساڵی ٢٠٠٣، ل ١١٩.

[3] – النقد الأدبي الحديث، مجد محمد باكير العزاوي، مكتبة الرسالة الحديثة، د.م، ص٥٤٤.

بەدەستدەهێنێ[1]. هەر لەبەر ئەمەشە دەبێ بایەخ بەرووداو بدرێ، هەر لە هەڵبژاردنی پێشەکیی سەرنجڕاکێشی وروژێنەرو هەڵبژاردنی جێگەی لەبارو دیاریکراو و گونجاو بۆ رووداوە پەرەپێدراوەکان و بردنە پێشەوەیان بەشێوەیەکی لۆژیکییانە، دوور لە رێکەوتی سادەو کتوپڕی رازینەکەرو، هەڵبژاردنی کۆتاییی گونجاو کە لەگەڵ لۆژیکی رووداوەکان رێك بکەوێ، تاکو ئەو پەیامەی هەوڵی بۆگەیاندنی داوە، روون و ئاشکرابێت[2]. هەر نووسەرەش بەپێی تاقیکردنەوەو خوێندنەوەو رۆشنبیریی خۆی و ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژی شێوازێکی لەلا دروست دەبێت، کە لە نووسەرانی دیکەی جیادەکاتەوە،ئیدی چونکە ((پێوەرێکی نەگۆڕو رێگەیەکی دیاریکراویش نییە، کە چیرۆکگێرەوەکان لە سەری بڕۆن بۆ بنیاتنانی رووداوی چیرۆکەکانیان، بۆیە چیرۆکنووس لە پێشکەشکردنی رووداوەکانی سەربەستە، بەڵام بەمەرجێ بەهای هونەریی ناوەرۆکەکەی لەدەستنەدات))[3].

فۆرمالیستە رووسەکان یەکەم کەس بوون کە بایەخیان بەو بنیاتانە داوە پرۆب لەرێگەی لێکۆڵینەوە لە حیکایەتە میللیەکانەوە هەوڵی دۆزینەوەی داو ئیدی شکلوفیسکی هات تاکو پەرە بەو شتانە بدا کە، دەستی پێکردبوو لە چوارچێوەی ئەدەبی چیرۆك و ناوی بنیاتەکانیشی دەستنیشان کرد کە ئەمانەن : لەدوای یەك، تێهەڵکێش، چوونەپاڵ یەك، هاوسەنگ، بازنەیی، تێکەڵ. ئیدی (تودۆرۆف) سێ جۆرە بنیاتی دەستنیشانکرد، کە ئەمانەن : لەدوای یەك، تێهەڵکێش نۆرەیی، پاش ئەوەی بینیان، کە دەتوانرێ هەندێك لەم بنیاتانە تێکەڵ بەیەکتر بکرێن[4]

[1] – الفن القصصي في ضوء النقد الأدبي الحديث، د.عبداللطيف الحديدي: ص ١٣٢.

[2] – فن القصة، د.محمد نجم ، دار الثقافة للطباعة والنشر، بيروت ،١٩٥٥، ص٣٩ – ٥٠.

[3] – دراسات في نقد الرواية، د.طه وادي، الهيئـة المصـرية العامـة للكتـاب،ط١ ، القـاهرة ،١٩٨٩، ص٣٢ .

[4] – البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د.شجاع مسلم العاني: ص ١١.

ئەوەی بەرچاودەکەوێت ئەوەیە، کە هیچ بنیاتێك لەمانە بەتەنیا نابینرێ لەناو چیرۆکدا، بەڵکو بەزۆری لە بنیاتێك زیاتر لە چیرۆکدا بەدی دەکرێ[1]. واباشە رۆڵ و گرنگیی رووداو لەبنیاتی چیرۆك بخرێتەروو کە دەکرێت بەدوو جۆرەوە:

((١- رووداوی سەرەکی :

ناکرێ لابدرێ، چونکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی خەوش لە بنیاتی چیرۆکەکە و، دروستبوونی بۆشایی و کەلێنی گەورە کە پڕناکرێنەوە.

٢- رووداوی لاوەکی:

ئەو بایەخەی نییە کە رووداوە سەرەکییەکان هەیانە، دەکرێ لابردرێ بێ ئەوەی خەوش و بۆشایی دروست ببێ))[2]

بەم پێیە دەتوانین چوار جۆر بنیاتی رووداو دەستنیشان بکەین :

١- بنیاتی زنجیرەیی
٢- بنیاتی تێهەڵکێش
٣- بنیاتی ئۆرە
٤- بنیاتی بازنەیی

**یەکەم : بنیاتی زنجیرەیی**

باوترین و کۆنترین جۆری بنیاتەکانە لە بنیاتنانی رووداودا : ((ماوەیەکی زۆر دەستی بەسەر هەموو جۆرەکانی چیرۆکدا گرتبوو، چ لە چیرۆکی سەرزاری و حیکایەتی خوراف و داستان و ژیننامەی میللی، تا گەیشتە رۆمان و چیرۆکی نوێ))[3]. لە بنیاتەکانی دیکە سادەترەو زیاتر بەکارهاتووە، وایلێهاتووە کەم چیرۆك هەیە ئەم بنیاتەی تێدا نەبێت، لەمەدا

---

١ – س .پ ،ل١٢.

٢ – الفن القصصي في ضوء النقد الأدبي الحديث، د.عبداللطيف الحديدي : ص١٣٦.

٣ –السرد عند الجاحظ، فادية مروان احمد الونسة، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب جامعة الموصل، ٢٠٠٤، ص١٢٩ – ١٣٠

گێـڕەرەوە ((ڕووداوەکـان بـەزەنجیرەی سروشـتیی خۆیـان دەگێڕێتـەوە، هەروەك چۆن لە واقیعدا ڕوویانداوە، بەکاری ڕابردوو دەسـتپێدەکات، ئیـدی بەهێڵێکی ئاسۆیی بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێت بەبێ ئەوەی بگەڕێتـەوە بـۆ ڕابردوو، ڕووداویش لەگەڵ بەدوای یەکدا هاتنی چـیرۆکەکە گەشـە دەکـات تـا کۆتـایی))[1] .دیـارە ڕێکخسـتنی ئـەم ڕووداوە یـەك لـەدوای یەکانـە بـەپێی ڕێکخستنی کات گرنگی بەڕووداوەکان دەدات، بوونی ئەم بنیاتە ((لە چیرۆك جیـا نابێتـەوەو ناشـکرێ پشـتگوێ بخـرێ، چـونکە بـەپێی ئەمـە مەرجـە هونەرییـەکانی گێڕانـەوە نایەتـەدی، چـونکە سـیمای جەوهـەریی ئەدەبـە، بەنەمانی چیرۆك لەناو دەچێت و دەبێتە تابلۆیەکی وەسفی، هیچ پێوەندییەك لـە نێوانیانـدا نـامێنێ جگـە لـە هاوسـێیەتیی شـوێن))[2]. ئـەم کـارەش ڕەنگدانەوەی سروشت و واقیعەکەیەتی هەموو ڕووداوەکان تێیدا یەك لـەدوای یەك دێن، هەروەك هاتنی شەوو ڕۆژ بـەدوای یـەك، وەنـەبێ ئـەم بنیاتـە، کـە ناوی تەقلیدیی لێنراوە نووسەرانی نوێ دەستبەرداری بن و لای لێنەکەنـەوە، بـەڵکو لـە زۆربـەی هـەرەزۆری بنیاتـە نوێیەکانـدا بـەکار دەهێنرێتـەوە. ئـەم بنیاتە لە چیرۆکی (نێچیر)دا دەبینرێ ((لە دەوروبەری ساڵی هەزارو نۆسـەدو شەش بوو، لەلایەن میرییەوە فەرمانی زابت تەجنیدم پێراسپێررا لە شاری ـ پ ـ لـەو دەمـەش خـەڵکی بـە تایبـەتی لادێیـەکان زۆر دەترسـان لـە سەربازێتی..! ئامادەبوون چەنی سامانیان هەیە بیدەن ! کـام فرمـان گرانـە بیکەن بە مەرجێ نەچنە ڕیزی سوپاوە ! جا نازانم ئەم کارەیان لە ترسا بـوو کە لەلایان وابوو ئەوەی بڕوا بۆ سەربازێتی ئیتر ناگەڕێتـەوە – یـاخود لەبـەر هۆیـەکی تـر بـوو ؟ هـەرکامیان بووبـێ یـەکجار سـتەم بـوو لایـان ! بـەپێی ئیشـەکەم دەبوایـە جارجـار بـە دێکانـا بگەڕامایـە عـەلی فـەڕاش و پۆلیسـێك لەگەڵما دەهاتن، بۆ ئەمەش ئەسـپێکی شـێم کڕیبـوو کـە جاروبـاریش لەگـەڵ

---

[1] – بناء الرواية العربية في الكويت، د.جبر صبر، ص٦٣ .

[2] – نظرية البنائية في النقد الأدبي، صلاح فضل، دار الشـؤون الثقافيـة العامـة، بغـداد، ١٩٨٧، ص٣٢٢.

عەلی فەڕاشا یاخود لەگەڵ فەرمانبەرەکانی تری شاری (پ) دەردەچووین بۆ راوو شکار، لەو هەردەو شاخانەدا، کاتێکی خۆشمان بەسەردەبرد... کات بەهار بوو هەر لە ئێوارەوە بە عەلی فەڕاشم ووت : سبەی هەینییە خۆت ئامادەکە بەر لە شەبەق بۆی دەردەچین بۆ راو. شەبەقی نەدابوو عەلی هات بەدواما .. هەندێ خواردەمەنیمان ناوە ناو خورجێکی سوارانەو ئەسپەکەی بۆ زین کردم و تفەنگێکی راوم هەبوو هەڵم گردو هەر دوو بە سواری کەوتینە رێ .. بەرە بەرەش دنیا رووناکتر بووەوە سوپای تاریکی خۆی دەکشانەوە، ئەوەنەی پێنەچوو رۆژ تیشکی گەشی زێرینی لە ئاسۆی سرِ خۆی نیشاندا، ملە بەرزەکان و لووتکەی شاخە کشوماتەکانی بە رەنگی مسینی رەنگ کرد کە ئەوەندەی تر قەشەنگ و بە دیمەنتر دەردەکەوتن. تا گەییمانە کانیاوێ دابەزیمان، ئەسپەکانمان ئاودا عەلی خورجەکەی داگرت، ئەسپەکانمان هەر یەکە بەستە دارێکەوە دوای تۆزێ پشوودان بە عەلیم وت : تۆ ئالێرە برۆ منیش روو دەکەمە ئەو ملەیە بزانین کاممان دەستکەوتمان دەبێ، لە یەك جیا بووینەوە زۆر نەڕۆیشتم گەیشتمە ملەکە خەریکی سەرکەوتن بووم دەنگێك هاتە گوێم ! هەناسە برِکێم پێ کەوتبوو، چونکی بۆ سەر ملەکە توولە رێگایەکی بارێك زیاتر هیچ رێگایەکی کەی نەبوو، هەناسەم لە خۆم چنی تاکو بە باشی بۆم دەرکەوێ کە ئەم دەنگە چییە ؟! ئا .. باشتر گوێی خۆم شل کرد .. دەنگی گریانە ! بۆ ئەوەی باشتر گوێم لێ بێ یەك هەنگاوم نا دەنگی ئافرەتە .. دەگری .. بەڵام چۆن دەنگێك دەڵێی زەنگە .. بە کوڵ .. بە سۆز .. ناسك .. شاخەکانیش بۆی دەسەننەوە ئەوەندەی تر کاریگەرو سامناکتر دەبوو .. بە راستی زۆر کاری تێکردم راستیشە دەڵێن : فرمێسك و گریانی ژنان کارێکی گەورە دەکەنە سەر پیاوان))[1]. پاش تێڕامان لەم چیرۆکەدا دەبینرێ لەسەر بنیاتی (بەدوای یەکداهاتن) بنیاتنراوە، رووداوە

[1] – کۆچیرۆك، ل١٠.

سەرەکییەکە پەیوەستە بە گێڕەرەوەو کارەکتەری چیرۆکەکەو بە زنجیرەیی رووداوە بەدوای یەکداهاتووەکان ..

ئەگەر دەسپێك لە چیرۆکدا هەندێجار وەك کلیلێك بێت بۆ تێگەیشتنی، ئەوە دەسپێکی ئەم چیرۆکە یەکیەتیی کات و شوێن بەدیاردەخات و دیاریدەکات و هەلۆێستەکەش بە کات و شوێن چوارچێوە دراوە، پێوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ چیرۆکەکە هەیە، هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە، ئەم پارچە دەستپێکە مت و بێ جوولە نییە، بەڵکو بە جوولەیەکی زەمەنی دەستی پێکردووە، ئەویش دەستبەکار بوونی گێڕەرەوەیە نەك دەست هەلگرتن. دوایی دەستنیشانکردنی مێژووەکە و دەستبەکاربوونەکەی نووسیووەو خۆی پێ ناساندووین رووداوەکە لە رابردوویەکی دوور روویداوە، کاتی رووداني چیرۆکەکە زۆر پێشی گێڕانەوەکەیە. گێڕەرەوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی چیرۆکەکە لەگەڵ رووداوەکاندا ژیاوەو ئاگاداری وردو درشتی مەسەلەکەیەو بەزنجیرەیی و بەبێ پچڕان رووداوەکان دەگێڕێتەوە، لەرێی گەڕاندنەوەوە .کاتەکان بە شێوەیەکی سروشتی دەڕۆن بەرێوە:

ئێوارە، شەو، بەر لە شەبەق، وەسفێکی وردی شەو و سروشتە جوانەکەی، دنیا رووناك بوونەوە.

گێڕەرەوە تا دەگاتە دیتنی (پەروین) کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە و گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانیەو گێڕانەوەکەش بابەتییە، بەڵام پەروین لە رێی گێڕانەوەی خودی باسی خۆی بۆ گێڕەرەوە دەکات و گرێی چیرۆکەکە دەست پێدەکات ئیدی گێڕەرەوە بە گۆشەنیگای ئەو شتەکان دەبینێ.

لەسەرەتای ئەم چیرۆکەدا بە تەنیا گێڕەرەوەو عەلی فەڕاش دەناسرێن، دواتر کارەکتەرەکانی دیکە زڕدایك و باوکی پەروین و کوێخا رەشیدو هەمزە دەناسرێن. چیرۆکەکە لێڵی و نادیاریی تێدا نییە، چارەنووسی کارەکتەرەکان روون و ئاشکرایە، ناو بەناو پەنا بۆ دایەلۆگ براوە ، بەڵام کورتن .

هەر وەك ئەو ڕێسا كلاسیكییەی (ئەرستۆ) لە گێڕانەوەدا دەستنیشانیكردووە، ئەو هەموو سەرەداوانەی گێڕەرەوە لەسەرەتاوە بۆ گەشەكردنی ڕووداوەكان و بەرەنگاربوونەوە جۆراوجۆرەكان داینـاوە، پێش كۆتایی هاتنی چیرۆكەكە؛ سەرەداوەكانی چیرۆكەكە یەك دەگرنەوە، بەڵام پێشەكیی ئەم چیرۆكە تا دەگاتە گرێ، زۆر درێژو بێزاركەرە.

دووەم : بنیاتی تێهەڵكێش

تێهەڵكێش جۆرێكی تازەی داڕشتنی بنیاتی گێڕانەوەی ڕووداوە، بەمەبەستی زیاتر سەرنجڕاكێشانی خوێنەر بۆ لای بابەت و ڕووداوی چیرۆكەكە ئەنجام دەدرێت، بەجۆرە دەقئاوێزانێك دادەنرێت تێیدا چیرۆكنووس جۆرە ڕەگەزێكی ئەدەبیی دیكە دەئاخنێتە جیهانی بینای هونەریی دەقەكەی، تا بەهۆیەوە زیاتر خوێنەری دەقەكە پێوەندی ببەستێت بەسروشتی جیهانی دەقەكەوە .

لەم ڕۆژگارەدا هەندێ لە دەقنووسەكان، بۆ نواندنی ڕۆڵی خۆیان لە تازەكردنەوەو نوێكردنەوەی ڕەگەزەكانی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ، پەنای بۆ دەبەن.

ئەم جۆرەی بنیاتی ڕووداو، بریتییە لە ((هەڵكوتانەسەری چیرۆكێك یان زیاترە بۆ سەر چیرۆكێكی دیكە))[1] بەجۆرێكی دیكە تێكەڵكردنی زیاتر لە ڕووداوێك واتە: ((تێهەڵكێشكردنی ڕووداوی جۆراو جۆرە لەهەمان چیرۆك، بەبێ لەبەر چاوگرتنی كات))[2]، ئەمەش لە ڕێگەی گێڕانەوەو مۆنتاژكردنیاندا دێنەدی و، بەمەش بەدوای یەكدا هاتنی ڕووداوەكان تێكدەچێت، لەبەر ئەوەی ڕووداوەكان لەكاتی گێڕانەوەدا تێهەڵكێشی یەكتر دەكرێن و مەرج

[1] – البنية القصصية ومدلولها الاجتماعي في حديث عيسى بن هشام محمد رشيد ثابت، الدار العربية للكتاب، ليبيا، تونس، ١٩٧٥– ٥١ نقلاً عن كتاب الموضوع والسرد، د.سلمان كاصد، دارالكندى، الاردن،٢٠٠٢، ص٣٣٨.

[2] – البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق، عبدالله إبراهيم، ص٢٨ .

نییـه ئـەو رووداوانـە تـەنیا هـی چیرۆكنووسـەكەبێت. ئیـدی گرنگـی بـەجۆرو چـۆنیەتی رووداوەكـان دەدریٚ نـەك چـۆنیەتی بـەدوای یـەكتری هاتنیانـدا، ئەمەش وای كردووە، دوو یاسـای (یەكسـان Goordination و ژێردەسـتەیی subordination وەستاوبن)[1] واتا هیچ كامێكیان لەچیرۆكەكان تاسـەر نـە بـە یەكسـانی دەگێڕرێنـەوە نـە تاسـەر دەسـتەمۆ و ژێردەسـت دەبـیٚ، چـونكە بنیاتی تێهەڵكێش هەوڵی خستنی یەكێك لـەو پێوەندییانـە دەدات، لـەپێناوی ئەفراندنی بنیاتی((نێرگسی))[2]، هـەر یـەكێك لـە چـیرۆكەكان لەهـەوڵی ئـەوە دەبێت خۆی بگێڕرێتەوە،دیارە ئەمە بەڕای (ئۆستن وارین) و (رینیە ویلیـك): بۆ((پڕكردنــەوەی بۆشــایی وگــەڕان بــەدوای هەمەڕەنگییــە))[3]، یــان وەك مــۆریس ئــەبو نــازر وتویــەتی بــۆ ((بــەدیار خســتنی بــڕینی كــاتی ناوچیرۆكەكەیە))[4].

بەڵام ئەگەر جاران حەكایەتی بەرئاگردان كاریگەر بوو بە هەبوونەبوو، كـە بریتـی بـوون لەهەقایـەتی ناوجەرگـەی كـوردەواری، ئـەوا لـەم دواییـەدا بەتەواوی وازی هێناوەو بوو بە خاوەنی قەوارەو بوون و تەكنیكی خۆی، بۆیە پـەنا بردنـە بـەر ئـەم جـۆرە بنیاتـە نـە بـۆ پڕكردنـەوەی بۆشـاییەو نـە بـۆ دواخســتنی كۆتــایی چــیرۆكەكەیە، بــەڵكو ســەلیقەیەكی وردو كارامــەیی چیرۆكنووسـە كەیـە، كـە ((لێهـاتوویی و وردبوونـەوەی زۆری دەویٚ، لەگـەڵ بەكارهێنانی دوو رووداو كە یەكێكیان لەناواخنی ئەوەی تریانـدا دەبێـت))[5]. ئـەم تەكنیكـە یـان بـەهۆی پێویسـتی هونـەری چـیرۆكەكەوەیە یـان لـەرێی

---

[1] – مقولات السـرد الأدبـي، تزفيتـان تـودورف ، ت:الحسـين سـحبان وفـؤاد الصـفا، مـج/افـاق المغرب،ع/ ٨، ص٤٣ .

[2] – قضيا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت:صياح الجهيم ، منشـورات دار الثقافـة والارشـاد، دمشق،١٩٧٧، ص٢٦٣.

[3] – نظرية الادب، اوستن وارين ورينية ويليك،ص٢٨٩.

[4] – الالسنية والنقد الأدبي، د. موريس ابو ناضر، ص٩٠.

[5] – كورتە چیرۆكی كوردی لەباشـوری كوردسـتاندا، ئـازاد محەمـەد سـەعید، نامـەی ماسـتەر، زانكۆی كۆیە، كۆلێجی زمان، ٢٠٠٨، ل٦٠.

کاریگەربوونەوە بەبەرهەمی نووسەرێکی دیکەوە پەیدا بووە، یان هەر لە داهێنانی چیرۆکنووسە.

ئەم هونەرە :((بەو ئاوێنەیە دەچێت کە لە تابلۆی هەندێ هونەرمەنددا دەیبینین، کە ئەرکی هەڵگێڕانەوەی دیمەنی ناوتابلۆکەیە، چیرۆکە تێهەڵکێشراوەکەش کورتەی چیرۆکە سەرەکیەکەیە، یان پێشبینیکەری کۆتاییەکەیەتی، جگە لە گرتنە ئەستۆو دڵنیابوون لە بیرۆکەکەو سەلماندنیەتی))[1]، بەڵام مەرج نییە چیرۆکە تێهەڵکێشراوەکە کورتەی یا تەواوکەری چیرۆکە سەرەکییەکە بێت.

گێڕانەوە لەم جۆرە بنیاتەدا، بەجیاجیایە و گێڕانەوەکە ئاسۆیی ناڕوات، ئەمەش بەهۆی زۆری وەستان و گەڕانەوە و بازدان، کە ئەمانە هەموویان لە قووڵایی دەقدا دەتوێنەوە بەمەش ڕۆڵ و ئەرك و بەشداربوون لەکاری ئەدەبی بەوەرگر دەبەخشێ، تاکو بتوانێ لە قووڵاییان خۆی بنوێنێت و چنین وگرێی گێڕانەوەکە بدۆزێتەوە .

سەرهەڵدانی ئەم جۆرە بنیاتەش بەبیروڕای زاهیر ڕۆژبەیانی: ((لەپاش بڵاوبونەوەی ڕۆمانی (ساختەکارانی پارە– ١٩٢٥)ی ئەندریە جیدو تێهەڵکێشکردنی چیرۆك لەگەڵ چیرۆك بووە شتێکی باو و کەم چیرۆکنووس هەیە لەجیهاندا خۆی لەگەڵدا تاقی نەکردبێتەوە، بە دەگمەنیش چیرۆکنووسێکی کورد دەبینمەوە خۆی لەم ئەزموونە نەدابێت، ئەحمەدیش یەکێکە لەوانەی سوودیان لەم شێوازە دیوە))[2].

سەرچاوەی تێهەڵکێش لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، دەکرێ لە مانەی خوارەوە بەر جەستەبکرێن :

١–تێهەڵکێشی چیرۆك لەگەڵ چیرۆك .

٢– تێهەڵکێشی چیرۆك لەگەڵ شانۆ.

---

١ – البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق، عبدالله إبراهيم، ص ١٥.

٢ – چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر ڕۆژبەیانی، چ/٢، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٥٣ .

٣– تێهەڵكێشی چیرۆك لەگەڵ شیعر و گۆرانی .
٤– تێهەڵكێشی چیرۆك لەگەڵ نامەو بەڵگەنامە .
٥– تێهەڵكێشی چیرۆك لەگەڵ خەون.
٦– تێهەڵكێشی چیرۆك لەگەڵ مێژوو.

**١– تێهەڵكێشی چیرۆك لەگەڵ چیرۆك**

هەموو چیرۆكێك رووداوێكی سەرەكی دەگێڕێتەوە، بەڵام لە شێوازی نوێی بنیاتی رووداوی چیرۆكی هونەری هەندێ جار جۆرە تێهەڵكێشكردنێك بەرچاو دەكەوێ، بریتییە لە گێڕانەوەی رووداوی دوو چیرۆك، واتە لە نێو دەقی چیرۆكەكە دوو چیرۆك بەرچاو دەكەوێت و، ئەمجۆرە كارە زەحمەتترە لە تێهەڵكێشانی چیرۆك لەگەڵ شیعر یا شانۆ .

ئەم تێهەڵكێشە بریتییە لەوەی چیرۆكنووس لە ڕەوتی گێڕانەوەی بابەت و رووداوی دەقی چیرۆكەكەی پەنا بۆ دامەزراندنی بەسەرهاتی چیرۆكێكی دیكە دەبات مەبەستی رازاندنەوەی دەقەكەی و، زیاتر راكێشانی خوێنەری دەقەكەیە بۆ جیهانی گێڕانەوەی رووداوی سەرەكیی چیرۆكە بنەرەتییەكە.

خوێنەری چیرۆكەكانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، هەندێ جار چاوی بە تێهەڵكێشكردنی دوو چیرۆك دەكەوێت. بۆ نموونە : لە چیرۆكی (كارەساتی قارەمانی ناو چیرۆكێ) كارەكتەر مامۆستایەكە لە شوێنی خۆی دوور خراوەتەوە بە تەنیا دەژی و خەوی زڕاوەو خۆی پێ یەكلایی ناكرێتەوە بەرامبەر رووداوو بەسەرهاتە جەرگبڕەكانی ئەو ساڵە. وەنەبێ هەوڵی خۆی نەدابێ، بەڵام ڕێگەكان گشتییان گیراون و ناتوانێ پەیامەكەی بەپێی ئارەزووی خۆی بگەیەنێ. كاتی ئێستای چیرۆكەكە لەگەڵ دەنگی ئەو((" ترم ...ترم ... رم ... ترم "))[١] ە، كە لە ژوورێكی تەنیشتییەوە دێت هاوكاتە، بە هۆی ئەو دەنگەوە، زوو زوو رابردووی دێتەوە خەیاڵ .

١ – كۆچیرۆك،ل٧٤.

هـەر ئـەو كارەكتـەری چـیرۆكە سـەرەكییە، چـیرۆكێك دەخوێنێتـەوە، چیرۆكەكە: هونەرمەندێكە چەند وانەو نۆتەیەكی دانـاوە دەیـەوێ بیگەیەنێتـە شوێنی مەبەستكراو. هەوڵێكی زۆر دەدات بـۆ ئـەوەی خـۆی بگەیەنێتـە ئـەو مندالآنەی كە نۆتەكانی بۆ نووسیون، بەڵام رێگەی لێدەگیرێت، ئەویش داوای ئـەوە دەكـات، مـادامێكی رێگـەی خـۆی نـادەن بـڕوات، ئـەوا دەیـەوێ وانـەو نۆتەكان یەكێك بیانبا، تاكو ئەو مندالآنە لەو وانەو نۆتانە بێبەش نەبن، بەڵام رێگـرو جـەردەكان ئیشـی سـەرەكییان ئەوەیـە، ئـەو شـوێنەی (كارەكتـەرە سـەرەكییەكە) دەیـەوێ پەیامەكـەی خۆیـان بـۆ بنێـرێ تەنانـەت ناویشـی بسڕێتەوە، جا چۆن ماوەی ئەوەی پێدەدەن وانەو نۆتەیان بـۆ بچـێ؟! هـەر بۆیـە دەكەوێتـە ژێـر پـلارو تـوانج تێگرتنـی لـەلای خەڵكـەوە، تەنانـەت مامۆسـتایەكەش، كـە چـیرۆكەكە دەخوێنێتـەوە رقـی لێیدەبێتـەوە، كەچـی كارەكتەری ناو چیرۆكەكە زۆر ئـارام و لەسـەر خۆیـە، دەزانـێ گـەر رێگەشـی بدەن و بچێ رەنگە لە رێگە شتێكی بەسەر بێنن و وانەو نۆتـەكان پـاش ئـەو هـەموو شـەونخوونییە بفـەوتێن، واتـە ئـەم كارەكتـەرە هـەوڵی خـۆی داوەو دەستەوئەژنۆ دانەنیشتووەو كارەكتەرێكی بگۆڕە بەرامبەر بە ئاستەنگەكان، بەڵام بەربەستەكان زۆرن و رێگەیان لێگرتووە.

((لەكتێبەكەی دەستی بووەوە، لەسەرگازەرای پشـت لەسـەرنوێنە سـاردو چۆلەكەی راكشا، بنمیچەكە بووە شاشەیەكی سەرەوژێر، رووداوە ئالۆزەكانی نـاو كتێبەكـەی تەنیشـتی لەسـەردووبارە دەكرایـەوە. چـیرۆكەكە لەسـەر تەكنیكێكی نوێ و ئالۆز داڕێژرابوو، هونەرمەندیی و توانای چـیرۆك نووسـەكە لەوەدابوو فراوانی دابووە بابەتێكی سادە:

لاوێـك دوای سـەدان شـەونخوونی ومانـدووبوون جـۆرە وانـەو نۆتەیـەكی دانابوو بۆ مندالآنی دێیەكی نزیك، بەڵام رێگەی نادرێ)).[1]

تیهەڵكێش هونەرێكی ئاسان نییـەو لـە چـیرۆكی كوردیشـدا زۆر نییـە، دەسـت بردنـی چـیرۆكنووس بـۆ ئـەم بابەتـە نیشـانەی دەسـت رەنگینـی وبەئاگایی ودانەبڕانی چیرۆكنووسەكەیە لەئەدەبی جیهانی.

---

[1] – كۆچیرۆك، كارەساتی قارەمانی ناو چیرۆكێ،ل٧٤.

## ٢- تێهەڵکێشی چیرۆك لەگەڵ شانۆ :

ئەمجۆرە تێهەڵکێشە بریتییە لە وەرگرتنی دیمەنێکی شانۆیی یا بەکارهێنانی گفتوگۆیەکی شانۆیی لەنێو جیهانی گێڕانەوەی رووداوی دەقی چیرۆکەکە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هونەری چیرۆك زیاتر پشت بەگێڕانەوە دەبەستێت، بەڵام هونەری شانۆ زیاتر پشت بە دانوساندن و گفتوگۆ دەبەستێت، بە حوکمی ئەوەی شانۆ زیاتر بۆ نواندن لەسەر تەختی شانۆ دەنووسرێت و چیرۆکیش زیاتر بۆ خوێندنەوە دەنووسرێت .

چیرۆکی (بەسەرهاتی وەیسە)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل شێوازی تێهەڵکێشانی چیرۆك و شانۆی تێدایە. چیرۆکە سەرەکییەکە باسی دوو کارەکتەر دەکات، کە لە بنەچەوە لەیەك گوند پێکەوە ژیاون، لە تاڵی و شیرینیی ژیانی گوندەکەیان بەشدارن. (ئاری) یەکێك لە کارەکتەرەکانە، هەردەم باسی خۆی و رابردووەکەی خۆی دەگێڕایەوە، کە چەند حەزی لە شانۆ بووە هاوڕێکانیشی گاڵتەیان پێدەکرد، چونکە شانۆ لە گوند نییە، بەڵام (ئاری) دەستەوەستان دانەدەنیشت و بەرگری دەکردو گوندی بە کەرەسەیەکی لەبن نەهاتووی رووداوەکانی سەر شانۆ دادەنا ((بەسەرهات و دیمەنە تراژیدییەکانی بۆ دەگێڕانەوەو کۆچکردنی ئەم دواییەشی بۆ شار بە کۆچە ئەفسووناوییەکە ناو دەبرد))[1]. بە هۆی ئەو هەموو ناڕەواییەی لەگەڵ گوندەکانی کوردستان کراو خاپوورو وێرانکران، خەڵکەکەش هەریەکەیان پەرتەوازەی شوێنێك کران، بە رێکەوت ئاری روو لە شانۆ گەرییەك دەکات و لە ناکاو یەکێك لە پشتەوە بە ناوی خۆیەوە بانگی دەکات، کە ئاوڕی لێدەداتەوە دەبینێ (وەیسە)ی هاوڕێیەتی ئەویش وەك بینەرێك لە هۆڵی شانۆگەرییەکەیە. شانۆگەریەکە دەستپێدەکات، بەشداربووەکانی ئەم شانۆگەرییە لەمانە پێکهاتوون : ئەکتەرێکی ریش سپیی دەم قووپاو، ئافرەتێکی سەماکەر، چەند ئەکتەرێکی دیکە، کۆرسێك، وەیسەش یەکێکە

---

[1]- کۆ چیرۆك، ل١٢٤ .

لـەو كارەكتەرانـەی كـە راكێشـراوەتە سـەر شـانۆ، دیكـۆری شـانۆیەكەش دیكۆرێكی سـادەیە كـە ((پارچـە قوماشـێكی سـپی هەڵواسـرا بـوو، هێڵێكـی رەشی لەسەر كێشرا بوو، هیڵەكە تونێلێكی دەستنیشان دەكرد كە كەوتبووە لای چـەپی شـانۆكەوە، لـە ژێـر هێڵەكـەوە بـە خـەتێكی جـوان نووسـرابوو "رێگای بەهەشت" كۆرسەكەش بەدەم مۆسیقاوە ئەم سەربەندەیان دووبارە دەكردەوە " ئەو بەهەشتەی هەر لە كۆنەوە پێغەمبەران هەوڵیان بۆ داوە ئـا لێرەوە بۆی دەچیّ — دەستی بۆ تونێلەكە درێژ دەكرد — خێرو بێری هەموو دنیـا لەوێدایـە ..ئێمـەش ئـا لێـرەدا فێرتدەكـەین، ژیـان لـەویّ چـۆن بەسـەر ببـەی")) [1]. دەرهێنـەری شـانۆگەرییەكە بـۆ ئـەوەی هەمووشـتزانییی خـۆی بنوێنـێ لـە سـەركاری شـانۆنامەكەدا نووسـیبووی " لـە دەرهێنـانی ئـەم شانۆگەرییەدا كەڵكم لە برێخت وەرگرتووە " دیـارە لـەمجۆرە شـانۆگەرییەدا بینەرانیش بەشداری شانۆگەرییەكە دەكەن. هێندەی پێنەچوو، ئـاری بینـی وەیسـە لەسـەر شـانۆیە، سـەری سـورما وەیسـەو شـانۆگەری !!، كـاری شانۆكارەكان ئەوە بوو خەڵكەكە دابماڵن لە ناسنامەی نەتەوەیی و كولتـوورو مێشـكیان بشـۆنەوە بـەوەی، كـە ئـەم شـوێنە نوێیـەی بـۆی دەچـن؛ ئـەویّ بەهەشتە، سەرەتا جلوبەرگی بەر وەیسەیان فڕێدا دوایـی جەمەدانییەكـەیان لەبەر پێی راخست، ئـەم شـتانە نیشـانەی ئـەوە بـوون، كـە سـووكایەتی بـە پیرۆزییەكانی ئەم گەلە بكە، ئەم شانۆگەرییە وێنەیەك بوو لەو میرنشینیە پڕ ترس و تۆقاندنەی رژێم بـە رووی خەڵكدا دروسـتی كردبـوو .پـاش ماوەیـەك وەیسەیان بەرەو تونێلەكە بردو شوێنبزریانكرد، لە خوارەوەش ئاری هەستی بـە چـروكیی دیوارەكـان كـرد، ئـەم دیوارانـە ئـەوە نـین كـە خـەڵك وا لێیـان تۆقیوە، بـەڵكو هـەر كـارتۆنن و دیـوار نـین، ئـاری زوو خەڵكەكـەی لـەم فـڕو فێڵانە ئاگادار كردەوە، وردە وردە خەڵكی ناو هۆڵەكە لـە لێدانی دیوارەكـان بەردەوامبوون، ئەكتەرەكانیش وایان دەزانی چەپڵە بۆ ئەوان لێدەدریّ، بەڵام

---

[1]– س.پ، ل١٢٥– ١٢٦ .

کاتێکیـان زانـی دیوارەکـان بەسـەر خۆیانـدا دەکـەون، ئەگـەر زووتـر ئـاری بیزانیایە، ئەو دیوارانە قایم نـین و بناغـەیان لەسـەر پووشـوو پـەڵاش و درۆو دەلەسە دامەزراوە زووتـر دەیانڕووخانـدن، واتـە نـابێ هـیچ کاتێـك بەرامبـەر بەداگیرکـەران وچەوسـێنەرانی گـەل بێـدەنگی بنـوێنرێ وهەرچـەندی زووتـر رابماڵرێن هێشتا درەنگە.

((بەسـەرهاتی وەیسـە، ئاوێتـەکردنێکی روونـی چـیرۆك و شـانۆیە، کـە هـەردوو هونەرەکـە تایبەتمەنـدی خۆیـانی تێـدا دەپـارێزن، بـەڵام ئاوێتەکـە گەیشتۆتە رادەیەك کە لە هەمان کاتیشدا دەتوانین دەقەکە وەکو چیرۆکێکی ئاسایی بخوێنینەوەو چێژی لێ ببینین، یا وەك شانۆنامەیەکی یـەك پـەردەیی مامەڵەی لە تەکدا بکەین و بیخەینە سەر شانۆش))[1]. بەمجۆرە چیرۆکنووس توانیویەتی ئەم تەکنیکە بگەیەنێتە پلەی تواندنەوە لەگـەڵ یـەکترداو زۆر بـە وردی تیایـدا سـەرکەوتوو بـووە. ئەمـەش بەشـێك لـە نمایشـکردنەکەی سـەر شانۆیە، کاتێك وەیسە وەك کۆیلەیەك لە بن دەستی خۆیان و ئەڵقە لـەگوێیی فەرمانەکانی خۆیان هەڵیدەسورێنن .. ((ئەکتەرە ریش سپییە دەم قوپاوەکە لە وەیسە چووە پێشەوەو وتی :

هەرچی دەیڵێم بیڵێرەوە .

کۆرسەکە بە دەم مۆسیقاوە وتی :

هەرچی دەڵێ بیڵێرەوە .

ئەمڕۆ رۆژی دوو شەممەیە، چواری مانگی جۆزەردانە ئاری کە گوێی لەمە بوو پەشۆکا چۆن لە ناوی خۆی دڵنیایە، ئاواش دەزانێ ئەمڕۆ چـواری مـانگ نییە ..." من چواری مانگ لەگەڵ دڵدارەکەمدا ژوانمـان هەیـە، هێشـتا چـەند رۆژێکی ماوە بۆ ئەو کاتە " .. خەریك بـوو لـە خـۆی بکەوێتـە گومانـەوە ... "نە ئەمڕۆ چواری مانگ نییە " ویستی لە جێگاکـەی خۆیـەوە هـاوار بکـات، بەڵام وەیسە دوای کەمێ فلتە فلت وتی : ئـەمڕۆ رۆژی دووشـەممەیە چـواری

[1]—چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٥٥ .

مـانگی جۆزەردانـە. سـبەی پێنجـە، سـبەی پێنجـە جـارێکی کـە کۆرسـەکە کەوتەوە پیاهەڵدانی بەهەشتەکە .. ئەمجا ئەکتـەرە دەم قوپاوەکـە دەسـتی پێکردەوە :

**ئەو گۆرانییانەی بە منالّی فێریان بووم نایانڵێمەوە .**

**گۆرانی و هەقایەت لە بەهەشت فێردەبم وەیسە.**

وەیسەش لە دوای ئەوەوە دەڵێ :

**گۆرانی و هەقایەت لە بەهەشتدا فێردەبم**

**من خەڵکی هیچ جێگایەك نیم، خەڵکی ئەم بەهەشتەم .**

وەیسەش بۆی دەسەنێتەوە :

**من خەڵکی هیچ جێگایەك نیم، خەڵکی ئەم بەهەشتەم))**[1] .

گێـڕەرەوەی هەمووشـتزان ئـەم چـیرۆکەی گێڕاوەتـەوە، بەیارمـەتیی لێکدانەوەو خۆ تێکەڵکردن، حوکمی قەرەقوشئاسای رژێـم لەسـەر شـانۆیەکە رەنگیداوەتەوە، گەر بڵێ ماست رەشە میللەتیش دەبـێ بڵـێ وایـە. دەرگـای گفتوگـۆ بەروویانـدا داخـراوە و هـەموویانی خسـتۆتە ژێـر ئـەمری واقیعـی سەپێنراوی خۆی وبێجگە لەمانەش سوورە لەسەر پاکتـاوی نـەژادیی کـورد و گۆڕینی ناسنامەوکلتوورەکەی.

## ٣- تێهەڵکێشی چیرۆك لەگەڵ شیعر و گۆرانیی فۆلکلۆری

ئەم تەکنیکە، هەروەك تێهەڵکێشکردنی چیرۆك لەگەڵ چیرۆکە ،بـەلآم لەمەدا چـیرۆکنووس ناونیشـانی شیعرێکی(کۆچـی شـازادە)[2]ی وەرگرتـووە، شیعری (ئەنوەر قادر محەمەد)ی شاعیرە، چیرۆکنووس نـاوی چیرۆکەکەشـی هەر لەو ناوونیشانەوە وەرگرتووە، بەلآم ناوەرۆکی شیعرەکەی وەرنەگرتووە، بەڵکو لە لاپەڕەی جیا جیا شیعری وەرگرتـووەو لەگـەڵ چـیرۆکەکەی خۆیـدا تێهەڵکێشی کردووە.

---

[1]- کۆچیرۆك، ل١٢٦-١٢٧ .

[2]- زریان، زایەڵە، زنار، ئەنوەر قادر محەمەد، چ/ سلێمانی، ٢٠٠٤،ل٦٤ .

ئەم تێهەڵکێشکردنە لە لایەك لە (دەقئاوێزانی ئاشکرا) نزیکە، لەلایەکی دیکەوە ناونیشانی چیرۆکەکە دەق ئاوێزانی گوتەیی(لفظی)یە .

لە ناوەرۆکی چیرۆکی (شازادەکان درۆدەکەن) خۆشەویستیی کچێك و کوڕێك نیشاندراوە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ نەیانتوانیوە ئەم خۆشەویستییە بە ئەنجامی سروشتی خۆی بگەیێنن، لەبەرخۆپەرستی بووبێ، یان لەبەرقوربانیدان بووبێ یان لەترسی دابونەریت، کە لە ناو شیعرەکە باسیکردووە یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە بوو بێ.

چیرۆکنووس ئاگاداری ئەم پێوەندییە بووە لەگەڵ شاعیرێك، شاعیرەکە ئەنجامی سەرنەکەوتنی ئەم خۆشەویستییە دەخاتە ئەستۆی کچەکە، کچەکەش دەڵێ: من یەك بست لەگەڵ ئەو کوڕە نەڕۆیشتووم .. هتد. چیرۆکنووس بیرۆکەکەی وەرگرتووە و چیرۆکی (دایك) دەکرێ بە تەنیا بخوێنرێتەوە بەبێ شیعرەکە، بەڵام لە هەندێ شوێنی لای خوارەوەی چیرۆکەکە پچڕپچڕیی تێدەکەوێ.

کە چیرۆکەکە لەگەڵ شیعرەکە دەخوێنرێتەوە مانایەکی دیکە دەدات و بەلای ئەفسانەدا دەچێت ((یەك دووجار سنگی بەسیروانادا ئەویش شمشاڵەکەی نابووە لالێوەوە.قومرییەکە لەتەنیشتییەوە لەسەربەردێك هەڵنیشت بەچاوی خۆم بینیم "چڵ وپوشیشی بەدەنووکە قرمزییەکەی هەڵگرتبوو"))[1] بە رۆژیش تا زەردەپەڕ لە کەناری سیروان دەمی دەنا بە شمشاڵەکەیەوە و ئاوازی بۆ (پۆلی باڵندەی لانە شێواو وێڵ)[2] و مناڵانی رەنگ زەرد ئەوت: هەرچەندە خەڵکی گوندەکە دەیانزانی "دڵە بچکۆلەکەی ئەوەندەی ئاسمان فراوانە" و بەقەد هێمنییەکەشی زیرەکە. بەڵام سەریان نە ئەنایە سەرو لەم رووەوە پرسیاریان لێنەئەکرد تا ئەهاتیش ئاوازی پڕسۆز و خرۆشی بلێسەی ئەسەند دونیا دیدەیەکی گوند سەری شارەزایی لەراندەوەو ئەمەی بۆ لاوەکان گێڕایەوە :

---

١- س.پ، ل٦٠ .

٢- س.پ، ل٤٣.

" بـه چـاوی خـۆم بینـیم قومرییـەکی سـپی سـپی بـەرز دەفـڕی گەیشـتە ئاستی"))[1].

چـیرۆکنووس لـە چـیرۆکی (دوو بیـنین)دا شـیعرێکی گـۆرانی شـاعیری تێهەڵکێشی چیرۆکەکەی کردووە :

**ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین**
**پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین**
**بگرین بگرین فرمێسك نەسڕین**
**پایز پایز**[2]

ناوەرۆکی شیعرەکە باسی خەزان و هەڵوەرینی گەڵاکان دەکات، لەگەڵ تەمـەنی پیـاوە پیرەکـە یەکدەگرنـەوە پـیری و بێتاقـەتی و ڕەنگـی زەردو خـەزانی تەمـەن و نزیکبوونـەوە لـە مـردن. جگـە لـە شـیعری شـاعیران، چیرۆکنووس، شیعری فۆلکلۆریشی لە هەندێ لـە چـیرۆکەکانیدا بـەکارهێناوە لەگـەڵ ناوهێنـانی ئـای ئـای و ئەڵلاوەیسـی وسەوزەهۆسـەوزە، کـەزیاتر زیندوویەتییان بە چیرۆکەکان بەخشیووە .

**ماڵێ باری کرد کەس نەیگێڕاوە**
**بۆ خۆم دانیشتم دڵخۆشیم داوە**[3]

لە چەند چیرۆکێکی* دیکـە ئـەم تەکنیکـەی بـەکارهێناوە وناوونیشـانی یەکێك لـە چـیرۆکەکانی بـەناوی نیـوەدێری شـیعرێکی ئەسـیریەوە کـردووە، ناوونیشانی شیعرەکە: (چوونەمەڵاس)ە، ئەمەش دێرە شیعرەکەیە:

گورگە بۆزو گورگە شین وگورگەڕەش چوونە مەڵاس
مێگەلی کوردی لەشیو و هەردەیە شوانی نییە[1]

---

١- کۆچیرۆك، ل١٤٤ .

٢- دیوانی گۆران، کۆکردنەوەو پیاچوونەوەی :محەمەدی مەلا کەریم ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ،بەرگی یەکەم، بەغدا -١٩٨٠، ل١٦٤ .

٣- کۆچیرۆك، ل١٢٢ .

*ل٢١، ل١٢٣، ل١٠٨، ل١٨٥، ل٢٧٧، ل ٢٩٣، ل٢٩٥، ل٣٠٠، ل٣١١.

ئەمانە هەمووی بیر تیژی و ئاسۆی بیر فراوانیی چیرۆكنووس نیشاندەدەن، لەگەڵ نیشاندانی وەكیەكی لەنێوان دراوسێكانی كوردوگوورگدا.

## ٤- تێهەڵكێشی چیرۆك لەگەڵ نامەو بەڵگەنامە

نامە (كاغەز)، ژانرێكی گرنگە لە ژانرەكانی ئەدەب، نامە، قسەی نووسراوە لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی دیكە دەنێردرێ، بە مەبەستی هەواڵ پێڕاگەیاندن یان بانگێشكردن یان داواكردنی شتێك وهەروەها بۆ مەبەستی جیا جیا بە كاردێت

ئەگەرچی لەگەڵ گۆڕان و بەرەو پێشچوونی دونیا لەتەكنەلۆژیادا (نامە) ناردن بە كاغەز باوی نەماوە، مۆبایل و ئینتەرنێت جێگەیان بە نامە لەق كردووە و هەر لە ئەدەبی فۆلكلۆرییەوە[٢] نامە جێگەی بایەخ پێدان بووە و لە شیعری فۆلكلۆری كوردیدا بەكارهاتووە، دوای ئەوە لە ئەدەبی كلاسیكی ناوی ناودارترین نامەی شیعری هاتووەكە (دوو چامەكەی نالی و سالم)ە.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە چەند چیرۆكێكدا* ئەم شێوازەی بەكاربردووە، هەر لە یەكەم كۆ چیرۆكییەوە لە چیرۆكی (دوا نامە)دا ئەم شێوازەی بەكارهێناوە.

ئەوەی لە گێڕانەوەدا پێوەندی بە نامەوە هەیە ئەوەیە، رێگایەكی هونەرییە شانبەشانی یادەوەری و مێژوو و بەڵگەنامەو خەون بەشداری لە بەرەوپێشبردن و دروستكردنی گێڕانەوە كردووە .

---

[١]- دیوانی ئەسیری، د.كوردستان موكریانی ،دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٣١

[٢]- نامە ئەنووسم بە خوێنی دڵم          ئەیدەم بە شەماڵ بیبا بۆ گوڵم
نایدەم بە شەماڵ پێچو پەنایە          بۆ خۆم بۆی دەبەم داخم لە دڵایە
لە كتێبی (لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی )ی د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ وەرگیراوە، چ/٢، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٨٨.

رینیـه ویلیـك دەڵێ:((ڕۆمـان، لـەو ژانرانـەی گێڕانـەوە دروسـتبووە کـە خەیاڵی نین، وەك : نامە، ڕووداوی ڕۆژانە، بیرەوەرییەکان، ژیننامە، مێژووی هەواڵ، یان مێژوو بە گشتی، بابشلێین کە بە بەڵگەنامەکان پەرەی سەند))[1] دەکرێ ئەوانەی باسکران هیچیان خەیاڵیان تێدا نـەبێت، چـونکە لـە مێـژووی هــەواڵ نــەبێت، ئــەگینا ئــەوانی دیکــە هــەموویان شــتی راســتەقینەن و، چیرۆکنووسیش وەك کەرەسەیەکی باوەڕپێکراو سوودیان لێوەردەگرێت.

چـیرۆکنووس سـوودی لــە ڕووداوی ڕۆژانــەی خــۆی وەرگرتــووە، لــە مامۆسـتایەتی و لـەوەی کـوردێکی گەرمیانییـەو دەڤەرەکـەی ئـەو، ئـازارو ئەشکەنجەیەکی زۆری بەرکەوتووە، هەروەها وەك دوور خراوەیـەك لـە زێـدی خۆی کاتێك بەر شالاوی راگواستن کەوتووە لەساڵی حەفتاو پێنج.

لـە چـیرۆکی (دوانامـە)دا گێـڕەرەوە، خـۆی مامۆسـتایە لـە دێـی (هـ) ((شەوێك هاوسێیەکەی دەبێتە میوانی ناوی (مام ڕەشـید) بـوو، مـام ڕەشـید وتی: ئەمڕۆ جەوت فرۆشێ هاتووە بۆ دێکە، (نامە)یە قارەمانی بـۆ هـاوردوین لە دێی (قەشقە) دیوێتی زانیویەتی دێ بـۆ گـەرمیانی لای خۆمـان نامەیـەکی داوەتـــێ ناونیشانیشـــی ئەوەیـــە کـــە دارتوویـــەکی گـــەورە لەبـــەردەم ماڵەکەمانەوەیە، هەر ئەو دار تووەش هەیە لە دێکە وا کابرا سبەی ئۆغر ئەکا دەبێ وەڵامی نامەکەی بـۆ بنووسـیتەوە منـیش پارچـەیە کاغـەزم دەرهێنـاو دەستم کردە نووسین، مـام ڕەشـید بـە ئافرەتەکـەی وت : " دەبڵـێ بزانـە چیت دەوێ، با ئەفەنی بینووسێ ؟! " ئافرەتەکەش بە دەنگێکـی شـەرمنی ناسکەوە دەمی بە چەمکی دەسماڵەکەی شاردەوەو وتی : سەلامی لێ ئەکەم ئاگاداری خۆی بکا، مانگ کەوتە بەرانبەر ئەگەر لەوێ دەمێنێ دێم سـەری لێ دەدەم، ئاگاداری خۆی بکا، نەیەتەوە بۆ دێ خـۆی دەزانـێ ؟؟؟))[2]. ئەمـە ئەو نامەیەیە کە بووکی مام ڕەشید بۆ مێردەکەی خۆی دەنێرێ، کە ئەو کاتە

---

[1]- نظرية الأدب، أوستن وارين ورينية ويليك، ص٢٨١ .

[2]- کۆ چیرۆك، دوانامە ،ل٣٠ .

لەسەرەوە(دەرەوە)پێشمەرگە بووە .ئەمەش وەڵامی مێردەکەیەتی بۆیانی ناردبۆوە ((وتبووتان : نەیەیتەوە بۆ دێ راستە ئێستە ناتوانم بێم .. بەڵام رۆژێ دێ بەسەرفرازی و سەربەرزییەوە جەژنی تیا دەکەم .. وە نووسیبووتان کە ئاگاداری خۆم بکەم، ئاگاداری بەو مانایەی ئێوە ترسنۆکییەو لەمن ناوەشێتەوە کام شەڕ سەختە بەشداری تیا دەکەم، کام ئەرك گرانە شانی دەخەمە ژێر ...))[1] دوو نامەی سادەو ساکارن، پێشەکی و کۆتاییان لەگەڵ نییە، بەڵام هەندێ چیرۆکنووس سەرەتا درێژەکەشی، کە سلاَوێکی درێژ دادڕە تۆماردەکەن .. گێڕانەوە ئاساییەکە خاو دەبێتەوە یان چیرۆکە بنەڕەتییەکە بۆ ماوەیەك بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە ((شێوازی نامە لەجێی خۆیدا بۆ پێکەوە بەستنی دوو شوێنی جیاواز، یا بۆ پێکەوەگرێدانی دوو کاتی جیاواز بەکاربراوەو بەکاریش دەبرێت، واتا لەجێی مۆنتاجی کات و مۆنتاجی شوێن و مۆنتاجی میکانیکی بەکاردەبرێت))[2].ئەم نامانەش هەر بەکورتی نووسراون لەبەر ئەوە کات لە کورتە چیرۆکدا سنووردارەو بواری ئەوە نادات شت بە درێژی بگێڕدرێتەوە .

لە چیرۆکی (ئەنجامی پەیامێك)دا، نامەیەکی زارەکییە بۆ کارەکتەرەکان دێت، ئەم هەواڵە زارەکییە، شوێنی نامەیەکی کورتی گرتۆتەوە، بووە بەهەوێنی بنیاتنانی رووداوی چیرۆکەکە (( ئەو دەنگوباسەی کە هێستر سوارێك پێی ڕاگەیاندین، هەرچەندە هەموویانی دڵتەنگ کرد، بەڵام (قارەمان) لە هەموویان پتر پێی تێکچوو رەنگی ئاڵۆزا))[3] . هەر ئەو نامەیە دەسپێکی چیرۆکەکەیە، باری نالەبارو ناجێگیری کارەکتەری سەرەکی (قارەمان) بە دیاردەخات و خوێنەر ئاڵودەی تەواوکردنی چیرۆکەکە دەبێت.

لە چیرۆکی (گەڕانەوە – ٢٠٠٢)دا سوودی لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی وەرگرتووە بەخەیاڵ بێت یان بەراستی،ئەمەش رێگەیەکی نوێیە نووسەران

---

١– س.پ، ل٣١ .

٢– چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٤٩.

٣– کۆچیرۆك ،ل٤٣ .

بـەكاريانهێناوە. ڕووداوی ڕۆژانـە سـوودێكی تايبـەتی و بەهايـەكی هونـەريی كاريگـەری هەيـە، مـاوە بـە نووسـەر دەدات، ئـەوەی هەيـە دەريببڕێـت، بەبێسانسۆر بەمەش خودييەتی نووسەر زياتر بـە دياردەكـەوێت. ئـەمجۆرە نووسينە لە دەروونی خوێنەرو وەرگردا تاموچێژێكی تايبـەتی هەيـە، چـونكە زۆر كـەس حـەز دەكـەن بـزانن ژيـانی تايبـەتيی نـاوداران چـۆنبووە. لـەم چيرۆكەدا كارەكتەرو گێڕەرەوەی چيرۆكەكە دەفتـەری يادگارييـەكانی خـۆی هەڵدەداتەوە، كە لە ڕابردوودا نامەيەكی بۆهاتووە، بارودۆخی كاتی نووسينی نامەكـــەی تيـــادا نووســـراوە، باســـی ســـاوێلكەييی خـــەڵك و فرتـــوفێڵی كۆســـە(مهرج)ەكانی نـاو سـێركەكان دەكـات. هـەر ڕۆژەی لـە شـوێنێكدا خێوەتيان هەڵدەدا، خەڵكەكـەيان دەسـخەڕۆ دەكـردو لـەڕێی چـەپڵەو هـەراو هۆرياوە، فێڵەكانی خۆيان بزر دەكرد، نامەكە بەم شێوەيەيە: ((دەزانم ئێستا لە چی بارێكدای و چەند بێـزاری، لـە جـارانی مـن زيـاتر بێـزاری... لـە بيرتـە جارێكيان چـووينە تەماشـاكردنی ئـەو كۆسـانەی كـە لـە قـەراغی شـار بـەناو سێركەوە چادرەكانيان هەڵدابوو ... بيرتە كاتێ كۆسەكان دەركەوتن دەممان داچەقی، ترساين، لە ڕوومەتی هەزار ڕەنگيان ترساين كۆسە دەبێ ڕوومـەتی ئاوا هەزار ڕەنگبێ))[1]. ئەم نامەيە بە پچڕپچڕی لـەناو چـيرۆكەكەدا هـاتووە، ئەم نامەيە كراوە بەهۆيەك بۆ پەيوەسـتكردنی ڕووداوەكـانی ڕابـردوو لەگـەڵ ئێسـتادا، يـان بـەهۆی ئـەو نامەيـەوە ئێسـتای كـاتی نووسـينی چـيرۆكەكە بورووژێنرێ، هەروەك ڕۆژنامەيەك كە ڕەخنە لە باری سياسی و كۆمەڵايـەتيی خەڵك دەگرێ، چيرۆكنووس بە شێوازی جيا جيا نامەی يەكەمی لەگەڵ نامەی دووەم بەراورد كردووە، بەڵام گێـڕەرەوە لەڕێگـەی گێڕانەوەيەكدا هـەروەك لەگەڵ خـۆی قسـە بكـات دەڵێ:((باشـە مەبەسـتی كـام سـێركە ؟! ئـەی بـۆ باسی تەماشاكەرانی سێركەكەی نەكردبوو ؟ .. كۆسـەكانی ئـەوجا، قەرەجـە گەڕۆكەكان بوون، ئێستا دەيان سێرك دەورەيان داوين، ئەی كۆسەكانی ئـەم

---

[1]-س.پ، ل٢٢١-٢٢٢ .

سێرکانەی ئێستا کێن؟))[1]. گێڕەرەوە لەرێگەی ئەم قسەکردنەی خۆیەوە پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ئەوساوکۆسە مۆدێرنەکانی ئێستاو سێرکەکان دروستدەکات، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا بەدی ناکات، رەنگە بەلای ئەوەوە هەر نەوەی کۆسە دێرینەکان بن. لە تەواوکردنی نامەکەدا هەموو شتێك روونکراوەتەوەو دەڵێ : ((من دڵم لەلای ئێوەیە، ئێوە دڵتان لەلای من نەبێ، زەن نەکەی، هەموو شتێکی ئێوە دەزانم.. بە کۆسە بوون یانی چی.. کەچی ئێستا لای ئێوە بە کۆسە بوون بووەتە باو، بووەتە خولیای کەسانێکی یەکجار زۆر، هەوڵی مەرگی بۆ دەدرێ، هەر بۆ ئەوەی ئەو پایەی دەست بکەوێ .. مەرجی بە کۆسە بوونیش ئەو تنۆکە ئابڕووەی کە دەبێ بپارێزرێ دەتکێ، کە تکا ئاسان دەبێ !!... بەلام ئێستا رێگای ئاسانتر پەیدا بووە بۆ بەکۆسە بوون : بچۆرە بن کلێشەی ئافرەتێکەوە ئازابە و رایی بکە تا دەیگەیەنێتە ئامێزی کۆسەیەکی هەمووشتزان و دەسڕۆ. دەبینی رێگایەکی ئاسانە بۆ بەکۆسە بوون))[2]، بێگومان ناوەرۆکی هەردوو نامەکە، ئەگەرچی بە رەمز خراوەتە روو، بەلام نامەکان باس لە واقیعی تاڵی کۆمەڵ دەکەن، کە بە درێژایی مێژوو ئەم دەردە سەختانە، وەك فیلمی سینەما هەردووبارە دەبنەوەو بنبڕ کردنیان بووە بە شتێکی ئەستەم. بێگومان پەیوەندییەکی یەکجار زۆرو بەهێز لەنێوان هەردوو وێنە یان نامەکاندا هەیە، ئەگەر پەیوەندی بە خودی چیرۆکنووسەوە هەبێ کە لە دەوری منداڵی خۆی و لەرێگەی قوتابخانە جانتای بە پینە دۆزێك فرۆشتبێ و بە پارەکەی چووبن بۆ سەیری ئەو سێرکانە.

لە چیرۆکی (کە نامەکەی بۆ خەلیفە نارد)، زیاتر لە ژیننامەیەك دەچێ، چیرۆکنووس کارەکتەرەکانی هەڵبژاردووە وەك ئەوەی بیەوێ لە ژینگەکەی خۆی، کە ژیانی تیادا بەسەر بردووە کارەکتەرەکانی هەڵبژێرێ و

---

[1] —س.پ، گەڕانەوە ،ل٢٢٢ .

[2] — س .پ، گەڕانەوە ،ل٢٢٣ .

کردوویەتی بەنموونەیەکی زیندوو لە واقیعی تۆمارکراودا، زۆر بە سادەیی راستییەکی هونەری وچەندین هۆی رازیکەر بۆ وەرگر دەهێنێ و ئەوەشی نەشاردۆتەوە، کە پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان خۆی و چیرۆکەکەدا هەیە نەك هەر ئەمە بەڵکو وەك گەواهیدەرێکی بەهێز ئاگاداری رووداوەکانە. لەم چیرۆکەدا نامەکان وەك بەڵگەو بڕوانامە بەکارهاتوون، ئەم جۆرە نامانە[1] هەر چۆنێك بشاردرێنەوە، رۆژگار پەردەیان لەسەر لادەباو، رووی راستەقینەی خاوەنەکانیان بە دەردەکەوێت. لەم چیرۆکەدا شتێکی کەم لە هەردوو نامە نووسراوە، نامەی یەکەم، کارەکتەری دۆڕاوو شەرمەزاری ناو کۆمەڵ نامەیەکی بۆ سەرۆکی پێشووی عێراق ناردووە، نامەکە ئاوا دەستی پێکرد بوو: ((انی تلمیذك المطیع))[2] ئەمە نامەیەکە بەڵگەی بەکۆیلەبوون و ئەڵقە لە گوێی و زەلیلی کارەکتەرەکە نیشاندەدات. کە شەلم کوێرم کەوتۆتە وێزەی هاونیشتمانەکانی لەپێناو رازیکردنی سەرۆك کۆماری دەوڵەتی ترس ،ئەمەش وەڵامی نامەی سەرۆك کۆمارە بۆ کارەکتەری پەراوێز خراوی ناو کۆمەڵ (أنت تلمیذ کسلان)[3] ئەم نامەیە تادنیا دنیابێ وەك پەڵەیەکی ڕەشە لە یاد ناچێ. ئەم وەڵامە راستی و دروستی ئەو پەندە بە دیار دەخات ئەوەی بکات بێگانە پەرستی هەر دەهێنێ نوشوستی. ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ کارەکتەر بەدەستی خۆی لەرێی نامەوە لەسەرخۆی تۆماریکردووە.

### ٥- تێهەڵکێشی چیرۆك لەگەڵ خەوندا

خەون لە دێر زەمانەوە جێگای سەرسوڕمانی مرۆڤبووە، زانا و شارەزایان هەوڵی دۆزینەوەی هۆیەکانی خەوبینییان داوە، کتێبە

---

١ – پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلی چیرۆکنووس سێشەم لە ٢٠١٠/٦/٢٩، کاتژمێر ٩ی شەو .

٢ – کۆچیرۆك، کەنامەکەی بۆ خەلیفەنارد،ل٢٢٥ .

٣ – س.پ، کەنامەکەی بۆخەلیفە نارد،ل٢٢٧.

ئاسمانییەکانیش بەدەر نین لە باسی خەوبینین و پەندو ئامۆژگاری لێوەرگرتن .

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ خەون کراوە، ئەرەستۆ دەڵێت : ((خەون نە نێردراوی خواوەندە، نە خاوەنی سروشتێکی خواوەندییە، بەڵکو جنۆکەییە))[1] . واتە خەون بەدەرە لەوەی لە خواوە بێت، بەڵکو پەیوەندی بە جنۆکەوە هەیە، لە پێناسەیەکی دیکەدا دەڵێ : ((چالاکییەکی دەروونییە بۆ نووستوو لەو کاتەی کە نووستووە))[2]، چونکە لە کاتی نووستندا زەین بە تەواوی کپ و خامۆش نابێ، بەڵکو لە ئیشکردنی خۆی ناکەوێ.

ئەم چیرۆکنووسە لەچوارچیرۆکیدا سوودی لە خەون وەرگرتووەو بە تێهەڵکێشکردن بە کاریهێناوە. تێهەڵکێشکردن، کاتی گێڕانەوە خاو دەکاتەوەو چیرۆکە سەرەکییەکە ماوەیەك بە هەڵواسراوی بەجێدەهێڵرێ تاکو گێڕانەوەی خەونەکە تەواو دەبێت، خەونیش، زۆرجار، لە ئەنجامی نەهاتنەدی حەزەکانی رۆژانەوە دروست دەبێت .

لە چیرۆکی (کورتەی چوار چیرۆکی درێژ)دا، سەرەتا لە گێڕانەوەیەکی خودیدا گێڕەرەوە لەشێوەی ژیننامەدا باسی خۆی و کوڕەکەی کردووە: ((نە من نە چالاکی کوڕم مامە فرۆیدمان نەدیوە، من شتێکم خوێندبێتەوە خۆ چالاك هەرناویشی نە بیستووە گەر لە ژیاندا دەبوو قەرزی هەزارم بۆ دەکردو بۆ لێکدانەوەی ئەم خەونەی چالاك خۆم دەگەیاندە خزمەتی))[3] .

ئەم گێڕانەوەیەی سەرەوە دابڕاو نییە لە خەونەکە، بەڵکو پەیوەستە بەخەونەکەوە ئەگەر سەیری کاتی نووسینی چیرۆکەکە بکەین ساڵی حەفتاو چوارە، بەڕاستی بوێریی چیرۆکنووس بە دیار دەکەوێ، کە وێراویەتی ئەم خەونە ببینێ و چاپیش بکرێ، خەونەکە بە ناراستەوخۆ باسی کوردستانە لە دەست تێکدەران. گەردەلوول و رەشەبا ئاسا هەڵیاندەکوتایە سەر کورد، لە

---

[1]- الأحلام، سيجموند فرويد، مكتبة الهلال، ط٣، بيروت، ١٩٨١، ص١٣ .

[2]- س.پ، ل١٣

[3]- کۆچیرۆك، کورتەی چوار چیرۆکی یەکجاردرێژ ،ل٧٢ .

بازاڕو كۆلآن و تەنانەت ژووری ماڵەكانیش، پیاوەكانی ڕژێمیش بە دەعبا وەسفدەكات ... هتد، لە كۆتایی خەونەكە پاساو دێنێتەوە گوایە ئەم خەوە ناخۆشانە هۆیەكەی خواردنی چەورییە خەونەكە: ((گەردەلوولێ هەڵی كرد قرچەقرچی خستە درەختەكانی سەر شەقامەكانەوە گوڵی ناو باخچەكانی وەراند، ماڵەكان پەنجەرەو دەرگاكانیان كلۆمدا، دەعبایەك لە قیر ڕەشتر... مەمكەكانی كەوتنە دەشت، هەڵقرچابوون... تینووم بوو، مژم ناوە مەمكەكانییەوە هیچی تێدا نەبوو(مەمكەكانیم مژی)، دایكم فڕێیدامە دەرەوە، كابرا بە دایكم پێدەكەنی.. كاتێ لە خەو هەڵسام لەشم زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئارەقەی پیا دەهاتە خوارەوە، ئەوە بوو تۆ لێفەكەت بە سەرما كێشا منیش توند خۆمم نووساند بە تۆوە:

–چەند جارم پێوتی ئێواران شتی چەور مەخۆ))[1] .

لە چیرۆكی (شایەتی بەردێك) چیرۆكێكە تێهەڵكێشكراوە لەگەڵ خەون و تێكەڵ بە ڕەمزو ئەفسانە كراوە. چیرۆكەكە بریتییە لەهاتوچۆكردنی دوو هاوڕێ لەگەڵ یەكتری و لەهاتوچۆیەكەیاندا بە بن قەڵادا دەگەڕانەوە، بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ شتێك بكەن قایەیەكی گەورەی لاپاڵی قەڵایان كردبووە خاڵی بە یەكگەیشتن و جیا بوونەوە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بكەنەوە كێ چەقاندوویەتی یان لە كەیەوە ئەو تاوێرە سەری بە سنگی قەڵاوە ناوە.

چیرۆكەكە بێئاگایی و وڕوكاسیی كارەكتەرەكانی نیشاندەداو ڕەخنەیەكە لەوەی چۆن ولەبەرچی كورد بە قووڵی لە شتەكانی دەوروبەری ناكۆڵێتەوە، كەچی خەمی شارێكیان لە كۆڵناوە، ئەمەش ساویلكەیی مرۆڤی كورد نیشاندەدا.

گێڕەرەوە هەر خۆشی لەچیرۆكەكە بەشدارەو كارەكتەری سەرەكییە لەگەڵ شێرۆدا دەڵێ : (( ئەو ئێوارەیە، ئێوارەی ڕووداوەكە، من نازانم بۆ لە شێرۆ كەمێك دابڕام و دواكەوتم ؟ ... ئەو لە پێشمەوە بوو، هێشتا

---

[1]– س.پ، ل٧٢ .

نەگەیشـتبووە ئاسـت قایـە گەورەکـە، مـن لـە دوورەوە تارماییـەکانم بینـی، دەورەی(شێرۆ)یاندا، بینیم یەکێکیان دەستی لە قژی گیر کـردو بـۆ لای قایـە گەورەکەی سەرخست، مـن بـە پێـدزە خـۆم دەربـاز کـرد لـە خەونەکانیشـدا هەموو جارێ ئاوا خۆم دەربـاز دەکـەم و شـەرمەزارم، کـە بـەئاگاش دێمـەوە دەبینم لەشم شەلاڵی ئارەقەی ترس و شەرمەزارییە))[1].

خەونەکەی هەموو جار دەیبینێ هەرئەو خەونەیە، بەڵام بەشێوەی جیا جیا، چونکە لە هوشیارییەکەیدا هەڵوێستی لاوازو ناجوامێرانە بووە بەرامبـەر بـە هاوڕێیەکـەی، بۆیـە خەونـەکانی دەبـن بـە رزگارکـەرو دەیـەوێ تۆڵـەی بێهەڵوێستیی کاتی هوشیارییەکەی خۆی بکاتەوە .

خەونەکە :((لەم خەونەمدا وەك خەونەکانی پێشووترم هـەمان سـەرەتا دووبارە دەبێتـەوە ئـەمجارەیان نـاڕۆم، دەسـتێکم لـە قەڵاکـە گـیر کـردووە، سـەرم بـەرز دەکەمـەوە، بـەدەنگێکی بـەرزی وا خـۆم لـە دەنگدانـەوەی هاوارەکەم سەرم سوڕدەمێنێ دەڵێم: نامەردینـە چـیتان لـە شـێرۆی هـاوڕێم دەوێت؟))[2].

ئەوەی پێویست بوو لە کاتی خۆی هەڵوێستی لەسەر وەربگرێ ئێستا بە خەون و خەیاڵ دەیکا، بەگشتی، مرۆڤی کورد ئاخ و داخی بۆ رابردووە بۆچی وامکرد بۆچی وامنەکرد؟!

گێـڕەرەوە زوو واز لـە گێڕانـەوەی چـیرۆکە سـەرەکییەکە دەهێنێـت و دەگەرێتەوە بۆ گێڕانەوەی خەونەکە، بەمەش وەستان لە گێڕانەوەی چیرۆکە سەرەکییەکە روودەدات.

لەخەونەکانی هاوڕێی شێرۆدا، گێڕەرەوە، کـە هـەر خۆشـی کارەکتـەرە جەخت لە ئاکاری شـێواوی ئـەم کارەکتـەرە دەکاتـەوە و جیهـانی هەسـت و نەستی وێنا دەکات، خەونیشی کردۆتە ئامرازێك بۆ وریاکردنەوەی رابردوو لـە

---

[1]- س.پ، شایەتی بەردێك، ل٢١٠ .

[2]- س.پ، ل٢١٠-٢١١.

مۆتەکـەی دوو تارماییەکـە، جگـە لەبەرجەسـتەکردنی بێـدەنگی کـە شـاری گرتبۆوە .

هـاوڕێی شـێرۆ لەرێگـەی خـەون و یادگـاری بـە هـۆی گەڕاندنـەوەی رووداوەکان بەبیرهاتنەوەوە،کـە لـە دەرەوەی رووداوی چـیرۆکەکەیە، بـەڵام داینەمۆو بزوێنەرێکی بەردەوامە ناهێڵێ ناخی ئەم کارەکتـەرە ئـارام و هـێمن بێت .

لـــەم چـــیرۆکەدا گێـــڕەرەوە خـــەونی وەك تـــوخمێکی بنچـــینەیی بـەکارهێناوە لـەبنیاتی گێڕانـەوەی هونـەریی خەونەکـەدا، درێژبوونـەوەی سـاتەکانی هۆشـداری و بـە ئاگـابوونی کارەکتـەرە لـەوەی تروسـکاییی ئـەو رابردووە بەبێ بەربەست هەردەم دێتەوە خەوی بە بێ بەربەست .

لە چیرۆکی (کە بێدەنگی هێرش دەبا) لەگەڵ چیرۆکی (گورگی رەش و گورگی بۆزو گورگی شین) دا لە گێڕانەوەکانیدا سوودی لە خەون بینیووە .

### ٦- تێهەڵکێشکردنی چیرۆك لەگەڵ مێژوو

چـیرۆکنووس لـە هەنـدێ چـیرۆکدا پشـتی بـە زانیـاریی مێـژوویی بەسـتووەو نـاو بـەناو گەڕاوەتـەوە سـەریان. لـەمجۆرە گێڕانـەوەدا، نووسـەر هەندێ تـوخمی بیـانی لـە دەرەوەی دەقەکـەی خـۆی وەردەگرێـت و لەگـەڵ چیرۆکە سەرەکییەکە (دایك) تێکەڵی دەکـات و لەگـەڵ ئاراسـتەی چـیرۆکەکە ناڕوات .

لە هـەموو باسـەکانی مێـژوودا، باسـی ئـەو داگیرکارییانـە کراوە،کـە بەسەر کوردا هێنراوە لەرێی گێڕانەوەی دەرەکی و ناوەکیدا .

لە چیرۆکی (گـورگی رەش و گـورگی بـۆزو گـورگی شـین) گێـڕەرەوە جیاوازییەك لەنێوان مێژوو و ئیستادا نابینێ، دوودڵی و پەشۆکاوی ئۆقرەیـان لێبریوەو ترس چوار کەناری لێگرتووە، چونکە ئەو وەك ئاوێنە، ئـەو ترسـەی بەریگەوەیە لەبەر چاوێتی، بـەڵام کـەس نییـە گـوێی بـۆ رادێـرێ و مشـووری لەگەڵ بخوات و رێگە لە رووداني بگرن ((سەرم دەخسـتە سـەر خشـت و دارو

بەردی ماڵە خاپوور کراوەکانەوە، گوێم لـە هـاوارو نرکـەو قیـژەی ئـافرەت و منداڵ دەبوو بەرگەی ئەو قیژەو گریانـەم نـەدەگرت، سـەرم لەسـەر خشـت و خۆڵەکـە بـەرز دەکـردەوە هەسـتم دەکـرد، رووم‌ـەتم تـەڕە ... نەمـدەزانی فرمێسکی گریانی ئەو منداڵەو ئافرەتانە بوون یان من خۆم بووم دەگریام، کە بـەمن بڕواناکـەی، خـۆت بچـۆ گـوێ بـە تاوێرێکـەوە بنـێ، گـوێ بنـێ بـە بنچکێکەوە بزانە چی دەژنەوەی، لە کەندرێکدا پاڵ بکەوە، سەر بنێ بەسـەر زەوییەکەوە پێت دەڵێ چەند کەسی تێدا زیندەبەگۆڕکراوە))[1]

مێـژووی ئێسـتا و هاوچـەرخ، بەهێنانـەوەی نـاوی کەسـایەتیی مێـژوویی بەمجۆرە باسدەکات ((ئەمانە کە تۆ باسیان دەکەیت بوونەتە دیـرۆك و بـیری کـەم کەسـی ئـەو رۆژگـارە دەکـەون، ئەگـەر بـە هەنـد وەربگیرابـان مەترسـییەکانیش کـەمتر دەبوونـەوە .... تـۆ بـۆ باسـی ئـەمڕۆ ناکـەی ؟ وا (ننکـال)و (ننورتـا)و (ئەهریمـەن) خواوەنـدی شـەڕو کوشـتن و وێرانـی لـە دەوروبەرماندان ... من دەزانم لە نەدرکاندنی راستییەکاندا مـانگ دەتـۆرێ، پەپوولـەکان بـە کۆمـەڵ سـەری خۆیـان هەڵدەگرن، رۆحـە سـپییەکانمان لێ زیـزن.... وا کەسـێك نییـە گـوێم بـۆ رادا، دەبـا هەرنـەبێ بـارخ دیمەنـە ترسـێنەرەکانی دوێنـێ نزیـك لـە بیرنەکـەن .... دڵدانـەوە دڵنیـایی نییـە ... دیمەنـەکان زۆرن، یـەك دوانیـان نموونـەی خەروارێکـە ... حەشـاماتێکی زۆر ریزکراون، لـە لێـوار چاڵێکی نیـو مـەتری وەسـتێنراون، لـەو سـەرەوە تەقـە دەستپێدەکات. هەر تەقەو یەکێك))[2].

ئەمجۆرە تێهەڵکێشکردنە پێی دەوترێت: ((تێکـەڵ یـان پێکهـاتوویی – مزجی او ترکیبی – بە تایبەتی ئەمە کەسایەتییەکی مێژوویی تێکەڵ دەکـات وەك یـــەکیان لێـــدەکات و هـــەمان نـــاو و ژیننامـــە و کرداریـــان پـــێ دەبەخشێت))[3]. ئەو کەسایەتیانە ئەوەندە لـە یـەکتری دەچـن، بۆیـە هـەر

[1]– س.پ، گورگی رەش وگورگی بۆزو گورگی شین، ل١٩٤ .

[2]– س.پ، ل١٩٥–١٩٦ .

[3]–بناء الرواية العربية في الكويت، مهدي جبر صبر، ص٩٦ .

ناوی زۆردارەکان دەهێنێ و ناوەسەردەمییەکانی ناو نەهێناوە وەك ئەوەی کرداری دۆنادۆن لە سەریان پراکتیزە کرابێ، ئەم رۆحە شەڕانگێزانە پاش نەمانی جەستەکانیان هاتوونەتەوە ناو گیانی ئەو زۆردارانەی ئێستاوە، ناوەکانی (ننکال وننورتاو ئەهریمەن) ی لەمێژوو خواستۆتەوە بۆ دڕندەو ئەنفالچییەکانی ئێستا، جگە لەمە هەر لەو لاپەڕەدا چیرۆکنووس دیمەنێکی دیکە دەگێڕێتەوە ((ئەوانەی لەو دیو کێوی قاف و سەحرای بەلخ و سەمەرقەندو لە پشتی چیای جوودەوە، هاتن یەك کاریان ئەنجامداوە.. ئەوانەی دوو تونێلە نهێنییەکەی ناو قەلاّی (ئەرابخا)یان لە خوێنی دانیشتوانەکەی پڕکرد، چ فەرقێکیان هەبوو لەگەڵ ئەوانەی هاتن و لەناو ئاتەشگەدەکانی خۆماندا سووتاندنیانین ؟ یاکتومت ئەوانە نین کچە جوان و سەنگینەکانی ناو قەلاّو دەوروبەری ئاواییەکانی ئەو پێدەشتانە بە زۆر جارێك سواری گالیسکەکانی نارام سین و جارێك سواری (زیلەکانی) سوپای سەرکەوتوویان کردن ؟..))[1].

بەمجۆرە دەبینین چیرۆکنووس بەشێوەیەکی هونەری سوودی لە رووداوەکانی مێژوو وەرگرتووە وناوی زۆردارانی وەك هێمایەك بەکار هێناوە.

لە چیرۆکی (ئەم شارە ئەم خانمە ژنە)دا، بەهۆی فرمانی رابردووی دوورەوە، مێژووی ئەو داگیرکارییانە دەگێڕێتەوە، کە بەسەر کەرکوکدا هاتووە، بەمەش لە باسەکەی خۆی و لە ئێستادا رادەوستێ و بۆ دواوە دەگەڕێتەوە باسی مێژوو دەکات:((ئیتر لە هەر سەردەمێکن چ تایفە و قەوم و کەڵەوڕان و لەشکرێ روویان لێکردبێ لە ئەکەدییەوە بیگرە تا ئارامی و رۆمانی، پریتی، سەلجووقی، قەرە قۆینلۆ، لە خۆشەویستی شارەکەدا بوو بێ یا بۆ هەر مەبەستێکی کە ناوێکیان پێوە ناوە... ئەی ئەم هەمە چیزەیە بۆ وا سەریان بەو شارەدا کردبوو ؟.. ئیتر هەندێ جار ناوبانگی ئەم خانمەیان بەرگوێ کەوتبا خەمبارییەکیان تێدەکەوت و بەرِم و باڵتەو شیری

---

[1]- کۆچیرۆك، گورگی رەش وگورگی بۆزوگورگی شین ،ل١٩٥ .

دوو دەمەوە تاویان دەدا ... سەنحاریب لەو پەڕی دونیاوە عەشق و جوانی ئەم شارە سەرییپێهەڵنەگرت ؟.. نەهات تا دەوروبەری قەرەداغیش نەچوو؟.. بەلاّم با پێتان بڵێم: ئەمیش وەك هەموو جوانێ بە هەموو كەس رازی نەبووە))[1] .

لە چیرۆكی (ئەی چی بكەم)و لە مەنەلۆگێكی تێكەڵدا ئەم مێژووە دوورو نزیكە لە هزری كارەكتەردا داكراوە، وردە وردە دەیهێنێتەوە یادی خۆی، كە لە "تەوەری مەنەلۆگ"دا نووسراوە. جگە لەم تێهەڵكێشانەی باسكران بە پەرشو بلاّوی لەناو چیرۆكەكانی ئەحمەد محەمەدئیسماعیلدا هەندێ نموونەو دەربڕینی سەر بە كولتوور بەرچاو دەكەون، لەگەڵ چیرۆكەكانی تێهەڵكێشی كردوون لەوانە لە چیرۆكی (شەوە و ئاڵە)دا باسی ئەو نەریتەی كردووە، لە كاتی منداڵبووندا لەكوردستان دەبینرا ((جا دایكم بۆیە گەڕایەوە كە شەوەكەی دادام بێنێ تا نەوێرێ توخنی كەوێ، شەوەكەی دادایش تومەز – مێروویەكی رەش و پانی لووسە – كە منداڵێ تازە بووبێ لە دایك، دەیكەن بەقەدیا تا شەوە نەوێرێ نزیك منداڵەكە بكەوێ))[2] گەر چیرۆكنووس خاوەنی رۆشنبیرییەكی قووڵ و ئاسۆیەكی فراوانی دەربڕین بێت لە شیعر و مێژوو فەلسەفە، دەتوانێت لەڕێگەیانەوە بەرهەمەكانی خۆی دەوڵەمەند بكات، بە تێهەڵكێشكردن لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە هزریدا كەڵەكە بوون[3]. ئەمانەشی هەندێ جار وەك خۆی بەكارهێناوە وەك ئەم دەستەواژە فەلسەفییە ((من هەم دەبێ بەشداری ژیان بكەم))[4] ئەمەی لەگەڵ ژیانی خۆیدا بەراوورد كردووەو پشتی پێ بەستووە، تا لە رەشبینی و دەستبەخۆداشۆڕكردنەوەو ناچاری، وازبهێنێ و روو لە بەردەوامی و

---

1– س.پ، ئەم شارە ئەم خانمە ژنە، ل١٦٧ .

2– س.پ، ئاڵ وشەوە، ل١٤.

٣ – كۆچیرۆك، ئەم شارە ئەم خانمە ژنە، ل١٦٧ . ( بە گوڕ هاتم بە گوڕ هاتم )

4– س.پ، ل٩٦ .

تێكۆشـان بكـات، لـه چـیرۆكی(بەردی سـەبر)[1]دا چـیرۆكنووس سـوودی لـه ئەفسانەی (بەردی سەبر)ی كوردەواری وەرگرتووە .

**سێیەم : بنیاتی نۆرە**

جۆرە بنیاتێكی نوێیە و گێڕانەوەی دوو رووداو و بەسەرهاتی جیاواز یان هاوشـێوەی یـەكترین، بـەڵام شـوێنەكانیان جیایـە ((خسـتنەڕووی دوو حیكایەتە، رووداوەكانیـان لەیـەك كاتـدا روویـداوە))[2] واتـە هاوتـەریببوون و بەرەو پێشچوونی بەسەرهاتەكان لەیەك كاتدایە، مەرجیش نییە ئەو رووداوانە لە یەك شوێندا رووبدەن، بەڵام لەیـەك كاتـدا روودەدەن. بـەرەو پێشچـوونی رووداو لەڕێگەی كارەكتەرەكانەوە دێتەدی لەكۆتایی گێڕانەوەكە وەك یـەكی و جیاییان روونتر دەبێتەوە.

بەپێی باسـكردنی تـۆدۆرۆف ((ئـەم بنیاتـە، هـیچ جـۆرە پێوەندییـەكی لەگەڵ حیكایەتی سەرزاری نەماوە، كە بە هـیچ شـێوەیەك بنیـاتی هاوتـەریب تیایدا بـەكار نـەهاتووە، هـەروەها تـۆدۆرۆف نـاوی هاوسەنگیشـی لێنـەناوە، بـەڵكو پێـی دەڵێـت نـۆرەیی (التنـاوب))[3]، چـونكە هاوسـەنگی بـەواتای: گێڕانەوەی دووچیرۆكە لەگەڵ یەكتری لەیەك كاتدا.

دەكرێ دوو جۆر جیاوازی لە بنیاتی نۆرەیی دەست نیشان بكرێ :

((١- نۆرەیەك پشـت بـە گێڕانـەوەی رووداوی جۆراوجـۆر دەبەسـتێ لـە چیرۆكێكدا كە لەكات و شوێنی جیاوازدا روودەدەن .

---

[1]- س.پ، بەردی سەبر، ل١٣٦ .

[2]- البنية والدلالة فی مجموعة حيدرحيدر القصصية (الوعول)، عبدالفتاح ابراهيم ،الدار التونسية، ص١٢٥.

[3]- القراء والتجربة، سعيد يقطين، دار الثقافة، مط/النجاح الجديدة، الدار البيضـاء، ١٩٨٥، ص ١٥٢.

٢– نۆرەیـەك پشـت بەگێڕانـەوەی ڕووداوی جۆراوجـۆر دەبەسـتێ لـە دووچـیرۆکی جیـاوازدا))[١]، واتـە : گێڕانـەوەی ڕووداوی یـەك چـیرۆك بـەڵام لەشوێن و کاتی جیادا، یان گێرانەوەی ڕووداوی دووچیرۆکە بـەڵام هـەرجارەو یەکێکیان.

(جان ریکاردۆ) بەم جۆرە بنیاتە دەڵێت:(هاوکاتبوون و نۆرەیی) لەمەدا گێڕەرەوە لەیەك پەرەگرافدا دوو ڕووداو دەگێڕێتەوە، کە هـیچ پەیوەندییـەك پێکـەوە کۆیـان ناکاتـەوە، تـەنیا ئـەوە نـەبێ کـە لەیـەك کاتـدا ڕوویانـداوە، هاوکاتبوونیش نۆرەیی دەگرێتەوە، چونکە دەست هـەڵگرتن لـە ڕووداوێـك و چوونە سەر ڕووداوێکی دیکە، مانـای هەڵپەسـاردنی ڕووداوی یەکەمـە. ئیـدی گەڕانەوەیـە بـۆ سـەری و بەپێچەوانەشـەوە[٢]. ڕەنگـە ئـەم دوو ڕووداوە یەکێکیان لە کاتی ئێسـتا ڕوویـدات و ئـەوی دیکـە لـە ڕابـردوودا[٣]، ئـەمجۆرە بنیاتە زاراوەیەکی تایبەتیشی بۆ دانراوە، کە (مۆنتاژ)ە ئەویش بـۆ دوو جـۆر دابەش دەبێت :

((یەکەمیان : مۆنتاژی کـات : کـات تێیـدا دەوڵەمەنـدە و ژیـانی دەرەکـی و ناوەکیی کارەکتەر پێکـەوە پێشـکەش دەکرێن، لەمـەدا کارەکتـەر دەتـوانێ بـەجێگیری لەشـوێنی خـۆی بمێنێتـەوە، بـەڵام هەسـت و هۆشـی لەکاتـدا دەجوڵێتەوە.

دوومیان : مۆنتاجی شوێن : کات تێیـدا جـێگیر دەبێـت و شـوێن دەگۆڕێـت و جۆراوجۆر دەبێت و دیمەنی دەرەکی تیایدا دەوڵەمەندە))[٤] واتە لەیەك کاتدا لە شوێنی جیاجیادا وێنـەکان دەگیرێـت، بـەڵام هـەموو نووسـەرێك توانـای بەسەر ئەم جۆرە بنیاتەدا ناشکێت، بۆیە وتوویانـە ((بنیـاتی نـۆرە لەهـەموو

---

١ – البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د.شجاع مسلم العاني، ص٣٤ .

٢– قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ص ٢٥٧.

٣ – تحليل الخطاب الروائي، سعيد يقطين، ص١٦٣.

٤ – البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د.شجاع مسلم العاني، ص ٤١ –٤٢ .

بنیاتەکانی دیکە شکۆدارترو جوانترە))[1]، ئەم تەکنیکە لەلای کورد نەبووە، بەڵکو ((بەهۆی کاریگەر بوون بە سینەماوە هاتۆتە ناو گێڕانەوەوە، چونکە لەکاری سینەماییدا ناکرێ کامیرا لەسەر یەك لایەن و یەك رووداو بوەستێ، بەڵکو لەرێی دەرهێنەرەوە گرتە جیاوازەکانی دیمەنە جۆربەجۆرەکان یەکدەخات، کە لە سادەترین رواڵەتی راستەوخۆیدا پشت بەزنجیرەی لۆجیکی و مێژوویی دەبەستێ لەپێناوی گێڕانەوەی چیرۆکدا، کە پێی دەوترێت تەولیفی رۆمان))[2] .

لەبەر ئەوەی، رووداوەکانی رۆمان لەهی چیرۆك زیاترن، بۆیە رۆمان بەمەیدانێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ پراکتیزە کردنی ئەم بنیاتە، چیرۆکیش بەدەرنییە لێی، بەلاّم لەکۆچیرۆکەکەدا تەنیا یەك نموونەمان لەم بنیاتە بەرچاوکەوت، ئەویش لەچیرۆکی(کەنامەکەی بۆ خەلیفە نارد)، دووچیرۆکی تێدا گێڕاوەتەوە، یەکەمیان چیرۆکێکی واقیعییە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا روویداوە.

بەڕێوەبەرێکی گشتی(امین عام)، هیچی چاکەیەکی لەگەڵ هاوزمان و هاوڕێکانی نەکردووە، هەرچی کارێکی نەنگ و شوورەییە بەلای ئەوەوە ئاسایی بوو، بەلاّم دڵ ودەروونی کرمی ببوو، نەوەك نۆکەرییەکانی بەدڵی سەرۆك نەبووبێ، بۆیە رۆژێکیان نامەیەك بۆ سەرۆك کۆماری ئەو کات دەنێرێ و پێی دەڵێ:((" إنی تلمیذك المطیع " من قوتابییەکی ملکەچی تۆم جەنابی خەلیفە، ئەو شەوەی لە نامەکە بووەوە، وەك مارێك کاژی فڕێ بدا چووە پێستێکی دیکەو.. زیاتر بەرگی بێ شەرمی و بێ دەربەستبوون بوو .. کە لە نامەکە بووەوە، چەند جارێ خوێندییەوە .. وەك کارێکی مەردانەی کردبێ (با) چووە لووتییەوە .. لە نامەکەی خۆی رازی بوو، چونکی وشەکانی لە ناخییەوە هەڵقوڵابوون، دەمێکیش بوو ئامادەگییەکی وای تیادابوو، وەك مادەیەکی سڕکەر بە لەشیا بگەڕێ جۆرە ئارامییەکی پێ

[1] – السرد عند الجاحظ، فادية احمد الونسة، ص١٣٤.

[2] – البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د.شجاع مسلم العاني، ص٣٦،٣٥.

بەخشی .. ئەو شەوە بێ گینگڵدان خەوی لێ کەوت، بەڵام تا بەیانی هەمیشە لە کەناری خەرەندێکی هەزار بە هەزارەوە هەر بەرەو خوار تلۆر دەبووەوەو هەر نەدەگەیشت .. تلۆر دەبووەوەو لە خوارەوە سیماو روومەتی پڕ لە شاکامی ئەو کەسانەی دەدی بوختان و درۆی بۆ هەڵبەستبوون و بە جووڵانەوە و بزەی ئەکتەرێکی فاشیل هەڵی خەڵەتاندنبوون ..نیشتمانێکی دەدی وەك قێزەوەن تەماشای دەكات، بێ دەربەستبوونی پیشان دەدا لە ئاست ئەو خلیسکان و تلۆر بوونەوەیدا، بەڵام خۆی پێی رازی بوو، ویژادنی نەبوو ئازاری بدا، نەیبوو نە .. نامەکە ویست و حەزو ئارەزووی راستەقینەی ئەو بوو " إنی تلمیذك المطیع" ... من قوتابییەکی ملکەچی تۆم .. .."مەبەستی بووە بڵێ : من زەلیلی تۆم خەلیفە .. ئیتر هەموو شتێك لێرەوە دەستی پێکرد .. تا ئابڕووشی لەلا مەبەست نەبوو .. تاکو رۆژێکیان نامەیەکی لە خەلیفەوە بۆ هاتەوە تیایدا نووسراوە (أنت تلیمذ کسلان – تۆ قوتابییەکی تەمبەڵی) ئەو یەك دوو وشەیە گەلێ شەوان خەوی لێ دەزڕان و دەکەوتە سەرزنشتی خۆی : دەبوایە من زۆرترم بۆ بکردنایە .. ئەوە چییە دەبێ بیکەم و نەمکردووە .. شەوێ درەنگ گەرابۆوە ماڵێ، لە هەموو زیاتر بەوە دڵخۆش بوو : توانیویەتی خۆی لە هەموو لایەك بشارێتەوە .. ئێستا بێ پەرواتر لە جاران، باشتر تەوزو درۆو بوختان بە هەموو کەسێك دەکات .. کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکە لە خۆرا بەدەستەوە دەگرێ پەنجەی بێ شایەتمانی دادەگرێ و تەلەفزیۆن دادەگیرسێ ..سەرەتای فیلمێکە، لەوانەشە دەمێك بێ دەستی پێکرد بێ .. دەڕوانێتە فیلمەکە .. هەڵس و کەوت و جووڵانەوەی قارەمانی فیلمەکە سەرنجی رادەکێشێ"هەرلەمن دەچێ... ! "هەڵسوکەوت و هەندێ لە کردەوەکانیشی منم.."..  ئەوە چییە ...؟!))[1]

ئەمەی سەرەوە چیرۆکە راستەقینەکەیە، لەگەڵ رووداوی فیلمێك بە هاوتەریبی گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە، ئەم جۆرە بەکارهێنانە شێوازێکی نوێیە چیرۆکنووس بەکاریهێناوە، چونکە ئەوانەی لە پێشتر بینراوە، هاوتەریبە

[1] – کۆچیرۆك، کەنامەکەی بۆخەلیفەنارد ،ل٢٢٥–٢٢٦ .

لەگەڵ چیرۆکێکی دیکە، بەڵام ئەمە لەگەڵ فیلمێکی تەلەفزیۆنە، کەسایەتیی کارەکتەرەکان لە چیرۆکی یەکەم و چیرۆکی ناو تەلەفزیۆنەکە لەیەك دەچن لەرووی نامەردی و رژانی ئاوی روویان. ئەمەش چیرۆکی ناو تەلەفزیۆنەکەیە :

((قارەمانی فیلمەکە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە خەڵات دەکرێ ...! قارەمانی فیلمەکە لەبەر خۆیەوە دەڵێ : من شایستەی ئەمە نیم .. بەڵام زیرەکی خۆم .. نەء بەسەریانا تێپەڕیوە .. قارەمانی فیلمەکە دەگەڕێتەوە ماڵێ، بێ ئەوەی لە دەرگا بدا خۆی بەماڵدا دەکات .. ژنەکەی بە رووتی لەگەڵ شاعیرێکدا دەبینێ .. ژنی قارەمانی فیلمەکە هێشتا زبان درێژی دەکات لێی هەڵدەشاخێ : ئەی کە خوشکەکەت لە کارێکی وا بینرا بۆ هیچت نەکردو خۆت لێ مت کرد؟ ... قارەمانی فیلمەکە، نامەیەك بۆ سەرۆکی دەوڵەت دەنووسێ " من لە خۆشییانا بەرگەی ئەو خەڵات و رێزلێنانەی جەنابتم نەگرت، بۆیە هیچم نییە قوربانی تۆی بکەم گیانی خۆم نەبێ، ئەوا خۆم دەکوژم ...". قارەمانی چیرۆکە سەرەکییەکە تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە، ئەو غیرەتەی نەبوو وەك قارەمانی فیلمەکە خۆی بکوژێ .. سەری هەڵگرت .. ئێستا وەك رێوییەکی گەڕ لە وڵاتێکی دوور لێی کەوتووە))[1] .. باسکردنی کۆتایی چیرۆکی یەکەم بۆ ماوەیەك هەڵپەسێرراوە، تا چیرۆکی فیلمەکە گێڕاوەتەوەو کۆتایی پێهاتووە، ئیدی چیرۆکنووس گەڕاوەتەوە سەر گێڕانەوە بۆ کۆتایی پێهێنانی چیرۆکی یەکەم.

مەرج نییە هەمووجارێك ئەو چیرۆکانەی هاوتەریبن لەگەڵ یەکتری لێکچوون لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵکو دژیەکیش لەنێوان ئەو گرتەیەدا بەدیدەکرێ، بەڵام لای چیرۆکنووس ئەمە نەبینرا.

١ - کۆچیرۆك، ل٢٢٧.

**چوارەم : بنیاتی بازنەیی**

ئەمەش بریتییە لە دەستپێکردن بەهەڵوێستێکی دیاریکراو یان بارێکی دەروونی و گەڕانەوە بۆی، واتە لەڕێگەی فلاشباکەوە رووداوەکان دەگێڕێنەوە. هەروەها بنیاتی بازنەیی لە چیرۆکدا مانای گێڕانەوەی ((ئەو رووداوانەیە کە روویان داوەو کۆتاییان پێهاتووە، ئیدی دەگەڕێنەوە بۆ خاڵی سەرەتاو رووداوەکان بەشێوەی زنجیرەیی دەخەنە روو، تا دەیانگەیەنێتەوە هەمان خاڵ، کە لێیەوە دەستی پێکردووە))[1]. ئەمەش شاردنەوەی مەبەستی بنیاتە بازنەییەکەیە کە رووداو لەسەرەتای چیرۆك و کۆتاییەکەی بێت، ئەمەش لە ((سوڕانەوەی بورغی دەچێت لە چوونە پێشەوەو گەڕانەوەی بۆ دواوەو لەرێگەی کاتی ئێستادا رابردووی رووداوەکان و شتەکان لە گۆشەنیگای هەمەجۆرەوە دەخاتەڕوو))[2]. ئەم بنیاتە هەندێ جار بنیاتی دووبارەی پێدەوترێ، چونکە گێڕەرەوە تیایدا ((پارچەو وشەو یان هەمان بیرۆکە دووبارە دەکاتەوە، بە دیتنێکی نوێی جیاواز)) [3] بۆیە لەم بنیاتەدا، گێڕانەوەی رووداو تێیدا زیاترە وەك لەوانی دیکە.

ئەم شێوازە بازنەییە ((لەجێی خۆیدا بەشێوازێکی تایبەتیی چیرۆکی پۆلیسی دادەنرێت، هەندێجار تاوانێك روودەدات دوای ئەوسا لێکۆڵینەوە، یان ددان پێدانانی کەسەکان وردە وردە سەرەتاو هۆو چۆنێتیی جێبەجێکردنی تاوانەکە روون دەکەنەوە))[4]، واتا یەکەمجار ئەنجامی کارەکە دەخرێتە روو دواتر هۆکاری روودانەکە دەستنیشان دەکرێت وگێڕانەوەکە بۆ خاڵێ سەرەتا دەگەڕێتەوە .

---

١ - البنية والدلالة في مجموعة حيدر حيدر القصصية ، عبدالفتاح ابراهيم، الدار التونسية، ١٩٨٦،ص٢١.

٢ - تطور البناء وأدواته في الرواية العراقية، شجاع العاني، الاقلام، ع٢ ،١٩٨٦، ص٢١.

٣ - البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د.شجاع مسلم العاني، ص٦٥.

٤ - چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل ١٤٥.

بنیاتی ئەمجۆرە گێڕانەوەیە، هەر تەکنیکە بناغەییەکەی بنیاتی گێڕانەوەی ئاساییە، بەڵام داڕشتنی بەسەرهاتەکەی داڕشتنی بازنەییە، واتە ئەو ڕووداوەی کە دەبێ لە کۆتاییدا ڕووبدات لەسەرەتاوە باسدەکرێت، وەك بنیاتی زنجیرەیی، زنجیرەی ڕووداوەکان (سەرەتا، لوتکە، کۆتایی) یان تێدا پێڕەو ناکرێت و لەبری ئەوە بەمجۆرە دادەڕێژرێتەوە : ئەنجام + سەرەتا + لوتکە، کە هەموویان دەدرێتەوە دەم کۆتاییەکەوەو شێوەیەکی بازنەیی پێدەدرێت، چونکە لە ئەنجامی ڕووداوی پێشتر درووست بووە .

بنیاتی بازنەیی لە چیرۆکی (دیارییەکی پەسەند نەکراو) شێوازێکی سادەی هەیە هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا، کۆتاییەکە خراوەتەڕوو. لە دوای کۆتاییەکە وردە وردە ڕووداوەکان لە ڕێگەی بنیاتی یەك لەدوای یەکەوە، گێڕاوەتەوە، لە خاڵی سەرەتاوە دەستیپێکردۆتەوە تا گەیشتۆتەوە کۆتاییەکە. سەرەتای چیرۆکەکە بە گێڕانەوەیەکی خودی، لە لایەن کارەکتەری بێ ناو، خراوەتە ڕوو، بە توندی و بە هەڕەشەکردنەوە ڕووی دەمی لەو پیاوانە کردووە کە لە سێبەری مزگەوتدا دانیشتوون و دەڵێ : ((لە من (ژن) ترن و لە تەزبیح ڕاکێشان و کۆڕی مزگەوت زیاتر هیچی ترتان لە دەس نایە، بە تۆزقاڵ چییە شەرم نامگرێ کە بەرامبەرتان ئەم ڕەفتارە ئەکەم .. چوار مانگی ڕەبەقە دیارییەکی شەرمەزارییم پێیە، لەمە زیاتر ئارام ناگرم و ئۆقرەم لێ بڕا، دێیەکی چل ماڵی لە پەنجا حەیتە پتری تیایە پڕکێشیتان نەکردو زاتتان نەنا بەرخۆتان منتان نارد، تا بۆ کرێی ڕێگاکەشم حاجێکانتان دەستیان نەکرد بە باخەڵا، پارەی مامرو هێلکەم لەگەڵ خۆما برد.. چاوم لێزەق مەکەنەوە هێمن بن با پێتان نیشان دەم))[1] .

ئەم گێڕانەوەیە خوێنەر ئاڵودەی چیرۆکەکە دەکات، تا زوو بزانێ هۆی ئەم ڕق هەڵسان و بێزکردنەوەی ئەم کارەکتەرە داماوە چییەو شەرمەزارییەکەی چییە ؟ هەر بۆیە گێڕەرەوەی چیرۆکەکە گرێی دڵی

---

[1] – کۆچیرۆك، دیارییەکی پەسەند نەکراو ،ل٥١.

کارەکتەرەکە دەخاتە روو، ژنێکی نەشارەزای ئەم کوردستانە مێردەکەی لە بەغدا گیراوە، لەبەر بێ کەسی ناچار بووە خۆی بچێتە سۆراخی، لەوێ لە بەغدای جەنجاڵ، ژنە کوردێکی بێکەس دەکەوێتە داوی پیاوانی پۆلیس، کە بە رواڵەت پارێزگاری لە یاساو هێمنی و ناموسی خەڵك دەکەن، کەچی کارەکتەریان گیرۆدەی دەروونی نەخۆش و ئاژەڵئاسای خۆیانکردووە و لە جیاتی رێنمایی رێگاوبانی بکەن تاکو مێردەکەی بدۆزێتەوە، بە پێچەوانەی ئەمانەو دوور لە هەموو دابونەریتێك تاوانێکی گەورەیان بەرامبەری کردووە، بۆیە ئێستا بەرامبەر پیاوەکان دانیشتووە، شەرمەزارییەکەی لەرێگەی گێرەرەوەی هەمووشتزان، لە گێرانەوەیەکی بابەتیدا خراوەتە روو : ((سەر تا دامان، کراسە چیتەکەی یەخە دڕ کرد، پێستی زیوینی سکی کەوتە دەر، بە شێوەیەك قووت دیار بوو نیشانەی ئابڕوو چوونی لە نەشارەزاترین کەسەوە دیار بوو))[1] ئەوەی بەسەر ئەو ژنەدا هاتووە، بە بیرو رای کارەکتەرە ژنەکە، شەرمەزاریی ئەو تاوانە لە ئەستۆی پیاوەکانی گوندەکەیە کە دەماری پیاوەتییان تێیدا نەماوە، تەنانەت حاجیەکانیش کە لافی دینداری بەزارلێدەدەن دەستیان لەگیرفانیان نەنا، تاکو یارمەتی بدەن، بۆیە ئەو ژنە بە تەنیا رێگای بەغدای گرتە بەر بۆ دۆزینەوەی مێردەکەی .

ئەم رووداوانە بە وردی دەگێڕێنەوە تا دەگاتەوە ئەو شوێنەی لە سەرەتا گێڕەرەوە گێڕابوویەوە، بەمە هەردوو جەمسەری چیرۆکەکە لەرێگەی تێهەڵکێشکردن یەکدەگرنەوەو شێوەی بازنەیی چیرۆکەکە تەواو دەبێت، گێڕەرەوەش نهێنیەکەی ئاشکرا کرد نیشانەی ئابڕووچوونەکەی ئەو (منداڵەی)ەی ناوسکی بوو، کە سەرەتاو ئەنجامە، دوای چوار مانگ هەموو شتێکی بۆ کۆمەڵە پیاوەکەی تەنیشت مزگەوتەکە درکاند، ئەوانیش ئەوەی دەماری پیاوەتی گرتی توولە رێگاکەیان گرت کە بەرەو ناوچە شاخاوییەکانی بردن .

---

١ – س.پ، ل٥١.

له کۆتایی چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە لە بەرامبەر ئەوەی پیاوەکان بە گەڕانەوەیان بۆ سەرەتای بازنەی چیرۆکەکە نائۆمیدی دایگرتبوون ،بەرامبەر ئەو تاوانەی لەگەڵ دایکی فەرهاد کرا بوو، بووە هەوێنی بنیاتنانەوەی شۆڕش وئەنجامی ئەمکارە ناڕەوایانەی دەسەڵات کاردانەوەی گەورەی لێکەوتەوە.

ئەوەی بە بیری خوێنەری ئەو جۆرە چیرۆکەدا دێ، چوونە ژێر باڵی تەکنیکی گێڕانەوەی نوێیە وای لە چیرۆکەکە کردووە دوور بێ لە لاوازی و ناتەواوی و لە گێڕانەوەی تەقلیدی. ئەوەی جێی سەرنجە، نووسەر شوێن پارچە پارچەکردنی رووداوەکان کەوتووە، یاخود سەرەو ژێرکردنی گێرانەوەکە، خوێنەر لە یەکەم دەسپێکردنی، بەرەو کۆتایی دەچێ، لێرەدا گێڕەرەوەی هەمووشتزان کەسایەتیی(ژنەکە) لەرێگەی بینینی دەرەکی پێشکەش دەکات، کە پەیوەستە بە دەنگێکی نادیار .

گێڕانەوەکە دوو زەمەنی دەستنیشانکردووە، یەکێکیان نادیارەو لە رابردوودا روویداوە، دووەمیان ئێستای گێڕانەوەکەیە بووە بە کۆتایی چیرۆکەکە .

چیرۆکی (هەیاس) لەرێگەی بنیاتی بازنەیی بنیاتنراوە، کۆتایی چیرۆکەکە بووە بەدەسپێك. کۆمەڵە خێزانێکی کورد بۆ راگواستن لە زێدی باب و باپیرانیان بۆ شوێنێکی نادیارئامادەکراون، ئەگەر دیاریش بێت، کە بۆ خوارووی عێراقە، لەمەدا قوڕاوەکە خەستتر دەبێت، چونکە گیانلەبەران تواناو هێزیان نابێ کاتێك لە شوێنی خۆیان دەگوێزرێنەوە بۆشوێنێکی دی، چ جای مرۆڤ بە تایبەتی مرۆڤی کورد، کە ئەوەندە نیشتمانی خۆی خۆش دەوێ و لەرێی خاك و ئاوەکەی خۆی دەکاتە قوربانی. لە پاش پیلانە سێ قۆڵییەکەی لە کورد کراو شۆرش تێکچوو، حکومەتی عێراق کەوتە وێزەی خێزانی کورد بۆ راپێچکردن .

دایکی ئاوات وەك یەکێك لەوهەموو خێزانانە چاوەڕێی راگواستنە، قورگی گریان گرتوویەتی، لەشی توانای نوشتانەوەی نییە و زمان لە دەمیا

لاڵه. دایکی ئاوات لەگەڵ کچەکەیدا (ئاوات) پێش ئـەوەی سـواری لۆرییـەکان بکرێن لـە دیـار ئـاوات و هـەیاس راوەسـتاوە، ئـەوان یاریـان بـە وردە بـەردو شووشە دەکرد وردە بەردیان ریـز دەکـردو تێکیـان دەداو، لـە دوایـی گـەڵای کولیلکە سـوورەیان ریزدەکـرد، چـەند ڕۆژێـك پێشـتر "هـەتاڤ "یـش بـۆ ئـەو سـەفەرە نادیـارە بـەرێکرابوو: ((دایکـی ئـاوات لـە پشـتیانەوە راوەسـتاوە، قورگی گریان گرتوویەتی، لەشی تواناى نوشتانەوەی نییە و زمـان لـە دەمیـا لاڵە ...نەدەبوو لەمە زیاتر راوەستێ، چاوی نووقان، هێزی دایە بـەرخۆی بـە ئاستەم داچەمی و مەچەکی (ئاواتی) گرت دەمیشی برد ماچێك و پاشمـاوەی فرمێسـکێکی لەسـەر گۆنـای (هـەیاس) بەجێهێشـت و بـەرەو قەرەباڵغەکـەی بەردەم کوختەکەیان پەلکێشی کرد))[1].

ئەمە ئەو کۆتاییەیە کە دایکی ئـاوات بـە دیـار گەمـەکردنی منداڵـەکان وەستا بوو، لە پڕ دەستی کچەکەی گـرت و خـوا حـافیزی لـە هـەیاس کـردو بـەرەو لۆرییـەکان رۆیشـت. گێـڕەرەوەی هەمووشـتزان لـە دوای ئـەم پارچـە گێڕانەوەیەدا دەگەڕێتەوە سەرەتای گێڕانەوەکە،کە چۆن ئەو منداڵانە هەموو کات بەیەکەوە یارییان دەکرد، تا رۆژ ئاوا ((هەموو جارێ لەسەر کـانی پـایین گردەکـە یـەکیان دەگـرت، لەوێشـەوە بـۆ جێگـای یارییـەکان دەچـوون))[2]. هەیاس و ئـاوات رۆژانـە یاریـان بـە وردە قـەوانی ژەنگـاوی دەکـرد رۆژێکیـان هەیاس دەستی برد تاکو یاری بە پارچە شووشەکانی هەتاڤ بکات و بۆ خۆی بیانیبا، بەڵام ئاوات پێی وت نەکەی گوناحە ..

(( —نەکەی هەیاس، کوڕە گوناحە .

—تۆ ناڵێی رۆیی ؟!

—دێت .))[3]

---

[1]— کۆچیرۆك، هەیاس، ل ٧٩ .

[2]— س.پ، ل٧٩.

[3] — س.پ، هەیاس، ل٨٠.

ئەگەرچی هەتاڤ بەرێکرابوو بۆ راگواستن، بەڵام هەیاس هیوای بەرزبوو کە دەگەڕێنەوە، چیرۆکنووس لەناو جەرگەی خەم و ناسۆرەکان تروسکایی ئۆمێدی هەر لەبەرچاو بووە .

لەدوای ئەم سەرەتایەوە چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە هەیاس و هەتاو یارییان لێدەکرد، کاتی بەرێکردنی ئاوات و دایکی، هەردوو جەمسەری چیرۆکەکە لەوێدا یەك دەگرنەوەو بازنەکە تەواو دەکەن و بۆ ماوەیەك پەنجەکانیان لە شووشە نەگوڵیان دروستکرد، نە کونیان هەڵکولا هەیاس چاوی لە ئاوات و دایکی نەترووکان تا لەناو قەرەباڵغەکەدا ونیانی کرد .. ویستی هەموو پارچە شووشەکان لەبەردەم خۆی کۆ بکاتەوە، قسەکانی ئاواتی هاتەوە بیر "نەکەی هەیاس گوناحە .. دێتەوە". لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هەروەك چیرۆکی(دیارییەکی پەسەند نەکراو) چیرۆکنووس بە هیواوە چیرۆکەکە کۆتایی پێدێنێ بەوەی ئۆمێدی هاتنەوەی(هەتاڤ) هەیەو هەیاس پارچە شووشەکانی هەتاڤی داپۆشت تاکو کەس دەستیان لێنەدات، چونکە دەیزانی هەر دەگەڕێنەوە ... گێڕانەوەکە لەڕێگەی کەسی سێیەمی تاك بەڕێوەچووە لە گێڕانەوەیەکی بابەتییانە جگە لەوەی گێڕانەوەیەکی کراوەیەو دیمەنەکانی بە دایەلۆگ رازاندۆتەوە لەگەڵ خۆتێکەڵکردنی گێڕەرەوە لەڕێگەی لێکدانەوەو راڤەکردنەوە .

(تابلۆیەکی سوریالی) چیرۆکێکە لە کۆتاییەوە دەستی پێکراوە ((بەرە بەرە ئاگای هاتەوە بەر، بەڵام پێڵووی چاوی بۆ هەڵنەدەبڕا هەر چۆنێك بوو درزێکی تێ کەوت .... تەمەکە هێشتا نەڕەوا بووەوە))[1] . گێڕەرەوەی هەمووشتزان لە رێگەی کەسی سێیەمی تاك و کۆوەوە دەگەڕێتەوە سەرەتای رووداوەکان، چۆن ئۆتۆمبێلێك پڕ بووە لە نەفەر. کارەکتەری بێناو بۆ سەفەرێك دەچێت ئەوەندەی دایکی تکای لێدەکات کە نەڕوات ئەو هەر سوور دەبێ لەسەر سەفەرکردن، کە دەگاتە وێستگاکە

---

[1] – کۆچیرۆك، تابلۆیەکی سوریالی،ل٨٢.

سەرزەنشتی خۆی دەکات، چۆن درەنگی بەسەر خۆی داهێنا، دواتر خەڵکەکە بە پەلە خۆیان کوتایە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە ((شۆفێرەکە و مەردمەکانی تەنیشتی، دوای مشتومڕێکی گەرم، بۆ ماوەیەك کەوتنە چپەچپ... یەکێکیان شووشەیەکی لە باخەڵدا دەرهێنا، نایە سەرەوە شووشەکە ئەم دەست و ئەو دەستی پێ کرا تاکو گەیشتە شۆفێرەکە، پاشماوەکەی هەڵداو، شووشەکەی توند فرێدا. یەك دوو جار نەفەرەکانی رێزی دواوە: (وشیاربە باوکم)یاندا بە گوێی شۆفێرەکەدا هەندێکمان هەستمان کرد ئەو رێگایە نییە کە دەبێ پیادا برۆین))[1] کاتێك دەزانن ئۆتۆمۆبێلەکە وەرگەڕاوە ئاوێنەی پێشەوەی ئۆتۆمۆبێلەکە لەبەرچاوی کارەکتەری سەرەکی وەك تابلۆیەکی سوریالی خۆی دەنوێنێ .

ئەم گێڕانەوەیە لەگەڵ بەشی دواوەی چیرۆکەکە، گەڕاندنەوەیە بۆ خاڵی سەرەتای چیرۆکەکە بەو رووداوە دەستپێکرد بوو، بەڵام لە راستیدا، لە ئەنجامی رووداوەکان کە پێشتر باسکران ئەم کۆتاییە هاتە دی، بەمەش بازنەییی چیرۆکەکە دەگاتەوە یەکتر. لە دوا بەشی گێڕانەوەکە کارەکتەر خۆی لە نەخۆشخانە دەبینێتەوە ((سستەرەکان چەند نەخۆشێکیان خستە سەر عارەبانەکانی دەستیان بە ناڵەو ئای و ئۆف بۆ قاوشەکانی تر گوێزرانەوە تا دەهات باشتر ئاگای بە بەرا دەهات و وشیار تر دەبووەوە قاوشەکە دوو سێ کەسی تێدا مایەوە، بە ئەسپایی لە قاوشەکە بە گەڵاو گەڵ ناو خوای لێ هێنا : ناو گەڵی بوو بووە پەڕۆی بەردەست دۆمێکی هەمووشتزان هەر چۆنێ بوو خۆی گەیاندە شەقامەکە))[2]. بەمجۆرە بنیاتە بازنەییەکە، کە لە کۆتاییەوە دەستی پێکردبوو گەڕایەوە سەر هەمان خاڵ، نابێ ئەوە لە بیر بکرێ سینەما کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر هەڵدانی ئەم بنیاتە بازنەییەو گرنگی پێدانی لەبەر ئەوەی بینەر دەورووژێنێ و سەرنج و هۆشی بۆ لای خۆی رادەکێشێ .

---

[1] – کۆچیرۆك، ل٨٣.

[2] – س.پ، ل٨٣.

جگــه لـــەم بنیاتانـــەی باســـكران، چـــیرۆكنووس جـــۆرە بنیـــاتێكی بەكارهێناوە، ئەم بنیاتەش (وێنەی لێكدراوی پێچەوانە)یە.

ئەم جۆرە بنیاتە، دوو دیمەن دەستنیشان دەكات، یەكیان دەكەوێتـە پێش رووداو، ئەوی دیكە دەكەوێتە دوای رووداو ((چیرۆكەكە بریتییە لـە دوو دیمـەن یـا دووو تـابلۆی گشـتی و رووداوێـك، دیمـەنێكیان دەكەوێتـە پـێش رووداوەكەو ئەوی دیكە دەكەوێتە پاشی، تـەكنیكی چـیرۆكەكە لـە داهێنـانی چـیرۆكنووس خۆیـەتی و پێشـتر "وەك مـن بـزانم" نـە لـەلای چیرۆكنووسـی كـوردو نـە لـەلای چیرۆكنووسـانی بیـانیش بـە كـاربراوە))[1] واتـە ئەحمـەد محەمەد ئیسـماعیل ڕابـەری ئـەمجۆرە بنیاتەیـە لەچـیرۆكی كوردیـدا، ئەگـەر بیرۆكەكـە وەرگیراویشـبێ، ئـەوە بیانییـەو ئەمـەی ئـەو بـەرگی كـوردی بـە باڵابراوە .

لەناو چیرۆكی كوردیدا ئەم چیرۆكنووسە لەم تەكنیكـەدا رابـەرە. ئـەو دوو وێنەیـەی دەستنیشـانیكردوون؛ وێنـەی یەكـەمیان، پـێش رووداوەكەیـە رستەكان جیاوازییـەكی وایـان لـە نێوانـدا گـەر هـەبێ رسـتەیەك درێـژتر یـان كورترە لەوی دیكە تەنیا لە دوای رستەی دوای رووداوەكە دووگۆڕ زیاد بووە.

دیمەنی پێش رووداوەكە ((لە جێگاكەی خۆت راوەستە، بەهەر چوار لادا بۆ دەشتاییە بەرینەكەی دەورو پشتت بنۆرە، لەبـەر پێتـەوە دەسـتپێبكە .. وەردێكی تازە دراوەی چەند گاو خانییە، لە كۆتایی وەردەكەدا جۆگەلەیەكی باریكە، یەك دوو پێ پانییـەتی بـەرەو خـوار شـۆڕبۆتەوە، تـۆ هـەقت بەسـەر ئەوەوە نەبێ : لـەم دەشـتە كـاكی بـە كاكییـەدا ئـەم جۆگەلەیـە بـۆ چ قـوت كراوەتەوە، تـۆ بڕوانـە تـا چـاو بـڕ دەكـات كەسـەگڵ و خۆڵەسـوورە و هـەر گەردەلوولی باریكەو بە ئاسمانا دەچن. دەست بۆ چـاوت بكـە بـە چـەترو بـۆ دوورتر هەڵڕوانە، نەگردێك نە سێبەرێك نە شینایییەكت بەرچاو ناكەوێت، لە پڕ ڕوانینەكەت لەنگەر دەگرێ، كۆمەڵە خانوویەكی گڵین، ئاوا نزیكەی بیسـت —

---

[1] – چیرۆكی هونەری كوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٦٦.

سی ماڵێـك سـەریان بەیەكـدا كـردووە وەك مەترسـی شـتێكیان هـەبێت لـە دوورەوە بەلای رۆژهەلاتی برە ماڵەكەوە گردێكی رووت دەبینـی سـەردامانی گۆڕ داپۆشیوە))[1] .. ئەمەیان دیمەنی پـێش رووداوەكـە بـوو، بـە پێویسـت زانرا نموونەی پاش رووداوەكەش بۆ ئاشنابوون بخەینە بەرچاو :

((ئێستە لە جێگاكەی خـۆت راوەسـتە، بـە هـەر چـوار لادا بـە دەشـتاییە بەرینەكـەی دەورو پشـتا بڕوانـە، لەبـەر پێتـەوە دەسـت پـێ بكـە وەردێكـی تەپەسـكاوەی چـەند گـاو خانییـە، لـە كۆتـایی وەردە تەپـە سـكاوەكەدا بـە پانێتی یەك دوو پێ درکەزێ و تەنكە پووش بەرەو خوار شۆڕبۆتەوە یەكسەر بیرت بۆ شوێن جۆگەلە ئاوێك دەچێت .. دەست بۆ چاوت بكە بـە چـەتر، تـا چاو بڕ دەكات كە سـەگڵ و خۆڵـە سـوورە هـەر گـەردەلوولی باریـك باریكـە و بەرەو ئاسمان بەرزە دەبێتەوە بۆ دوورتر هەڵڕوانە، نە گردێك، نە سەوزاییەك نابینن، لە پڕ ڕوانینەكەت لەنگەر دەگرێ پاشماوەی كۆمەڵە خانوویەكی گڵێن ئاوا نزیكەی بیست —سـی ماڵێك لابـەلای رۆژهـەلاتی بـرە ماڵەكـەوە بەسـەر گردەكەوە قامیشەلانێك نزیكـەی چـوار پێـنج بنجێـك درژانگـەیان بەسـەر دوو گۆڕدا داداوەو سێبەرێ تەنكیان بۆ كردوون))[2] .

ئەگـەر سـەرنجی دیمـەنی یەكـەم بـدەین ئـەوە دەبیـنین سـەرەڕای پێشبینی كردنی كارەساتێك،شوێنەكە ئاوەدانەو وەردێكی تـازە و جۆگەلـەی ئاو لە كۆتایی وەردەكەوەیەو گوند ئاوەدانەو چەند خانوویـەكی گڵـێن بیسـت سی ماڵێك دەبن، لە نزیك ماڵەكان گردێكی رووت دەبینـرێ سـەردامانی گـۆڕ داپۆشـیوە و كـوڕی پیرێژنەكـە لەژیانـدا مـاوە، بـەلام لـە وێنـەی دووەمـدا هەبوونی ژیان بەدی ناكرێ گوندەكە چۆلە وەردەكە پەستراوەتەوە لەشوێنی جۆگەلەكـە درکـەزی و پـووش شـۆڕبۆتەوە كـوڕی پیرێژنەكـە كـوژراوەو پیرێژنەكـەش لەخـەمی كوڕەكـەی وەزگـی داوەو گـۆڕی هـەردووكیان كـە

---

[1] – كۆچیرۆك، ل١٠٣ .

[2] – س.پ، ل١٠٥ .

قامیشـەلآن سـێبەری بەسـەرداکردوون لەسـەرگردەکەوە دیارن.لـە دیمـەنی یەکەمـدا سـەرەڕای هـەبوونی تـرس و چـاوەڕوانکردنی کارەسـات، ژیـان بەردەوامەو هیـوای روونـەدانی کارەسات لـەدڵی خەڵکەکە بەناڕاسـتەوخۆیی دیارە، بەلآم لەدیمەنی دووەمدا ژیان لەوشوێنەدا لەناوچووەو ڕەشبینی جێـی هیوای گرتۆتەوە.

جگـە لـەم شـێوازە لـە سـێ چـیرۆکی دیکـەدا چـیرۆکنووس، شـێوازی رسـتەی لێکـدراوی پێچـەوانەی بـە کارهێنـاوە، ئـەویش یەکـەمجار رسـتەیەك دەنووسێ لە باری ئەرێیەو دواتر (بەلآم)ێکی لەگەڵ دادەنێ ((دەتوانین بڵێین سەرەتا هەڵوێسـتێکی گشـتی نیشـاندەدات، بـەلآم دوایـی بـە (بـەلآم)ێك ئـەو هەڵوێستە گشتییە دەتەقێتەوەو ئەو هەڵوێستە تایبەتییـەی لێ دەردێنێـت و دەیخاتـــە روو وەك دژە هەڵوێســـتێکی پێچـــەوانە لـــە نـــاخی هەڵوێســـتە گشتییەکەدا دەژیت))[1]. واتـە یەکـەمجار رسـتەیەکی سـادەیە دەخرێتـە روو دواتر ئامرازی لێکدەری (بـەلآم) لـە دوایـدا دادەنرێـت، ئـەم رسـتەیەی دواتـر پێچەوانەی رستەی یەکەمەو هەروەك شێوازێك یان ((رەگـەزێکی دیکەیـە لـە رەگەزەکانی سەرنجڕاکێشان و تامەزرۆکردنی خوێنەر))[2] .

راستە کاتێ خوێنەر ئەم (بەلآم)ە دەبینێ بە پەرۆشـەوە دەیـەوێت بزانـێ بۆچـی ئـەم (بـەلآم)ە لـەوێ راسـتکراوەتەوە کـاتێ رسـتەکەی یەکـەم خەوش و ئاڵۆزییەکی تێدا نییە. نموونەی ئەم رستە لێکدراوانەش لە چیرۆکی (نێچیر، ئەنجامی پەیامێك، تەنیا ماچێ، دەست) بەدی دەکرێن .

لە چیرۆکی (نێچیر) دا: ٧جار ئامرازی لێکدەر (بەلآم) بەکارهاتووە:

١- ئافرەتە .. دەگری .. بەلآم چۆن دەنگێك دەڵێی زەنگە...

٢- هێزی دایە خۆی.. بەلآم لەبەر بێ هێزی نەیتوانی هەستێتە سەر پێ .

٣- لەبەرخۆیەوە یەك دوو ورتەی کرد، بەلآم تێنەگەیشتنم دەیوت چی[3].

---

[1] - چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٢٩ .

[2] - س،پ، ل١٢٩.

[3] -چی دەوت راسترە.

٤- لەسەرەتاوە باوکم رازی نە ئەبوو، ئەمزانی لەبەرمنێتی، بەڵام سووربوونی لەسەر ئەوە ...

له چیرۆکی (ئەنجامی پەیامێك)[١]یشدا ئەم رستە لێکدراوانە بەرچاو دەکەون، نۆ جار ئامرازی لێکدەر (بەڵام) بەکارهاتووە .

١- ئەو دەنگو باسانەی کە هێستر سوارێك پێبڕاگەیاندین، هەر چەندە هەموومانی دڵتەنگ کرد، بەڵام (قارەمان) له هەموومان پتر پێیتێکچوو.

٢- بەبێ هۆ دەستی دەهێنا به جامانەکەیا ئەگەرچی دەقەکەی ئەشکان .. بەڵام نەدەپەرژا چاکی کاتەوە ..

٣- سوێندی ئەخوارد که تۆڵەیان لێ بکاتەوە .. بەڵام ئەمەی ئەمجارەیان خۆیشی سەری لێ دەرنەدەکرد .

٤- ئەوەماڵی مەلا عەولایە دووکەڵی رەشی لێ بەرز ئەبێتەوە .. (بەڵام با بیکەن) .

٥- (من بۆ کوێ ئەچم).. بەڵام وەك یەکێ له دواوە پاڵی پێوەنێ ..

لە چیرۆکی (تەنیا ماچێ)[٢] پێنج جار ئامرازی لێکدەری(بەڵام) بەکارهاتووەوئەم ڕستە لێکدراوانەش بەهۆی(بەڵام)ەوە لەرستەی دووەمدا مانای پێچەوانەیان دروستکردووە.

١- گەورەو بچووکی دێی تەپە سەوز پێیان زانی بوو، بەڵام خۆی نەدەبردە ئەو بارە.

٢- کە هەر چەنێ هەتاوی شاردبووەوە .. بەڵام، لە سووچێکی پەڵە هەورەکانەوە.

٣- کچە هەنسکێ ترسێنەری هەڵکێشاو تاتوانی دەسێکی نا بە کاك رەسووڵەوە .. بەڵام یەکەم ماچی خۆی کرد .

---

١ - کۆ چیرۆك، ئەنجامی پەیامێك ،ل٤٣.

٢ - س.پ، ل١٧

٤- کوڕه لاوێکی وەك تۆ هەموو کچێ، خوا خوایەتی شووت پێ بکات ..
بەڵام رەسوول بیرو هۆشی لای ماچەکەی ئەو شەوە بوو .
٥- عەسرێ درەنگ گەیشتنە دێی ژاژ .. بەڵام چۆڵ و هۆڵ کەسی تیا نەمابوو .

جۆرە بنیاتێکی دیکە لە چیرۆکی ئەم چیرۆکنووسە بەدی دەکرێت ئەویش بنیاتی (کۆڵین، بۆشایی)[1]یە، لەم جۆرە بنیاتەدا، چیرۆکنووس هەموو شتێك باس دەکات، تەنیا ئەوەی مەبەستیەتی دەیشارێتەوە، یان بە بۆشی بە جێی دەهێڵێ، ئیدی ئەرکی خوێنەر ئەوەیە خۆی بە دوایدا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە، وەك ئەو هەڵکۆڵینەی ئێستا باوە لەسەر پارچە پلێتێك ئەو نووسینەی مەبەستە بە بۆشی دەردەچوێنن تا لەسەر دیوار دادەنرێ و ڕەنگدەکرێ و، ئیدی پاش ڕەنگکردن نووسینەکە بە دیار دەکەوێت ئەگینا بۆشاییەو دیار نییە. لەم ((شێوازەدا کۆمەڵێك زانیاری و ئاماژەی کورت و پچڕو خێراو بروسکەییە، کە بە رواڵەت پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەیەکەوە نییە، باس لە بەسەر هاتێکەوە دەکەن کە خۆی لە خۆیدا زۆر گرنگ نییە، بەڵام هۆیەکانی یان ئەنجامەکەی گرنگە))[2]

هەروەك لە چیرۆکی (بۆشایی)دا بەدی دەکرێت، ساڵی نووسینی چیرۆکەکە سەرەتای ماڵوێرانییەکانی کوردە لە دوورخستنەوەو راگواستنی خێزانە کوردەکان بۆ باشوور، بەڵام کاتێ خێزانەکان رادەگوێزرانەوە بۆ باشوور، پیاوەکانیشان لەگەڵدا بوو، ئیدی لە چ ماڵوێرانییەکی دیکەیە پیاوەکانی ئەم گوندە ناوێرن لەماڵ بمێننەوە؟ گرنگ لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە پیاوەکانی ئەم گوندە لە ماڵ نین و ئیش و کارەکانی ئەوانیش بەسەر شانی ژنەکانەوە بە جێماوە سەرباری ئیشی ناو ماڵ .

ئەمە کرۆکی مەسەلەکەیە پیاوەکان لەبەر هەرهۆیەك بێت، گوندیان بەجێهێشتووەو بۆشاییەکی گەورەیان لە ناخی کەسوکاریاندا بە جێهێشتووە

---

١ - چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٦١
٢ - س. ب، ل١٦١

.. ((کە پیاوان لە ماڵ نەبن، دەبێ دەغڵەکانمان بەپێوە بوەرێن؟! بیری کەس ناکەی ؟ وەختە سوێم بێتەوە بۆ باوکم))[1].

## ٣- کات

کات رۆڵێکی گرنگی لە دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان توخمەکانی چیرۆکدا هەیە ((چیرۆکیش لەهەموو جۆرە ئەدەبییەکان زیاتر بەکاتەوە پەیوەستە))[2]، چونکە جۆری خستنەرووی رووداوەکان هەریەکە پێویستی بەجۆرە کاتێك هەیە.

کات، توخمێکی بنچینەییە لە بنیاتنانی دەقی ئەدەبیدا، کە((هەوڵی ئەوە دەدات ئیشی خۆی دابمەزرێنێ و بوونی خۆیشی ساغبکاتەوە لەسەر هەردوو ئاستی هەبوونی بەردەوامیی کات و نۆرەیی، بەمەش کات وەك پێکهاتەیەکی بارمتەکراو بەهەمووشتزانیی مرۆڤایەتی، بەروونی دەردەکەوێت و بەمەش یەکگرتنی کات لەگەڵ هونەرو ئەدەب دەسەلمێنێ، کە بە بەرهەمێکی مرۆیی پوخت وەسفی دەکات))[3].

گێڕانەوەی رووداو بەبێ دەستنیشانکردنی کاتی رووداندنەکەی کارێکی نەشیاوە، چونکە ((ئەگەر بۆمان بلوێ چیرۆکێك بگێڕینەوە، بەبێ دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی کە رووداوەکانی تیایدا روودەدات، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ناکرێ توخمی زەمان پشتگوێ بخرێ کە کاری گێڕانەوە رێکدەخات))[4]، کەواتە هەردەبێ چیرۆك لە کاتێکی دیاریکراودا بگێڕدرێتەوە، ئنجا ئەو (کات)ە رابردووبێ یان ئێستاو داهاتوو ((لێرەوە دەستنیشانکردنی زەمان بەنسبەت پێویستییەکانی گێڕانەوە

---

١- س.پ، ل٩٧ .

٢- بناء الرواية، أدوين موير، ص٣٣.

٣ – العلامة في ثلاثية ارض السواد لعبدالرحمن منيف، فيصل غازى النعيمي، اطروحة دكتوراه، جامعة الموصل، كليةالتربية، ص٢٨.

٤ – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، ص١١٧.

دەســـتپێدەکات))[1]، چـــونکە گێڕانەوەبـــەبێ دەستنیشـــانکردنی کـــات ئـەنجامنادرێ و ئـەم پەیوەسـتبوونەی نێـوان گێڕانـەوەو کـاتیش وایکـردووە ،گێڕانەوە نەتوانێ لەچیرۆکدا کات پشتگوێ بخات، بەڵکو گرنگییەکی زۆر بـە کات دەدات و بەبەردی بناغەی بنیاتنانی چیرۆکی دادەنێت، تاکو وایلێهاتووە بوترێ: ((کات چیرۆکەوکات ریتمە))[2]، و چیرۆك بەرەو پێشەوە دەبات.

لێکۆڵینـــەوە رەخنەییـــەکان کاریـــان لەســـەر جیـــاوازیی نێـــوان کـــاتی گێڕانەوەوکاتی نووسنی چیرۆك کردووە، ئەوەی لـە نـاو چـیرۆکدا دەبێت بە گێڕانەوە سێ توخمە[3] :

١- حیکایەت : ئەو رووداوانەن لە چوارچێوەی کات و شـوێندا دەخولێنـەوەو پەیوەستن بەوکارەکتەرانەوە، کە ئەندێشەی گێڕەرەوە چنیونی.

٢- گێڕانەوە : کردارێکە گێڕەرەوە دەیکات دەقی چیرۆکی لێ پێکدێت.

٣- پـــەیام یـــان دەقـــی چـــیرۆك (الخطـــاب) (DISCOURSE ):ئـــەو توخمـــە زمانییەیە، گێڕەرەوە بۆ بەرهەمهێنانی دەق بەکاری دەهێنێ .

لە گێڕانەوەدا رێکخستنی کـات بـۆ رووداوەکـان، لەگـەڵ رێکخسـتنی لـە چـیرۆکدا، لەیـەك ناچـێ، چـونکە ((کـات لـە چـیرۆکدا خـاوەنی رەهەنـدی جۆراوجۆرە، واتە رێگە بەروودانی چەند رووداوێك دەدات لەیەك کاتـدا، بـەڵام کاتی گێڕانەوە، تەنیا یەك رەهەنـدی هەیـە ئـەویش رەهەنـدی نووسـینەوەیە لەســـەر دێڕەکـــانی چـــیرۆك، کـــە رەهەنـــدی نووســـینەوە رێگـــە بەگێڕانـــەوەی رووداوێـك زیـاتر نـادات لـە یـەك کاتـدا))[4]، ئـەم دواخسـتن وپێشخسـتنەی رووداو، دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرە جیاییەك لە گێڕانەوەکەدا لـەنێوان کاتی گێڕانەوەو کاتی چیرۆك، (گێڕانەوە)ش مەرج نییە هەمووجار بۆ رابردوو

---

١ - س . پ، ل ١١٧.

٢ - بناء الرواية، سيزا قاسم، ص٣٤.

٣ - مدخل الى نظريةالقصة، سميرالمرزوقي وجميـل شـاكر، ص٧٣ -٧٤، بلاغـة الخطـاب وعلـم النص، د.صلاح فضل، ص٣٨٤

٤ - بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، ص١١٥.

بێت، بەڵکو هەندێجار پێشبێنیە بۆ ڕووداوی لەمەودوا بەتایبەتی لەگێڕانەوەی نوێدا.

دابەشبوونی کات لەکورتە چیرۆکدا ((بەشێوەی هێڵێکی ستوونی بەسەر بەشەکانی چیرۆکدا تێپەر دەبێت، نووسەر بەمە پەیوەست نییە وابلێت، ڕووداوەکە لە بەیانی یان لەدوای نیوەڕۆ ڕوویدا، بەڵکو (کارەکە) لەناو ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ کاتەکە دەستنیشان دەکات، کاتیش بەگشتی لە دوو جۆر پێکدێت : کاتی فیزیکی ئەو کاتەیە، کە لەسەرزەویدا بەهۆی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوونەوە پەیدا دەبێت، شەوو ڕۆژو هەرچوار وەرزی ساڵیش بەهۆی سووڕانەوەی زەوییەوە پەیدا دەبێت، ئەم کاتە لە دەرەوەی دەسەڵات و ویستی مرۆڤدایە))[1]، بەلاّم مرۆڤ خۆی لەگەڵیدا گونجاندووە تەنانەت گیانلەبەرانیش ئیش وپێویستییەکانیان بە گوێرەی ئەم کاتانە لەنەستیاندا ڕێکخستووە جێی خۆیەتی گەرپێی بوترێ کاتی سروشتی .

هەرچی کاتی دەروونییە ((ئەو کاتەیە ملکەچی هیچ جۆرە پێوانەیەکی دەرەکی یان بابەتی نییە، بەڵکو ئەوکاتەیە کە تێکەڵاوی ڕووداوەکانی مرۆڤ بووە))[2] کاتێکە لەناو دەروونی کارەکتەرەکاندایە زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی کاردانەوەیەکی باش یان خراپ لە هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکە، بۆیە، کاتی دەروونی، لەو شتە پێویستانەیە دەبێ وەرگر بیزانێ، تاکو لەناخی کارەکتەرەکانی بگات و((گرێی ڕووداوەکە بزانێ، کات و ڕووداویش دەبێ پێکەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی کارەکە ئەنجامی تەواو بدات بەدەستەوە، چونکە باسکردنی کات لەڕێی ڕووداوێکەوە دەکرێت))[3].

هەروەك دەردەکەوێت ((فۆڕمالیستە ڕووسەکان یەکەم کەس بوون بنچینەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی کاتیان دانا، ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان

---

[1] – کورتیلە چیرۆکی کوردی لەباشوری کوردستاندا (١٩٧٠ – ١٩٧٩)، ئازاد محەمەد سەعید، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل١٣٢.

[2] – الفضاء الروائي، جبرا ابراهيم جبرا، ص٥٤–٥٥ .

[3] – کورتیلە چیرۆکی کوردی، ئازاد محەمەد سەعید، ل١٣٢.

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لەسەر ئەم خاڵە چڕتر کردەوە، بەباشترین شێوە بنیاتی کاتیان داناو هەوڵی فراوانکردن و گەشەپێدانیان بۆ داو، چەندین گۆشەنیگای جیایان پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە کاتی گێڕانەوە))[1]. بێگومان ئەو جیاوازی و نەگونجانەی کە لەنێوان کاتی گێڕانەوەو کاتی چیرۆکدا هەیە، لەسەر رێکخستنی رووداو لەسەر سستەمی کاتی چیرۆك؛ لەسەر خێرایی و سستیی دەق رەنگدەداتەوە. ئەوەی دەبینرێ هەندێ رووداوی ناو چیرۆك ساڵ و مانگ دەخایەنێ، کەچی لە دوو سێ دێری ناوچیرۆك جێی دەکرێتەوە، جاری واش هەیە رووداوێك تەنیا ساتێك یان چەند ساتێك دەخایێنێ، کەچی لەچەندین لاپەرە، دەگێڕێتەوە هەر لەبەر ئەوەی کە ((کورتە چیرۆك، لەرووی کاتەوە خاوەن پێوەرێکی زمانی کورتەو، خاوەنی ساتە کاتێکە، کە ساتەکاتی کارەکتەر رۆشندەکاتەوە))[2]، بۆیە ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە، کات بەجۆراوجۆری بەکارهاتووە، تاکو بابەتەکان خۆیان بەشێوەیەك بخەنە روو، کە لەگەڵ شێوەی کورتە چیرۆکدا بگونجێن.

**رەوتەکانی کاتی گێڕانەوە**

**أ–رەوتی گێڕانەوەی دواخراو:**

گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ئێستای گێڕانەوەکەیدا دەوەستێت ودەست بە گێڕانەوەی رووداوی رابردوو دەکات ((ئاستی یەکەمی گێڕانەوەکە پاش دەخاو بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە بۆباس کردنی ئەو رووداوانەی لەکاتی خۆیدا باسی نەکردوون و پێداویستی هونەری گێڕانەوەکە ئەوە دەخوازێت کەلەکاتی ئێستادا باسیان بکات))[3] واتە لەدەمی رابردوو رووداوێك یان زیاتر روویداوە و لەبەر هۆیەك لەهۆیەکان دەرفەتی گێڕانەوەی نەبووە، لەگەڵ گێڕانەوەی

[1] – بناء الرواية، سيزا قاسم، ص٣٥.
[2] – الالسنية والنقد الادبي، د.موريس ابو ناضر، ص٨٥ .
[3] – بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردی دا، نەجم خالید ئەڵوەنی،ل١٥٩.

ئێستادا لەڕێی زەینەوە دەخرێنەوە روو، ئەمجۆرە دواخراوە فلاشباك (flash back)یشی پێدەوترێ زاراوەیەکی نوێیە بەمانای : گەڕاندنەوەی زەین بۆ دواوە(رابردوو)یەکی نزیك یا دوور ((ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی دەرهێنەرە سینەماییەکانەوە هاتووە، پاش تەواو بوونی وێنەگرتن، تێکەڵکردنی وێنەکان دەستپێدەکات و ئیشی تیادا دەکرێ بۆ پێش و پاش خستنیان بێ ئەوەی کارەکە ناڕێك بێت. بەزۆری لە چوارچێوە هونەرییەکەو خستنە ڕوویەکی شکۆداردا دەمێنێتەوە))[1] . ئەمەش لەڕێگەی هێنانەوە یادی هەندێك لەو رووداوانەیە،((کە لە رابردوودا روویانداوە، بەمەبەستی روونکردنەوەی شتە ئاڵۆزەکان))[2]، ئەو شتە ئاڵۆزانەش، رەنگە لەبەر خێرایی، بەسەر گێڕەرەوەدا تێپەڕیبن و نەیتوانیبێت بەباشی روونیان بکاتەوە

لە دواخراوی دەرەکییدا ((گێڕەرەوە بۆ ئەو رووداوانە دەگەڕێتەوە کەپێش دەستپێکردنی چیرۆکەکە روویانداوە، بەڵام لە گەڕانەوەیدا ئەو رووداوانە پێشکەشدەکات، کەپەیوەست بووە بەسەرەتای چیرۆکەکە بەمەش دەوترێت دواخراوی تێکەڵ)) [3].

لەوەی باسکرا دواخراو بڕی ماوەیەکی باسکراوو دەستنیشانکراوی دەبێت وەك ئەم قسەیەی گێڕەرەوە بۆ نموونە : سێ ساڵی تەواو خەیاڵی خۆی بردە دواوە .

لەوانەیە ((ئەم دەستنیشانکردنە تەواو نەبێت، بەڵام گێڕەرەوە هەندێ نیشانەو بەڵگەی وا دادەنێت، دەستنیشان کردنەکە نزیك بخاتەوە، لەوانەشە هیچ نیشانەیەك دانەنێ و بڕی ماوەکە بەنادیاری بهێڵێتەوە))[4]. ئەم دواخراوە

---

[1] – تقنيات السرد، امنة يوسف، ص٧١.

[2] – الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص١٣٥.

[3] – عن تحليل الخطاب الروائي (الزمن – السرد – التبئير ) سعيد يقطين : ص ٧٧ – ٧٨، بناء الرواية، سيزا قاسم : ص٥٤، نظريات السرد الحديث، والاس مارتن ترجمة حياة جاسم محمد، ص١٦٤.

[4] – بناء الرواية، سيزا قاسم : ص٥٢ ، تقنيات السرد، امنة يوسف : ص٧١ .

هەنـدێ جـار لەڕێگـەی گێـڕەرەوەوە وهەنـدێ جـاریش کارەکتـەر لـەرێی بەکارهێنانی زەینی خۆی ئەنجامی دەداو بۆ ئەوەیە: ((زیاتر رۆشنایی بخاتـە سەر رووداوەکانی رابردوو لەکاتی ئێستادا، بۆ ئـەوەی خوێنـەر بـەو رۆڵـەی کە کەسایەتییەکان لەناو گێڕانەوەکەدا دەیگێڕن ئاشنا بکات))[1] .

ئـەم پەنابردنـەی گێـڕەرەوە بـۆ تـەکنیکی دواخـراو، بـۆ ئـەوە بـووە لەکاتی خۆیدا نـەیتوانیوە رووداوێك بگێڕێتـەوە لەبـەر هاوکـاتبوونی لەگـەڵ رووداوێکی دیکە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش گەڕاندنـەوە باشـترین چارەسـەرە بـۆ مەسەلەکە، جگە لەمە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە کە دروستبووە .

ئـــەم دواخـــراوەش یـــان بۆ((بەبیرهێنانـــەوە، یـــان لەبـــەر گرنگیـــی رووداوەکـەو دووپاتکردنەوەیـەتی، یـان بـۆ روونکردنەوەیـەکی نوێیـە، یـان زیادکردنی واتایەکی دیکە بۆ ماناکەی پێشووتری لەژێر رۆشنایی هەڵوێسـت و بیری تازەدا، بەمەش گەڕاندنەوە دەبێتە گرنگترین رێگە بۆ گواستنەوەی واتا لەناو چیرۆکدا))[2]، واتا،

بۆنیشاندان وگێڕانەوەی هۆیەك لەم هۆیانەی باسکرا، گێرەرەوە هەوڵـدەدات بۆ گەڕاندنەوەی رابردوو، یان گواستنەوەی بۆکاتی نووسینی چیرۆکەکەی لـە کاتی ئێسـتادا وئـەم گەڕاندنەوەیـە تێگەیشـتنی چـیرۆکنووس بـۆ چـیرۆکەکە نیشاندەدا.

**نموونە بۆ دواخراوی دەرەکی :**

((منداڵ بووم دایکم کۆچی دوایی کرد، بـاوکم زۆر خـۆشمی ئەویسـت. لەبەر دەسکورتی باوکم ئەوەندە نەدەکەوتە ماڵ، خەریکی ئیشکردن بوو بـۆ ئەم و ئـەو، منـیش لـە ماڵـەوە ئەمامـەوەو خـەریکی ناومـاڵ بـووم. ژیـانێکی هێمنانەمان دەبردە سەر، چونکی باوکم یەشتانە لە سەرەتای ژیانیا بـوو زۆر ئارەزووم دەکرد کە هاودەمێ بۆ خۆی پەیداکا. لەسـەرەتاوە بـاوکم رازی نـە

[1] – گێڕانـەوە لـە ڕۆمانەکانی((عەبـدوڵڵا سـەڕاج )) دا، رێـزان رەحمـان خـدر، نامـەی ماسـتەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین ،٢٠٠٧، ل١٤٤.

[2] – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوی، ص ١٢١ – ١٢٢.

دەبوو دەمزانی لەبەر منێتی، بەڵام سوور بوونی من لەسەر ئەوەی کە دەبێ ژن بێنێ ناچار بوو پێشنیارەکەمی بەلایە زۆر پەسەندکرد))[1] .

گێـڕەرەوەی یەکـەم مـاوەی قسـەکردن بـۆ کارەکتـەری سـەرەکی بەجێدەهێڵێت، تا خۆی راستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆ کـاتی پـێش دەسـتپێکردنی گێڕانەوەکـە، ئەمـەش لەڕێگـەی بـە بیرهاتنـەوەو گێڕانەوەیـەکی خـودی ئەنجامدراوە، کاتی رووداوەکە زۆر پێش کاتی گێڕانەوەکە کەوتووە :

((وەك خەو دێتەوە بیرم .. ئێوارانێ دانیشتبووین، خەریکی شێوکردن بوومان، یەکێك بە توندی دای لـە دەرگـای ماڵمـان، دوو سـەگ هەوشـارمان هەبوو – کە بە رۆژ شوانەکەمان لەگەڵ خۆیان ئـەیانی بـرد، بـە شـەویش لـە حەوشا بوون – دەستیان کردە وەڕین و تاویان دا بەرەو دەرگا، شوانەکەمان کردیـە گاڕامەکـەی دەسـتیاو تـاوی دا بـەرەو دەرگـا، تـا بزانـێ کێیـە ؟ کـە گەڕایـەوە بـە دایکمـی وت : پـورە ئـامین دەڵـێ: ئایشـە کـوڕی بـووە))[2].

گێـڕەرەوە لـەم گێڕانەوەیـەدا دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ پـێش دەسـتپێکردنی چیرۆکەکەو رابردووی گوندەکەو بۆ ئەو کاتەی منداڵبووەو هیچ رۆڵێکی لـەناو ئەو پێشەکییەدا نییە تەنیا گێڕانەوەکە نـەبێت .. ((زۆربـەی رۆژانـی منـداڵیم تەماوی و نادیارن .. بەڵام رووداوی دەمەو عەسرانێکم باش لە یادەو هـەرگیز لە یادم دەرناچێ .. تاقانەی خوا پێداوێکی دەسڕۆبووم ئـەوەم هەمیشـە لـە یادە هەموو کاتێ بە تووڕەیی دەمدیت، جێگای دوورم بەر دەرگای حەوشەیا پێچی کۆڵانەکەی ئەو لامانەوە بوو، لە هەموو دەرچوونێکیشـمدا گیرفانـەکانم پڕ لـە مێـوژ دەکران مێـوژیش لـەم گەرمیانـە هـەروا بـە ئاسانی دەست نـە ئەکەوت و خواردنی هەموو کەسێ نەبوو))[3] .

---

١- کۆچیرۆك، نێچیر،ل١١.

٢- کۆچیرۆك، ئاڵ وشەوە، ل١٤.

٣- س.پ ، باڵندە، ل ٢١٤.

سەرەتای چیرۆکەکە بەگێڕانەوەی بیرەوەری دەستپێکردووە، ئەو بیرەوەرییانە لە کات و سەردەمی منداڵیی کارەکتەر روویانداوەو خەیاڵی نین و بوون بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی کارەکتەر.

ئەم رووداو و بەسەرهاتانەش تەنیا کارەکتەر خۆی دەیزانێ، بۆیە دەبێ هەندێك کاتی ئێستای چیرۆکەکە رابگرێ و، بگەڕێتەوە دواوە بۆ باسکردنی رووداوەکانی رابردوو لەڕێی گێڕانەوەی خودییەوە.

((تا شەوێکیان درا لە دەرگا، منیش فانۆسەکەم هەڵگرت، دەرگام کردەوە، تەماشا دەکەم مام رەشید و ئافرەتەکەی حەوشیانە، تا ئەو شەوە لە من وایە کچێتی ! فەرمووم لێیان کرد، هاتنە ژوورەوە، مام رەشید لەسەر (قەرەوێڵەکەم) دانیشت و ئافرەتەکەش لە نزیك دەرگاکەوە کریشکەی کرد. ئافرەتەکە تا بڵێی جوان و ناسك بوو (پووشونێکی) بەستبووە سەریوە، پەشتەماڵی سووریشی کە کەواکەی تێخزانبوو وەك پیارسکێکی لێکرد بوو، لە تەنیشت رانێوە گرێی دابوو !))[1] .

ئەم گەڕاندنەوەیە زۆر پێش کاتی ئێستای چیرۆکەکەیەو مامۆستای گێڕەرەوە لەڕێی بیرەوەری دەیانهێنێتەوە بۆ کاتی ئێستاو، زەینیشی بۆ ئەو کاتانە گەڕاندۆتەوە، کە لە گوند مامۆستا بووەو نامەی بۆ ئەو پیرەمێردەو بووکەکەی نووسیووە، بەڵام ئێستای گێڕانەوەکە وادیارە قوتابخانەکان داخراون و کاتی پشووی هاوینە، ئەم رووداوەش کاتێك روویداوە دوو مانگ بەسەر کردنەوەی قوتابخانەدا تێپەڕیبوو لایەنی کەم حەوت مانگ پێش کاتی گێڕانەوەکەیە ((شەوێکیان، لەولای قوتابخانەکەی ئێوەوە (ڕەبایەك) هەیە رەسووڵ و چەند کەسێکی تر لەو رەبایە ئێشکی خەتی ئاسنیان دەکرد، بوو بە تەقە، سەعیدو هاواڵەکانی هاتبوونە سەریان، خۆیان لەبەر تاقمەکەی سەعید ناگرن بۆی هەڵدێن، رەسووڵ نەبێ کە لە سەنگەرەکەی جمەی بۆ نەکردبوو لە تەقەی خۆی نەدەکەوت، سەعید بڕیار دەدا کە هەڵکوتێتە سەر

---

[1]– س.پ، دوانامە، ل٢٩ .

ڕەبایەکەو هەرچی چۆنێ دەبێ بیگرێ، کە سەعید تاو دەدا ئەچێتە مل سەنگەرەکەی ڕەسوولدا هەردووکیان دەستییان لە کار دەبێ، بەسەریەکدا دەکەون، لەم ماوەیە تفەنگچییەکی زۆر لە دێکە دەگەنە شوێن شەڕەکە ئیتر هاواڵەکانی سەعید خۆیان دەکشێننەوە کە دوور دەکەونەوە، ئەمجا دەزانن کە سەعیدی هاورێیان لێ جێماوە هەر چەنێ دووبارە هێرشیان کرد سەر ڕەبایەکە، بەڵام بێسوود بوو. دنیا تا دەهات ڕووناك دەبۆوەو ئەو ناوەش پادەشتییە دەبوایە ناچار بگەڕێنەوە .. من لەوێ نەبووم ئێژن هەردووکیان دەسیان لە ملی یەکتر کردبوو))[1] .

ئێستای گێڕانەوەکە ساڵی هەزارو نۆ سەدو شێست و هەشتە، دیارە دوو ساڵ یان ساڵێك بەر لەو مێژووە، کورد دەستی لە بێنە قاقای یەکتر نابوو بە فیتی دوژمنانی. واتە ماوەی گەڕاندنەوەکە لەگەڵ ئێستادا نێوانێکی زۆری هەیەو گێڕەرەوە لە ڕێگەی بەبیر هاتنەوەوە گەڕاندنەوە بۆ دواوە دەیانگێڕێتەوە.

**نموونە بۆ گەڕاندنەوەی ناوەکی :**

((دووبارە ئەو ڕۆژەی کەوتەوە یاد کە لەگەڵ (عەلی) مێردیا بە گوڵە گوڵ و خۆشی هاتبوون بۆ بەغدا .. بەڵام ئەمجارە هاتووە گوایە بڕواتەماڵ (خۆشە)ی برای و هەواڵێکی بپرسن))[2]. ئەو بیرکردنەوەیە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە لەوێ گێڕەرەوە باسی نەکردووە، ئێستا کارەکتەری سەرەکی لەڕێی زەینیەوە دووبارە هێناویەتییەوە بیری خۆی و خۆزگەیان بۆ دەخوازێت، بە تایبەتی کارەکتەر لە سەفەری جاری دووەمی بۆ بەغدا بە تەنیا و وێڵ و سەرگەردانە هەر بۆیە بیری بەلای سەفەری یەکەمیدا دەڕوات کە لەگەڵ مێردی هاتبوون بۆ بەغدا، ئەمەشی لەڕێی دواخراوی ناوەکییەوە ئەنجامداوە ..

---

[1] – کۆچیرۆك، تاکەی شەڕی براکوژی ، ل٢٧.

٢ – س.پ، دیارییەکی پەسەند نەکراو، ل٥٢.

((چەند شەوێك لەمەوبەر تا حەبێکی خەوم قووت نەدا سەرم بۆ نەخرایە سەر سەرین، لەو کاتەوە ئەم خووە یەخانگیرم بووە زۆربەی شەوانم لە گەڵیا والا وردمە))[1]، لەم گێڕانەوەیەدا گەڕاندنەوەی ناوەکی بەدی دەکرێت و، چیرۆکنووس لە باسی رووداوەکانی ئێستا وەستاوەو، رەوتی گێڕانەوەکەی بۆ چەند شەوێك لەمەوبەر بردۆتەوە پاش بۆ باسکردنی حەب خواردنی کارەکتەر، کە بووە بە خوویەك و دەستبەرداری نابێت، لە پێشترو لە کاتی خۆیدا باسنەکراوە. ((پێش ماوەیەك کە دەستت لە ناو دەستمدا ئارامی گرت، هەستم کرد دەستی دایکمەو جێ دەستی رۆژگارم سارێژ دەکات))[2]، ئەم رووداوە پاش دەستپێکردنی چیرۆکەکە روویداوەو کارسەکتەر بە تەکنیکی دواخراوی ناوەکی خۆی گێڕانەوەکەی ئەنجامداوە .. هەر لە هەمان لاپەڕەدا، کارەکتەر دەڵێ : ((ئەم ئێوارەیە کە چەپکە گوڵەکەت دامێ وپێت وتم : ئەمەیان لە گوڵدانێکدا لە تەنیشت چوارچێوەکەی دانێ، سەرو گوڵیش دەدەینە دەستی ئەوانی دیکەوە. وا هەڵدەستم فەرمانەکەت بەجێ دێنم))[3]. ئەم رووداوە لە ئێوارەیەکدا روویداوە سەرەتای یەکتر ناسینی کارەکتەری سەرەکییە لەگەڵ (پەری)، لەم جۆرە گەڕاندنەوەدا، گێڕەرەوە باسی ئەو رووداوانە دەکات کە لە پێشتر روویانداوە : ((چەند رۆژێ لەمەوبەر بوو، وەك ئێستایان بەسەر سەرە نوێلکەکەوە یارییان دەکرد (پوورە ئایشێ)یش ماوەیەك بوو لەبەر دەرگا دانیشتنی کرد بووەپیشە، لە بەیانی زووەوە تا ئەو کاتەی تاریکی دا دەهات پاڵی بە دیواری حەوشەوە دەداو دەیڕوانیە دەشتاییەکەی بەردەمی .. بانگی کردن :

— وریا، ئازاد ئا وەرن .

[1] – س.پ ، کەبێدەنگی هێرش دەبا، ل٨٥.

[2] – س.پ، دەست ، ل٩٦ .

[3] – س.پ، دەست، ل٩٦ .

بـه پرتـاو خۆیـان گەیانـدیٚ، هـەر بـە دانیشـتنەوە دەسـتی بـە گیرفـانی کەواکەیدا کردو سەرو نوقڵی دانیٚ))[1]، گێڕەرەوە لـەڕێی دواخـراوی نـاوەکی بۆ (چەند رۆژیٚ لەمەوبەر) گەڕاوەتەوە دواوەو دەستی لە گێڕانەوەی ئێستای چیرۆکەکە هەڵگرتووە، ئەم ماوەیەش کە بۆی گەڕاوەتەوەو باسی دەکات لـە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدایـەو لـە دەرەوەی نییـە. ئـەو کاتـەی وریـاو ئـازاد یارییان کردووە، پیریژنەکە بانگی کردوون تاکو نوقڵییان بداتیٚ .

((دوێنیٚ نە پێریٚ بوو، سوارە بە دەم مەمك گوشینەوە بە ئاگای هێنا، توند باوەشی لێدا بە خۆیەوە گوشی))[2]ئەم بیرەوەرییە نزیکە بۆ (دوێنیٚ نـا پێریٚ)

لەڕێی زەینی کارەکتەری ئـاوارەو دەستبەسـەرەوە گەڕانراوەتـەوە، لـە ئێستای گێڕانەوەکەیدا وەستاوە کە لەناو تەلبەنـدێك کـراوە بـۆ راگواسـتنی، یادی ئەو رۆژانەی رابردووی  دێتەوە بیری.

((ئاوێنەکە دیمەنێکی دووبارە کراوی نـاو ئـاوی گۆلەکـەی نیشـان دەدا کـە چـەند سـەعاتیٚ لەمەوبـەر بینـیم))[3]. زەینـی کارەکتـەری سـەرەکی و گێڕەرەوە بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ (سەعاتیٚ لەمەوبەر)، ئەو کاتەی وێنـەی دەسـتی شـۆخەی خۆشـکی لـەناو ئاوەکـە دیـت درێـژیکرد بـوو بـۆ براکـەی (کارەکتەری سەرەکی) بۆ یارمەتیدان، ئەو کاتە کارەکتەر ئەو دیمەنە عەکس بووەی بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵام لە ئێستای گێڕانەوەکەدا لە یادی دەرناچـیٚ و رۆژ بە رۆژ پارچە پارچـەی دەکـات، هـەقی ئـەوەی یارمـەتی خوشـکەکەی نـەداو تەسـلیمی رژێمـی کـردوو راگواسـترا بـۆ کـەنیزەیی کـردن لـە وڵاتـە عەرەبیەکان .

ئەم دواخراوە ناوەکییە پێوەندی بـە زەینـی کارەکتـەری سـەرەکییەوە هەیەو هەر لە زەینیدا دەخولێتەوەو دەیانگەڕێنێتەوە بۆ ئێستا.  ئـەم جـۆرە

١ – س.پ، لەرۆژمێری دێیەکی ئەمخوارەدا، ل ١٠٤.
٢– خەونی ناو تەلبەندەکە،ل٢٠٤.
٣ – س.پ، ئاوێنە ،ل٢٠٧.

گێڕانەوە دووبارەیە کارەکتەر بەردەوام بۆ رابردوو دەگەڕێتەوەو، ئەو قسەو باسانەی کراون دووبارەیان دەکاتەوەو پێی دەوترێ (دواخراوی دووپاتکراوە)[1] ئەمەش دوو جۆرە: ((یەکەمیان: گێڕانەوەی رووداوەکانە، یان گەراندنەوەیەتی لەڕێگەی یەك گۆشەنیگاوە .

دووەمیان : دووبارەکردنەوەیەکە لە سەر گۆشەنیگای جیاواز بنیاتنراوە، بەهۆی گێڕانەوەی جۆر بە جۆر، وا لە خوێنەر دەکات رووداوێك یان چەند رووداوێك ببینێ، کە بە گۆشەنیگای جیاواز گێڕراونەتەوە))[2].

ئەم نموونەیە لە چیرۆکی (دەست)دا هاتووەو، دووبارە کردنەوەکە گۆشەنیگای کارەکتەرەکەیە. نموونەش لەم جۆرە دواخراوە دووپاتکراوە زۆر کەمە: ((ئەمەیان لە گوڵدانێکدا لە تەنیشت وێنەی ناو چوارچێوەکەدا دانێ سبەینێ سەرو گوڵ دەدەینە دەست ئەوانی ترەوە))[3] ئەمەیان قسەی (پەری)یە لە سەرەتای چیرۆکەدا بە هاوڕێی (کۆچەر) کە خۆشەویستێتی، وتووە وەك بینیمان هاوڕێی کۆچەریش لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا دووبارەی کردۆتەوە.

((سەرەتای زستانێکی تووشی چەند ساڵ پێش ئێستا بوو، ریگەمان کەوتە دێکەیان، ئەم پیرەژنە سەرە رێگای لێ گرتین، پاڕایەوە : ئەم بازوو بەنە بدەنە دەستی(حسێنی) کوڕم))[4]. لەم برگەیەدا گێڕەرەوە گەراندنەوەی ناوەکی بەکارهێناوە و ئێستای رووداوەکانی راگرتووەو، رەوتی گێڕانەوەکەی بۆ (چەند ساڵ پێش ئێستا) گەڕاندۆتەوە دواوە، بۆ ئەوەی باسی ئەو کاتانە بکات، کە پێشمەرگە بوو، رێی کەوتبووە ئەم دێیەو ئەم پیرێژنەی لە ئێستای گێڕانەوەکە دایەو لەماڵیان نان دەخوات، هەر ئەو پیرێژنە بازوو بەندێکی

---

[1] – خطاب الحکایة، جیرار جینیت، ص٦٤.

[2] – قراءات في الادب والنقد، د.شجاع مسلم العاني، منشورات اتحاد الكتاب العرب، ط١، ١٩٩٩، د.م، ص١٦٢–١٦٣

٣ – کۆچیرۆك، دەست، ل٩٢.

٤– س.پ، لەسەرەرێدا،ل١٠٧ .

دابوویە تاکو بیداتە (حسێن)ی کوڕی پیرێژنەکە. ئەو کاتە ئەویش پێشمەرگە بوو، بەڵام ئەوان تاکو گەیشتنەوە لای(حسێن) شەهید ببوو.

((بەڵێ ساڵێك و شتێکە.. ئا، ئەبێ هەر ئەڵێی دوێنێیە، ئەو کاتە تا گەیشتینە هەقەجێ وەك ئێستا شەست بوو))[1].

لەم گێڕانەوەیەشدا، گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ئێستای چیرۆکەکە وەستاوەو لەرێی زەینەوە گەڕاوەتەوە بۆ (پێش ساڵێك و شتێك) کاتێ لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەربەدەرکران لە کەرکووك و، چوون لە شارەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێ بوون، ئەو کاتە باران بوو، هەروەك کاتی شەهید بوونی برایمی براشی کە بەرتۆپی دوژمن کەوت ئەو کاتەش هەر باران و شەست بوو، وەك ئێستا کە لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا دانیشتوونەو بارانە. دواخراوی ناوەکی لە چیرۆکەکانی (دەستی ئۆخەی،ل٣٥، کەبێدەنگی هێرش دەبا،ل٨٥، بۆشایی،ل٩٧، هەڵسانەوە،ل١٢٨ تۆپەکەی ئازاد،ل١٠٠)دەبینرێ.

**نموونە بۆ دواخراوی تێکەڵ:**

((لەو سەردەمانە هەموو هاوڕێ هەرزەکارەکانم باسی سەرکێشی خۆیانیان لەگەڵ ئافرەتاندا بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، تەنیا من نەبێ، بە بیستنی ئەم باسانە ئارەقەم دەکرد بەعەزرەتەوە بووم لە نزیکەوە بۆنی ئافرەتێ بکەم، کە کچێکم لێنزیك دەبووەوە وەك ژوو ژوو بێ ئەوەی لە دەسەڵاتمدا بێ گرمۆڵە دەبووم، کە گوێم لە تریقەی گاڵتە پێکردنیشیان دەبوو دەتوامەوەو دەبووم بە تنۆکێ ئاو .. بۆیە کە ئێستا هەر ئەوەندە دەستم دەنێمە ژێر چەنەو پێڵووم دەنێمە سەریەك دەبمە (هاڕوونێکی) ئەم سەردەمە کەنیزەی دونیام لێ دەئاڵێ))[2].

گێڕەرەوەو کارەکتەری سەرەکیی گێڕانەوەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ سەردەمی لاوی و هەرزەکاری، رابردوویەکی دوور، باسی حەزرەتمەنییەکانی

---

[1]- س. پ، تۆپەکەی ئازاد،ل١٠١ .

[2]- س.پ، فڕینەکانی نازم رەشەقوماش، ل١٥٩.

خۆی کردووە، خاڵی دەسپێکردنی گێڕانەوەکەن، دوای ئەوە دەگاتەوە کاتی ئێستای گێڕانەوەکە، بە ئاوەڵکاری ئێستا جیا دەکرێتەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو، بە هۆی فرمانی ڕابردووەوە دەستنیشانکراون پێش ئێستای گێڕانەوەکە نیشاندەدەن .

((تەماشاکە ئەو ئێوارەیە کە لەسەر زیارەتی دارە پیرۆزەکە گەڕابوویتەوە، لە ماڵەوە دەوریان دای، وتیان : (یەك ڕێگات لە پێشە کوێخاو بەس) بەڵام تۆ هەر ئەو ئێوارەیە بوو لەگەڵ ڕەسووڵدا بڕانبووتانەوە .."عەیامێکەو وا ئێستا بە ڕوونی لەبەر چاومە"))[1]. لە ڕێگای بیرەوەرییەوە کارەکتەر بۆ سەرەتای چیرۆکەکە گەڕاوەتەوە، کاتێ دەیانویست بیدەن بە کوێخا، بەڵام ئەو لەو ڕابردووەدا لەگەڵ ڕەسووڵ بڕاندبوویەوە. لێرەدا بە هۆی ئاوەڵکاری (عەیامێکە) ڕابردووەکە جیا کراوەتەوە لە (ئێستا)ی گێڕانەوەکە کە کارەکتەر یادی ئەو ڕابردووەی تیادا دەکاتەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم بڕگانەوە هەست بە ئازارو ئەشکەنجەی دەروونیی کارەکتەر دەکرێ، کە تاکو ئێستا بەردەوامەو لەگەڵیەتی بیرەوەریش باشترین ئامرازو بنچینەییترین شتە بۆ ئەم بنیاتنانە.

((ئەو کاتانەش بە قسەی داپیرەم نەدەکرد .. دەچوومە پاڵ پنجە قامیشەکانی سەرگردەکە، ئەو کاتەش گوێم لە جۆرە وزەوزێکی نادیار دەبوو، نەمدەزانی چین، لە ترسانا زوو دەگەڕامەوە، خۆمن ئێستا بۆ ئەوە ڕانەوەستاوم یادەکان وەگیرم بێنن، پەلەکێشم بکەن، من چی لە ڕابردوو بکە؟ کام یادەوەریمان، ئازاری ڕۆحمان نادات ؟))[2] .

فرمانەکانی (نەدەکرد، دەچوومە، دەبوو، نەمدەزانی، دەگەڕامەوە) هەموویان فرمانی ڕابردووی بەردەوامن. واتە: ڕوویانداوەو تەواو بوون، بەڵام کاریگەریی کردارەکان لەئێستادا ماون، بۆیە پێیاندەوترێ بەردەوام ئەوانە لە سەردەمیی منداڵی کارەکتەردا بووە، کاتێ سەرکێشیی کردووەو بەقسەی

---

[1] - س.پ، ئەی چی بکەم، ل١٦٢-١٦٣ .

[2] - کۆ چیرۆك، ل١٧٣ .

داپـیرەی نـەکردووە، بـەڵام ئێسـتای گێڕانەوەکـە کـە لـەڕێی ئاوەڵکـاری (ئێستا)وە لـە رابردووەکـە جیـای کردۆتـەوەو بـۆ ئـەوە نەوەسـتاوە دیسـان رابردوو پەلکێشی بکاتەوە، بۆ ئـەورابردووەی، کـە هـیچ خۆشـییەکی تێـدا بەدی نەکردووە.

تێکەڵکردنی رابردوو لەگەڵ ئێستا وەستایی و لێهاتوویی چـیرۆکنووس بە دیار دەخات بە زۆری سەرەتا، کە رابردووەکەیە، بە فرمانی رابردوو جیـا دەکرێتەوە لە ئێستای گێڕانەوەکە، کە ئەویش بە زۆری بە ئاوەڵکاری ئێسـتا جیاکراوەتەوە لە هەندێ لاپەڕە[1] ئەم تەکنیکە بەدی دەکرێت .

دواخـراو بەهەرسـێ جۆرەکانییـەوە تـەکنیکێکی زەمانییـە لـە خزمـەتی گێڕانەوەدایـەو بەشـداری لەگەشـەکردنی رووداوەکـان و پەرەسـەندنیان دەکات.جگـە لـە ((پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییانەی گێڕانـەوە لـەپاش خـۆی بەجێیان دەهێڵێ. زانیارییان لەسەر رابردووی کارەکتەرێك پێدەبەخشێ، کە تازە لـەناو چـیرۆکدا بەدیارکـەوتووە، یـان لـەبزربوونی لـەناکاوی کارکتـەرێك لەسـەر شـانۆی رووداوەکـان و دووبـارە بەدیارکەوتنـەوەی لـە نـوێ، ئـەم ئەرکانەش بە بیروڕای جیرار جینیت لەگرنگترین ئەرکە تەقلیدییەکانە بۆ ئـەو جیاوازییانەی بڕی ماوە))[2].

ئەو شتانەی دواخراو دروسـتیان دەکـات لە((لەرینـەوەو لادانـی کـاتی لـەرێرەوی گێڕانـەوەدا وا لەخوێنـەر دەکـات بەبـەردەوامی بەچـیرۆکەکەوە پابەندبێ و دەستبەرداری نەبێ وازی لێنەهێنێ ئەم دڵـەراوکێ وپابەنـدبوون و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ لای خۆی لەمەدا یارمەتیدانێکە بـۆ بـەهای کـاری هونەری و بەرز راگرتنی پایەی چیرۆکە ئەندێشە کراوەکە))[3] .

---

١ – کۆچیرۆك، ل١٠٨–١٤٠.

٢– بناء الروایة، سیزا قاسم، ص٥٤ – ٥٥.

٣ – قضایا الروایة الحدیثة، جان ریکاردو، ص٢٥٨، بنیـة الشـکل الروائـي، حسـن بحـراوی، ص ١١٥، ١١٧.

جگە لەو ئەرکانەی کەگەڕاندنەوە هەیەتی ((خاوەنی هەندێ ئامرازیشە لەوانەش بەیارمەتی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە))[1] بۆ دواوە دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی رووداوەکانی رابردووی، ئەمەشیان زۆر جار بەهۆی بە دیارکەوتنی کارەکتەرێك لەنوێ بۆ پێشکەشکردنی و دەستنیشانکردنی رابردووی و روونکردنەوەی وێنەکە.

رەنگە هەر لە رێگەی کارەکتەرەکە خۆیەوە بکرێ لەڕێی بەبیرهاتنەوەی رووداوەکانی رابردووی بەپەرەگرافێك سەرەتاکەی بەهەندێ وشە دەستپێدەکات وەك : بەبیری هاتنەوە، یان هاتەوە یادی.. ئەمەش بەزۆری لەرێگەی خۆدواندن و مەنەلۆگەوە ئەنجام دەدرێت، نووسینی ئەم خۆدواندنەش یان دەخرێنە ناو دوو کەوانەی ورد یان بەخەتی ورد یان خەتی گەورەتر دەنووسرێ.

**ب- رەوتی گێڕانەوەی پێشخراو**

پێشخراو پێچەوانەی دواخراوە، شێوەی دووەمە لەجیایی زەمەن و، لەجیاتی باسکردنی رووداوی رابردوو پەیوەندی بەباسکردنی هەندێ رووداوەوە هەیە، کە لەئایندەدا روودەدەن و گێڕەرەوە لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا پێش کاتی روودانیان ئاماژەیان پێدەکات.

پێشخراو لەدەقی چیرۆکدا لەچاو دواخراودا کەمتر بەرچاو دەکەوێت، جگە لەوەی بەشێکی گرنگە لەبنیاتی کات لەچیرۆکدا بەشداریش لەپێشخستنی رووداودا دەکات، ئەمەش لەداهاتوو روو دەدات و خۆی بۆ گێڕانەوەی ئامادە دەکات و لەلایەن گێڕەرەوە ئەنجام دەدرێت، یان پێشخرانی داهاتووی کارەکتەرێکە لەلایەن چیرۆکنووسەوە یان خودی کارەکتەر، رەنگە ئەمە وەك : ((ریکلامێك یان هەواڵێك بێت وەك نەخۆشی،

---

[1] - بناء الرواية، سيزا قاسم، ص٥٩-٦٠ .

مـردن، ژنهێنـان، یـان سـەرنەكەوتن لـەپڕۆژەكانی، جـیرار جینیـت ئەمـە بەپێشبینیی دەرەكی دادەنێت))[1].

پێشبینی، كە بەشێكە لە پێشخراو مـەرج نییـە هـەمووجار بێتـەدی، چونكە بەزۆری وێنەی پێشخەری رووداو لەشێوەی پێشبینی وپلاندان لەلایەن كارەكتەرەوە دەبێت لەوەی كە روودەدات، یان دەیكات لەژێر رۆشناییی ئـەو هەلۆێست و رووداوانەی كە تێدەپەڕن[2]. بەمەش ئەو رووداوانەی كەپێشبینی و چـاوەڕوانی دەكـرێن، مـەرج نییـە لەسـەدا سـەد رووبـدەن كـە ئەمـەش تایبەتمەندیی بنیاتی پێشبینیكردنە[3]. لـەم جـۆرە گێڕانەوەیـەدا گێـڕەرەوە دەست لەگێڕانەوەی ئێستای چیرۆكەكە هەڵدەگرێت و دەست بە گێڕانـەوەی داهـاتوو دەكـات، بەمـەش دژیەكییـەك لـەكاتی گێڕانەوەكـە دروسـتدەبێ، گێڕانەوەی كاتی ئێستا سست و خاو دەبێتەوە، گێڕانەوەی داهـاتووش خێـرا دەبێت.

چیرۆكنووسی ئـەم لێكۆڵینەوەیـە، تاڕادەیـەكی بـاش پێشـبینی لـە چیرۆكەكانیدا بەكارهێناوە ((رۆژێ دێ بە سەرفرازی و سەربەرزییەوە جەژنی تیا دەكەم ...لەمن ناوەشێتەوە، كـام شـەڕ سـەختە بەشـداری دەكـەم، كـام ئەرك گرانە شانی دەخەمە ژێر))[4].

لـەم پارچـەیەدا گێـڕەرەوە، لـە ئێسـتای گێڕانەوەكـەوە تێدەپـەڕێت و هەلێك دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی سـوود لـە خـەون و بـیرو خۆزگـەی كارەكتـەر وەربگرێ، كە لەسـەر هیـواو ئـاوات و سـەركەوتن بنیـاتنراوە بـۆ داهـاتووی و قەڵـەمباز بـۆ پێشـەوە بـە پێشخسـتنی رووداوەكـانی داهـاتوو، لـە رێگـەی پێشـبینی بـۆ ئـەو رووداوانـەی ئەگـەری روودانیـان دەكـرێ لـە داهـاتوودا. كارەكتەر پێشبینی ئەوە دەكات بە ئازادبوونی كوردسـتان ئـەویش دەتوانـێ

---

[1] – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوى، ص١٣٢-١٤٣.
[2] – بناء الرواية، سيزا قاسم، ص٦١.
[3] – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوى، ص١١٣.
[4] – كۆچیرۆك، دوانامە، ل٣١ .

بەسەرفرازی و سەربەزییەوە بگەڕێتەوە ناو خزم و دۆست و لای یارەکەی. بەم پێشبینییە کارەکتەر وا لە خوێنەر دەکات تا کۆتایی چیرۆکەکە چاوەڕوانی هاتنە دی ئەم پێشبینییە بێت، کەچی لە ناکاو خوێنەر شۆك دەیگرێ بەرامبەر نەهاتنە دی پێشبینییەکەو کوژرانی کارەکتەری پێشمەرگە، واتە ئەم پێشبینیە تەنیا خەونێك بووجێبەجێ نەبوو ونەهاتەدی، بەمەش خوێنەر دڵنیا دەبێت لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پێشبینی، کەوا ((ئەو زانیاریانەی پێشکەشی دەکات جێگەی باوەڕ نین))[1] .

((... سێشەم... چوارشەم ... لەبەر خاتری (هیوا) نەبێ ناچمەوە ئەم جانتایەشم بەسە، ئەسپەکەش دەنێمە ناو زەرفێك، وەکو هەموو جارێ و بەر لەوەی ماچەکەم بداتێ هەڵدەکوێتە سەرپێرە جانتا. جانتاش دوو فانیلەی قرێژ و بێجامەیەك و دوو سێ کتێبی تێدایە. لە پڕ دەینێمە بەر دەستی جا تەماشا چی خۆشییەك دایبگرێ))[2]. کارەکتەری ئەم چیرۆکە لە شوێنێك دوور لە خێزانەکەی دەژی، دەیەوێ دیارییەك بۆ کوڕەکەی بباتەوە ئەم دیارییەش بریتییە لە (ئەسپێك) جارێکی دیکەیش بۆی کڕیوە، بەڵام ئەو بێ شەرمانەی لە وەخت و ناوەخت هەڵیاندەکوتایە سەرماڵان، ئەسپەکەیان لێ پانکردبۆوە، بۆ جاری دووەم ئەسپێکی دیکەی کڕیەوە، لە بیروخەیاڵی ئەوەدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ چۆن و بە چ شێوەیەك کوڕەکەی بەرەو پیری دەچێت و لەبەر خاتری کوڕەکەی بە خەیاڵ ئەسپەکە ناخاتە ناو جانتا تاکو زوو بیبینێ. ئەمانە هەموو پێشبینین و مەرج نییە بێنە دی، بەڵام کارەکتەر زۆر حەز دەکات وەك جاری پێشوو ئەسپەکە نەفەوتێ و بگاتە دەست کوڕەکەی، ئەم جۆرە پێشبینی و گریمانە چاوەڕوانی و تامەزرۆو پەرۆشی لە زەینی خوێنەر دروست دەکات بۆ ئەوەی ئەنجامەکە بێتە دی، بەڵام لەوانەیە بێتە دی لەوانەیشە نەیەتە دی .

---

[1]- بنية الشكل الروائي، حسن بحراوى، ص١٣٢.

[2]- کۆچیرۆك، بووکەشووشە، ل١١٠.

له چیرۆکی (بێ خوڕەی ڕۆخانە گەرمیان هەڵناکات) چیرۆکنووس سوودی لەم تەکنیکی پێشبینییە وەرگرتووە ((ڕۆخانە رووبارێکی سەرچاوە کورت و وەرزییە، هەڵچوون و داچوونی زۆرە، هەر لە سەرچاوەکەیشییەوە (بازیان) دانیشتوانی ئەم بەرو ئەو بەری سەری تێدەکەن تا دەگاتە گەرمیان .. ژیانی خەڵکی لەسەرە، بۆیە هەر هەڵچوون و داچوونێکی لە ژیانی خەڵکەکەشدا رەنگدەداتەوەو دەبێتە هۆی هەڵکشان و داکشانی گوزەرانیان))[1].

شەماڵ کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەیە لە ئێستای چیرۆکەکەدا ڕۆخانە ئاساییەو کەمی نەکردووە، کارەکتەر بە خەیاڵ و لەڕێی دواخراودا دیمەنی ڕۆخانەی دێتەوە یاد، کاتێ وشکی دەکرد چ کارەساتێك رووی تێدەکردن، کە ئەمە رەنگە وەك رەمز مەبەستی نەمانی شۆرش بووبێ. لەو ساڵانە (١٩٨٣) رژێم زۆر بە توندی پلانی نەهێشتن و کوژانەوەی شۆڕشی کوردی دەدا، شۆڕش و چیا بۆ کورد وەك ئۆکسجین وابوون، بەنەمانیان خەڵك خۆی بەخنکاو دادەنا. ئیدی لە پێشبینییەکدا وشکبوونی ڕۆخانە دێتە پێش چاوی شەماڵ و ئەنجامەکەشی دەبینێ ((ئەمجارەش هەر لە جێگاکەی خۆیەوە ڕۆخانەی بەسەرکردەوە، بە جۆرێکی کەی هاتە پێش چاو .. بەردی قۆقز، لم و زنجی وشك برك و پارەمای سیس و ژاکاوو، هەر گەڵایەو لە لاسکی خۆی دەترازێ با کە بە بەردەکانیانی دەدا وردوخاش دەبوون، چاوی گێرا کەس دیار نییە لە کەنارو دۆڵەکاندا چریکەی (سەوزە سەوزە) نایەت))[2]. ئەم پێشبینییە لەوانەیە بێتە دی لەوانەیشە نەیەتە دی، بە تایبەتی لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا هیواو ئۆمێدێکی زۆر بەدی دەکرێ لەڕێی ورەی پۆڵاینی خەڵکەکەو پەرۆشیان بۆ ئەم ئاوە بڕیاریان دا، ڕۆخانە وشکیش بکات بە دەست و بازووی خۆیان لە حەوت تەبەقەی زەویش ئاو دەردێنن و ناهێڵن ئاو بڕانێکی تر ببینن[3]. ئەم مسۆگەرکردنی هیواو ئاواتە

---

[1]– چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل٣٣٦ .

[2]– کۆچیرۆك، بێ خوڕەی ڕۆخانە گەرمیان هەڵناکات، ل١٢٠ .

[3]– س.پ، بێ خوڕەی ڕۆخانە گەرمیان هەڵناکات، ل١٢٣.

زیاتر لەوە دەبینرێتەوە، کە نەهێڵن رژێم شۆڕشەکانی کورد بە پلانی جۆراوجۆر ریشەکێش بکات و دەنگی پێشمەرگەو سروودەکانیشیان بۆ ورە بەرزکردنەوەی خەڵك دەبێ هەر بەرز بێو لەرزۆك نەبێ. لێرەدا شۆڕش و رووبار بەرامبەر یەکن و دەنگی سەوزە سەوزەش دەنگی پێشمەرگەو سروودەکانیانە. ئەم پێشبینییە تا سەر نەبوو، رۆخانە وشکی نەکرد تا گەرمیان ببێ بەبیابان و دەنگی رەبابە شوێنی سەوزە سەوزەو ئایی بگرێتەوە.

((ئەو سێبەری بۆ حەوشەیەك کردووە، من دەبمە قەڵغانی وڵاتێك، ئەو لە تیشکی خۆری ئەم گەرمیانەتان دەپارێزێت، من لە بەلای ناگەهان ...))[1]. دەنگی ئەم منداڵە دەنگی خودی چیرۆکنووسەکەیەو، هیوای بەرزی بەوەیە رۆژێك بێت منداڵی کورد ببن بە قەڵغان و سوپەر بۆ کوردستان و هەرواش بوو، ئەم هاتنە دییە بە ڕای د.نجم ئەڵوەنی، پێیدەوترێت پێشخراو [2].

لە مەنەلۆگێکی ناڕاستەوخۆدا کارەکتەر لە ناوبیرێکی وشکبۆوەی ئاوە پێشبینی ئەوە دەکات، ئەسپێك بە هانایەوە بێت و رزگاری بکات. تەنگ و تاریکی دڵ و دەروونی وای لێکردووە بە خەیاڵ رێگە چارە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، کە ئەگەری ئەم پێشبینیە زۆر ئەستەمەو نایەتە دی، بەڵام مرۆڤی خنکاو دەست بە پنچە خڕنووکێکەوە دەگرێ، تا لە خنکان رزگاری ببێ ((دەزانم رێبوار نییە، ئەسپێکی سەرهەڵگرتووەو بۆ خۆی کەوتووەتە ئەو دەشتەو هەردەیە، دێ، کاتێکت زانی وەك با هات، دێ و ئاڵەوێ لای ئەو تاشەبەردە نەعلەتییەوە کەمن ساتمەم لێ کردو پێم هەڵتووتا، ئا لەوێدا دەوەستێ، کونە لووتی کراوەتەوە، بە فیزێکەوە سەیرێکی دواوەی دەکات، ئەسپی رەسەن ئەو جۆرە ئاوڕدانەوەیان هەیە، تینوویەتی، بۆ خۆی سەری نەوی دەکاتەوە پیرە جڵەو خڕڕڕ دێتە خوارەوە، منیش لە دەستی خۆمی

---

[1]- کۆچیرۆك، بەردی سەبر، ل١٣٧.

[2] – بینای کات، نەجم خالید ئەڵوەنی، ل٢٣٢.

دەئاڵێنم، دەسڵەمێتەوە، باش دەکا کە دەسڵەمێتەوە بەملاو بەولامدا دەدا، دەبێ خۆم راگرم ئازاریشم پێ بگات هەر خۆم رادەگرم))[1]. کارەکتەر لەو شوێنە تەنگ و تاریك و بە خەیاڵ دروستکراوەدا، هیچ پەناو ئۆمێدێکی نییە، دڵخۆشی خۆی پێ بداتەوە مەنەلۆگ نەبێت، مەنەلۆگ بووە هەمرازو هەمنشینی، جگە لەپەنا بردن بۆ خەیاڵ و دەربڕینی حەزە پەنگخواردووەکانی ناخی.

(ئەسپ) وەك رەمزێك بەکارهاتووە، چونکە لە کاتی نووسینی چیرۆکی (هاوار– ١٩٨٨) فریادڕەسی کورد خەوو خەیاڵ بوو، ئەسپیش وەك رەمزێك بۆ هێزو شۆرش و ئازادی، کە ئەمە هەر پێشمەرگەکان بوون، دڕیان بە شەوی تاریك دەدا. لەو سەردەمەدا.

ئەم چیرۆکی (هاوار)ە وەك شیرێکی بریقەدار، سەری پلانە جۆر بەجۆرەکانی رژێمی دەپەڕاند، پاش سێ ساڵ شورەی پۆلاینی رژێم بوو بە (پووش و کا)و هەڵوەری، روومەتی پەیکەری دکتاتۆر لە جیاتی ماچی بەدرۆی جارانی جەماوەر تاکە نەعلی عێراقییەکانی دەگرتەوەو، ئەم لووە شێرپەنجەییە لە جەستەی عێراقییەکان بە گشتی و جەستەی کورد بە تایبەتی ریشەکێش کرا. ئەسپی فریادڕەس بە شێوەیەك لە شێوەکان، ئەگەرچی خەیاڵێکی رووت بوو، بەڵام بوو بە راستی .

((لەمەودوا بە رۆژیش دێین و لەم ناوانەدا بە ئارەزووی خۆمان تەراتێن دەکەین .. دەتوانین بۆ لای هەموو کەسێك بچین و قسەشی لەگەڵدا بکەین))[2]. ئەم پێشبینییە لە چیرۆکی (سێبەرە سپییەکان)ە، هەر لە ناونیشانەکەیدا دیارە گێڕەرەوە لە تۆڵەی خوێنی بەناهەق ڕژاوی پێشمەرگەو ئەنفال و .. هتد، لەگەڵ سێبەرەسپییەکان کە وەکو رەمز بەکاریهێناوەو لەگەڵیان رێك کەوتووە بۆ ئەوەی دەست لە بێنەقاقای زۆرداران و مشەخۆران

---

[1]– س. پ، هاوار ،ل١٥٥–١٥٦.

[2]– کۆچیرۆك، سێبەرە سپییەکان، ل١٨٨.

بنێن و تۆڵەی هەزاران خێر لەخۆ نەدیویان لێ بکەنەوە. ئەمەی سەرەوە وەك لە دواییدا بەدیار دەکەوێ خەونێکە گێڕەرەوە خۆی کارەکتەر و بینەری خەونەکەیە ئەم خەونەش رەنگدانەوەی ترس و مۆتەکەی گێڕەرەوەیە لەو بارودۆخەی کە تێیکەوتووە، بارودۆخی پاش ئازادی کوردستان وەك هەموو شۆڕشێك هەندێ کەسانی هەلپەرست جڵەوی فەرمانڕەواییان کەوتۆتە دەست، کە تا دوێنێ خۆیان خەڵکیان دەچەوساندەوەو تەسلیمی رژێمیان دەکردن، بۆیە گێڕەرەوە پەردە لەسەر حەزو ئارەزووە چەپێنراوەکانی خۆی هەڵدەداتەوە لە کاتێکدا لە هۆشیاریدا نەیتوانیوە بیانهێنێتە دی، بەڵام بە هۆی خەونەوە دەتوانێ هەموو ئەوانەی دوێنێ و ئەمڕۆ مەملەکەتی ترس و تۆقاندن و مەنجەنیقی ئاگریان بۆ بەخۆڵەمێشکردنی نەوەی کورد داناوە، (ئەمی – گێڕەرەوە) لەگەڵ سێبەرە سپییەکان هەقیان بسێننەوە، جگە لەم چیرۆکە لە چیرۆکەکانی (بەردی سەبر،ل١٣٧، دووبینین،ل١٤٤، خەونێکی ناودۆزەخەکە، ل١٨٤ عەبۆئیتالی،ل٢٠٠) تەکنیکی پێشخراو و پێشبینی بەرچاو دەکەوێت.

### ج– جووڵەی کات لەرووی خێرایی و سستییەوە

جیاکردنەوە لەنێوان کاتی چیرۆك و کاتی گێڕانەوە، تەنیا لەسەر رێکخستنی رووداو رەنگ ناداتەوە، بەڵکو لەسەر خێرایی دەق و دواتریش لەسەر ریتمی چیرۆك رەنگ دەداتەوە، چونکە ((هەندێك رووداو لەوانەیە رۆژ و مانگ و ساڵ بخاێنێت، کەچی لەناو دەقی چیرۆکدا بەدوو سێ دێڕ دەگێڕرێتەوەو، هەندێك رووداویش ساتێك یا چەند ساتێك دەخاێنێ، کەچی لەناو دەقەکەدا بەچەندین لاپەڕە دەگێڕدرێتەوە)) [1]. ئەو پەیوەندییەی لەنێوان درێژیی دەق و کاتی رووداودا هەیە بەلای جیرار جینیت بە((خێرایی دەق)) [2]ناسراوە، بۆ ئەمەش دوو کات دانراوە بەپێی پێوەری تایبەتی بەوە

---

[1] – خطاب الحكاية، جيرار جينيت، ص١٠٢.

[2] – س.پ، ل١٠٢.

دەپێـورێن، جیـاوازیی ماوەکـە دەستنیشـان دەکـەن، ئـەوانیش بـۆ ئـەو رووداوانەیە کە بەچرکەو خولـەك و کاتـژمێرو ڕۆژو مـانگ و سـاڵ دەپێـورێن، ئـەوی دیکـەیان بـۆ نووسـینەکەی بەڕووبـەری لاپـەڕە دەپێـورێن و، ئـەو بۆشاییانە دەگێڕێتەوە کە رووداوەکان چەند لاپەڕەیەکی پێ پڕدەکەنەوە[1].

شـــیکرندنەوەیەکی درێـــژو ورد لـــەم پەیوەندییـــەدا بەئاســـانی دەستناکەوێت، چونکە ئـەو مـاوە سروشـتییەی کـە رووداوەکـان دەیخایـەنن هــەموو کـات لـەناو دەقـدا بـاس نـاکرێ، بـەلاَم گەیشـتن بـە ڕێژەیـەکی چاوەڕانکراوو کەمێك نزیك لەڕاستیی چیرۆکەکە لەوانەیەبکرێ، چـونکە مـاوە کـورت و کەمـەکان ئەگەرلەچـەندین لاپـەڕەدا باسبکرێن ئەمـە دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی جیـاوازی لـەنێوان ئەوماوەیـەی چارەسـەری کـاتێکی درێـژ بەدووسێ وشە دەکات. بەمـەش دەقـی چـیرۆکەکە لەسـەریەك ریتم نـاڕوات، ئاوازە زەمەنییەکەی لەنێوان سستی و خێراییدا دەبێت[2].

کـات لـەرووی سسـتی و خێراییـەوە لەلایـەن جـیرار جینیتـەوە لەچـوار تەکنیکـدا کورتکراوەتـەوە: دوانیـان تایبـەتن بەخێراکردنـەوە ئەمانـەش: کورتکردنەوەو لابردنن، دوانیشـیان تایبـەتن بەسسـتکردنەوەوە ئەمانـەش : دیمەن و وەستانن :

١- کورتکردنەوە

خسـتنەڕووی ئـەو رووداوانەیـە کـە ماوەیـەکی درێـژ روویانـداوە، بـەلاَم لەگێڕانەوەیـەکی کورتـدا پێشـکەش دەکـرێن. یـان ((کورتکردنـەوەی ئـەو رووداوانەیە کە لەچەند رۆژێك یان چەند مانگێك یاخود ساڵێکدا روویان داوە و لەچـەند برگـە و لاپەڕەیـەکی کەمـدا باسـیان بکـات بـێ ئـەوەی پچـێتە

١ – بناء الرواية، ص٧٣.
٢ – بنية الشكل الروائی، حسن بحراوی، ص١٤٤.

سەرباسکردنی وردەکاریی شت و وتەکان))[1]. دەکرێ ئەم پەیوەندییەی نێوان کاتی گێڕانەوەو کاتی چیرۆك بەم هاوکێشەیە کورتبکرێتەوە : کاتی گێڕانەوە < لە کاتی چیرۆك[2] .

کورتکردنەوە ئامرازێکی سەرەکییە لەپەیوەندیی نێوان دیمەنەکان و پێچانەوەی ماوە مردووەکانی ناو حیکایەتدا، ئەو کاتانەن کە رووداوێکی وەهای تێدا ڕوو نەداوە، کە شایانی ئەوە بووبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ لە پێشکەشکردنی ناساندنی کارەکتەرە نوێیەکان و خستنە ڕووی کورتەیەکی رابردوو، هەروەها لەخستنەڕووی کارەکتەری لاوەکیدا یارمەتی چیرۆکنووس دەدات" لەبەرئەوەی ماوەیەکی فراوان نەبووە کە چارەسەرێکی بەدرێژی بۆ بکرێ و دەستنیشانی کون و کەلەبەری ئەو ماوانە بکرێ کە رووداوی تێدا رووداوە[3]. کورتکردنەوەش بەلای (سیزا قاسم)ەوە چەند ئەرکێکی هەیە کەئەمانەن :

(( ١- ڕەتبوونێکی خێرا بەسەر ماوەیەکی درێژدا .

٢- پێشکەش کردنێکی گشتیی دیمەنەکان و گرێدانیان بەیەکەوە.

٢- پێشکەشکردنی گشتیی کارەکتەری تازە .

٤- پیشاندانی کارەکتەرە لاوەکییەکان کە لەدەقەکەدا بوار نەبووە بەدرێژی باسبکرێن .

٥- ئاماژەکردنێکی خێرا بۆ کون و کەلەبەرەکانی یاخود کەلێنەکانی کات و ئەو رووداوانەی تێیاندا روو دەدەن .

٦- پێشخستنی گەڕانەوە))[4].

---

[1] - بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز)، .نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٦٠-٢٦١ .

[2] - بناء الرواية، سيزا قاسم، ص٧٣.

[3] - س.پ، ل ٧٨ و، تقنيات السرد، امنة يوسف، ص٨٢ .

[4] - بناء الرواية :سيزا قاسم، ص ٧٨.

ئەو ماوە درێژانەی ڕووداویان لە رابردوو، و لە ئایندەدا تێیدا ڕوو دەدات و، خستنەڕووی کارەکتەر کە لە کاتی خۆی بوار نەبووە باس بکرێ و بە کورتی بخرێتەڕوو .

هەندێك لەو کورتکردنەوانەی لەکۆ چیرۆکی ئەم چیرۆکنووسە بەرچاوکەوتن دەخرێنە روو :

((سالآن هات و سالآن ڕۆیی پلەیەکی قوتابخانەم لە دێکەمدا تەواوکرد))[1]. لەم گوتنەدا پێنج سالّی بەر لە چوونە مەکتەبی کورتکراوەتەوەو تەنیا باسی پلەیەکی قوتابخانە کراوە..

((بۆ جاری دەیەم))[2] نۆ جارەکەی دیکە کورتکراوەتەوەو باس نەکراوە، جاری دەیەم باسکراوە (ماوەیەکی درێژ بوو نە هاتبوومەوە).

((هەروەك هەموو بەیانییەکی تر))[3] هەموو بەیانییەکانی دیکە کورتکراوەتەوە تەنیا ئەو ڕۆژەی باسەکەی تیادا دەگێڕێتەوە، باسکراوە.

((ئەو ماوەیەی ڕۆخانە وشکی کرد ئەم ناوچەیە چی بەسەرهات ؟))[4] ماوەکە وەرزێکە یان سالێکە کورتکراوەتەوە .

((هەرچەندە ڕۆژانی مندالّی و سەردەمی هەرزەکاریی لە کوێرە ئاواییەك بەسەر بردبوو))[5] ئەو ماوە درێژە لە مندالّییەوە تا تەمەنی هەرزەکاری کورتکراوەتەوە باسی لێوە نەکراوە، ئاخۆ: چۆنی بەسەر بردووە ساغ، نەخۆش، هەژار، دەولّەمەند؟ دیار نییە .

((لە کاتی نۆماییەوە چەنەها بووکی پێ گوێزرایەوەو دەیەها شایی وداوەتی پێ گەرم کرا))[6]. نووسەر لەم نموونەیەدا کورتکردنەوەکەی دیاری

---

[1] – کۆ چیرۆك، دارەکەی بەرمالّمان ،ل٢٣ .

[2] – س.پ، دەست ، ل٩١ .

[3] – س.پ، بێ خوڕەی ڕۆخانە گەرمیان هەلّناکات، ل١١٩.

[4] – س.پ، بێ خوڕەی ڕۆخانە گەرمیان هەلّناکات ، ل١٢١.

[5] – س.پ، بەسەرهاتی وەیسە، ل ١٢٤.

[6] – س.پ، ئەسپ ، ل٧٧ .

نــەکردووە کــە چــەندە، بــەڵکو نادیــارە، بــەڵام مــۆرفیمی (ەهــا)ی کــۆی بەکارهێناوە .

((وەکو ڕۆژانی تر یاپشە یاپشە خۆی کرد بە چاخانەکەدا))[1] ڕۆژەکـانی تــر کورتکراوەتــەوە، چــونکە نــاکرێ بڵــێ شــەممەو یەکشــەممەو ... هتــد. ئەمرۆش وەك ڕۆژەکانی دی یاپشە یاپشە خۆی کرد بـە چاخانەکەدا، بـەڵکو سروشتی زمانەکە ئەم کورتکردنەوەی دەوێ ..

((بــە درێــژی تەمــەنی زەواڵــی بــۆ مێروولــە نــەبووە))[2]. لـەم بڕگەیـەدا گێڕەرەوە ئەوماوە درێژەی تەمـەنی کورتکردۆتـەوە لـە تەمـەنی منداڵییـەوە تاکو ئێستای کە نازانرێ چـەندە، بـەڵام دیـارە ماوەکـە درێـژەو زۆرەو بـاس نەکراوە ..

((لــە ســاڵی چــەرخەکردنەوە تــا ئــەمڕۆ عەیامێکــە))[3]، گێــڕەرەوە کــە گوندەکەیانی بە جێهێشت بۆ خوێنـدن هاتـە کـەرکووك منـداڵ بـوو، ئێسـتای کاتی چیرۆکەکەش ساڵی هەزارو نـۆ سـەدو نـەوەدو چـوارە، واتـە ئـەم مـاوە درێژە هەمووی کورتکراوەتەوە ..

((زۆربەی ڕۆژانی منـداڵیم تـەماوی و نادیـارن))[4] واتـە لایەنـە زۆرەکـەی ژیانی تەماوی و نادیارە، بەڵام مەزەنـدە نـەکراوە چـەندە، بـەڵام هەمووشـی نییە، ئەم زۆربەیە دەستنیشان نەکراوەو کورتکراوەتەوە ..

((زۆربەی کاتم بەرامبـەری بەسـەر دەبـرد. تـا دەهـات جلـە خماوییەکـەی لەبەر چاومدا لە چوار چێوەکەی گەورەتر دەبـوو))[5] ئـەم (زۆربـەی کـات)ە نــازانرێ ماوەکــەی چــەندە، ســەعاتێك دوان ڕۆژێــك ..هتــد ئــەو کاتانــە کورتکراونەتەوە .

---

١ – س.پ، قومقومۆکە، ل١٤٨.

٢– س.پ، مێرووله، ل١٤٩.

٣– س.پ، ئەم شارە ئەم خانمە ژنە، ل١٧١ .

٤– س.پ ، باڵندە، ل٢١٤ .

٥– س.پ ، دەست، ل٩٥ .

کورتکردنەوە بریتییە لە باسێکی خێرای کاتێکی نەگۆڕ، باسکردنی ئەو ماوانە شتێك زیاد ناکات، بۆیە نووسەر ئەو ماوە دەخاتە پشتگوێ و بایەخیان پێنادات هەر بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیان بەردەکەوێ بە وشەیەك، رستەیەك، دەستەواژەیەك درێژترین ماوە دەردەبڕێت .

٢- لابردن

جۆرێکی دیکە لە گێڕانەوەی خێرا (لابردن)ە، بریتییە لە هەڵبواردنی ماوەیەك، ئیدی ماوەکە درێژبێ یان کورت لەماوەی چیرۆکدا، کە نابێتە هۆی رێگرتن لە گێڕانەوەی رووداوەکان، ئەمەش تەکنیکی دووەمە شانبەشانی کورتکردنەوە، گێڕەرەوە پەنای بۆ دەبات بۆ خێرا کردنەوەی گێڕانەوە و بازدان بەسەر ئەو ماوانەدا کە لەحیکایەتدا بەمردوو دادەنرێت [1]. بەوردی و بە درێژی و لە دوای یەك باسی رووداوەکان، یان گەورەبوونی کەسێك، یان بەرێکردنی سەردەمی منداڵی و لاوی و پیریی بە لابردنەوە باس بکرێ. لابردن گواستنەوەیە لەئاستێك بۆ ئاستێکی دیکە لەئاستێکی بەرزی هونەریدا، لەپێناوی خێراکردنەوەی رەوتی رووداوەکان کە دەکرێ لەرێی بەوردسەیرکردنەوە ئەم تەکنیکە بناسین لابردنیش دوو جۆرە :

**ا- لابردنی دیاریکراو :**

ئەو لابردنەیە کە گێڕەرەوە تیایدا بەراشکاوی لەماوە لابردراوەکە دەدوێت لەزەمەنی چیرۆکەکە بەڕوونی و ئاشکرایی، کە بەهەندێ دەستەواژەی زۆر کورت دەریدەبڕێ وەك پاش ئەمە بەسێ ساڵ، دوو مانگ بەسەر رووداوەکەدا تێپەڕ بوو.... هتد، واتە: بەشێوەیەکی دیار، کە خوێنەر هیچ زەحمەتییەك لە بەدواداچوونی گێڕانەوەکەدا نابینێت[2].

---

[1] - بنية الشكل الروائي، حسن بحراوى، ص١٥٦، تقنيات السرد، امنة يوسف، ص٨٥.

[2] - كۆچیرۆك ، ناسنامە و قۆچانی رەش، ل٥٠.

((دوو مانگ تێپەڕ بووبوو بەسەرکردنەوەی قوتابخانەکان))[1]. لەم لابردنە دوو مانگ لە ڕووداوەکاندا لابردراوە. واتە کاتێ گێڕەرەوەی کارەکتەر گوێزراوەتەوە بۆ دێی (هـ) دوو مانگ بوو قوتابخانەکان کرابوونەوە، بەڵام ئەو دوو مانگەو ئەو ڕووداوانەی تیایدا ڕوویداوە باس نەکراوە.

((دوای چوار مانگ هەموو شتێکی بۆ کۆمەڵە پیاوەکەی تەنیشت مزگەوتەکەی درکان))[2]. ئەو کارەساتەی لە بەغدا بەسەر خێزانی (عەلی)دا هات، دوای چوار مانگ خۆی لەبەرامبەر پیاوەکانی تەنیشت مزگەوت ئاشکرای کرد، ئەو چوار مانگە لابردراوە و دیار نییە، ئاخۆ ئەو ماوەیە چی ڕوویداوە و ژیانی چۆن بووە؟

((سێ مانگ بەسەر هاتنی نامەکەدا تێپەڕ نەبوو))[3]. سێ مانگ تەواو نەبوو، واتە دوومانگ و شتێك لە ماوە لابردراوەو باسی نەکراوە.

(هەفتەیەکی پێچوو)[4] لەو کاتەی کە مامۆستا نامەکەی بۆ مام ڕەشیدو بووکەکەی نووسی (هەفتەیەکی پێچوو) ئەوانی دیت بەرەو شوێنێك دەڕۆیشتن، زانی بۆ کوێ دەچن. لە دەقەکەدا ئەم هەفتەیە دیار نییە و لابردراوە و نازانرێ ڕووداوەکانی ئەم هەفتەیە چی بوون، یان بۆچی باس نەکراون.

**ب- لابردنی دیارینەکراو :**

ئەم لابردنە، کە هاوشانی لابردنی دیاریکراوە، هەندێ لە ئەدگارەکانی بەدیار خران، بوونی لابردنی دیارینەکراو بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە کە گێڕانەوەکە توانای پابەندبوونی گێڕانەوەی یەکلەدوای یەکی سروشتی ڕووداوەکانی نەبێت و ناچار بێت لەبازدانی ناو بەناو بەسەر ماوە مردووەکاندا لەناو چیرۆکدا[5]. بازدانیش لەسەر بڕی ماوە لادراوەکان دەبێت، کە

---

[1]- س.پ، دوانامە،ل٢٨.

[2]- س.پ، دیارییەکی پەسەند نەکراو، ل٥٤

[3]- س.پ، دان پیانانی نامەردێك ،ل٦٢ .

[4]- س،پ، دوانامە، ل٣٠ .

[5] – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوی، ص١٦٢ .

بەشێوەیەكی وردو دیار دەستنیشـان نـاكرێن، واتە:((ئەولابردنەیـە كـەبوونی بـەدیارناخرێت، خوێنـەردەتوانیٚ لـەرێی بۆشـاییەكەوە بیدۆزێتـەوە))[١]، بـە دەربڕینێكی دی: لابردنی دیارینەكراو ئەو لابردنەیە، كە گێڕەرەوە بڕی ماوە دیارەكە بەراستی ئاشـكرا ناكـات، بـەڵكو ئـەوەی بـە نادیـاری تێـدەگات و بـــەوردی وبـــە چـــڕی پەیوەنـــدیی نێـــوان هەڵوێســـتەكانی رابـــردوو وداهاتووبەدیاردەخات،ئەوەخوێنـەرە[٢]. لەبەرئـەوەی سروشـتی قسـەكردنی ئاسـاییی مـرۆڤ، خـۆی لـەم كورتكردنەوانـە بـەدەر نییـە، هەرئەوزمانەشـە كەچیرۆكی پێدەنووسرێتەوە، بۆیە ((بەدەگمەن رۆمان یان چـیرۆك دەبینـریٚ كە ئەم هونەرەی تێدا نەبێت))[٣]. ئـەو شـوێنانەی كـە زۆرتـر ئـەم هونـەرەی تێدا بەكاردێت، گواسـتنەوەیە لەبەشـێكەوە بـۆ بەشـێكی دیكـە، كـەبازدانی كاتی تێدا ئاشكرادەكرێت لەلایەن گێڕەرەوە، كەرەنگە ئاشكراشـی نـەكات وئەو ئەركە بۆ خوێنەر بەجێبهێڵیٚ [٤].

ئـەو شـوێنەی دیكـە كـە نووسـەر لابردنـی نادیـاری تیـادا بـەكار دێـنیٚ ((تەكنیكی سیٚ ئەستێرە(***)، ناوبەناو بـەدیار دەكـەوێت بـەهۆی نـۆرەی نیمچە بەردەوام لەنێوان گەڕاندنەوەی دەرەكی و ناوەكی یان بەهۆی دابڕانـی لە گێڕانەوەی ئێستادا))[٥].

تەكنیكێكی دیكەیە كە بۆ دەربڕین لە شتە لابراوەكان یـان خۆلێبێـدەنگ كراو لەناو دێڕەكاندا، لەم حاڵەتـەدا بۆشـایی دەكەوێتـە نێـوان وشـەكان یـان دووخاڵی لەدوای یەك یان زیاترە(...) نووسەر پەنای بۆ دەبات[٦]

---

١ – خطاب الحكاية،جيرار جينيت،ص١١٩.
٢ – تقنيات السرد، امنة يوسف، ص٨٦.
٣ – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، ص١٦٣.
٤ – تقنيات السرد، امنة يوسف : ص٨٦.
٥ – س.پ، ل ٨٦.
٦ – بنية النص السردى، د.حميد لحمداني : ص٥٨، تقنيات السرد، امنة يوسف، ص٨٧،٨٦.

لـه نـاو كـۆ چـیرۆكەكانی هەنـدێ برِگـە بەرچـاو دەكـەوێت، كـە ئـەم تەكنیكەی تێدا بەكارهاتووە، ماوەی رووداوەكە بـە گشـتی باسـنەكراوە. بـۆ نموونە :

((ماوەیەكـە لەسـەر جۆگەلـەی گوندەكـە لـە كاسـەو كەوچـك شـتن بووەتەوە))[1] ئەو مـاوە لابـردراوە، نـازانرێ چـارەكێكە، نیـو سـەعاتە، یـان زیاترە .

((ئەوەنەی بەسـەردا تێپـەڕ نـەبوو هـەواڵی جـەرگبڕیان بـە مـام رەشـید گەیانـد))[2]. ئـەو ماوەیـەی لـە نێـوان سـەردانی مـام رەشـید بـۆ كـوڕە پێشمەرگەكەی و گەیشتنی هەواڵە جەرگبڕەكە دیار نییەو لادراوە.

## ج- لابردنی گری (فرضي)

ئەمەش ئەو سپیاتییانەیە كە لەكاتی لە چاپداندا لـەكۆتایی بەشـەكان دروست دەبن، بەمەش گێڕانەوە كەمێك دەوەستێت تـا كـاتی دەسـتپێكردنی چـیرۆكەكە لەبەشـی دواتـردا[3]، زوربـەی چیرۆكنووسـان ئـەم تەكنیكـەیان لا بـەدی دەكـرێ و لابـردنیش ((بەهـەموو جۆرەكانییـەوە دیـارترین تـەكنیكی بــەكارهێنراوە لەچــیرۆك و رۆمانــدا، لــەنێوان چەســپیوترین دابونــەریتی گێڕانەوەدا كە گەشەیەكی هەستپێكراوی بینیووە لە رواڵەت و لە رێگەی ئیش پێكـردن، بەڵگـەكان گرنگییەكـەیان دەستنیشـان كـردووە وەك تـوخمێكی بنیاتنان كە ناتوانرێت لە هیچ كـارێكی گێڕانـەوەدا دەسـتبەرداری بـن))[4]، چـونكە رووداو و مـاوەی روودان گـەر وەك واقیـع بگێڕدرێنـەوە چـەندین كتێـب و لاپـەڕەیان بەشـناكات، بۆیەچـیرۆك بـەبێ تـەكنیكی كورتكردنـەوە نابێ.

---

[1] - س.پ، بۆشایی ،ل٩٧ .

[2] - س.پ، دوانامە ،ل٣١.

[3] - بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، ص١٦٤

[4]- س.پ، ل١٦٤.

٣- دیمەن

لایەنێکی هونەرییە ((گێـڕەرەوە تێیـدا هەڵوێسـتە گرنگـەکان لـەڕووداوی چیرۆك هەڵدەبژێرێ و دەیانخاتە ڕوو، خستنەڕوویەکی شانۆگەرییانەی درێـژو پڕ وردەکارییە و ڕاستەوخۆ دەیخاتە بـەر دیـدەی خوێنـەر، تـا وای لـێ دێـت هەست بکات گێڕانەوە لەگەشەکردن وەسـتاوە))[١]. دیمـەن گواسـتنەوەیەکی زینـدووی ڕووداو و کارەکتـەرە بەشـدارەکانە، هـەر ئەمەشـە وا لـە جووڵـەی گێڕانەوە دەکات بەپێی وێنەی سروشتی و لەچوارچێوەیەکی درامیـدا بـڕوات بـەڕێوە، دیمـەن رواڵـەتێکی گێڕانەوەیـە بەتـەواوی جیـاوازە لەتـەکنیکی کورتکردنەوە، هەروەها دیمەن لەدەوری ڕووداوە گرنگەکان تەوەرە دەگـرێ، کە بە بڕبڕەی پشتی چیرۆك دادەنرێن .

لەدیمەنـدا گێـڕەرەوە بـەدیار ناکـەوێت و لێدەگـەڕێ کـە ڕووداوەکـان خۆیان گوزارشت لەخۆیان بکەن بەبێ دەست تێوەردانی خۆی، وای لـێ دێـت ئەو پارچانە سروشتێکی شانۆییانە بەدەست بهێنن.

ئەگەر کورتکردنەوە بۆ ئەوە بێت جێگەی ماوە کورتـەکان بکاتـەوە لـە رسـتەی کورتـدا، کـە دەبێتـە هـۆی خێرایـی و پەلـە کـردن لەگێڕانـەوەدا لەچـاوکاتی گێڕانـەوەی چـیرۆك، ئـەوا لەدیمەنـدا بـڕی مـاوە کورتـەکان درێـژ دەبێتەوە و کاتی چیرۆك لەگەڵ کاتی گێڕانەوەیەکسان دەبن، چونکە دیمەن، ڕووداوەکان بەشێوەیەکی وەهـا تێروتەسـەل دەخاتـە ڕوو، ڕووداوەکـان وەك خۆیـان دەگوێزێتـەوە، هـەروەها کارەکتـەرەکان بەشـێوەیەکی وا نیشـان دەدات؛ هەست دەکرێت کـە دەجوڵێنـەوەو قسـە دەکـەن و بـیر دەکەنـەوە، بەمەش ((گێڕانەوەکە لەسستترین دۆخەکانیدا دەبێت و جۆرە هاوسـەنگییەك لـەنێوان کـاتی گێڕانـەوەو کـاتی حیکایەتـدا ڕوودەدات))[٢]. کەواتـە دیمـەن زیندوویێتی بەدەق دەبەخشێ هەر، بۆیە پشتی پێدەبەستن و بەکاریـدەهێنن،

---

١- تقنيات السرد، امنة يوسف، ص٨٩

٢- بناء الرواية، سيزا قاسم، ص٩١

چــونکە هەســتێکی وا بەخوێنــەر دەبەخشــێ واهەســتدەکات خــۆی لەرووداوەکاندا بەشدارە .

گێڕانــەوەی دیمــەن هەنــدێك ئــەرکی هەیــە، لەوانەش((ئــەرکی درامــی لەگێڕانەوەو توانای لەسەر شکاندنی ڕۆتینی بێزارکەر بەقسەکردن بە جێناوی کەسی سێیەمی نادیار"ئەو" ئەو دیمەنە درامییانە ڕۆڵێکی جیاوازیان دەبێت لەبەرەوپێشبردنی رووداوەکـان و پـەردەلادان لەسـەر سروشـتی دەروونیـی و کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکان))[1].

لـە زۆربـەی ڕۆمـان و چـیرۆکەکاندا دیمـەن بـەکاردەهێنرێ، بەتایبـەتی چیرۆکی واقیعی، بـۆ خسـتنەرووی راسـتەوخۆیی لەگێڕانـەوەدا، هـەروەها بـۆ بـەهێز کردنـی کاریگـەریی رووداو لەچـیرۆکدا، چـونکە دیمـەن بەرامبەرییـەك لـەنێوان یەکـەی مـاوەی چـیرۆك و یەکـەی وەك یـەکی لـەماوەی نووسـیندا دروست دەکات، جگە لەمانەش وێنـەی کارەکتـەری قسـەکەر نیشـاندەدات و بەگۆشەی دایەلۆگی کە قسەی لێوە دەکات ئاشنامان دەکات[2] .

((لەم وەرزدا زۆربەی خەڵکی ئەم دێیەو دێکانی دەوروبەری ئـاوی ڕۆخانـە هەموو ڕۆژێ ئاوا زوو بۆ چاڵە بێستان هەڵکەندن و سـەردانی بێسـتانەکانیان، رێگای ڕۆخانە دەگرنە بەر ... شەماڵ ئەو بەیانییە، بێڵەکەی خستە سەرشان و توێشە بەرەیەکی کەمی هەڵگرت و بە تەنیا لـە دێ وەدەرکـەوت، هـەنگاوی گورج و بە پـەلەی، تۆزو گـەردی رێگاکـەی دەورووژان و تائـەژنۆی لـە گـەردو تۆزێکی خەناوی دەنیشـت... زۆری نـەماوە بگاتـە (گردەشـین). خـەڵکی دێ دەیانزانی ئێرە نیوەی رێگایە))[3] لەم پارچەیەدا گێڕەرەوە هێزی خسـتۆتە سـەر جووڵـەو لەرێگـەی حـەوت فرمانـەوە (دەگرنەبـەر، خسـتە، هـەڵگرت، وەدەرکەوت، دەورووژان، دەنیشت، نەماوە، دەیانزانی) لە ناو ئەم پارچەیەدا جووڵەیەکی بەردەوامی بـەرپاکردووە، لـە جیـاتی ئـەوەی خوێنـەر گـوێی بـۆ

[1] – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، ص١٦٦
٢ – بنية الشكل الروائی، حسن بحراوی، ص١٦٦.
[3] – کۆچیرۆك، بێ خورەی ڕۆخانە گەرمیان هەڵناکات، ل١١٩ .

گێڕەرەوە شل بکات، بەچاوی خۆی دەیبینێ چی ڕوودەدات، خەڵکەکە بە گشتی و شەماڵ، بە تایبەتی خەریکی چاڵە بێستان هەڵکەندن و بە وردی سەرنجی هەنگاوەکانی شەماڵی داوە، وەك دیمەنی شانۆگەرییەك راستەوخۆ دەبینرێن .

((داوی بیست و پێنج ساڵەش بە ڕۆژوو دوو بۆ نەدەقرتا. وا ئەمشەو کاتی هاتووە، بە پەلە هەنگاوی دەنا، خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەبوون، ساردی ئەو پایزە وەختە، لەشی گورج کردبووەوە، هەستی کرد یەکەم جارە وا خۆشیی سروشت دەیبزوێنێ .

شانی بەر کابرایەکی کەنەفت کەوت کابرا دەستی بە بۆڵە بۆڵ کرد، ئەم بزە گرتی "ئەویش کەنەفتێکی تۆ ئاسایە ...چ دەبێ ئاوا شانێکی لێدەم ؟" دەستێکی لە شانی خۆی داو لە خۆڕا ئاورێکی دایەوە ...دوێنێش هەر بەم تەرزە کاتی گەڕانەوەی لەگەڵ خۆیدا کەوتبووە مشتومڕ. بە دەنگێکی نیمچە بەرز لەگەڵ خۆیدا دەدوا "یەکسەر دەڕۆمە ژوورەکەی خۆمەوە چش"، بەڵام کاتێ گەیشتبووە ماڵەوە وەکو هەموو جارێکی پەنجەکەڵەی لە شایەتمانی گیرکردبوو بە ئاستەم لە دەرگای دابوو))[1]. ئەم پارچەیە دیمەنێکە بە روون و ئاشکرا سروشتی کارەکتەرو دوورەپەرێزیی لە خەڵك بەدیار دەخات و دواتریش کارەکتەر لەڕێی مەنەلۆگێکی تێکەڵ تێکەڵ خۆی تێکەڵ بە دیمەنەکە دەکات بەبێ خۆ تێکەڵکردنی گێڕەرەوە، دووبارە گێڕەرەوە بە دیار دەکەوێتەوە ودرێژە بە دیمەنەکە دەدات، بە وێناکردنی کارەکتەری شپرزەو پەشۆکاوو سەرلێتێکچوو تاکو دەگاتە بەردەرگای ماڵەوەیان دڵتەنگ و ناچار هەروەك جاران زەلیل و کڕنۆش بردوو، هەرچەندە لە مەنەلۆگێکی راستەوخۆدا دەڵێ : "یەکسەر دەڕۆمە ژوورەکەی خۆمەوە"چش"، بەڵام لەم دیمەنەدا گۆڕانکارییەك لە خودی کارەکتەر بەدی نەکراوە، تەنانەت نەیوێراوە بە توندی لە دەرگاکەش بدات. بەم جۆرە گێڕەرەوە ناوبەناو دیمەنەکەی

---

[1]- س.پ، هەڵسانەوە، ل١٢٩.

چۆڵکردووه بۆ ئەوەی کارەکتەر، ئەگەر بگۆڕیش نەبێ بواری قسەکردن و دەردانی کەف و کوڵی ناخی خۆی هەبێ .

((لەناو ئەم ژاوەژاوو جەنجاڵییەدا پیرەژنێکی سپیکەڵانە چەپکێ گوڵی بەسنگەوە گرتبوو بێ دەنگ دەیڕوانییە حەشاماتەکەو فارگۆنەکان لێی نزیک بوومەوە، جاروبار لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی بۆ دەکرد. چاوەشینەکانی لەودیو چاویلکەیەکی سپییەوە وەك دوو هەڵماتی شین دەخولانەوە چوومە لای هاوڕێکەم پێم گوت :

– ئەم پیرەژنە سەرنجی ڕاکێشاوم .

– ڕەنگە چاوەڕێی خۆشەویستەکەی بکات ! !

من هەر دەمڕوانییە پیرەژنەکە .. کابرایەك بە بەدلەکەی بەری و لایتەکەی دەستیا دیار بوو کرێکارێکی ئێستگەکەیە، لەگەڵ هاوڕێکەمدا هەندێ قسەیان کرد پاشان هاوڕێکەم پێی ووتم :

– جانتاکەت بۆ فارگۆنی ژمارە (١٢) هەڵگرە. ئەزانی ئەو پیرەژنە چاوەڕێی چی دەکات ؟

– نەخێر

بە پەرۆشەوە پێم هەڵگرت تا پیایا بگەم .

– ئەو کرێکارە دەڵێ : لەوەتەی من لێرەم ئەو پیرەژنە هەر لەنێوان چەند ڕۆژێکدا جارێ بە چەپکە گوڵەوە بۆ چاوەڕوانکردنی کوڕەکەی بۆ ئەم ئێستگەیە دێ .

– ئەی کوڕەکەی لە کوێیە ؟!

لە کاتی شەڕی دووەمدا لەم ئێستگەیەوە بەرێی کردووەو ئیتر نەگەڕاوەتەوە ئێستاش وا دەزانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان دەگەڕێتەوە))[١] .

لەگێڕانەوەی وێنەییدا، دەنگی گێڕەرەوە زاڵە بەسەر دەنگی کارەکتەرداو بەخۆی کارەکتەرەو ڕووداوەکان پێشکەش دەکات .

---

[١]– کۆ چیرۆك، چاوەڕوانی، ل١٤٦–١٤٧.

بەلآم لەگێڕانەوەی شانۆییدا گێڕەرەوە دەکشێتەوە دواوەو کارەکتەر لەرێی کردارو گوفتارەوە خۆی بەخوێنەر دەناسێنی، بەمەش کارەکتەر لەگێڕەرەوە جیا دەبێتەوەو گێڕانەوەکەش دەبێتە گێڕانەوەی درامی(شانۆیی).

### ٤- شوێن

**کورتەیەکی تیۆری:**

شوێن، وەك قەوارەو چوارچێوە، لە ژیانی مرۆڤدا بەهایەکی گەورەو خاسیەتی خۆی هەیە، شوێنەکانیش هەمەجۆرن .سەیریش نییە، کە شوێن رۆڵێکی وا گەورەو بەرچاو لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، چونکە هەر لەو کاتەوە کە((منداڵدانی دایکی دەبێتە شوێنێك بۆ پێکهێنانی بایۆلۆجی وژیانی، تا ئەو کاتەی لەگەڵ ژان ئەو کۆرپەلەیە دێتە ناو جیهانی بوونی دەرەکی. ئەو کاتەش بێشکە دەبێتە ئەو شوێنەی، کە هەست و هۆشی تێدا دەکرێتەوە لە هەر پێنج هەستەکەدا، لە دوای قۆناغی بێشکەیش لایەنی شوێن بە شێوەیەکی روونتر بەدیاردەکەوێت، لەماڵ و کۆلآن و قوتابخانەو سینەماو گازینۆ و شەقام، چ لە شار بێ یان لە گوند یان بیابان تەنانەت لە دەریاو ئاسمانیش))[1]. مرۆڤ لە هەرشوێنێك لە دایك بێت و تێیدا گەورەبێت خۆشەویستییەکی بەهێز بەم شوێنەی دەبەستێتەوە، کە یادگاریی سالآنی سەردەمی منداڵی و گەڕان و سووڕانی بەکوچەو کۆلآنەکان و پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤەکاندا لە ماوەی ژیانی خۆیی و ئەواندا بنیاتدەنێ. رەنگە لە چەند شوێنێك ژیان بەسەربەرن و یادگاری لەگەڵ پەیدا بکەن، جا ئەگەر ئەو کەسانە چیرۆکنووس یان رۆمانووس یان شاعیر بن لەبەرهەمەکانیاندا رەنگدەداتەوە، بەتایبەتی شوێنی لە دایکبوون و یادی منداڵیی کە زۆرترین رەنگدانەوەی دەبێت. زۆرجار مرۆڤ خەون بەشوێنی منداڵی خۆیەوە دەبینێت، چونکە منداڵیی بەشێکی دانەبڕاوە لە نەستی مرۆڤ خۆی

---

[1] – جماليات المكان جماعة من الباحثين، دار قرطبة – عيون، ط٢، ١٩٨٨، ص ٥ .

حەشارداوە. مرۆڤ ئـەو حـەزەی تێدایـە ماوەیـەك لـە شـوێنێك ژیابێـت، جگـە لەوەی حەزدەکات سەردانی ئـەو کەسـانە بکـات کـە لـە سـەردەمێکی ژیـانی خـۆی لـە گەڵیانـدا ئاشـنابوو، حـەزیش دەکـات شـوێنەکان ببینـێ، چـونکە یادگاریی تاڵ و شیرینی لەگەڵیاندا هەیـە. ئـەو کەسـانەی روو لـە دەرەوەی وڵات دەکەن هەمیشە چاویان لە زێدو خاکی باب و باپیرانیانە ،کـە رۆژێـك لـە رۆژان بگەڕێنەوەو بچنەوە هەمان شوێن. واتا: کەسێك لە کوردستان ژیابێـت، لەهەر شوێنێکی دونیا بێت حەزدەکات بگەڕێتـەوە زێـدی خـۆی شـاری خـۆی تەنانەت گەڕەکی خۆی.

لەبەرهەمی زۆر لەو نووسەرانەدا دەبینین، کـە لـە وڵات دوور کەوتوونـەوەو خاوو خێزان و خزم و کەسیشیان لەگەڵیاندا دەژین، کەچی هەر یادی شـوێنی سەرەتای ژیانیان دەکەنـەوە، کەواتـە شـوێن بەهـەموو پێکهاتەکانییـەوە لـە داروبەردو دیـوارو شـاخ وخـاك و خـۆڵ .. هتـد پەیوەندییـەکی رۆحـی لەگـەڵ مرۆڤەکان دروست دەکەن.

رەنگە لای کەسێکی چیانشـین سـەیربێت کەسـێك لـە بیابـان ژیابێـت و پەیوەسـت بووبێـت بـەو بیابانـە قـاقرو وشـکە، بـەڵام تـا ئێسـتا سـتاتیکا پێناسەیەکی یەکلاکـەرەوەی نییـە بـۆ شـتەکان، ئـەو کەسـەی لـە بیابـانیش دەژی دیمەنە جوان و ناشیرینەکان رۆدەچنە ناو هزروبیری، شەوگاری بیابـان و ئەستێرەی گەش وتەپۆڵکەو رەشەبای بیابان ودارو درەختە درکاوییەکان و ئـەو ئاژەڵانـەی لـە بیابـان دەژیـن وهاتوچـۆو رەوتـی رۆیشـتنیان سـتاتیکای خۆیان هەیە.

ئەو مرۆڤانەی کە لە بیابان دەژین دیمەنی بیابان هەستیان دەجووڵێنێ و هۆگری ئەو شوێنەن، رەنگـە دیمـەنی بیابـان لـەلای ئـەو کەسـانەی کـە لـە ناوچە شاخاوییەکان دەژین جوان نەبێ، بەڵام بەلای کەسانی ترەوە جوانن.

مـرۆڤ یادگـاری لەگـەڵ ئـەو خـاك و ئـاوو هەوایـە پەیـدا دەکـات و وا هەستدەکات لەمنداڵدانی ئـەم سروشـت و شـوێنە هاتۆتـە دنیـاوە، تەنانـەت دیمەنی خۆرئاوابوونیش لە شاخ و شار و بیابان جیاوازە هەمووئـەو شـتانە وا

دەكات، مرۆڤ پەیوەست و گیرۆدەی شوێن بێت، كەواتە ئەگەر چیرۆكیش لەسەر سێ كۆڵەگەی (رووداو و كات و شوێن) راوەستاو بێت و رووداوەكان لەسەر شانۆی شوێنەكان نمایش بكرێن ئەوا دەبێ شوێن چەند پانتاییەكی زۆر داگیربكات لە نمایشكردنی رووداوو كێشەكان، جا هەندێ چیرۆكنووس ناوی شوێنەكانیش دێنن و چیرۆك دەگێڕنەوە، هەندێ جاریش ناوی شوێنەكان ناهێنن، بەلام لە زەینی چیرۆكنووس شوێنێك هەیەو رووداو، كێشمە كێشمەكان دەخاتە روو، یان شوێنێكی خەیاڵاوی بەزەینی خۆی دروست دەكات. شوێنیش دەبێت بەچەند جۆرێكەوە:

شوێنی واقیعی، شوێنی خەیاڵی، شوێنی ئاشنا و شوێنی نائاشنا، شوێنی تایبەت، شوێنی گشتی.

**شوێن** ((ئەو زەمینەیە، كە ئەم بنیاتەی لەسەر بەرزدەكرێتەوە))[1]، كەناتوانرێ دەستەبەرداریی لێبكرێ. هەروەها شوێنیش بە مرۆڤەوە لكاوەو مرۆڤ بەبێ شوێن ناناسرێتەوە و شوێنیش شانۆی نواندنەكانی مرۆڤە هەر لەسەرەتای بوونییەوە تاكو مردنی. شوێن ئەو جیهانە دەرەكییەیە، كەهەستكردن بەشتەكان تیایدا قەوارە دەگرێ و چۆنیەتیی هەڵسوكەوتكردن وگونجان و نەگونجانی لەگەڵ یەكتریدا دەبینرێ، چەمكی شوێن و رۆڵە گرنگەكەی لە ژیانی مرۆڤدا بە گەشەكردنی مرۆڤایەتی پەرەدەسێنێ، بەمەش ((شوێن، رۆڵێكی بنچینەیی لە ژیانی هەموو مرۆڤێك دەبینێ، گرنگیی شوێن لەرێگەی پتەوكردنی پەیوەندی لەنێوان (من) و جیهانی دەرەكیدا روون و ئاشكرا دەبێت، مرۆڤ لەسەرەتاوە دەست بەبنیاتنانی شوێنی تایبەتیی خۆی دەكات لە شوێنی منداڵی لە پاڵ یاری و گەمەكانییەوە بەرەو ئەو شتانەی كە پەیوەندی بە مرۆڤی پێگەیشتوو و بەگشت كۆمەڵەوە هەیە))[2].

---

[1] – اشكالية المكان في النص الادبي، ياسين نصير، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٥١.

[2] – عبقرية الصورة والمكان، طاهر عبدالمسلم، دارالشروق للنشروالتوزيع،، عمان، الاردن، ٢٠٠٢، ص١٦.

نابێ ئەوەش لە یاد بکەین، کە هەر کارەکتەرێك لە ناو چیرۆکدا شوێنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لێیەوە دەستپێدەکات و پەرەدەسێنێ وکاریگەری شوێنەکەی لەسەردەبێ و لەوانەیەهەر لەم شوێنەش کۆتایی دێت،((شوێن، مەڵبەندی رووداوە وناسنامە بەکارەکتەردەبەخشێ وهەستکردنیشە بە ئامانجی ژیان))[1].

شوێن توخمێکی سەرەکییە لە بنیاتی کاری گێڕانەوەدا، لەبەر ئەو پەیوەندییە توندو باوەڕپێکراوەی کە لەگەڵ کارەکتەرو رووداودا هەیەتی، چونکە چیرۆکێك، کە باسی شەڕی نێوان دوو وڵات یان دوو لایەن بکات و لەچۆنیەتیی شەڕەکان بدوێ بێگومان گێڕانەوەکانیش پەیوەست بەو دارو بەردو سەنگەرە دەبن و چۆنیەتی شەڕکردن و هێرشکردن و راکردن و هەموو ئەوانە لە رووی گێڕانەوەوە رۆدەچنە ناو هزرو دیدی وەرگر، بۆ نموونە گێڕەرەوەیەك باسی کۆڕەو بکات، جا هەر جۆرە کۆڕەوێك بێت، ئەو کات زۆربەی رووداوەکان دەکەونە شوێنی کراوە، یاخود چیرۆکنووسێك باسی رووداوێکی نێوسینەما بکات پێگەی سەرەکی شوێن دەکەوێتە نێو هۆڵێکەوە، واتا شوێنێکی گشتی کراوە دەبێتە شوێنی رووداوەکان، ئەگەر بەتەنیا سەیری هەریەك لەو پەیوەندییانە بکەین بەتەنیا هەستی پێدەکرێت، چونکە رووداو لە بۆشایی روونادات، بەڵکو دەبێ شوێنێکی هەبێت، کە تیایدا روودبات، لێرەدا گوتراوە: ((هەموو شوێنێك هاوسەری شوێنێکە))[2]، کەواتە رووداو بەبێ شوێن نابێت، تەنانەت خەونەکانیشمان شوێنیان تێدایە، ئێمە کاتێ خەون دەبینین رووداوەکان لە چەند شوێنێك خۆیان نمایش دەکەن، هەندێك شوێنی خەیاڵین، کە پێشتر نەماندیتون، هەندێکیشیان لە شوێنی واقیعی پێشتر بینیومانن، کەواتە شوێن ئەو چوارچێوەیەیە یاخود ئەو دەفرەیە کە هەموو شتەکانی تیاکۆدەبێتەوە .

[1] – السرد عند الجاحظ، فادية مروان احمد الونسة، ص ١١٤.

[2] – استراتيجية المكان، د. مصطفى الضيع، الهيئة العامة لقصور الثقافة، مصر، ١٩٨٨، ص٧٧.

رەنگە ئەم پرسیارە لامان دروستبێ، کە شوێن گرنگترە یان ڕووداو، دەبێ ئەوە بزانین، کە هەریەك لەم دوانە بەتەنیا نابن و هاوشانی یەکترین، هەروەك چۆن هەموو کارەکتەرێك شوێنێك دەیگرێتە خۆی وتیایدا دەجوولێتەوە و هەڵسوکەوت دەکات و کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێ ((دەوروبەری وەسفکراو کاریگەری لەسەرکارەکتەر هەیە و هانیدەدا بۆئەنجامدانی ڕووداو وپاڵنانی بۆکردنی کارێك تاکو وایلێهاتووە کە دەکرێ بوترێ وەسفی دەوروبەر وەسفی دواڕۆژی کارەکتەرە))[1]، شوێنیش باسی نایەتە ناو باسکردن، لە ڕێگەی کارکردنەوە نەبێت، یان ڕووداوێکی تیایدا ڕوونەدات وکارەکتەر و ڕووداویش بەهەمانشێوە، هەروەك (جۆرج بلان) وتوویەتی ((هەرکاتێ ڕووداونەبێ،شوێنیش بوونی نابێ))[2] بە بیروڕای ئەم ڕەخنەگرە "ڕووداو" شوێن دەستنیشاندەکات، شوێن و ڕووداویش وەك دوو ڕووی دراوێکن لەیەکتر دانابڕێن کەواتە ئەو سیانە وەك زنجیرە تەواوکەری یەکترین : شوێن، کارەکتەر، ڕووداو.

شوێن لەبەردەستی مرۆڤدایە لە بنیاتنان و تێکدان و ناولێنان و بەجێهیشتنی و گەڕانەوە بۆ باوەشی و ئەنجامدانی ڕووداو تێیدا، مرۆڤیش لەچەندین شوێن نیشتەجێیە و شوێن مۆرکی خۆی لەسەر زمانی بەجێدەهێڵێ، بەتایبەتی زمانی گفتوگۆ، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا کاریگەری شوێنی لەسەرە، چونکە ئەو زمانەی گوندنشینێك پێی دەدوێ جیایە لەگەڵ زمانی شارنشینێك، هەروەها زمانی خەڵکی بیابان و زمانی چیانشین جیایە، زمانی کەسەکانیش بەپێی شوێنەکان ولەسەر ئاستی کەسەکان دەگۆڕێ. ئەو زمانەی کە پزیشك لە خەستەخانەو مامۆستا لە زانکۆ و، دادوەر لە دادگا پێیدەدوێن، جیایە لەو زمانەی کە لەماڵەوە پێی دەدوێن، هەروەك چۆن شوێن توخمێکی گرنگە، لێرەش شوێن بووە بە زاراوەیەکی گرنگ لە

---

[1] – بنية الشكل الروائي، حسن البحراوي، ص٣٠.
[2] – س.پ، ل٣٠.

گێڕانەوەی چیرۆکی نوێ وبەشێکی گرنگە لەبنیاتی گێڕانەوەدا، بە تایبەتی لەلای (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، کە بەچیرۆکنووسێکی هاوچەرخ دادەنرێ، چونکە شوێنی ڕووداوەکانی بە وردی و هونەرمەندانە وێنەکێشاوە و ڕەسەنیی خۆی لەسەر ئاستی داهێنان بەدیارخستوەو توانای خۆی لەسەربڵاوکردنەوەی ژیان لە دەوروبەری چیرۆکەکانی دیاریکردووە، هەروەها شوێنی کردۆتە نێوانێك بۆ گواستنەوەی ئەو جوانی وکاریگەرییەی کەتیایەتی کەواتە چیتر شوێن وەك تابلۆیەکی ڕازاوەی پشت چیرۆك نەمایەوە، بەڵکو بووە بەخاوەن بینینی خۆی و هەڵوێستی خۆی لەوەی کە دەیبینێ و، لەسەر ئەو شوێنانەی نووسیوە کە ناسیویەتی و بەدەست گرتوویەتی لەگەڵ ئارەزووکردنی لە ڕاستی هونەری و لەگەڵ ڕۆیشتنی بۆ خەیاڵی ڕووت، هەروەها وێنەی ئەو شوێنانەی گرتووە، کە خاوەن پانتایی خەیاڵکراون و لەهەندێ چیرۆکیش شوێنەکەی نەدیوە بەڵام لە پاشکۆی ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆڵی هەبووە لەوێناکردنیدا.

لەبەر گرنگیی شوێن و بایەخی لەوەی کە ئەرکی هونەری و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەبینێ لەناو چیرۆکدا، چیرۆکنووس خەیاڵی خۆی دەکاتە کامێرایەکی سینەمایی، خۆی بەدوای گرتنی وێنەو ڕووداوی مرۆڤەکاندا دەگەڕێت کە مرۆڤەکانی وێناکرد، سروشت و دەوروبەر و دارو دیوار.... هتد دەبێتە باگراوندی وێنەگیراوەکان، هەرلەوکاتەشدا تەنیا ئەو ئەرکەی نییە، بەڵکو شوێنەکانیش ڕۆڵی سەرنجڕاکێشی لە جوانکردنی ڕووداوە تۆمارکراوەکاندا هەیە، بەڵکو بەشێکیشە. لە چیرۆکەکە، چیرۆکنووس، کاتێ چیرۆکێك دەچنێت، هەوڵدەدات شوێنێك هەڵبژێرێت بۆ ڕووداو و کێشەکان؛ بۆیە کە چیرۆکنووسێك چیرۆکی بەلەمێکی بچکۆلەی ناو دەریایەك دەگێڕێتەوە ئیتر ڕێگای ئەوەی لێدەگیرێت، کە باسی دەرگاو پەنجەرەو سەربان وشەقام بکات، مەگەر بەفلاشباك و خەیاڵ بگەڕێتەوەو باسیان بکات ؛ بۆیە چیرۆکنووس لەگەڵ شەپۆلەکانی دەریاو ماسی و نەهەنگ...... هتد ڕووبەڕوو دەبێتەوە بۆ دروستکردنی گرێی چیرۆکەکە و

دۆزینــەوەی خەوشــی گرێکــەو کردنــەوەی. لــەم تــەوەرەدا هەوڵــدەدەین ئــەو شوێنانە بخەینە ڕوو، کە لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسەدا باسکراون .

**جۆرەکانی شوێن**

بنیاتی شوێن لە کورتە چیرۆکدا بەهەمەڕەنگی جیا دەکرێتەوە، چونکە تــەنیا شــوێنێك تێیــدا باســناکرێت، ئەگــەر نــاوی دێیــەك بهێنرێــت بــا دێیەکــە بچووکیش بێت، لــە چوارچێوەی دێدا چــەندین شــوێنی دیکــە دێنــە بەرچــاو لەوانە: خانووەکان و کۆڵان و باخچە و سەربیری ئاو و شوێنی جووت و کادین و پــەرێزو ئاقاری دێ و زۆر جاریش وا دەبێ لە یــەکێك لــەم شــوێنانە خــەیاڵی نووسەر دەچێتە شوێنێکی دیکەو درێژە بە رووداوو بەسەرهاتەکە دەدات.

ئەگەر نووسەر زیندان بەکاربهێنێ ئەوا چەندین شوێن لەناویــدا دەبینــرێ، ژووری زیندانی بەکۆمەڵ و تاك، ژووری یــەکتری ببیــنن و کــارگێڕی و ڕارەو و سەرشۆر، هتد [1].

بیری رەخنەی نــوێ پــۆلێنێکی زۆری شــوێنی، پێشکەشــکردووە بــەپێی ئــەو جیاکردنەوانــە و تێڕوانینــی ئــەم بۆچــوونە هاوچــەرخانە، کــە گرنگیــەکی گــەورەیان بەشــوێن بەخشــیوە، بوونەتــە هــۆی گواســتنەوەیەکی جــۆری لەمامەڵەکردنی رەخنەگران و لێکۆڵەران لەگــەڵ ئــەم توخمــە، کــە ماوەیــەکی دووروردرێــژ دیلــی تێــڕوانینی تەقلیدییانــەی (بــەلزاك – فلــۆبێر) بــوو، بــەڵام رەخنــەی نــوێ بایەخــدان بەشــوێنی خســتە نــاو بەرنامــەی خۆیــەوەو لــە چوارچێوەی دیــارترین ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە لــە رۆمــان و چــیرۆکی نوێــدا روویدا. پۆلێنکردنی جۆراوجۆر بۆ شوێن دەرکەوت لەوانە: ئاشناو نا ئاشــنا، کراوە وداخراو، واقیعی و خەیاڵی شارو دێ.

بەپێی ئەو تایبەتمەندییــەی کــە (جــێ) لــە نــاخی کارەکتــەر بەجێدێڵێ و دەستنیشان دەکرێن شوێنیش لەناو چیرۆکدا ئەو بوونە بەرجەستە واقیعیەی

---

١ – بنية الشكل الروائي حسن بحراوي، ص٣٦.

نییـه، وەك لـه ژیـانی راسـتەقینەدا دەیبیـنین، بـەڵكو هـۆش درك بـه بـوونی دەكات، یاخود چۆن وێنەكێش دەقاو دەق وێنـه وەك سروشـت ناگوازێتـەوە، بەهەمانشـێوەش چـیرۆكنووس لەناوچـیرۆكدا، چـونكه شـوێن لـەناو چـیرۆكدا ئەندێشـەییەو لـه وشـه دروسـت دەكرێـت، چـیرۆكنووس زۆرجـار پەنادەباتـه بەرشوێنی ئەندێشەیی تاكو چـێژی ئـەو واقیعـەی، كـه هـەوڵ بـۆ ئەفرانـدن و وێنەگرتنی دەدات بەخوێنەر بگەیەنێ[1]. نابێـت وەسـفی شـوێنیش بەوچـاوە سەیربكرێت كه ((دیكۆرێكی دەرەكییه پەیوەنـدی بـه بنیـاتی كارەكتـەرەوە نییـه، بـەڵكو دەبـێ بەشـێك بێـت لـه چـنین و رووداو تـاكو خوێنـەر هەسـت بەیەكیەتیی كارەكەو گشتگیرییەكەی بكات))[2] بەدەر لەشـوێن هـیچ شـتێكی بینـراو، زینـدوو ونازینـدوو روح لەبـەر بـێ، یـان مـادە بـوونی نییـە، چـونكه روانینی مرۆڤ بۆ هەر شتێك بێت، شـتەكەو شـوێنی شـتەكە دەبینـێ، كەواتـه هیچ چیرۆكێك لەجیهاندا نییه شوێنی تێدا نەبێت، چونكه گـەر شـوێن نـەبێت رووداو و دایەلۆگ لەكوێ و چۆن روودەدەن؟ تەنانەت چیرۆكەكە باسی ئاسمان و فەزاش بكات ئەمانەش هەر شوێنن، گەر چیرۆكنووس ناوی هـیچ شـوێنێكی نەهێنابێ، بەڵام لەگێڕانەوەكان و جموجۆڵەكاندا شوێنی هەرتێدەكەوێت .

### أ- شوێنی ئاشناو نا ئاشنا

مرۆڤ هەر لەو رۆژەوە كه هەست به ژیان دەكات، جۆرە ئاشنایەتییەك لەگەڵ ئەو شوێنەی كەلێی دەژی پەیـدا دەكـات، ئـەو شـوێنەش شـاربێ یـان لادێ، ئەشكەوت یان شەقام هەستێك بەرامبەر ئەو شـوێنانه لـه لای دروسـت دەبێت، ئیدی یان خۆشیدەوێن یان رقی لێیان دەبێتەوە ئەگـەر خۆشـیی لـه شوێنێك دیتبێ ئەوا هەستی خۆشەویستیی بەرامبەر ئەو شوێنه زیاد دەكات، ئەگینا به پێچەوانەوە دەبێت. (گاستۆن باشلار) له لێكۆڵینەوەكانی بۆ شوێن

---

١-النقد التطبيقي التحليلي: د.عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافيـة العامـة، بغـداد، ١٩٨٦، ص٨٣.

٢- س ،پ، ل ٨٣.

لەسەر شاردنەوەی هەموو دیاردە هەستی و درکپێکراوەکان و دەروونییەکان، هەولێکی زۆریداوە دەستنیشانی ئەو هۆیانە بکات کە پالنەرن بۆ ئەوەی هۆگری شوێنێك بىن، یان زانینی ئەو هەستانەی، کە وامان لێدەکەن رقمان لە شوێنێك بێتەوە بەیارمەتی هێنانەوەیادمان بۆ یادگاری و ئەزموونەکانمان لەسەردرکپێکردن و جۆری تاقیکردنەوەکان کە بەسەریدا تێپەڕیووین لەو شوێنە بەتایبەتی، چونکە هەستی ترس و دلنیابوون دەستنیشان دەکات. ئەم جۆرە کارلێکردنە لەنێوان کارەکتەرو شوێن هەربستێکیش دەگۆڕێ بۆ شوێنی ئاشناو گونجاو [1]

مرۆڤ لە هەموو شوێنێك زیاتر ئاشنا و هۆگری ئەو ماڵەیە کە بەمندالی تێیدا ژیاوە تاکو مردن خەونەکانی هەر لەوشوێنەیە ((ماڵ کەتیایدا لەدایك بووین زیاترە لەوەی کە تەنیا بەرجەستەکردنی پەناگەیەك بێت، بەلکو بەرجەستەکردنی خەونەکانیشە))[2] بەمەش ماڵ دەبێتە بەهێزترین شوێنی ئاشنا، ماڵ لە هەموو شوێنێك روونترە لە دەربڕین لەخاوەنەکانی هەرچەندە پەیوەندی ماڵ جۆراوجۆرە لەنێوان رق و خۆشەویستی، پەنابردن بۆی یاخود هەلاتن لێی، بێگومان لەکاتی خۆشییەکاندا هۆگری دەبین لەکاتی ناخۆشیش رقمان لێیەتی، بۆیە دەبێتە نائاشناو نا هۆگر، وای لێهاتووە بلێین ئەوەندەی ماڵ لەناخی مرۆڤ ولەبیرو هۆشییەتی، ئەوکاتانەی لەدەرەوەی ماڵ دەبێت و کە لەماڵیش دەبێ خەریکی جوانکردنی هەموو گۆشەیەك و تۆمارکردنی یادگارییە لەناوی بەمەش ماڵ وەك تۆمارێکی وێنەیی لێدێت هەموو قۆناغەکانی تەمەن دێنیێتەوە بەرچاو، واتا ئەوەندەی بیری ماڵ دەکرێ، ئەوەندە وەك شوێن مرۆڤ لە ناوی نییە ((دەلێن : ماڵ لەناو ئێمەدا

١- جماليات الديكور المسرحي، دراسة في اعمال صلاح حافظ الفنية، ياسين نصير، مج/ الاقلام، ع/٢، ١٩٩٠ ،ص٤٦.

٢ – جماليات المكان، غاستون باشلار، ت:غالب هلسا، المؤسسةالجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ط٢، ١٩٨٤،ص٥٢.

دەمێنێتـەوە نـەك ئێمـە لەناویـدا دەمێنینـەوە))[1]. ئـەوەتا چـیرۆكنووس لـە چیرۆكی (تەماشاكان)دا، كە لە سەرەتاوە بەجێناوی كەسی سێیەمی تاكـەوە چـیرۆكەكە دەگێڕێتـەوە، چـۆن پـێش تەماشـاكان وەك خوویـەكی رۆژانـە دەگەڕایـەوە بـۆ مـاڵ بێخـەم و خـەیاڵ كـاتێ دەچـووە سـەربان خەمـەكانی دەڕەوییەوە ((شەوانە كە دەچووە سەربان ڕادەكشا دەیڕوانیە ئاسمـان، وای دادەنا لە هـۆڵێكی گـەورەو بەریندایـە، ئـەو هـەموو ئەسـتێرانەش چـراخان و مۆمی داگیرسـاوە بـوون لـە بـەرخاتری ئـەو هەڵدەكران، ئـیتر هـەزار بـەزمی خۆشی بۆ خۆی دادەمەزراند و سازدەدا، كـە دەخـەوتیش تـا دەمـەو بـەیان یاری بە ئەستێران دەكـرد))[2]. سـەربان وەك شـوێنێكی كـراوە، كـە تایبەتـە بەكەسانی ماڵێك، جاران شوێنی حەسانەوەی گشـت خـەڵكی كوردسـتان بـوو شوێنێكی ئاشنابوو بەشوێنی خەڵوەت و تـەنیایی و بیركردنـەوە و خـەوبینین دادەنرا، جگە لەوە شوێنی پێكەوە خڕبوونـەوەی ئەنـدامانی خێزانـەكان بـوو لەیەك شوێندا، لەم گێڕانەوەیـەی سـەرەوەدا، كارەكتـەر (سـاڵحە فەنی)یـە، فەرمانبەرێكە وادیارە پلەی فەرمانبەرێتییەكەی لە پلەی خوارەوەیە، تـا ئـەو كاتەی چاوی بـەو كەسـانە كـەوت كـە لـە ئۆتۆمبێلـە نەعلەتییەكـە دابـەزین، ژیانێكی ئاسوودەی هەبوو، بەڵام پاش دابەزینی سێ كەس لە ئۆتۆمبیلەكە و سەیركردنیان بۆ ساڵحە فەنی، كە جەورو ستەمی رژێمی بەعسیان نیشـاندەدا خەڵك لە سایەیاندا ناوی خۆیشیان لە بیرچوبۆوە، تەنانەت وایان لێهاتبوو كە نـەزانن چـەند شـەممەیە، لـە پـاش تەماشـاكان سـەربانەكەیان كـە شـوێنی حەوانـەوەی بـوو، وای لێهـات كـە ((لەشـی وەك شكسـتەبێ ئـە ئـاوا زۆر بـە كاوەخۆ بە ئەسپایی پێی لێ درێژكرد))[3]، لە ترسی تەماشاكان .

لەم پارچە گێڕانەوەیەی سەرەوەدا بەدەر دەكەوێ ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی لەنێوان كارەكتەرو سەربان هەبوو گۆڕا بە (نائاشنا)و دژبـەر، ئەمـەش

---

1 – دلالة المكان في قصـص الاطفـال، ياسـين النصـير، ط١، دار ثقافـة الاطفـال، بغـداد،١٩٨٥، ص٢٦.

٢ – كۆچیرۆك، تەماشاكان ،ل١٧٦ – ١٧٧.

٣ – س. پ، ل ١٧٧.

بەهۆی کاریگەرە دەرەکییەکانەوە، کە ترووسکاییی ئومێدی تیادا بەدی نە دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەو رزگاربوون لێی، شەو و شەوگاریش وەها تەم و مژاوی ببوو هۆگری لەگەڵ ماڵ و سەربان بزرکردبوو لێی ببووە پەیوەندییەکی شپرزە و دڵەڕاوکێ، لە جیاتی بە گەڕانەوەی بۆ ماڵ، زووخاو خواردنی لە دائیرەو باری خراپی خۆی و خەڵك، لەبیربکات و لەکەشێکی ئارامدا بژیت، کەچی وای لێدێت : کە رەفزی کۆمەڵگا بکات و دوورە پەرێزی هەڵبژێرێ و تۆبە بکات لەوەی جارێکی دیکە بچێتەوە بۆ چایخانە، یان ئەگەر شوێنێکی دیکەی هەبێ داڵدەی بدات ئەو شوێنە بەیەکجاری بەجێ بهێڵێ.

لە نموونەیەکی دیکە، لەسەر زاری کەسی یەکەمی تاك، گێڕەرەوە بۆمان باس دەکات : ((لەگیانەوە هۆگری بوو بووم، ئەو کاتەی منداڵ بووین هەرکە رۆژمان لێ ببوایەوە شوێنی یاریمان ژێر دارەکە بوو، وەك سیرەمۆز منداڵ گرد دەبۆوە، وەك دایکێکی دڵ نەرم باوەشی ئارامی بۆ دەکردینەوە دایکی هەموومان بوو.))[1] لەم گێڕانەوەیەدا شوێن دێیەکە زێدی باپیرانی کارەکتەرە، سۆزو پەرۆشییەکی گیانیی بۆ ئەو شوێنە هەیە زۆر خۆشەویستە لای و دەستبەرداری نابێ، ئاشنابوونی کارەکتەر بەو دارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵێك یادگاریی لەگەڵ هەیەو خۆشیدەوێت، ئەگەر بێتو لەهەمان جۆری دارەکە لە شوێنێکی دیکە ببینێت کە هەمان قەبارەو هەمان جوانیشی هەبێ، بەڵکو جوانتریش بێ هەستی کارەکتەر نابزوێنێ، چونکە هیچ یادگارییەکی لەگەڵدا نییەو وەك شوێنی یەکەم نابێت، پەیوەندیکردن بە واقیعی ژیان و خەونی تاکە کەس و سۆزو پەرۆشی مرۆڤایەتی، کە هەستی راستەقینە بۆ شوێن پێکدێت، ئەم هەست و سۆزەش زیاتر دەبێت، ئەگەر ئەو شوێنە خۆشەویستە بەرەو نەمان و بزربوون و لەدەستچوون بچێ کە بە لەدەستدانی شوێنی منداڵی دادەنرێ، ئەوەی

---

١ – کۆچێرك، دارەکەی بەرماڵمان، ل ٢٣.

باسکرا لە چیرۆکی(دارەکەی بەرماڵمان)دا بەرجەستە دەبێت و خۆشەویستیی (دارەکـە) نیشـانەی ئەوەیـە ((پەیوەنیدییـەکی گیـانی لـەنێوان دارەکـەو کارەکتـەر دروسـتبووە و کارەکتـەر داروبـەردی خـاکی وڵاتەکـەی لاشـیرین و خۆشەویستە و ناتوانێت وازی لێبهێنێت))[1]، لە بگرەو بەردەی ئەم ئاشنایەتی و هۆگرییەی کارەکتەر بۆ شوێنی جارانی خۆی، کـە بـەهۆی سـووتاندنی ئـەو دێیەی دارەکەی لێیەو ئـەو بارودۆخـەی بەسـەر خـۆیی و دێیەکـەو دارەکـەدا هاتووە، بووە بەهۆی ئەوەی خەڵکەکە لـەوێ کـۆچ بکـەن، بێگومـان ئەمـەش بووە بە هۆی دروسـتبوونی ئـازارو ئەشـکەنجە لـە دەروونـی کارەکتـەرو لێـی جیانابێتەوە، هەروەها پەرۆشیی بۆ ئەو رۆژانەی تێپەڕین و بوون بە یادگاری کە لەڕێی گەڕاندنەوە بیر لە کەس و کارو دارەکەی بەرماڵیان دەکاتـەوە، کـە بەجۆرێکی وەها هۆگری ببوو، لەجێی دایکی دانابوو، ئەم کارتێکردنی شوێنە کـارتێکردنێکی ئاشـنایەتییانەو، هەسـتێکی قووڵـەو پەیوەندییەکـە لەسـەر بنـەمای هـۆگری و ئاشـنایەتی مێـژوویی بنیـاتنراوە. ئـەم یادکردنـەوەی کارەکتـەر بـۆ شـوێنە کۆنەکـەی لەئـەنجامی نیشـتەجێ بوونییـەتی لەشـوێنە تازەکەی کە وای لێکردووە، شوێنە کۆنەکەی بە بیربێتەوە و بۆی بسـووتێ و لەسەر پاشماوەکـەی بگـری، لـە هـەردوو نموونـەدا شـوێنی ئاشـنا دەبـی بـە نائاشنا لەبەر کاریگەریی دەرەکی، کە ئەویش دەسەڵاتی سیاسـی ئـەو کاتـە بـووە، چـونکە بەدڕنـدەترین شـێوە ڕەفتـاری لەگـەڵ کـورددا دەکـرد، بۆیـە سووتانی ئەو درەختەش ئازارێکی زۆر بەکارەکتەر دەگەیـەنێ، لەبەرئـەوەی هەر لەو کاتەوەی، کە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە ئەم دێیە و دارەکەی بینیوە و هۆگریان بووە، بۆیە کە بەسووتاوی دەیبینـێ، کـزە لـە جەرگییـەوە دێـت وا هەسـت دەکـات یادگـاریی رۆژگـارە خۆشـەکانیش لەگـەڵ درەختەکـە هـەموو سووتان، ئەگەر لەشوێنی ئـەم درەختـە درەختێکـی دیکـەش بچێنن شـوێنی

---

١ – کاریگـەری بـیری نەتـەوەیی لـە گەشـەکردنی چـیرۆکی کـوردی کوردسـتانی عێراقـدا، د. عەبدوڵڵا ئاگرین، ل١٦.

دارەکەی خۆی پڕنابێتەوە، چونکە لەگەڵ ئەم درەختە نوێیە هیچ یادگاری و بیرەوەریی نییە.

**شوێنی نائاشنا:** ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ تیایدا ((هەست بە ئاشنایەتی و خۆشی ناکات، بەڵکو هەست بەدژایەتی و رق لێبوونەوەی دەکات و جۆرە کێشەیەك لەنێوان شوێن و کارەکتەر دروست دەبێت)) [1]، کارەکتەر هەموو هەوڵ و توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو شوێنە بەجێبهێڵێ، چونکە بە زۆر تێیدا نیشتەجێ کراوە.

ئەو شوێنانە یان ئەوەتا مرۆڤ بەناچاری تیایدا دەژی، وەك بەندیخانە و مەنفا و بیابان. بێگومان مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ شوێن و دەوروبەر دروست دەکات، بەڵام هەموو شوێنەکانی وەك یەك خۆشناوێت، زۆرجار کەسێك لە شوێنێك تووشی کارەسات و ناخۆشییەك دێت ئەم شوێنەی لەبەرچاو دەکەوێت، چونکە یادگارە تاڵەکان پەیوەستن بەم شوێنەوە، یان شوێنێکە روودانی سروشتی تیایدا رووی دابێ، ئەمەش لە کێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە: هەڵەبجە ئەو کارەساتە گەورەیەی لێ روودا، کەچی لەلای خەڵك خۆشەویستتر بوو، بەڵام بێگومان دیمەنی باخچەو دارستان و ئاوو رووبار سەرنجڕاکێشتر و دڵگیرترن لەدیمەنی ناوچەیەکی گرکانی و بیابانی وشك، هەر بۆیەش زۆربەی چیرۆکنووسە کوردەکان ئەم جۆرە شوێنەیان بەرجەستەکردووە، کە وەك سزایەك بەسەر کارەکتەر سەپێنراون، ئیدی رەوابێت یان ناڕەوا، کارەکتەر دەست بەسەرەو نازانێ چارەنووس بەرەو کام هەڵدێری دەبات. ئەوەی لەبەرچاوانە رژێم چەندین ئۆردوگای زۆرەملێی لە کوردستان دروستکرد و خەڵکی ئەو (دێ)یانەی کە خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد ڕاپێچکرد بۆ ئەو ئۆردوگایانە، کە هەر لە کوردستان بوون، ئەگەر چی زێد بە زۆر پێچۆڵکردن زەحمەتە، بەڵام چونکە شوێنە نوێیەکەش کوردستان بوو، خەڵکە دەستبەسەرەکە تاڕادەیەك بەپێی

---

١ – عالم الرواية، رولان بورنوف وريال اوئيله، ص ١١٣ – ١١٤.

تێپەڕینی کات ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ ئەو شوێنانەدا پەیدا دەکرد، بەڵام ئەوەی بەهیچ شێوەیەك مرۆڤی کورد لەگەڵیدا ڕانەدەهات، ئۆردوگا زۆرەملێکانی باشووری رۆژئاوای عێراق و نوگرەسەلمان بوون کە لە دەریای لمدا بوون، ئەوەندە بەسە کە ناوی بیابان بوو، ئیدی زیندان لەناو بیاباندا بێت، جگە لەو تۆزو گەردەلوولەی کە جەم و دەمی بۆنییە لەوەخت و ناوەخت هەڵدەکا بەرەنگی رەش و سوورو زەرد ((ئەو پانتاییە چۆڵە وا نییە کە ترس و تۆقاندن و خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ دەچێنێت و هەمیشە رەنگی رەش و زەرد لە خۆ دەگرێت))[1].

ئەم رەنگانەش هەر رەنگ نین، بەڵکو ((زیخ و لمەکە هەر رۆژەو بەرەو ئاراستەیەك هەڵدەکەن، ئەو ئۆردوگایانەش بۆ دوورخراوەکان دروستکرابوون، لەکاتی هەڵکردنی ئەو گەردەلوولە، خەڵکەکە فێربیوون زۆر بەپەلە هەویریان دەگرتەوە لەو بەشە ئاردەی، کە مانگانە بۆیان دەهات بۆ گرتنی درزو کون و کەلێنی دەرگاو دیوار و پەنجەرە، دانیشتووی ژوورەکانیش لەکاتی هەڵکردنی ئەو عەجاجە، لەژوورەکاندا ئەوەی ئەمبەر، ئەوبەری لێوە دیار نەدەبوو، بەدرێژی و پانی ئاسمان و لە خێراییەکی کەم وێنەدا تۆزو عەجاج دەگەیشتە سەر سەری مرۆڤ))*. هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بەخۆشی و ناخۆشی بارودۆخەوە هەیە، واتا ئەگەر ئەو ئۆردوگایانە لە دەشتێکی پان و بەرینی پڕ گوڵ و گوڵزاریشبن، چونکە خەڵکەکە ترسی کوشتن و لەناوبردنیان لەسەرە و دەست بەسەرن و خزم و کەسیان بریتین لە کوژراوو بێ سەرو شوێن و ئەنفال کراوەکان، ئەوا هەر دڵپەست و پەشۆکاو دەبوون، بەڵام سروشتی جوان لە هەر کوێیەك بێت، رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە چارەسەرکردنی زۆر ناخۆشی و رەواندنەوەی هەندێ لە ئازارو تەنگژەی مرۆڤ.. سەرنجدان لە بلبلێك یان پەپوولەیەك

---

١ – قال الراوي (البنيات المكانية في السيرة الشعبية)، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، بيروت،١٩٩٧ .

*– بیابانی خوارووی عێراق، توێژەر، شحيات – ناحیەی بصيه، ١٩٨٢ .

تەنانەت تاقەگەڵایەك هێوری و بزە دەخەنە دڵ و دەروون، ئەم بارودۆخە نا ئاشنایە، کە کارەکتەر وەك لەسەر ژیلەمۆی ئاگر وەستابێ ئاوایە. ئەمەش لە چیرۆکی (خەونی ناو دۆزەخەکەدا) بەرجەستە دەبێ، ئەو شوێنە کە لانەی داڵ و کوندەبۆ بوو شایستەی کورد کراو بەباڵای بڕا، بەهیچ شێوەیەك لە یادەوەری کارەکتەری چیرۆکەکە ناسڕێتەوە، ئەو کاتانەی کە لەوێش ژیاوە بەهیچ شێوەیەك نەیتوانیوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو شوێنە پەیدا بکات، نەك هەر ئاشنای نەبووە، بەڵکو کاتیك رزگاریشی بووە لەو شوێنە نامۆو نا ئاشنایە، نەیتوانی بۆ چرکەیەکیش لە یادەوەری خۆی بیسڕێتەوە، تەنانەت دۆست و برادەرەکانیشی وەڕس و بێزارکردبوو ئەوەندەی باسی ئەو دۆزەخەی سەر دنیایان بۆ بکات : ((ئەو رۆژانەی ئای لە ورۆژانە.... قەت ئەو گازاندەو گلەیی و پرسیارە گەورەکانی باوکتم بیرناچنەوە.... تا ورێنەی خەوی دەمەو بەیانیانیشم لەیادە، لەوێ (وەیسە)گیان هەموو رۆژێ لم دەباری.... لم نەبوو نووکە دەرزی دەباری کە هەڵیدەکرد دەست و پلو رووومەتمان دەرزی ئاژەن دەکران، کە (لم) دەبارەی باوکت تەنگە نەفەس دەبوو، کە تەنگە نەفەس دەبوو، منیش لەگەڵ ئەودا ئارامم لێ هەڵدەگیرا))[1]. لەم گێڕانەوەیەدا گێڕەرەوە لە گۆشەنیگای(فەرەج)ەوە، کە کارەکتەری سەرەکی و ئۆقرەو ئارام لێبڕاوە، دەگێڕێتەوە، فەرەج یەکێکە لەو کەسانەی لە دۆزەخ رزگاری بووە، بەڵام وێڵ و سەرگەردان بووە، باسی ژیانی ستەمدیدەیی کورد نیشاندەدات، بەبێ هیچ تاوانێك ئەم سزا قورس و سەختەیان بەسەردا سەپێنرا، کە تەنیا تاوانیان (کوردبوون) بوو، خەمی کارەکتەر تەنیا دوورخستنەوەو دابڕان لە زێد نییە، بەڵکو سروشتیش لە دژییەتی. باوەشی کپ و هێمنی سروشت لە جیهاندا وەرچەرخانی بەسەر ئەدەبدا هێناوە، کەچی ئەوەتا کورد فڕێدراوەتە باوەشی سروشتێك کە میهرەبانی و سۆزی خۆی بە رووی کارەکتەردا داخستووە و لەوێش وەك

---

١ – کۆچیرۆك، خەونێکی ناو دۆزەخەکە ،ل١٨٦ – ١٨٧.

پیاوەکـانی رژێـم، سروشـت یـاخی و سـتەمکارە و ئـارامیی بەکارەکتـەر نابەخشێت.

جاران لم لەناو ساجێك رووەدەکراو سوور دەکراوە تاکو داغ دەبوو، ئیدی نۆکی تێدا سوور دەکراوە، بەڵام ئەو لمەی باشوور خۆی لە سروشتی خۆیەوە سووربۆتەوە، رژێمیش کوردی، نۆك ئاسا، فڕێدەدا ناو لمی سووورکراوە، دۆزەخی لم و گڕی بیابان، دوورخراوەش کەسێکی نەخۆش و تەنگەنەفەس، جگە لە داتەپینی ناخ و هەستکردن بەغەریبی و لێڕانە نەهاتن لە نائاشنایی شوێن و ترس و تۆقێنیش لە داهاتوودا، یاخود کەی ئەجەل دەگاتە سەر رۆحیان، ئیدی لە بەرئەوەی زەمەنیش لە شوێن جیاناکرێتەوە، ئەگەر کۆچکردنی باوکی وەیسە لە گەرمیانی زێدەوە بۆ دۆزەخی بیابان کۆچکردن بۆ شوێن بێت، ئەوا کۆچکردنی زەمەنیشە، چونکە ((کۆچکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەبێ زەمەن ناکرێ))[1]. لەم گێڕانەوەیەدا وێنەی جۆرێك لە دابڕان و لێکترازانی بۆ کردووین لەنێوان دوو جێگەو شوێن (گەرمیان/ نوگرە سلمان)، کە دەبێتە هۆی لێکترازان لەنێوان دوو جۆرە زەمەن (رابردوو / ئێستا) یاخود پێش دوورخستنەوەیان لە گەرمیانی بەهەشتەوە بۆ دۆزەخی نوگرە سەلمان/ دوای رزگاربوونی کارەکتەر دووبارە / گەرمیان، کات و شوێن، پێش زێد پێچۆڵکردن ئاشناو دیارە، بەڵام دوای دورخستنەوە شوێن و کات نائاشنا و نامۆیە، درندە ئاسا چڕنووکی لە جەستەی کارەکتەر گیرکردووە و، رۆڵێکی دیاردەبینێ لە پەردەهەڵدانەوە لەسەر ناخی کارەکتەر، شوێنی یەکەم (زێد) رابردوویەکی دزراوە سەرەڕای زەوتکردنی بچووکترین ماف و ئازادی لە کورد، بەڵام شوێن ئاشناو هۆگربوو، پڕبوو لە ئومێد و بەردەوامی لە گەرمیانی قەتارو ئەڵڵاوەیسی و ئای ئای، کە لە نوگرەش بوون هەر بەیادی گەرمیانەوە بوون، بەڵام هەستکردن بە لاوازی

---

١ – بنية الخطاب الشعري، دراسة تشريحية لقصيدة اشجان يمانيه، د. عبدالملك مرتاض، ص١٧٠.

و بێدەسەڵاتی و دابڕان لێی ئەم نائومێدی و دابڕانەش لە ئـەنجامی بزربـوونی شوێن و جێگە و هەواری کۆنە، کە بزربوون و وێڵی و سـەرگەردانی کارەکتـەر دەگەیـەنێ، ئـەوەی جێگـەی پرسـیارە (ئەحمـەد محمـەد ئیسـماعیل)، وەك کوردێکی گەرمیانی و زۆربـەی کارەسـاتە دڵتەزێنـەکان، کـە بەسـەر کـورددا هـاتووە، بەشـی شـێر بەرگـەرمیان کـەوتووە، کەچـی نووسـەر زۆر و کـەم باسینەکردوون، چ وەك کوردێکی گـەرمیانی چ وەك چیرۆکنووسـێکی واقیعـی تـەنیا بەراسـتەوخۆیی لـە چـیرۆکی (خـەونێکی نـاو دۆزەخەکـەو خـەونی نـاو تەلبەندەکە) شوێنی نائاشـنای لـە جـۆری زینـدان باسـکردووە، لەکاتێکـدا ناوی بەندیخانەکانی موصل، بەغدا، (هەیئەی خاصـە) ی کـەرکووك هاونـاوی گەنجـە لــە خــۆبردوو و گیــان لەسەردەســتەکانی کوردبــوون، کــە لــەکاتی سێدارەدانیان پارەی پەت و گوللەکەشیان لەکەس و کاری لە سێدارەدراوەکە وەردەگرتەوە، ئیدی لەبەرئەوەی چـیرۆکی واقیعـی ڕەنگنپێـدەرەوەی ژیـانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویيە دەبوایە زیـاتر باسـی ئـەو جـۆرە شـوێنەی بکردایە.

بەشێوەیەکی گشتی شـوێنە نـا ئاشـناکانی ئـەم چیرۆکانە و ئاشـناکانی لـەڕێی هەسـتی کارەکتـەرەوە بـوون، لـەڕێی هەسـت نـەکردنیان بـە ئـارامی لەماڵەکان و شوێنە گشتییەکان، تەنانەت شەقامیش لە پێش چاویان دەبێتـە نەویستراوو ناحەز و داخراو.

**شارو دێ:** دوو شوێنی گرنگن بۆ بـەئاکام گەیانـدنی چـیرۆك. چـیرۆك هەیـە باس لە گۆشەیەکی دیمەنێکی نێو شاردەکات، چیرۆکیش هەیە تەنیا باس لـە گوند دەکات ودیمەنەکان دەخاتەڕوو، چیرۆکیش هەیـە، وەسـفی شـوێنەکانی لەنێوان گوندو شاردا تەواو دەبن، ئەمەش لـەلای چیرۆکنووسـەکان وەکویـەك ڕەنگ ناداتەوە، هەندێك چیرۆکنووس زیاتر گرنگی بە دیمـەنی شـار دەدەن و دەیکەن بەکەرەستەی چیرۆکیان، هەندێکی تـر بایـەخ بەگونـد دەدەن. ئـەم چیرۆکنووسە لە بەرئەوەی ژیانی لادێی دیوەو بـۆ تـەواو کردنـی خوێندنیشـی چەند ساڵێك چووە بۆ کـەرکووك، لـەم ژینگـە هـێمن و ئارامـە دابـڕاوە، بۆیـە

کاریگەرییەکی راستەقینەی بەسەرەوە ماوەو، زۆرجار شوێنی کارەکتەرەکان و رووداوەکان لە گوند دەخاتە ڕوو وەك لە چیرۆکی (دارەکەی بەرماڵمان)دا دیارە، زۆرجاریش هەردوو شوێنی تێکەڵکردووە وبەراوردی لەنێوان شاروگوندا کردووە وەك بەراوردی نێوان دیوەخان و چایخانە، لە بەشەکانی پێشوودا باسکرا.

پێش ئەوەی چیرۆکنووس بەیەکجاری گوند بەجێبهێڵێ وا هۆگری بووە، وایزانیوە گەر لەوێ دابڕێ ئیتر ژیان مەحاڵ دەبێ، ئەمەش بەهۆی هۆگربوونی بووە بە شوێنەکەوە .

شوێنە وەسفکراوەکانی گوند زیاتر بەرەو لایەنی سادەیی وساکاری وجوانی سروشت دەچێت، وەسفی شاریش بەرەو لایەنی جەنجاڵی وباڵەخانەو کێشە کۆمەڵایەتییە زۆرەکان دەچێت.

ئەگەرچی شار لە لایەن زۆربەی نووسەرە جیهانیەکانەوە لەبەر جەنجاڵی و (ئاژاوەو پیسی)[1] رەتکراوەتەوەو بە((لەعنەتێکی شەیتانی دانراوە، دیستوفیسکی شاری بەدوژمنی مرۆڤ داناوە)) [2]، بەڵام چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو دوانە هاوشانە، بەتایبەتی (شار) لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنوسەدا (کەرکووك)ە ئەم شارەش وەك شوێن، پیرۆزی و تایبەتمەندیی خۆی هەیەو لە شارەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، چونکە ((هەرشارێك کەسایەتی و روحیەتی جیایە لەگەڵ شارێکی دیکەدا، هەرشارێك بە جۆرە دابونەریتێك وجۆری پێویستییەکان و چالاکییەکانیان، تاکو دەگاتە جێگەی داخراو وکراوە جیادەکرێنەوە))[3]، لەهەندێ شاری دی.

لە چیرۆکی (ئەم شارە ئەم خانمە ژنە))دا دەڵێ: ((دەمەوێ ئەم شارە بەخانمە ژنێکی جوان بچوێنم!، ئەمەم هەر ئێستا، ئێستاو لەم ئان و ساتەدا

---

[1] – رۆمانی کوردی، سابیر رەشید، ل٢٢٢.

[2] – جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر النابلسى ص ٣٠.

[3] – دلالة المدينة في الخطاب الشعري المعاصر (دراسة في اشكالية التلقي الجمالى للمكان )، قادة عقاق، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١م، ص ١٧٧.

به زەیندا هات، بەڵام پیاو ڕاستی بڵێ شتێکی ئەئاوا چۆن لە خۆیەوە و لەناکاوێکدا لە مێشکدا قووت دەبێتەوە؟.... ببێ و نەبێ پێشتر لەکتێوێکدا یا لەزاری کابرایەکم گوێ لێ بووە، ئەگینا من قەت (شارم) بە ژن نەچواندوە))[1] لەم قسانەدا کارەکتەر گیان دەبەخشێتە کەرکووك و بەمرۆڤ، یاخود بە ژنێکی شۆخ وشەنگی دەچوێنێ و دەڵێ نازانم چۆن ناوی خانمە ژنم لە کەرکوك ناوە هەروەك خۆی دەڵێ: ڕەنگە خوێندبێتیەوە، بەڵام لەبیری نەمابێ لە کوێ خوێندبێتیەوە، بەڵام لە هاردی بیری خۆی تۆماری کردبێ ودواتر بەکاری هێناوەتەوە، بەڵام (ئەحمەد خەلەف) لە ڕۆمانی (الخراب الجميل)دا هەمان لێکچواندنی لە نێوان شاری بەغداو ژن کردووە ((وبغداد تبدو مثل امرأة صلبة، قاسية و عنيفة))[2] هەرچی بەغدایە لای ئەو بە ژنێکی دڵ ڕەق وسەرکێش دانراوە، بەڵام کەرکووك تەنیا بەخانمە ژن چوێنراوە، ژنیش گەرلایەنە باشەکانی وەربگریرێ، (دایك وخوشك وخێزان)ە، کە ئەمانەش وەك سەرچاوەی خۆشی بەخشی و بەخشندەین، جگە لە جوانی و میهرەبانی، ئەم هەمووسیفاتانە دەقات زیاتر شایستەی (ئەرەبخایە)ئەوەتا ((دانیاڵ پێغەمبەر د.خ لە ناو قەوم وخۆیشەکەی خۆی هەڵی نەکردووە بەدوای شارێکی بێ وەی و ئارامدا گەڕاوە))[3] ، لەم چیرۆکەدا شار کەرکووکە ولای چیرۆکنووس ناوی بەرەمزنەهاتووە، ئەگەر چی چیرۆکەکە زیاتر لە خانەی وەسف دەبینرێتەوە ڕووداوێکی سەرەکی تێدانییەو هۆی نووسینی ناوی شارەکەش بۆ سەردەمی نووسینی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە، کە پاش ڕاپەڕین بووە، ئەگینا کێ زاتی ئەوەی دەکردتەنیا ناوی کەرکووك بهێنێ ؟! کەچی لە چیرۆکی دارەکەی بەرماڵماندا کاتێ کارەکتەری سەرەکی دێیەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵێ بۆ خوێندن ڕوو لەشاری (ك) دەکات دەڵێ: ((چونکە یەکەم جار بوو لەماڵ و دێکەمان ودارەکە دووربکەومەوە تەواو دڵم

[1] – کۆچیرۆك، ل ١٦٦.
[2] –الخراب الجميل، احمدخلف ،دار الطليعة للطباعة والنشر،بيروت،١٩٨١،ص١٠٨.
[3] – کۆچیرۆك: ل١٧٠.

گۆشرابوو، کاتێ پێم نایە شارەوە هەستم کرد کەوتمە جیهانێ کەوە کە لەهەموو شتێکا جیاوازە لەگەڵ دێکەماندا هەرشتێکم بەرچاو بکەوتایە سەرنجی ڕابکێشامایە لەدڵی خۆمدا بەراوردم لەگەڵ دارەکەی بەرماڵمان دەکرد))[1]، لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە دا شاری (ك) وەك رەمز بەکارهاتووە چونکە ئەو کات وسەردەمە ناوهێنانی کەرکووك سەر بەگۆبەندو قەدەغە بوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە ئەم جۆرە بەکارهێنانە وەك نەریتێك لە لای زۆربەی چیرۆکنووسەکانی ئەو سەردەمەدا باو بوو ئەم تەکنیکە لە ((ئیبراهیم ئەحمەدەوە فێربیوون کە بۆناوی شار تەنیا پیتێك وەك رەمز بەکاربهێنن))[2]. ئەگەر چیرۆکێك ناوی کەرکووکی تێدابوایە لەوانەیە چاپ نەکرابا یاخود خاوەنەکەی تووشی کێشە ببووایە. کەواتە لە گێڕانەوەکەی بۆ چیرۆکی دارەکەی بەرماڵمان باسی دێیەو کارەکتەر کاتێ بەجێیهێشتووە، دڵی گوشراوە، چونکە بەهۆی کارلێکی لەگەڵ ژیانە تازەکەی، هێشتا ڕانەهاتووە، بۆیە ئێستای خۆی رەتدەکاتەوە هەموو شتێکی دێیەکەی خۆیانی پێ لە شتەکانی کەرکووك باشترە، لەم دیمەنەدا کێشەی نێوان شارودێ، ئاشناو نائاشنا بەدیاردەکەوێت، وێنای ئەوەشی کردووە کە (خود) دابەش دەبێت لەسەر دوو شوێن و جێگەو دووجۆرە زەمەنیش زەمەنی (دێ) کە بەدوایدا دەگەڕێ و تایبەتە بە (رابردوو /ئەوێ) شوێنی دووەم شارە، رەتکراوەتەوە لەماوەی ئیستادا (ئێستا/ ئێرە) لە ئەنجامی ئەو دابەشبوونە جۆرە دابڕان و لێکترازانێك لە رووی ماوە زەمەنییەکەوە دروست دەبێت وناڕێکییەك لە ریتمی ماوەکە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ وغەریبی وبزربوون بۆ کارەکتەر.

هەر لەم روانگەیەوە، لە ئەنجامی نەمانی ئارامی و ئاسوودەیی و سووربوونی کارەکتەر لەسەر خۆپێوەلکان بە زێدی باپیرانی ونەگونجان

---

[1] – س.پ، ل ٢٣ – ٢٤.

[2] – چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ٢٠٠٩/١١/٩ کاتژمێر ٤:٥ عەنکاوە، ماڵی چیرۆکنووس .

ودژایـەتیی بـۆ شـوێنی ئێسـتای رێگـە چـارەیەکی لەبـەردەم نامێنـێ خـۆ قورتارکردن نەبێ لەم ژیانە نوێ و ناخۆشە وداهێنانی رێگە چـارەی تـازە بـۆ بەرەنگاربوونەوەی هەناسە ساردی ئیدی لەرێگـەی سـەردانی دێیەکـەی کـە دەڵێت: ((چەند بە پەرۆش بووم بۆ بینینی دایکم و(س) ئەوەندەش پەرۆشی بینینی دارەکە بووم، تا لە هەڵێکا گەڕامەوە کات شـەوبوو لـە بـەرتاریکی لـە دوورەوە هیچم نەدی... کاتێ گەیشتمە بەردەمی ماڵەوە... چـاوم بەدارەکـە نەکـەوت، بـۆ بـەیانی تەماشـام کـرد.... لەیـەکێ لـە رەگـە قووڵەکانـەوە سەرهەڵدانێك دیارە تەزووی خۆشی وئومێدێك دڵی راچـەنیم ولەبـەر خۆمـەوە وتم:" دارە خۆشەویســـتەکە رەگـــی قوڵـــت وەك ژیانـــەو ناســـووتێ.... سەرهەڵدانەوەت ئەمجارەیان بەجۆرێك پـەل وپـۆ دەهـاوێ، هـەموو دێیەکـەم بگرێتەوە"))[1] ،هەرچەندە دوژمنان هەوڵی قەلاَچـۆکردنی کـوردو زێدەکـەیان داوە، بەلاَم کەس نەیتوانیوە تروسکەی هیوا لە کورد ببڕێ، بـەهۆی شۆڕشـە یەك لەدوای یەکەکانەوە، وەك چۆن رەگی دارەکە پاش سووتانیش ژیایـەوە، ئەوەی لەم دوو چیرۆکەدا دیارە ئەوەیە کە لە چیرۆکی (دارەکەی بـەرماڵمان) شاری کەرکوك، رەتدەکاتەوە لەبەرئەوەی ئاشناو هۆگری دێیەکەی خۆیەتی وبەلایـەوە خۆشەویسـت و ئاشـنایە، کەچـی لـە چـیرۆکی (ئـەم شـارە ئـەم خانمەژنە)دا زۆر ئاشناو هۆگری شاری کەرکوکـە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کە لەتوانادا هەیە شوێنی نا ئاشـنا ببـێ بـە ئاشـنا، ئەمـەش بـە تێپـەڕبوونی زەمەن ئەم گۆڕانکارییە دێتەدی .

لە باسێکیدا بۆ شـاری بەغـدا، لـە چـیرۆکی (ئـاوارەبوون) دوای ئـەوەی کارەکتەر ئاوارەبووەو کەوتۆتە شاری بەغـدا دەڵـێ: (( نـە شـەقامی ڕازاوەی ئەم شارەو ژاوە ژاوی هاتوچۆکەرانی نە کۆگای ئاوێنەبەندی نـاتوانن دیمـەنی کوختە خواروو خێچەکانی گوندەکەت لـە کـامێرای خـەیاڵ لێـڵ بکـەن، رۆژی ملیۆنێ جار خەیاڵ پەلکێشت دەکات. توولـە رێگاکـانی دەوروپشـتی ئـاوایی

---

[1] – کۆچیرۆك، دارەکەی بەرماڵمان ،ل ٢٤.

پەی دەکەیت، لەزەوی تەربیزکراوی رەشهەڵگەڕاودا نوقم دەبیّ، زەوییەکەش وەك ئەوەی پیّ خۆش بیّ، چۆن لیّویّك بزەی بیّ دەم دەکاتەوە... ئەوکاتە لەویّ لەو ساتانەدا دەتچریکاند ودەتچریکاند.... خەیاڵ هەر پەلکیّشی کردووی، بەدەم جووتکردنەوە دەگەڕێیتەوە، بەڵام بۆ ژووره شیّدارەکەی تەنیشت مەرقەدی شیّخ، چی تۆی گەیاندە ئەم بەغا جەنجاڵە ! !))[١]، لەم کۆپلەیەدا لە ڕیّی جیّناوی کەسی دووەمی تاك، کارەکتەری سەرەکی خۆی دەدوێنیّ. شویّن، شاری بەغدایەو ئەم شویّنە رەتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی بەهۆیەك لە هۆیەکان ئاوارەبووەو کەوتۆتە بەغدا، بۆیە خولیای گەڕانەوە بۆ دیّ لەسەری دەدا بەلایەوە شاری بەغدا هیچ جوانییەکی تیّدانییەو شەقامە رازاوەکانی و دوکان وچایخانەکانیشی، ناگەنە دیمەنی کوختە خوارو خیّچەکانی دیّ.

ئەم قسانە رەنگدانەوەی مەودای ویّڵی وسەرگەردانیی ئەو کەسانەیە دیّیان بەجیّهیّشتووە و ئاوارە بوون و لەگەڵ واقیعی شار ریّکنەکەوتبوون، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ واقیعی دیّیە سادەو ساکارەکەی خۆی، ئیتر لەسەر ئاستی تەلارسازی و شەقامی رازاوە بیّت، یان پیّوەندییە مرۆڤایەتییەکان بیّت، یاخود لە شار هەرکەسەو بەکاری خۆیەوە خەریکە ونوقمی دەریای خەمی خۆیەتی، یان مەسەلەکە هەڕاهاتن و ڕانەهاتن بیّت، رەنگە هەر ئەم هۆکارانە ببنە هۆی بیّزار بوونی خەڵکی دیّ لە شارەکان و، دووبارە دیّیەکان بۆلای خۆیان پەلکیّشیان بکەنەوە، لەبەر هیّمنی و پاکی وسادەیی ئەم خولیایەی بۆ توولە ریّگاکان و زەویی تەربیزکراو دەڕوات، کەچی لەناکاو خۆی لە ژووری تەنیشت مەرقەدی شیّخ دەبینیّتەوە و هەستیش بەو خۆشییە ناکات، ئەگەر چی دەیان کەس بەئاواتی بینینی مەرقەدی شیّخ بوون، کەچی کارەکتەر بیّزارە لەو شویّنەو هەرچاوی لە گەڕانەوەیە بۆ دیّیەکەی خۆیان کە بەلای کارەکتەرەوە زۆر ئاشناترە لە شار.

---

[١] – س،پ، ئاوارەبوون ،ل ٢١٧.

لێرەدا لەڕێی (خود)ەوە کارەکتەر وەسفێکی وەکو خۆی لە هەستکردن بە دابڕان و نائومێدی پێشکەش دەکات، بەمجۆرە شوێنی دێ تەنیا چوارچێوەیەك و دیکۆرێك نییە، بەڵکو درێژبوونەوەیەکی زیندوی شپرزەیی و رقهەڵسانە لە رێی سەرگەردانی لەناخی کارەکتەر.

ئەوەی تێبینیە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا زۆربەی هەرە زۆری کارەکتەرەکان شوێنی خۆیان رەتکردۆتەوە، جا لەبەر ناسەقامگیریی باری دەروونی و دڵەڕاوکێی تاکی کوردبێ، یان هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بێ، کە هەر هەموویان لە کۆنەپەرستیی رژێمەکان و دەسەڵاتەکان سەرچاوەیان گرتووە، ژێر دەستەیی و نایەکسانی هۆی سەرەکی ئەم رەتکردنەوەیە .

**ب- شوێنی کراوەو داخراو**

ئەگەر خوێندەوەیەکی وردو رەخنەگرانە بۆ کاری چیرۆکنووسین و شوێنی کراوەو داخراو بکرێ، ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێ، کە شوێن توانای دەوڵەمەندکردنی هێماو دەلالەتی هەیە، لەجۆری کارەکتەرو خاسیەتی دەروونیی و رۆشنبیرییەکانی، هەروەها سروشتی ئەو پەیوەندییانەی کە بەیەکیانەوە گرێدەدا.

شوێنی کراوە تایبەتە بەهەموو کەس و ئەو شوێنانە کە لە شوێنە دەرەکییەکان پێکدێت، ئەم جۆرە شوێنانەش تایبەت بە کەسێك یان چەند کەسێکی دیاری کراونییە و هەموو کەسێك توانای بەکارهێنانیانی هەیەو((لەبەردەم کەسەکاندا کراوەیە،دەتوانن بەئارەزووی خۆیان تێیدا بێن و بچن، وەك شەقام و کۆڵان ڕێگاو بازاڕ، چایخانە، نەخۆشخانە)) [1]، بەڵام چایخانە و مەیخانە و یانەکان گەرلە وڵاتی ئێمەدا بەگشتی دانراون، ئەوا ئەم شوێنانە تەنیا بۆ پیاوانە نەك بۆ ژنان واتە: لێرە دەبوایە بڵێین تایبەتی

---

[1]- چەمك و ئێستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، بلاَوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٩، ل ٤٧.

کراوه نەك وەك ئەوەی ئیبراهیم جنداری دەڵێ: شوێنی((گشتی کراوه))[1]، ئەگەر هەندێ شوێن لەدوای ڕاپەڕین تایبەت کرابێ بۆ ئەوەی ژنیش سەردانیان بکات، ئەوا هەر تایبەتین و بۆ چین وتوێژی هەژاران نییه.

شوێن لەناو چیرۆکدا تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی هەیە، ئەو شوێنانەی گشتین و لەهەموو ولاتێك هەن وەك چاخانه، ئوتێل، شەقام، گەرماو، ئەگەر ناوی شارەکەی خۆمانی لەگەڵدا نەهێنرێ ئەوا چیرۆکەکه شتێکی جیاکەرەوەی تێدا نابێت، چونکه (بۆنی خاك و ئاوی خۆمانی لێنایەو شێوەی هاوبەشیان وەرگرتووه))[2].

چایخانه لای چیرۆکنووس بۆ جوانی و ڕازاوەیی و خۆشی نییە، بەڵکو بۆ خەمڕەواندن و پەناگەی غەریب و ئاوارانەو شوێنی ڕووداو نییه واته تەنیا دەفرێکه لە لەخۆگرتن تێناپەڕێت ، ئەوەی لەچیرۆکەکاندا دەبینرێ لە ترسی رژێم خەڵك لە چایخانه قەلاقوپیان کردبوو کەس نقەی لێوه نەدەهات ((ئەو کاته وەك ئەم ڕۆژە نەبوو پیرولاومان لە چایخانەدا بەقرەقرو برەبڕ وەختیان بەسەربەرن، لەگشت دێیەکدا دیوەخانێ هەبوو، کە باسی شەڕو قارەمانێتی تیادەگێڕایەوه)) [3]، لەم گێڕانەوەیەدا گێڕەرەوە لە گۆشەنیگای خاڵە مەحمودەوه، باسی دیوەخانمان بۆ دەکات، کەوا دیوەخان ڕۆڵی باشتری گێڕاوە لە چایخانەکانی شار، چونکه ڕێزو شکۆ هەبوو بەرامبەر بەیەکتری و گوێڕاگرتن لەیەکتری، بەڵام لە چایخانه، کە دانیشتن تیایدا بە جۆرێك لە ((خراپیی کۆمەڵایەتی دادەنرا)) [4]، تاکوئێستاش چایخانەو دیوەخان دوو شوێنی گشتی و کراوەن چەندین کەس ڕۆژانه هاتوچۆی دەکەن، بەڵام دیارە دیوەخان وەك شوێنێکی واقیعی و کراوەو گشتی لەلایەن گێڕەرەوە بەباشتر

---

[1] - الفضاء الروائی عند جبرا ابراهیم جبرا، د.ابراهیم جنداری، دار الشؤون الثقافية العامة (افاق عربية)، ط١،بغداد،٢٠٠١، ص١٨٤.

[2] – چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر ڕۆژبەیانی، ل ٢٦٣.

[3] – کۆچیرۆك، دارەکەی بەرماڵمان، ل ٢٢.

[4] – جماليات المكان فى الرواية العربية، شاكر النابلسی، ص١٩٦.

دانراوه له چایخانه، چونکه وەك چـایخانه نییـه، هـەموو کـەس بتوانـێ رووی تێبکا چایخانه گەورەییەکی لێنیه خەڵك شـەرمی لێبکـات، هەرچـی دیوەخانـه میرێـك، ئاغایـەك دەسـەڵاتدارێك لێـی بەرپرسـیارە، هەنـدێك چـایخانه جێـی دۆمینەو قرەقـرە بـۆ کوشـتنی کاتـەکانی خـەڵك، بـەڵام دیوەخـان شـوێنێکی ئارامـە، چـونکه چـەندین چـیرۆك و داسـتانی قارەمـانێتی تیـا گێڕدراوەتـەوە مێشکی خەڵکەکه بەم شتانه گۆشکراوە نەك بەچەقەچەق .

لەگێڕانەوەیەکی دیکه بۆ چایخانه: ((راوەستانی ئـەو ئۆتۆمبیلـه نەعلەتیـه ئێـواره دانیشـتنەکەی لێ تێکـدا، ئەمـه نزیکـەی دەسـاڵه کردوویـەتی بـەخوو لەنێوان چەند رۆژێك دێته ئەم چاخانەیەو بەدەم چاخواردنەوەوە جوان جوان بۆ خۆی تەماشای ئەم کوچەو بازاڕە دەکات))[1]، لێرەش دیاره، که چـایخانه بۆ کات کوشتن و تەماشای خەڵك بووە، بەهەر حاڵ پشوویەکیان داوە، بـەڵام لـەدوای تەماشـاکان بـەدەم پەشـیمانی و تۆبـەکردن لـەدڵی خۆیـدا وتـی: ((خۆکفرم نەکرد، وتم باکەمێ تەزی دەرچێت بـڕۆم لەسـەر کۆڵانەکـە چـایەك بخۆمەوە ئەو پیرەژنه چەقاوەسووە بەمیوانمان نەبوایـه نیـازم نـەبوو لـەماڵ بێمه دەرێ بەملی شکاو هاتی))[2]. لەم گێڕانەوەیەدا شوێن لـه ئـاڵو گۆڕدایـه ماڵ/ چایخانه/ داخراو/ کراوە، یان تایبـەتی وگشـتی. واتـا دوو جـۆره شـوێن لەم چیرۆکەدا هەبوو: مـاڵ، چـایخانه، کـۆڵان، لـه چـیرۆکی کـوردی دوو سـێ جۆره شوێن لەیەك چیرۆکدا دەبێ، له گێڕانەوەکەدا باری دەروونیی شـێواوی کارەکتەر به روونی دیاره، هـەموو رۆژ بەئاسـایی بـۆ خۆشـی خـۆی، یـان لـه بێزاری خـۆی مـاوەی دەسـاڵه دەچێته چایخانه، بـەڵام لـه پـاش وەسـتانی ئۆتۆمبیلەکەو دابەزینی کەسانی نەناسراوو بێ ناسـنامه، سروشـتی دەروونـی گۆڕا لەگەڵ خـۆی هەڵیـدەبزڕکان بەشـپرزەییەوە وتـی: لەبـەر ئـەو پیرێژنـه: نەبا، نەدەهاتمه ئێره. لێرەدا وەرگر بەئاسانی ئەو کەسانه دەناسێتەوە، کـه

---

[1] – کۆچیرۆك، تەماشاکان، ل١٧٦.
[2] – س.پ، تەماشاکان، ل١٧٧.

لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا دابەزین، چەرچی و کاسەلێسانی رژێمن لەرێی ترس و تۆقێن ئالآی کۆماری ترس و مۆتەکەیان لەسەر جەستەو دەروونیی گشت تاکێکی ئەم کوردستانە هەڵکردبوو، نەك هەر سالحە فەنی خوویەکی خراپی گرتووە، بەڵکو ئەو پیرێژنەو چەندین پیرێژنی دیکە، کە بەزۆرەملێ راپێچی شارەکان کرابوون، پیشەیان ببووە دانیشتن لە کووچەو کەناراندا، یاخود هەر رۆژەی سەر بەماڵێکدا بگرن و یادی رۆژانی دێیەکان و دەسترەنگینی و پاڵەوانێتی خۆیان بکەن .

(کۆڵان)یش وەك شوێنێکی کراوەو واقیعی و ئاشنا لە چیرۆکدا ناوی هاتووە : ((بەدرێژایی کۆڵانەکە نە دەرگای حەوشەی ماڵەکانی ئەمبەرو ئەو بەری نەدیواری حەوشەکانیان نە لەیەك دەچن و نە لەیەك ئاستدان، ماڵەکان لە دروستکردنیاندا پەلەپەلی و ناقولاییان پێوە دیارە، تەنیا خانووی بەرچاوی کۆڵانەکە کەوتۆتە بەرامبەر نووسینی سەردیوارەکە)) [1]. گێرەرەوە لەم چیرۆکەدا لەژێر ((دەمامکێکدا خۆی شاردۆتەوە نوێنەرایەتی دەنگی خودی عەبۆ دەکات)) [2] وەسفی گێرەرەوە بۆ کۆڵان وخانووەکان ئەوەیە، کە رەمەکی لەدروستکردنیاندا دیارە، لەنەبوونی پلانێك بۆگەرەك و کۆڵانی شار، بەتایبەتی کۆڵانی هەژاران، بەناراستەوخۆیی باسی جیاوازی خانووی دانیشتوانی گەرەك لەگەڵ یەکتردا دەکات، کە چینایەتی بەروونی لەدروستکردنیاندا دیارەو تەنیا یەك خانووی بەرچاوی تێدایە، کەپەنجەرەی شووشەو پەردەی هەبێ.

ئەم چیرۆکەش پێش ئەوەی چیرۆکی جۆری کارەکتەربێت، چیرۆکی واقیعی رۆژانە و خەم و ناسۆری کۆمەڵایەتی و کێشەو ململانێی سیاسییە لە کوردستان .

---

[1] – کۆچیرۆك، عەبۆ ئیتاڵی، ل ٢٠٠.

[2] – تحليقات، قصص قصيرة، احمد محمد اسماعيل، سلسلة خاصة بمهرجان گلاويژ، سليمانية، ٢٠٠٩، ص١٦

لەگێڕانەوەکانی بەشی دواوەی ئەم چیرۆکە باسی ئەوە دەکات، کە چۆن پەناگەیەك بۆ گەنج و لاوی کورد نییەو هەر خەون بە هەندەرانەوە دەبینن.

چیرۆکنووس لە دۆزینەوەو ئاوێتەکردنی کێشەی گشتی و تایبەتیدا سەرکەوتوو بووە.

کۆڵان شوێنێکی کراوەیە، بەڵام (عەبۆ)ش وەك کارەکتەری چیرۆکەکانی دیکە ئەم کۆڵانەو شارەکەشی رەتکردۆتەوە، چونکە زۆر هاواری کردو کەس گوێی لێنەگرت، بۆیە بڕیاری سەرهەڵگرتنی داو ئەو نامەیەشی لەسەر دیوار بۆ دۆست و هاوڕێ و هاوشارییەکانی بەجێ هێشت، چونکە دەیگوت : ((کاکە ساڵح ئەگەر ناخم وەك ناوسکی ماسی ڕەش هەڵگیرسابێ، گەر ڕۆشناییەك بەدی نەکەم، لە دوورەوە ترووسکاییەك نەبینم رووناکی و چراخانی تەلارەکانی پشت ئەو پەرژینانە چ مانایەکیان هەیە، چ دادێك دەدەن..))[1]، ناخ کە ئەندامە شوێنە لەرێی رازاندنەوەیەکدا بەهۆی ئەوزاری (وەك) بەناوسکی ماسی چوواندووە، رووی لێکچوونەکەش خەم و رەشێتییە، تەلارەکانیش،کە شوێنن تەنیا لە دەرەوەیان رووناك دیارن، بەڵام رووناکییەکان هەر بۆخۆیانە وەك مۆم ژێرخۆیان رووناك ناکەنەوە، عەبۆ لە رەخنەگرتن و وێناکردنەکانی بۆ واقیعی چینایەتی، کەتیایدا دەژی دڵنیایە لەوەی کە هاوارەکانی وەك بڵقی سەرئاوەو زوو دەپوکێنەوە و کەس گوێی لێ راناگرێ .

**شوێنی داخراو**

بەو شوێنانە دەوترێ کە لەبەردەم هەموو کەس کراوە نییەو، داخراوە رووبەرێکی جوگرافیی دیاریکراوی هەیە، هەڵسوکەوتکردن تێیدا بۆ کەسەکان سنووردارە، تەنیا کەسێك یان چەند کەسێك نەبێت وەکو: ماڵ و ژوور و ئۆفیس و ڕەشماڵ[2]، لەچیرۆکەکاندا شوێنی کراوەو شوێنی داخراو هەیە.

---

[1]- کۆچیرۆك، عەبۆ ئیتاڵی، ل ٢٠٣.

[2] - چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل،ل ٤٧.

هەندێ جار لەناو چیرۆکەکاندا تەنیا شوێنی داخراو هەیە یان کراوە، جاری واش هەیە هەردوو جۆر بەیەکەوە لەیەک چیرۆک دەبن، هەندێ جاریش وادەبێت کارەکتەر لەیەک شوێنی دەستنیشانکراو هەستی ئاشنابوونی لەلا بەرجەستە دەبێت. تا وای لێدێت، لەگەڵ هەمان شوێندا هەستی نائاشنایی و دژە شوێنی لەلا بەدی بکرێت، هەست بە نائارامی و دڵەڕاوکێ بکات. لە چیرۆکی کوردیدا بەگشتی ئەم نا ئارامییە بۆ باری کۆمەڵایەتی و سیاسی کارەکتەر دەگەڕێتەوە، ئەو ئازادییەی، کە مرۆڤیش، لێی زەوتدەکرێ تاڕادەیەک لە شوێنی داخراودا سەربەستییەکانی خۆی بێ سانسۆر دابین دەکات .

لە گێڕانەوەیەکیدا لە چیرۆکی (هاوار)دا لە سەرزاری کارەکتەری سەرەکی دەڵێ: (("خۆمن هاوارەکەم لەبیرکرد" دەستی پێکردەوە، هەر بە قەد ساجەکەش ئاسمانی لێوە دیاربوو، بەڵام سپیتر دەچووەوە، دیارە خۆر بەرزتر بووەتەوە چاشتی تێپەڕاندووە باشە من تۆزەکەم لەکام ئاستەوە بینی، رووم لە رۆژهەڵات بوو، تۆزەکە کەمێ خوارتر دیاربوو.. خوارو ژووریشم لێ گۆڕا.... باشە کاتێ کەوتم رووم لە خۆری بەیانی بوو.... ئێ.... تۆزەکە کەمێ خوارتر بوو، ئێستا کامە قیبلەیە، قیبلە نییە))[1]، ئەوەی دیارە کارەکتەر کەوتۆتە ناو بیرێکەوەو هەر بە ئومێدی رزگاربوونە (بیر) ئەو شوێنەیە، کە دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسێک لە دەوروبەری و ئاوەدانی دەنێتەوە، بەڵام ئەو بیرەی باسی دەکەین لەهەردی زەنگنەیەو وشکبووە، لەجیاتی هۆی ئاوەدانی و خڕبوونەوەی کێژوکاران بێت، لەبەختی نووستوی کارەکتەر بووە بە دڕندەیەک و دەستی لە بێناقاقەی کارەکتەر ناوە، کارەکتەر لەبەر سەرلێشێواوی و ساویلکەیی خۆی رێی کەوتۆتە ئەم شوێنەو باری دەروونیی ناتەواو و ناجێگیرە، بەمەش بیر دەلالەتێکی رەمزیی قووڵ وەردەگرێت و رەنگدانەوەی رەهەندی دەروونیی کارەکتەری وێڵە لەدەشتی کاکی بەکاکیدا، نموونەیەکیشە بۆ شوێنی داخراو، شوێنی

---

[1] – کۆچیرۆک، هاوار، ل١٥٤.

تەسك و داخـراویش مەیـدانێكی باشـە بـۆ زیـاتر بیركردنـەوە و خۆدوانـدن و خۆڕاهێنــان لەگــەڵ ئــەو شــوێنە یــاخود بیركردنــەوەو خۆڕزگــاركردن لێــی، بەمەرجێك داخراوێكی وا بێ، كە نەزانێ قیبلە لە كوێیە؟ شوێن لەم دەقەدا، لەكارەكتەر دابڕاو نییە، بەڵكو پەیوەندییەكی توندوتۆڵ لەنێوانیانـدا هەیـە، چونكە دەلالـەتی شـوێنەكە بەشـێوەیەكی بەرچـاو لـە دەروونـی كارەكتـەردا رەنگیداوەتـەوە، لێـرەدا چـیرۆكنووس وێنـەی شـوێنی بەباشـی بەرجەسـتە كردووە، كە چەقی كەوتن و داڕمانی كارەكتەرە، ئەوەی لەم چیرۆكەدا بۆمان بەدیاردەكەوێ ئەوەیە، كە شوێن ((جێگەی رووداو نییە، بەڵكو لـە زۆركـاری گێڕانەوەدا بـووە بەكارەكتـەرێكی سـەرەكی، كـە نووسـەر لەڕێیـەوە دەسـت دەكات بەدیارخستنی گۆشەنیگای خـۆی)) [1]. بـەلام ئـەم بۆچـوونە لـە سـەر هەموو چیرۆكەكان پراكتیزە ناكرێ ودەكرێ شوێنی رووداو بێ.

باسـكردنی بـیر لێـرەدا بـۆ ئەوەیـە، ئەگـەر بـیر وەك هێمایـەك بێـت و شـوێنێكی راسـتەقینە نـەبێت: ((ئـەم شـوێنە سـەد لەسـەد نییـە، بـەڵكو لـە گریمانـەوە نزیكـە)) [2] بـیر، بـەم لێكدانەوەیـە مانـای ئـەو هـەموو كۆسـپ و چاڵانەیە، كە لە دێر زەمانەوە بۆ كورد دروست كراوە و بـە پیلانـی كەسـانی خۆویست و هەڵپەرست، هەر دووبارەش دەبێتەوە. خـودی كارەكتـەری ئـەم چیرۆكە رۆڵی میللەتی كوردی گێڕاوە، كە چۆن بـە پیلانـی سـادەو سـاكار رێگەی هەڵدێری گرتۆتە بەرو تووشی گـلان هـاتووە، ئـەو هـات و هـاوارەش، كارەكتەر لـەناو بـیر دەیكـات، ئەمـە ((خـودی چیرۆكنووسـە ئەمـەش مانـای ئەوەیە، كـە هـەوڵی رزگـار بوونەكـەی لـە دەرەوەیـە، نـەك كارەكتـەر خـۆی هەوڵبدات)) [3]. كارەكتەری ناوبیر لەبـەر سـاویلەكەیی و كـورت بینـینی ئـەوە جاری یەكەمی نییە، دەكەوێتە داوەوە .

---

[1] –السرد الروائي فی اعمال ابراهیم نصرالله، هیام شعبان، دارالكندی للنشر والتوزیع، الاردن، ٢٠٠٤، ص٢٧٧.

[2] – چەمك و ئیستاتیكای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل ٧١.

[3] – س.پ، ل٧٤.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا بۆ شوێنی داخـراو لـە چـیرۆکی (دەسـت)دا ((بـۆ جاری دەیەم ژوورەکەی ڕێکخستەوە کتێبەکانی لەسەر مێزەکـە ریزکـردن لـە سووچــێکدا داینــان بیروهۆشــی هــەر لای دەرگاکــە بــوو))[1]، گێڕانەوەکـە بەکورتبڕییەك دەستی پێکردوەو لە ژوورێکی داخراو خۆی نمایش دەکـات لـە ڕێکخســتنی ژوورەکــەو دانــانی کتێبــەکان لــە ســەر سووچــی مێزەکــە، (سەرمێزەکە — لە سوچێك) هەردووك شوێنن واقعین لەناو شوێنە داخراوەکە، جگە لەمانە باسی دەرگای کردووەو دەرگاش بە(ئاستانەشوێن)[2] دانراوە.

((لەهــەردوو دیـوی دەرگـادا چ لـە ژوورەوە بـێ چ لـەدەرەوە مـرۆڤ ئـازادو سەربەسـتە))[3]، واتــە ئــەوەی لــە دەرەوە قەدەغەیـە ئـەوا کەسـەکان لـە ژوورەوە ئازادن لێی لە دیوەکەی دیکەی دەرگاش کـە کـۆڵان و جادەوبـازاڕە .... هتد، جۆرە ئازادییەکی دیکە هەیە، کە لەماڵەوە نییە .

لەم گێڕانەوەیەدا : ((چووە لای پەنجەرەکەو تەماشـایەکی خـوارەوەی کرد شـەقامەکە جمـەی دەهـات))[4]، پەنجـەرەش بەشـداری لـە وێنەکێشـانی جووڵــەو پێوەنــدیی نێــوان داخــراوو کــراوە (ژوور/ دەرەوە)دا دەکـات زۆر جاریش پەنجەرە هێمایەکە بۆ چاودێریکردن و چاو تێبڕین، چ سـیخوڕی بـێ، یــان چــاوەڕوانکردنی دایــك بــۆ کــوڕە پێشــمەرگەکەی یــان کــوڕ بــۆ خۆشەویستەکەی، لە هـەموو بارەکانـدا بـۆ تەماشـای کردنـی جووڵـە جـووڵی دەرەوەیە، یان((بۆ گۆڕینی هێمنیی ژوورەکەیە، چ بـە ئـاڵوگۆڕکردنی هـەوای ژوورەکەو زاڵبوونی تیشکی رۆژ بەسەرتاریکی ژوورەکەدا)) [5]. گێـڕەرەوە لـە

---

١ – کۆچیرۆك، ل٩١.

٢ – الفضاء الروائی فی (الغربة) (الاطار والدلالة)، منیـب محمـد البـوریمی، دار الشـؤون الثقافیـة العامة، بغداد، د.ت، ص٢٢.

٣ – الرواية والمكان الموسوعة الصغيرة(١٩٥) ،ياسين النصير ،دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٦، ص١٧٧.

٤ – کۆچیرۆك، ل٩١.

٥ – الفضاء الروائي في (الغربة ) الاطار والدلالة، منيب محمد البوريمي، ص٥٠.

ڕێگای پەنجەرەوە دەتوانێت جیهانێکی دیکە ببینێ و ڕووداوو جموجۆڵی دەرەوە وێنەبگرێت، چونکە پەنجەرە وەك دیوار نییە، وەسفی خوارو خێچی و شێوەکەی بکری، بەڵکو دەروازەی بینینی جیایە، ((باختین لە لێکۆڵینەوەکانیدا بۆ بەرهەمەکانی دیستۆفیسکی و لەنێو ڕۆمانەکانیدا دەستنیشانی ئاستانە شوێنی کردووە، تێبینی ئەوەی کردووە، کە لە دەرگاو ئەو پەنجەرانەی دەڕواننە سەر شەقامەکان و باڕەکان پێکدێن)) [1]. زۆرجار پەنجەرە بەشوێنێکی قەدەغەکراو دادەنرێ ، وەك کارێکی ناشیاوئەگەر بۆ چاودێریکردنی خەڵکی بەکاربێت، هەرچی شەقامە جۆری شوێنی ((کراوەیە و هێڵی جیاکەرەوەیە لەنێوان جیهانی پڕلەنهێنیی ماڵەکان وجیهانی ئاشکرای شەقامەکان)) [2] ، واتە لە ئاستانەی ماڵەکان جیهانی نهێنی کۆتایی پێدێت و جیهانێکی دیکە دەست پێدەکات شەقامەکان پەردە لەسەر نهێنیەکان لادەدەن و نهێنی ناو ناخی شاراوە ئاشکرا دەکەن. لەسەر شەقام دۆخی متبوون نامێنێ و ژیانی پڕ لە جووڵە دەستپێ دەکات و شەقامیش وەك شوێن زیاتر لە شار هەیە وشوێنی دەنگهەڵبڕین و داواکاریەکانە، واتە شتی شارراوە لە سەر شەقام نییە.

وەسفی وێنەی سەردیوارەکە دەکات. ئەم جۆرە شوێنەش لای (شاکر نابلسی) بەشوێنی **ئاوێتە** دانراوە، کە بریتییە لە((وێنەکەو ئەو شوێنەی کە لەناویدایە، زۆرجار تابلۆیەکە، یان کۆمەڵە تابلۆیەکە لەیەك ژووردا، کە وەسفکردنی پانتاییەکی گەورەترلەوەسفی ژوورەکە داگیردەکات)) [3] ، ئەگەرچی لە چیرۆکی کوردیدا بەگشتی و بەتایبەتی لای ئەم چیرۆکنووسەدا، تابلۆ بایەخێکی وای پێنەدراوە وەك ئەوەی لەچیرۆکە جیهانییەکاندا دەبینرێ، بەڵام لێرەو لەوێ بەکەمی بەرچاوی خوێنەر دەکەون.

---

[1] – س.پ،ل٢٢.

[2] – س.پ،ل٥١.

[3] –جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر النابلسي، ص١٩ .

لەچیرۆکی (دەست)دا باسی  وێنەی سەر دیوارەکە بە کورتی و بەچوار وشە وەسفکراوە کە دەڵێت: ((بەرەو کورسیەکە هەنگاوی نا، تاکو بەرامبەر وێنەی ناو چوارچێوەکە پێی درێژکرد رووبارەکە پێی لەزەوی بڕیبوو ))[1]، کارەکتەر کەسێکی دەروون شێواو وڕاڕا بوو لە بەردەستی باوکێکی زاڵ و دایکێکی دڵنەرم کە دڵنەواییی دەداوە پەروەردەکرابوو، زۆربەی کاتەکانی بەتەنیا بوو،  بەڵام بەهۆی ناسینی پەری باری ژیانی گۆڕا، کە لە کورسییەکەوە دەستپێ دەکات  و لە مەولا هەست بە بوونی خۆی دەکات، چونکە کورسی وەك شوێن هێمای دەسەڵات و بڕوا بەخۆکردنە کە لەمەولا کارەکتەر بوونی خۆی دەچەسپێنێ و پێداگری خۆی وەك رووباری ناو تابلۆکە نیشاندەدات، کە جاران لە دۆخی متبووندابوو، بەڵام بەناسینی پەری ژیانی گۆڕاو جووڵە و ئومێدی هاتەوە ناو، چونکە رووبار دەلالەتی جووڵەیەو دژی وەستان و چەقبەستنە، هێمای پاککردنەوەو شوشتنەوەو بەردەوامی ژیانە.

لە خواستنێکی درکاویشدا بەهۆی نیشانەی (پێ)وە رووباری بەمرۆڤ چوواندووە. لێرەدا وەسفەکە ئەرکی ڕازاندنەوەی بینیوە. ئەم جۆرە تێکەڵکردنی وێنەو چیرۆکە تێکەڵکردنی جۆری ئەدەبی و هونەرییە، زۆرجار شێوەکاریش بیرۆکەی تابلۆکەی خۆی لە چیرۆکێکەوە وەردەگرێ و بەپێچەوانەوە بەهۆی چاوەوە تابلۆکە دەبینێت وەك ئەوەی پەنجەرەیەك لەسەر رابردووی کرابێتەوە، رابردووی خۆی دێتەوە پێش چاو و دەیانگێڕێتەوە، کە چۆن پێش ناسینی پەری ژوورەکەی خۆشی بەلایەوە نائاشناو بێزارکەربوو“ تەنانەت بنمیچی ژوورەکەشی بەنەوی دەهاتە پێش چاو، کەچی بەناسینی پەری ژوورە داخراوە نا ئاشناکەی وەك باخچەیەکی سەوزی لێهات، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی بارەدەروونیەکەی بوو.

---

١ – کۆچیرۆك، ل٩٤.

**مـاڵ:** وەك شـوێنێكی ((داخـراو لەسـەر خـۆی و پـڕە لـەو نهێنیانـەی كـەناژمێررێن و نـاكرێ لەسەربەشـێكی كەمیشـی بوەسـتین))[1] جیهـانێكی تایبەتی مرۆڤە. وەسفی ماڵ واتە پیرۆزیی هەروەها وەسفی ئەو كەسانەیە كە لەناویدا دەژین لە رووی كۆمەڵایەتی و باری ئابووری ودەروونیی، جگەلەمانـە ((ماڵ : ئەو شـوێنەیە كەتیایـدا دەژیـن و جیهانمـانی پێكهێنـاوەو جەوهـەری بوونمانە، زیندەخەونەكانمان تێیدا دێتەدی هەرلـە مـاڵ هەسـت بـە ئـارامی و هێمنی دەكەین كەلەڕێیەوە یادی رابردوو دەكەینـەوە و پـلان بـۆ پڕۆژەكـانی دواڕۆژمـان دادەنـێین))[2]، ئەگەرچـی مـاڵ لەلایـەن رەخنەگرانـەوە بـەداخراو دانراوە لەبەر ئەوەی تایبەتە بەكەسەكانی ئەو ماڵە، بەڵام باشـتر وایـە پێـی بـوترێ تایبـەتی، چـونكە داخـراو بـەو مانایـەی كەسـی دیكـە ناچـێتە نـاوی، كەئەمـە وانییـەو نـابێ میوانێـك، هاوسـێیەك، بچـێتە ئەوماڵـە؟ ئـەی ئـەم داخراوییە چییە؟

**ماڵ:** لە زۆر چیرۆك وەك شوێن باسكراوە بگرە كـەم چـیرۆك هەیـە باسـی ماڵی تێدانەبێت، بەڵام وەسفی (مـاڵ) لـە گێڕانـەوەكانی ئـەم چیرۆكنووسـەدا وەسفی درێژنین، بەڵكو سەرپێیانە باسكراون لە چەمكی لە خـۆگرتن (دەفـر) تێناپەڕێت وهەوڵدەدەین لە هەندێك چیرۆك، كە باسی مـاڵی تێدایـە، نموونـە بخەینەڕوو.

لـە چـیرۆكی (سـەرەڕێدا) یەكـەمجار گێـڕەرەوە بـەهۆی كەسـی سـێیەمی تاكەوە رووداو دەگێڕێتەوە، دواتر لەڕێی مەنەلۆگـەوە دەنگـی خـۆی لـە رێـی كەسـی یەكـەمی تاكـەوە دەردەبـڕێ. بـە ئێوارەیـەكی درەنـگ دەسـتی پێكردەوە ئەمـەش دەلالـەتی ئەوەیـە، كـە نـەدەكرا بـە روونـاكی كارەكتـەر بێتـەوە نـاو دێ لەبەرئـەوەی پێشـمەرگەبوو، لێـرەدا گێـڕەرەوە باسـی كارەكتـەری سـەرەكیی دەكـات ((لەناوەڕاسـت حەوشـەدا چـرایەك بـەردەم

---

[1] - الفضاء الوائی، فی الغربة والدلالة، منیب محمد البوریمی، ص٦١.
[2] - س.پ، ل٦١.

پیرەمێردێکـی راکشـاوی رۆشـن دەکـردەوە پیرەمێردەکـە دەسـتێکی خسـتە سـەر دەسـتەکەی کـەی بەتـەمای هەڵسـان بـوو، بـەڵام ئـەم تـا دانیشـتنی پیرەمێردەکە هەر لەو بارە مایەوە))[١] .

**حـەوش** : وەك شـوێنێکی سـەرەکیی لـەماڵ، شـانۆیەکی پڕجووڵانەوەیـە بـەهاوین و بەزسـتان، وەك نـەریتێکی ئاسـایی خـەڵکی دێ و شـارەکانیش بەهاوینان لە حەوشە دادەنیشتن، کە ئـەمیش بەشـێکە لـەماڵ و بەشـوێنێکی داخراو دانراوە و تایبەتە بەخـەڵکی ئەوماڵـە، بـەڵام بـەلای ئێمـەوە وەك مـاڵ داخراو نییە، چونکە هیچ نەبێ میوانێك روویتێ دەکات.

ماڵێك هیچ هۆکارێکی حەواندنەوە و خەمڕەوێنێ تێدانییە، کـە بـۆ ژیـان بشـێ، نـازانین کارەکتـەری رێبـوار و میـوان لەسەرچـی دانیشـتووە؟ چـی پێشکەشـکرا تـاکو بیخـوات؟ هەرچـەندە چـیرۆکنووس، بەناڕاسـتەوخۆیی، بێبەشـی و هـەژاریی تاکـەکانی کـورد لـە شـارو دێ نیشـاندەدات، بەتایبـەتی لەدێ، لە لایەکی دیکەش باری ناهەمواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسـیی کـورد بەگشـتی بەرجەسـتە دەکـات، دیسـانەوە بـێ کارەبـایی و تـاریکی سـەرەڕای نـەبوونی وکەساسـی، کەچـی خـەڵکی دێ لـە پێشـوازیی پێشـمەرگەدابوون، قـەڵغانی یەکـەمی پێشـمەرگەبوون لـە خزمـەتکردنیان وتیمارکردنیـان جگـە لـە نیشـاندانی حـاڵی پێشـمەرگەو نـەبوونییان، لەگـەڵ ئێـوارە دابەشـی سـەرماڵان دەکـران ئـەوانیش درێخییـان لـە خزمـەتکردنیان نەدەکرد، بەهیوای ئەوەی لە دوارۆژدا ئازادییان بۆ بەدەست بهێنن .

**ج- شوێنی واقیعی وخەیاڵی**

شوێن، تـوخمێکی هونەرییـە لـەناو چـیرۆکدا، جـا ((واقیعـی بێـت یـان خـەیاڵی، گـوتراوێکی ئەندێشـە کـراوە، کـە لـەڕێی زمانـەوە دروسـتکراوە بـە هۆکاری ئەندێشەیی چیرۆکنووس وپێویستییەکانی. کەواتە شوێن لە چیرۆکدا راستەقینەیی نییەو لەو شـتانەی کـە لەواقیعـدا هـەن دروسـتنەکراوە، بـەڵکو

١ - کۆچیرۆك، ل١٠٦.

شوێنێکی ئەندێشەییەو لە وتە دروست دەکرێت))[1]، بەڵام زۆرجار چیرۆك باسی شوێنێك دەکات هیچ لە واقیع کەمتر نییە، بەڵکو وەکو یەکن، چونکە چیرۆك هەرچەندە خەیاڵیشی تێدابێت، بەڵام زۆرجار لە وەسفکردن وناوهێنانی شوێنەکان رەگی واقیعیەت لەناویا هەردەمێنێتەوە.

**واقیعی**: بەمانای دوورکەوتنەوە لەنموونەی رازاوەو فڕین بە باڵی خەیاڵ بۆئاسمان و چوونە ژێرحەوت تەبەقەی زەوییە، بەڵکو تەئکیدکردنە لە ((سەرچوونە پاڵی کاری ئەدەبی بۆ واقیعی کۆمەلایەتی)) [2]، شوێنە واقیعییەکان ئەو شوێنانەن بەچاوی ئاسایی، چیرۆکنووس دەبینرێن و ناویان دەهێنێت، لە وەسفەکانیش بەشێوەیەکی واقیعی بەپێی بەرزی ونزمی وجوانی وناشیرنی وەسفیان دەکات، هەرچەندە وەسف رەگەزی خەیاڵی پێوە دەلکێت و بابەتە ئەدەبییەکان زادەی خەیاڵێکی بەربلاون ئەوەش مانای ئەوە نییە واقعیەت لەنێو تەمومژی خەیاڵ بشاردرێتەوە. شوێن لەناو چیرۆکدا لەسەر خەیاڵ و هۆشی وەرگر دەوەستێ، چونکە ئەو شوێنەی چیرۆکنووس باسی دەکات، لەسەدا سەدیش واقیعی بێت بۆ خوێنەرێك گەر ئەو شوێنەی دیتبێ، بەڵام ئەو خوێنەرەی شوێنەکەی نەدیتبێ، ئەوە هەر لەخەیاڵی خۆی وێنەیەکی بۆ دروست دەکات، بەواقیعییەکە ناچێ، بۆیە شوێن لە جیهانی دەرەکی و لەناو چیرۆکدا جیاوازن. ئەو ناولێنانە لە شوێن وشەقام و کۆلانیش تەنیا بۆ وروژاندنی سۆزو خەیاڵی وەرگرەو راکێشانی خوێنەریشە بەلای چیرۆکەکە. ئەمجۆرە شوێنەش لەبیرو هزری خوێنەر پاشکۆیەکی واقیعییان هەیە، جوولەی کارەکتەریش لە شوێنی واقیعی دەمێنێتەوە. وەك ناوەکانی: (کەرکووك، بەغدا، عەرەفە، ئیمام قاسم، دێی تەپەسەوز، دێی ژاژ، گەرمیان، ڕۆخانە.. هتد).

[1] – الخصائص البنائية للاقصوصة، د. صبري حافظ، مجلة الفصول، المجلد الثاني، ع/٤، ١٩٨ص٢٩.

[2] – في معرفة النص، يمنى العيد، ص٤٣.

چیرۆکنووس له چیرۆکەکانیدا ((واقیعێك دەگێڕێتـەوە هـەموومان پێـی ئاشناین ودوورونزیـك کاریگـەری بەسـەرمانەوە بـەجێ هێشـتووه)) [1]، واتـا چیرۆکەکانی لەناوجەرگەی واقیعی کوردەواری هەڵێنجاوە، ئەگەرچی وەسـفی دوورو درێـژی بـۆ شـوێنەکان نـەکردووە، بـەڵام بـە تێپـەڕینێکی خێـراش بەسەریاندا ناگزووری کۆمەڵگەی کوردی دێنێتەوە بەرچاو، چـونکە پێویسـتە چیرۆکنووس ((ئەو شوێنانە هەڵبژێرێت، کە شارەزاییەکی تەواوی دەربارەیان هەیـە، یـاخود تاقیکردبنـەوە)) [2] چـونکە تـام و چـێژی شـوێنێکی ناسـراو و بینراو بەلای خوێنەرەوە نزیکتر دەبێ لەواقیع.

له چیرۆکی (ناسنامەو قۆچانی رەش)دا هاتووە: ((گەڕەك ئاسایی نییە وردیلـەکان یـاری ناکـەن.... هـەر عارەبانـەی دەسـتە پروپیتـاڵ و منـداڵ بەســەریەوەیە بەشــپرزەیی لــە قیرەکــە بــەرەو کۆڵانــەکانی ئــەو دیــو دەپەڕنەوە..... هەندێ عارەبانە بەدەست بەرەو برەماڵەکەی سـەرگردەکەی ناو شار خۆیان کوتا، چنگ لەسەر شان کەوتن لێیان بەرەو دواوە نەڕە نەڕی گرێدەر نزیـك دەبـووەوە، سـەرەتای ئـەیلوول لـە بـەرتۆز گرێـدەرەکان وەك وڵاخێ شەڕە قۆچ بکەن گوڕیان ئەسەند لە گەڕاندنەوەیانـدا زرمـەیان لـەپیرە دیوار هەڵئەساند مام کەریم پارچە کاغەزێکی نیشانداو پڕ بەدەم هاواری کرد، بەڵام لە هاڕەی گرێدەر بەحاڵ دەنگی خۆی ئەبیستەوە، پارچە کاغەزەکـەی دەستیان فڕێ دایە زەوی و گرێدەرەکان پڕبانیان دا)) [3] .

لەم کۆپلەیەدا وەك شوێنێکی واقیعـی شـاری کـەرکووکی پـڕ پیـت وبـێ بەهارە، ئیدی بەکورتبڕییەك دەستپێدەکات، گەڕەك ئاسایی نییـە، بێگومـان لە یادەوەریی هەموو کوردێك ئەوە هەڵکەندراوە کاتێ ئابلوقەی گـەڕەکێك لـە لایــەن دەســت و پێوەنــدەکانی ڕژێــم دەدرا، یــاخود فــەرمانی تێکــدانی دەردەچوو، چ ترسێك ئەو ناوەی دەگرتەوە، مرۆڤ لە سێبەری خۆی دەترسا،

---

1 – چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل ١٠٣.

2 – اشكالية المكان، ياسين النصير، ص ٢٢.

٣ – کۆچیرۆك، ل٤٩.

تەنانەت منداڵەکانیش بەو هەموو ڕۆحە پەپوولە ئاساییەی خۆیان کە درك بـە شتە بڤەکان ناکەن، کەچی لەو ڕۆژەدا ئـەو ناوەیـان چۆڵکردبوو، چـونکە لـە چاوی گەورەکانەوە ترسیان بەدی کردبوو، کە هەڕەشە لەسەر شارسـتانیەت و کولتوورو وەچەیە هەڕەشەی ڕەگوڕیشە دەرهێنانی کـوردە لـە کـەرکوك. ئەوەی کە لەهەمووان شپرزەتربوو مام کەریم بوو، کە لەخەمی ئەو کولبەیەی خۆی بوو ئاخۆ بە چ دەردەسەرییەك پێکـەوەی نـابوو، ئەگـەر چـی قۆچـانی ڕەشیشـی هـەبوو، کەچـی ئەوانـەی فـەرمانی لێخـوڕینی گرێـدەرەکانیان دەرکردبـوو بـۆ کاولکـاری لـە هـەموو هەسـت و سـۆزێك دابڕاوبـوون، شۆفێرەکانیش تەنیا ئەرکیان فەرمان جێبەجێکردن بوو، یان بـۆ کاولکـاری و هەوڵدان بـۆ سـڕینەوەی ناسـنامەی نەتـەوەی بەرامبـەرو بـە سـفرکردنی لـە عێراقـدا، کـە مێژوویـەکی دێـرینی هەیـە. هـەر لـە نـاو چـەند سـاڵێکدا ئـەم داپڵۆسینە دووبارە بۆتەوە. لە وەسفێکدا جۆرە لێکچونێك لەناو ئـەو گـرم و هۆڕەی گرێدەران کە وەك هـەوری پـایزان گرمـەو شـریقە لەخۆبەیەکدادانیان هەڵدەستێ، یان ئەو تۆزو خۆڵەی لە تێکدانی خانووەکان هەڵدەستا، ئەمەش وێنەیەکی دیکەیە، کە بـە هـەڵکردنی بـای پایزدەچـێ، کاتـێ لقـی دارە پـڕ و جوانەکان ڕووتدەکاتەوەو شادییان لێدەسێنتەوە، یان هەڵکردنی گەردەلولێك بۆ ڕووخاندنی کۆنەقەڵاو دیوار، لێرەش گرێدەر گەردەلولە دیـوار دەڕوخێنـێ وشارسـتانیەت لەرەگـەوە دەردێنـێ بـۆ ئـەوەی ئـۆردوو ڕەشمـاڵی بـێ ناسنامەکان لـە جێـی خـەڵکی ڕەسـەن هەڵبـدەن. شـوێن واقیعـی و ئاشـناو هـۆگرە، شـارێکی هەڕەشـەلێکراوی کوردسـتانە، کاریگـەریی لەسـەر دڵ و دەروون وجەستەی هاوڵاتییان و کارەکتەر، بەتایبەتی و خەڵکی بێدەسـەڵات دروسـتکردووە لـەجیاتی هـێمنی و ئـارامی، بـاڵی ڕەشـی کاولکـاری و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردنیان بەسەر خەڵکدا کێشابوو .

لە گێڕانەوەیەکیدا بۆ شاری کەرکوك لـەژێرناوی: (ئـەم شـارە ئـەم خانمـە ژنە) داو لەڕێی وەسفێکی درێژو ڕازاوەدا دەڵێ: ((ئەم شارە چی تێدا سەری هەڵنەداوە؟ گەلێ هونەرو کارو سنعەت و شتی کەش کە پێشدا لێـرەوە پەیـدا

دەبوو وسەری هەڵدەدا... نموونە زۆرە ئەم شارە دەستپێشخەری لە زۆر شتدا کردووە.... دەڵێن چیرۆکی هونەری کوردی جەمیل سائیب لەم شارە نووسراوە... مامەند کەرکووکی...، یەکەم کەس بووە شیعری بەبارێکی تازەدا بردووە.... یەکەم گۆڤاری نیومانگی لێرەدا دەردەچوو.... یەکەم جار لەتیف حامد بانگێشەی نوێخوازی کردو ئەو گۆمە مەنگەی ئەدەبی شڵەقاند))[1].

ئەم شارەی گێڕەرەوە باسی دەکات، بێئەوەی ناوی بێ وەسفەکان ناسنامەن بۆ ئەو شارە، کە کەرکووکە و واقعیەت و ئاشنایەتی گێڕەرەوە بۆ ئەو شوێنە نیشاندەدات لەگەڵ کۆمەڵێك شانازیکردن بەڕاستییەکانی ئەم شارەو گەشبینییەك دەستی بەسەر گێڕانەوەکە داگرتووە، سەرەڕای هەوڵدانی رژێمەکان بۆ بێزارکردنی خەڵکەکەی تاکو بەجێبیهێڵن، بەڵام لەلای دانیشتوانەکەی زیاتر خۆشەویست دەبێ وزیاتر هۆگری دەبن .

لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا، گێڕەرەوە، بەهۆی جێناوی کەسی یەکەمی تاکەوە لە سەر زاری یەك کارەکتەر تا کۆتایی رووداوەکان دەگێڕێتەوە ((ئەمە ماوەیەکە هەواڵی ئەو پۆلە پاکیزانە بەکۆی خەڵوزم دەکات، کە دەنگۆی ئەوە هەیە (شۆخە) یان لەگەڵدا بووەو لەوکاتەوە بۆیانەکانی شەوانی وڵاتانیان بردوون))[2] ، بابەتێکی هەستیارو واقیعییە، شوێن واقیعی ونائاشنایە بۆ کچانی دابڕاو لەئەنفال، ئەگەر چی ئەنفال دڕندەترین کاری نا مرۆڤانەی سەدەی بیستەمە، بەڵام ئەو کچانە خۆزگەیان بە ئەنفال بردووە، نەك بەو شێوە لە خزم و کەس دابڕدرێن و لە نێوان وڵاتە عەرەبییەکاندا بازرگانییان پێوەبکرێ. کاتی روودانی چیرۆکەکە زۆر دوورە لەکاتی گێڕانەوەی، بەڵام بابەتێکە شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە .

---

[1] – کۆچیرۆك، ل١٦٩.

[2] –س.پ، ل ٢٠٩.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل زیاتر لەپانزەجار وەك شـوێنێکی واقیعـی باسی گەرمیانی کردووە، باسکردنەکان لەنێوان ستایشـکردنی ناڕاسـتەوخۆ و زەمکردنێکی نا بەدڵ دان، لەو دەستەواژانەی وەسف وپیاهەڵدانی گەرمیاندا: ((دەشتە بە پیتەکەی گـەرمیان ، ل٧٣)) ، ((یارییـە خۆشـەکانی نـاو کۆڵانـە خۆڵاوییەکـەی دێ گەرمیانەکـەم، ل٩٤))، ((ئـەو دەشـتاییە مەنگـەی ئـەو شەوەی گەرمیانـە بـە دەریایـەك دەچوێنم،ل١٢٨))، ((فێنـك چـون شـەماڵی دەمەو بەیانیانی گەرمیان، ل٢٠٥))، لەزەمکردنە ناڕاستەوخۆکانیشـدا: ((ئـەو گەرمیانـــەی بـــەهار بەخۆیـــەوە نابینـــێ))، ((ئـــافرەتێکی کەرەواڵـــەی ئـــەم گەرمیانە، ل١٦٢))، ((خۆت دەزانی ئەم گەرمیانە بـەهار بەخۆیـەوە نـابینێ، ل١٨٥))، هـەموو گێڕانـەوەکان واقعـین ولـەقوڵایی گەرمیانـەوە هـەڵێنجراون خەوش و خەیاڵی تێدانییە، چیرۆکنووس شانازی بە ناسنامە گەرمیانییەکـەی دەکات و زۆر بە پەرۆشە بۆ شارەکەی و زۆر سـەربەرزە لـە راسـت خـۆڕاگری ئەو ناوچە پەراوێز خراوو بێ خزمەتە، کە بەدرێژایی مێژوو گورزی جەرگ بڕی بەرکەوتووە.

**مزگـەوتیش** وەك شـوێنێکی واقیعـی و ئاشـناو کـراوە لـە چەندچـیرۆکێکدا باسکراوە، بەڵام لە وەسفێکی خێرا تێناپەڕێ ((بارەکانیان لـە مزگەوتەکـەی ژاژ ڕمـان))[1] لێـرەدا شـوێن وێسـتگەیەکی حەسـانەوەیە، کـە بـەبێ منـەت بارەکانیان تیایدا خستووە، هەر لەهەمان چیرۆك کە دووبـارە هاتوونـەوە بـۆ دێـی ژاژ ((عەسـرێ درەنـگ گەیشـتینە دێـی ژاژ، بـەڵام چـۆڵ وهـۆڵ کەسـی تیانەمابوو، تا مزگەوتەکـەش، بـەڵێ تـا مزگەوتەکـەش سـوتێنرابوو))[2]، لـەم گێڕانەوەیەدا باری مزگەوت لـە سـایەی رژێمـی بەعسـدا نیشـاندەدا، دووبـارە کردنەوەی ناوی مزگەوت بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەرە.

---

[1] – س.پ، ل ١٩.

[2] – س،پ، ل ٢١.

**شوێنی خەیاڵی**

ئەو شوێنەیە لەسەر زەوی بوونی نییە و بەرجەستەو واقیعی نییە، ((تەنیا هەست بە بوونی دەکرێت، نابینرێ و ناشکرێ بوونەکەی جێگیربکرێت، بەڵکو وێنەیەکی گریمانە کراوە، کە سەرچاوەکەی خەیاڵە)) [١]، چیرۆکگێڕەوە بەناولێنان و وەسفکردن نزیکی دەخاتەوە لە واقیع و وەرگریش توانای وەرگرتنی دەبێت، هەندێك جاریش ئەم ((شوێنانە تەنیا دەستکردی چیرۆکنووسن، کە ئەندێشەو بیری تایبەتی چیرۆکنووس دروستی دەکات بێئەوەی راستەوخۆ بگەڕێتەوەبۆ شوێنێکی راستەقینەی ژیانی واقیعی)) [٢] ، رەنگە زۆرجاریش لە خۆشەویستییەوە لە لای چیرۆکنووس ناوی ئەم شوێنە بێت، یان بەبێ ناولێنان بەجێیدەهێڵێت، هەندێ جار ئەو شوێنە بەخەیاڵ، وەك بەهەشت وەسف دەکات و بەرەمزێکی دادەنێت، یاخود جۆرە بەکارهێنانێکی نوێ و تایبەت بۆ شوێن دەکات، چونکە رووداو بەبێ شوێن نابێت، کە شوێن بەبێ رووداو نەبێ ؛ چیرۆکنووس بۆ ئەو مەبەستە پەنا دەباتە بەر ئەفراندنی شوێنی خەیاڵی و یۆتۆپی تا رێکەوتن و گونجان لە نێوان رووداوو کارەکتەر و شوێن دروستبکات، بۆ ئەمەش پاشخانی رۆشنبیریی چیرۆکنووس باشترین گەنجینەیە، کە زمان هۆیەکی سەرەکییە بۆ دووبارە وێناکردنەوە و بەرجەستەکردنی وێنەکان. هەندێك لەم خەیاڵانە پێشتر لە خەودا بینراون دووبارە وەردەگیرێنەوە و بەکاردەهێنرێن، وەك کەرەستەیەکی خەیاڵی، یاخود لە رێگەی ئەو هەموو ئەفسانە جیهانی وفۆلکلۆرییانەی کورد.

ئەم جۆرە شوێنە خەیاڵی و یۆتۆپییە دەبێتە هۆی داماڵینی کۆت و پێوەند لە هۆشی چیرۆکنووس، چونکە بە ئارەزووی خۆی پەلدەهاوێ بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی لەبەکارهێنانی شوێنی خەیاڵی، چونکە ((شوێنی

[١] – البيئة في القصة، وليد ابوبكر، الاقلام، تموز، ١٩٨٩، ص ٦١ – ٦٢.

[٢]– بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠ ، ل ٣٢٨.

خەیاڵی لەشوێنی واقیعی زیاتر مەیدانی سەربەستی و داهێنانە))[1]، هەندێ جار پەنابردنی چیرۆکنووس بۆ شوێنی خەیاڵی بۆ ئەوەیەکە ((چێژ بداتە ئەو واقیعەی، کە هەوڵدەدات بیجووڵێنێ و پێشکەشی خوێنەری بکات)) [2]، ئەمجۆرە چیرۆکە تا رادەیەك لای چیرۆکنووس فەرامۆش نەکراوە، ئەوەتا لە چیرۆکی (شایەتی بەردێك)دا، پاش ئەوەی گێڕەرەوە لە واقیعی رۆژانەی بەرامبەر بە رووداوەکان بێدەنگە و توانای بەرگریکردنی نییە لە هاوڕێکەی؛ لە رێگەی خەونەوە ویستویەتی کەمێك لە ئاواتەکانی بێنێتەدی، چونکە لە بری ئەو شتانەی لەواقیع نایەنە دی پەنادەباتە بەرخەون، خەونیش ((دوورکەوتنەوەیە لە وروژاندنی بێدەنگی و دەربڕین لەوشتانەی ترسێنەر و چەپێنراون بە ڕاستەوخۆیی، خەونیش بووە بەشتێکی ترسێنەر لە سەر گێڕەرەوە، بۆ هەرکوێیەك بچێ هەر لە دوایتی)) [3]، خەونیش وێناکردنەوەی واقیعە لە نەستدا ماوەتەوە ئەو بەرزاییەی بە ساڵێك ناتوانی پێیدا سەربکەوی لەخەوندا بەکەمتر لە چرکەیەك دەکرێ وکام چەوسێنەر لەواقیع قسەی لەگەڵ ناکرێ ئەوا لەخەودا بەفویەك دەکەوێ.

((ئەو ئێوارەیە، ئێوارەی رووداوەکە، من نازانم بۆ لەشێرۆ کەمێك دواکەوتم؟ ئەو لە پێشەوە بوو، هێشتا نەگەیشتبووە ئاست قایەگەورەکە، من لە دوورەوە تارماییەکانم بینی، دەورەی (شێرۆ)یاندا، بینیم یە کێکیان دەستی لە قژی گیرکردو بۆ لای قایەگەورەکەی سەرخست، من بە پێدزە خۆم دەربازکرد))[4].

لە پاش ئەوەی کارەکتەری سەرەکی و شێرۆ هەموو رۆژێك کردوییانە بە پیشە بە بن قەڵادا دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ، رۆژێکیان دوو تارمایی شێرۆی

---

[1] – اشكالية المكان في النص الادبي، ياسين النصير، ص ٩

[2] – النقد التطبيقي التحليلي، عدنان خالد عبدالله، ص ٨٣

[3] – الحلم والرمز والاسطورة (دراسات في الرواية والقصة القصيرة في مصر )، شاكر عبدالحميد، الهيئة العامة للكتابة، ١٩٨٨، ص٨٧

[4] – کۆچیرۆك، شایەتی بەردێك، ل٢١٠.

هاوڕێی رادەکێشن وشوێنبزری دەکەن، گێڕەرەوەش لە توانایدانەبووە هیچی بۆ بکات تاکو رزگاری ببێ، بەڵکو خواخوای بووە خۆی دەربازبکات، لەبەرئەوەی کەمێك لە شێرۆ دووربوو، بۆیە رزگاری بوو، راستە رزگاری بوو، بەلاّم لەناو دەروونی خۆی رووزەردو خەجاڵەتە. لەم گێڕانەوەیەدا خەیاڵ و یۆتۆپیا تێکەڵ بە چیرۆکەکە کراوە. ئەمەش لە دەرکەوتنی دوو تارماییەکە بەدیاردەکەوێ کە لەسەر زەمینی واقیع شتی وانییە دوو تارمایی بێن وکەسێك بفڕێنن لە روانگەی ئەو قەیرانەی کە کارەکتەری سەرەکی تیایدادەژی و هەڕەشە لەبوون و قەوارەی دەکات وای لێهاتووە بە دوای پاڵنەرێك بگەڕێ، یاخود گرتنی رێگەچارەیەك، تاکو رزگاری ببێ لە پشێویی دەروونی. یەکێك لەم رێگایانەش (خەونە) کە دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە دەروونی تەسك فراوان دەکات و فراوانیش تەسك دەکاتەوە، بەباڵ دەفڕێ، ئەو کەش و هەوایەی دەیەوێ ئەوەی لە واقیع بۆی جێبەجێ نابێ لە خەون دێتەدی. بەهۆی خەونەکانییەوە تۆزێك ئارامی بۆ دڵ و دەروونی دەگەڕێتەوە کەمێ لەو ژان و ترس و دڵەڕاوکێ و شەرمەزارییەی بۆ هەرشوێنێك دەچێت بەدواوەیەتی، نەختێ بەسەریاندا زاڵدەبێت، چونکە خەون چەکێکە لە رۆتینی ژیان دەمانپارێزێت، پشوویەکە بۆ ئەندێشە کۆت و پێوەندکراوەکان. گەر خەون نەبووایە زووتر پیردەبووین، بۆیە دەتوانین خەون بە خەلاّتێکی ئاسمانی دابنێین [1] .

کەواتە کارەکتەری سەرەکی بەهۆی خەونە هەمیشەییەکانییەوە لە کۆت و پێوەندی واقیعی پڕمەترسی رزگاری دەبێ و لە یەکێك لە خەونەکانی دوای رووداوەکەی دەبینێ: ((لەم خەونەمدا وەك خەونەکانی پێشووترم هەمان سەرەتا دووبارە دەبێتەوە، ئەمجارەیان ناڕۆم، دەستێکم لە لێژی قەلاّکە گیرکردووە، سەرم بەرزدەکردەوە بەدەنگێکی بەرزی واخۆم لە دەنگدانەوەی

[1] –دلالة المدينة في الشعر العربي المعاصر (دراسة فى اشكالية التلقى الجمالى للمكان)، قادة عفاف، اتحاد كتاب العرب، دمشق،٢٠٠١، ص٢٠٣.

هاوارەکەم سەرم سوڕ دەمێنێ ودەڵێم: نامەردینە چیتان لـە شـێرۆی هـاوڕێم دەوێـت؟...))[1]، کارەکتـەری سـەرەکی بـە ئومێـدی ئـەوەی هـەمان رووداو دووبارە ببێتەوە وئەویش هەڵوێست وەربگرێ و هاوڕێکـەی نـەجات بـدات تـا هێزی تیایە هاواردەکات، هاوارکردن دەلالـەتی راپـەڕین وشۆڕشـە، کـە چـیتر بێدەنگ نەبێ لەو قەسابخانەیەی کە لە پشـت قایەکـەوە هەیـە ئـیتر بـەدوای هۆی بوونی ئەو شوێنە بکەوێ. بۆ وەڵامی ئەو پرسـیارانەش کـە کارەکتـەری سـەرەکی بـەدەنگ هـەڵبڕین لـە لای قـەڵاوەکردبووی، دەنگێـك لـە قایەکـەوە هات: ((من دەرگای یەکێ لەو دوو تونێڵە نهێنیانەی قەڵام لەوەتی ئەم قەڵایە دروسـت کـراوە هـەر لەشـکرێك، ئۆردوویـەکی بێگانـە ئێـرەی داگیرکردبێـت گەورەو بچووکی ئەم شارەیان لێرەدا ڕیزکردووە و خوێنیان ڕژاندۆتە ناو ئـەم تونێڵەوە، ئێستا ئـەو خوێنانـە بووەتـە دیـوارێکی وشـکەوە بـووی لـەخوێن، ڕاستتر پارچەیەکە لەقەڵا، ئەوسا ئاواو ئێستاش وایـە کـە بەهـەمان دەردتـان دەبـەن))[2]،لـەم گێڕانەوەیـە لـە خواسـتنێکی درکـاودا دەنگێـك لـەدەمی بەردەکەوە هاتە وەڵام قسەکردن سیفەتی مرۆڤە خواستویەتیەوە بـۆ بـەرد، ئەو بەردەش لە داخی دۆخی مت بوونی بەردەوامی کورد خەریکە شـەقبات و هاتۆتە قسەکردن ودەڵێ: من دەرگای ئەو قەڵایەم و لەمێژوو کـۆنترم و ئاگـام لێیە لەمێژوویەکی کۆنـەوە ئێـوە شـوێنبزر دەکـرێن و ئێـوەش هـەر بێئاگـان ونازانن لەبەرچی واتان بەسەردێ وتاکو ئێستاش هـەر رۆژەو یـەکێکتان لێـرە بزردەبێ رەنگە بەرد وەك بەشێك یان پارچەیەك لە چیا، کە لەبەریەکنـەگرتن ولێکجیابوونـەوە پەڕیوەتـە ئـەو شـوێنە، بـەڵام ئـەمجارە سـۆزی جـووڵاوە بۆئاشکراکردنی نهێنییەکان، چونکە پشت وپەنای کورد هەر چیابووە، بۆیـە ئەوەندە نهێنیەی بە کارەکتەرە سەرەکییەکەدا.

---

[1] – کۆچیرۆك، شایەتی بەردێك، ل ٢١١.

[2] – س.پ، ل٢١١.

ئیدی لە وێنەیەکی سوریالیدا باسی ئەو شوێنە دەکات ؛ کە گەورە و بچووکی ئەم شارە لێرە ریزکراوە ئەمە کەی؟ هەر داگیرکەرێك هاتبێ بۆ ئەم شارە حاڵی کورد بەم شێوەیە بووە، گەنج و لاو و پیر و منداڵ ریزکراون و خوێنیان رژاوەتە ناو ئەم تونێڵە. لێرە وێنەی تاڤگەی خوێن دێتە بەرچاو، کە رژاوەتە ئەم تونێڵەو دیوارەکانیش لە خوێن رەق هەڵاتوون .

لە چیرۆکێکی دیکەدا، گێڕەرەوەوە بە جێناوی کەسی یەکەمی تاك و بەزاری کارەکتەری سەرەکی دەڵێ: ((ئەمەوێ لەشی خۆم ژەهراوی بکەم و خۆم دەرخواردی ئەو نەهەنگە بدەم کە بەری کارێزەکەی لێگرتووین))[1]. لە دونیای واقیعدا شتی وانەکراوە تەنیا لە ئەفسانەکاندا گوێمان لێبووە کە ئەژدیهایەك یان دێوێك بەری ئاوی گرتووە، ئیدی پاڵەوانێك بەرێگەیەك لە رێگەکان، خۆی گیانفیداکردووە. کارەکتەری سەرەکیش یەکێك لەو ئەفسانانای تێکەڵ بە قسەکانی کردووە، لە رێی خۆژەهراوی کردن و خۆبەختکردن بەوەی بچێتە ناو دەمی نەهەنگ، تاکونەهەنگ ژەهرخوارد بکات. نەهەنگ رەمزێکە بۆئەو دوژمنەی بەری ئاوو نەوت خێروبێری لێگرتووین، بەنەمانی ئەو نەهەنگە، زەوییە بە یارەکان، پڕئاودەبنەوە، ماڵە ساردەکان بە نەوت گەرم دەبنەوە.

لە کۆپلەیەکی دیکەدا چیرۆکنووس دەڵێ : ((دەڵێن گوایە لەناو ئەو تەپلوسکانەی عەرەفەدا کە کەوتووەتە دەشتی رۆژئاوای شارەوە ئا لەوێ هەموو کەس دەزانێت لەوەتی دونیا دونیایە ئاگرێك نێڵە نێڵ دەسووتێ، تۆ بڕوانە ئەم ئاگرە، سەردەمانێك نەزرگابوو دەستە دەستە ئافرەتانی گەرمیان و کوێستان roویان تێدەکرد بۆ زگ وزاو، لێی دەپاڕانەوە (بەگوڕهاتم) بۆ کوڕ هاتم ئەم دەوران و هەڵقەبەستنەی دەوری ئاگرەکە بۆ ناهۆشیاری و بێئاگایی بەکۆمەڵ دەگەڕێتەوە. جا لەنێو ئەو ئاگرە وە لەسەردەمێکدا لە کازیوە وەختێکدا هاتوتە دەرەوە جا ئەم شارە ئەو ئافرەتەیە))[2] ،واتە

[1] – کۆچیرۆك، دەنگوباسی ئەو دێیەی کەبەتەماین بیکەین بەهاوینەهەوار، ل١١٣.
[2] – س.پ، ئەم شارە ئەم خانمە ژنە، ل ١٦٧.

بنەچەی ئەم شارە ئازیزە لەو ئاگرەوە هاتۆتە دەر، هەربۆیەش خەڵکەکە دوای ئەم ئەفسانەکەوتوون ئەم خووەیان بەرنەداوە، مادام ئاگر جارێك لەجاران منداڵی بەخشی بێ و سەرچاوەی خێروخۆشی و پیت و فەڕبێ، چۆن وا بەڕاکەڕاکە کۆڕو هەڵقەیان بە دەوری دانابەستن؟! بەم گێڕانەوەیەی کەش وهەوایەکی یۆتۆپی خوڵقاندووە بەتێکەڵکردنی ئەفسانەو خورافیات، چونکە ((کەڵك وەرگرتن لە فۆلکلۆرو کەلەپوری نەتەوایەتی و بیانی نەك هەر کارێکی بەجێیە، بەڵکو پێویستیشە بەمەرجێك لە رووی ناوەڕۆك و شێوەوە لە خزمەتی دەقە داهێنراوە نوێیەکەدابێت))[1]. لەم باسەدا دەردەکەوێ کە ئەفسانەکە لەکۆندا هەبووە، دوایی بووە بە نەریت و وەك خویەکیشی لێهاتووە، چوونی ژنانی گەرمیان وکوێستان بۆ ئەو نەزرگایەو داواکردنی کوڕ، ئەو خووە لە کۆنەوە هەبووە و تاکو ئێستاش ماوە، ئەمەش بێگومان سادەیی ئەو خەڵکە نیشاندەدات، کە ئەم کارەیان کردووە. هاتنە دەرەوەی ژنێکیش بەم شۆخ و شەنگییەوە لەناو ئاگرەوە، هەر لەخەیاڵ وخەون وئەفسانەدا جێگەی دەبێتەوە، بەم شێوەیە چیرۆکنووس، لەڕێی ئەفسانەوە کۆمەڵێك چیرۆکی بە پێزو جوانی داڕشتووەو شوێنی ئاوێتەی ئەفسانە کردووە، یاخود بەئاقاری ئەفسانەی دابردووە، بەمەش چیرۆکەکانی فرە رەهەندو جوانکردوە، جۆرە رەنگاورەنگییەکی لەواتاو دەلالەت بە چیرۆکەکانی بەخشیوە ئەمەش لەڕێی ئاسۆی بیری فراوانییەوە هاتووە واتە: تەنیا پشتی بەیەك جۆرە بنەما نە بەستووە، بەڵکو بەجۆرەها شێوە چیرۆکەکانی رەنگرێژکردووە ((ئەفسانەش بەدرێژایی چاخەکان بەنەمری دەمێنێتەوە و لەنوێبوونەوەدایە لە گشتگیری ولە زۆریی تەئویلاتکردن بۆیە، ئەدەب هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی (هاوتایی بابەتیی – معادل موضوعی) بۆ ئەفسانە لەسەر زەمینەی واقیع، هەروەك شیلنگ وتوویەتی ئەفسانە بابەتی هونەرە، هەروەك چۆن بیر بابەتی فەلسەفەیە))[2].

---

[1] – چیرۆکی هونەری کوردی: زاهیر رۆژبەیانی، ل ٩٥.

[2] – الفن القصصي في المهجر، هادية احسان رمضان، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٨، ل٤٨٤

# بەشی سێیەم

## وەســـف

ڕێگەیەکـە، بـۆ گێڕانـەوەو بەرجەسـتەکردنی هـەموو لایەنـەکانی ژیـان. شـــوێنیش یـــەکێك لـــەو لایەنانەیـــە لـــەڕێی وەســـفەوە جـــوانترو باشـــتر دەستنیشـــاندەکرێ، کــە بنەمایــەکی گرنگــی ئەدەبیاتــە، لــەنێو ســەرجەم زاراوەکانی ئەدەب ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

وەسـف، شـتەکان بەباشـی نیشـاندەدات و ڕۆدەچـێتە نێـو وردەکـاریی شـــتەکان لــە چــەندین گۆشــەی جیــاوازەوە وەك کامێرایــەکی فۆتــۆگراف وێنەکانمان بۆ دەگرێت، وێنـەگرتنی هەرنووسـەرێك جیـاوازە لـە نووسـەرێکی دیکە .

لەنێو ژانرەکانی ئەدەبدا شیعر بایەخێکی زۆری بەوەسف داوە، بـەڵام لــەنێو چــیرۆکدا قورســاییەکی زۆرتــر دەکەوێتــە ســەر وەســف، چــونکە چیرۆکنووس گرنگی بە مۆسیقا نادات وەك شیعر، بەڵکو گرنگـی بەداڕشـتن و وەسف دەدات.

لەڕێی وەسفەوە خوێنەر چێژێکی زۆر لە چیرۆك وەردەگرێت، بەتایبـەت وەسفی ورد، کە مێشکی خوێنەر لە خاڵێك کۆ دەکاتەوەو نایەڵێت پەرشوبڵاو بێت، وەسف تـەنیا شـتە مادییـەکان ناگرێتـەوە، وەك وەسـفی دارو بـەرد و ئاسمان و کەش و هەواو شـوێن و... هتـد، بـەڵکو وەسـفی لایـەنی دەروونـی کارەکتەرەکان و کێشەو ململانێش دەگرێتەوە.

ئیـدی ئـەو چـیرۆکەی دەگێڕێتـەوە، خـەیاڵی بێـت، یـان واقیعـی، بـۆ ئەوەی بەجوانی بگاتە وەرگر، پێویستی بەڕێگاکانی گێڕانەوە هەیە.

ئەم ڕێگایانەش بریتین لـە : وەسـف و دایـەلۆگ، بـەبێ ئەمانـە کرداری گێڕانــەوە ناتــەواو دەبێــت لەجێبــەجێکردنی دیــارترین ئــەرکی بنیاتنــان، چونکە((پەنابردنە بەر وەسف لەلایەن گێڕەرەوە مانای ئەوەیـە کەکارەکتـەر

و شوێن و شتەکان بایەخی تایبەتییان پێبدرێت))[1] واتاهیچ یەك لەمانە لەوەسفکردن پشتگوێ نەخرێن. وەسفیش ((شانبەشانی دیمەن کار لەسەر سستکردنەوەی لەرادەبەدەری گێڕانەوەی چیرۆك دەکات))[2]. هەروەها وەسف بەتەکنیکێکی گرنگ لە بنیاتی هونەری گێڕانەوە دەژمێردرێ و شانبەشانی ((دایەلۆگ و رووداو بەشداری لەوێنە گرتن و گەشەپێگرتنی رووداو دەکات و هەوڵی بەدیارخستنی ناخی کارەکتەر دەدات))[3]. دیارە وەسف لەلایەن نووسەرانی تەقلیدی و نوێ بایەخێکی زۆری پێدراوە، هەرچەند جیاوازی لەباسکردنەکانیان هەیەو وەسفیش هەواڵێکە لەرووخساری وەسفکراو دەدوێ و دەیگەنێتە وەرگر، بۆیە لە چیرۆکی تەقلیدی ئەرکی وەسف ئەوە بووە کە بەدرێژی باسی کارەکتەر و شوێن بکات، بێگومان چیرۆکە واقیعیەکانیش هەمان شێوەن .

هەندێ جار وا دەبێ چیرۆك پێویستی بە وەسف زیاترە لە گێڕانەوەو، لەوەش ئاسانتر نییە کە وەسفێك بکرێ بەبێ گێڕانەوە، لەوەش گرانتر نییە گێڕانەوەیەك ئەنجام بدرێ بەبێ ئەوەی وەسفی لەگەڵدا بێت[4] واتە:وەسف کەرەسەیەکی بنەڕەتییەوگێڕەرەوە دەستبەرداری نابێ لەگێڕانەوەکەیدا، چونکە((وەسف لەگەڵ ئەو شتانە دەگونجێ کە جووڵەیان نییە، گێڕانەوەش لەگەڵ جووڵەدا دەگونجێ کەبەبێ شتەکان نابێت))[5]. بەمەش دەتوانرێ جیاوازی لەنێوان گێڕانەوەو وەسفدا بکرێ، کە وەسف بایەخ بە وێنەگرتنی شتەکان دەدات و گێڕانەوەش وێنەی رووداو دەگرێتەوە، بەمەش وەسف

---

[1]– البنية الروائية في رواية الأخدود (مدن الملح)، لعبدالرحمن منيف، محمد عبدالقواسمة، دار الينابيع للنشرو التوزيع، عمان،١٩٩٨،ص١٠٢ .

[2]– بنية النص السردي، حميد لحمداني، ص ٧٨.

[3]– ألف ليلة وليلة – دراسة سيمائية تفكيكية لحكاية حمال بغداد، عبدالملك مرتاض، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٩، ص١٠٩ .

[4] –عالم الرواية، رولان بورنوف،ص٩٨.

[5]– ألف ليلة وليلة – دراسة سينمائية تفكيكية لحكاية حمال بغداد، عبدالملك مرتاض، ص١٠٩ .

پێچەوانەی گێڕانەوە دەبێت و لەگەڵیدا رێکناکەوێ، بۆیە ((گێڕانەوە سست دەبێتەوە))[1]، ئەم بیروڕایە تا ڕادەیەك زێدەڕۆیی تێدایە، چونکە ئەگەر چیرۆکنووس وەسفی ڕاوکردن بکات، کە چۆن تانجی لە کەروێشك بەردەدات، بێگومان هەمووی جووڵاوە. زۆرجاریش لە دایەلۆگێکدا گفتوگۆی نێوان دووکەس دەگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی وەسفی تێدا بێت.

ئەوەی لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسەدا بەدیار دەکەوێت، خوێنەریش دەتوانێ تێبینی بکات، ئەو بایەخدانەی گێڕەرەوەیە لە بەرجەستە کردنی ئەم رێگایەی گێڕانەوەداو بایەخدانی بە وەسف بەپێی پێویست و ئاستی شێوازەکانی گێڕانەوە. وەسفەکانیش ئاسایی و وشك نین، بەڵکو دەربڕاو و پێشنیازکراون و پەیوەندییان بەهەست و سۆزی مرۆڤایەتییەوە هەیە، هەروەها توانای ئەفراندنی جیهانی ئەندێشەیی هەیە لەبەردەم وەرگرو، توانای ئەوەی هەیە کە رەهەندو دەلالەت بە وەسفەکانی ببەخشێ تا پێی بناسرێتەوە و رووداوەکانیش دەوڵەمەند بکات و ببوە بە یەکێك لە رێگە بنچینەییەکان لەبنیاتی کارەکتەرو رووداو و شوێندا، هەوڵدەدەین لەم تەوەرەدا لەسەر هەندێك لەم وەسفانە بوەستین و رۆڵ و بایەخیان لە بنیاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا بەدیاربخەین .

پاش ئەم خستنەڕووەی وەسف، پێمان باشە لەسەر ئەو ئەرکانە بوەستین کەوەسف بۆ گێڕانەوە ئەنجامی دەدات، چونکە وەسف لەکرداری گێڕانەوەدا شتێك نییە تەنیا بۆ وەسفکردن و رازاندنەوە بێت، بەڵکو ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەیە لە چنینی چیرۆکدا، لەبەر ئەوەی وەسف تەکنیکێکی هونەرییە دەتوانین لە دوو جۆرە وەستانی وەسفی جیا بکەینەوە[2].

١- ئەو وەستانەی کە پەیوەستە بەساتەکاتێکی دیاریکراو لەگێڕانەوەدا، وەسف تیایدا وەستاوە بەرامبەر شتێك یان خستنەڕوویەك لەگەڵ وەستانێکی لێوردبوونەوە لەلایەن خودی کارەکتەرەکە دەگونجێ.

---

١- س . پ : ل ٢٨٩ .

٢- بنية الشكل الروائي حسن بحراوى، ص ١٧٦.

٢– وەستانی وەسفی لەدەرەوەی زەمەنی چیرۆك، تاڕادەیەك بەوێستگەیەکی پشوودان دەچیٚ، کە گێڕانەوە تیایدا پشوویەك بۆ خۆی دەگێڕێتەوە.

جیرار جینیت دوو ئەرکی جیاوازی دەستنیشانکردووە کە هەر لە هۆمیرۆسەوە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدە پەیڕەوەکراوە :

((١– **ئەرکی جوانکاری و ڕازاندنەوە** : دانەر تییایدا بایەخ بە جوانکاریی وشەو دەربڕینەکان دەدات، وەسفیش لە ناوەڕاستی ڕووداوەکانی گێڕانەوەدا پشوویەك دروستدەکات و، دەبێتە وەسفێکی پوخت .

٢– **ئەرکی ڕوونکردنەوەو دەلالەتی ڕەمزی** (وظیفة تفسیریة، دلالیة رمزیة)، لەمەدا پارچەی وەسفکردنەکە لەخزمەتی گێڕانەوەدا دەبیٚ و تۆخمێکی بنچینەیی دەبێت لە خستنەڕوو، واتە لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆو ئەنجام))[1].دەکریٚ، لەڕێی ئەو وەسفەی بۆ کارەکتەرەکان دەکریٚ، ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتییان بدۆزرێتەوە .

خاڵێکی دیکە، سیزا قاسم دەستنیشانیکردووە، وەسفی ئیهامییە.

٣– ((وەسفی ئیهامی(فریودەر): وەرگر تیایدا فریودەدریٚ، بەوەی کە دەیبینیٚ لە ئەندێشەی ناو چیرۆکەکەدا واتێدەگات واقیعەو لەبەرچاوی خۆی ڕوودەدات))،[2] بەڵام لەراستیدا ڕووداوێکی هەڵخەلەتێنەرە.

وەسف دەکریٚ بەدوو جۆر:

((١– هەڵبژاردن (الانتقاء) ٢– هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە (الاستقصاء)))[3]. یەکەمیان: لەڕێی ڕستەی کورتەوە وەسفی شتەکان دەکات، دووەمیان: وەسفێکی دوورو درێژ بۆ شتەکان دەکات، بەوەسفی درێژ یاخود فۆتۆگرافی دەناسرێتەوە، تارادەی وەستان ڕەوتی گێڕانەوە سستدەکاتەوە .

---

[1] -بنیة الشکل الروائی، حسن بحراوی، ص١٧٥.

[2] – بناء الروایة، سیزا قاسم، ص١١١ .

[3] – س پ، ل١٠٩ .

ئەوەی پەیوەندی بە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلەوەوە هەیە، وەسف لەو قەوارەو پانتاییانەی کە داگیری کردووە بەهەمەڕەنگی بەکارهاتووە، بەزۆری وەسفی کورت و هێمابەخشن، یاخود لەنێوان وێنەی سادەو ساکارن. کەمێکیان وەسفی درێژن گێڕەرەوە هەندێ جار وردو درشتی شتەکانی باسکردووە لەچیرۆکی ئەم شارە ئەم خانمە ژنەو پێشەکیی چیرۆکی نێچیردا وەسفی درێژ دیارە.

جۆرەکانی وەسف لە هەندێ نموونەدا دەستنیشاندەکەین:

أ- وەسفی شوێن

یەکێك لەو کەرەستە باشانەی کە چیرۆکنووس لە گێڕانەوەکانیدا دەستی بۆ بردبێ وەسفە، ئەم وەسفەش بۆ بەرجەستەکردنی شوێن و دەستنیشانکردنی دەلالەتەکانیەتی، چونکە وەسف نابێ وا تەماشا بکرێ کە تەنیا دیکۆرێکی دەرەکییەو پەیوەندی بە چنین و کەسەکانەوە نییە، بەڵکو دەبێت بەشێك بێت لە چنین و رووداو، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە یەکگرتووی بابەتەکە بکات[1]. بەمەش شوێن تەنیا نەخشاندن و رازاندنەوە و چوارچێوەیەکی دەرەکی نابێت، بەڵکو دەبێتە توخمێکی کاریگەرو هەڵگری رەهەندو دەلالەتی زۆر لەو شوێنانەی کە وەسفێکی گشتی بۆ شوێنەکە کردووەو بایەخ بە وردەکارییەکان نادات ،هەندێ جاریش وردو درشتی شتەکان باسدەکات.

لە چیرۆکی (سەرەڕێدا): ((راوەستا تاکو گوندەکە لەناو تاریکییەکەدا توایەوە، دێ لە لاڕێیەکی چەپدایە، هەندێ سەگی خوێڕی و ژاوە ژاوی لەرزۆکی ناو گوند نەبێ، کەم کەس رێی پێ دەبا و دەچێتە سەری .. لەنێوان دەیان جێ پێی بەرزو رێچکەی باریکدا، بەتوولە رێیەکدا، شۆڕبووەوە تا بەردەرگای حەوشەی خانوویەکی خوارو خێچ هێنای، ئیستێکی کرد، لەودیو

[1]- فضاء النص الروائي، محمد عزام، ص ١١٥ .

دەرگا تەنەکە ژەنگدارەکەوە کۆکەی زەلامێك جار نە جارێ لەگەڵ پرمەی ولاخێکدا جووت دەبوون، جیڕەی دەرگاکە، بۆڵەی بەکابرا هەڵسان و گوێی ولاخی تەنیشت دەرگاکەشی قووت کردەوە))[1]. لەم گێڕانەوەیەدا لەباسی گوندو بەشەکر کردنی و توانەوەی وێنەیەکی هونەری بەدیار خستووە کە وەسفی شوێنەکە دەخوێنێنەوە لەگەڵ ئەو شتانەی تیایدا باسکراوە، وێنەیەکی پڕ لە جووڵە و دەنگ دەبینین بەبەکارهێنانی هەستی بینین و بیستن سەرەتا (توانەوەی گوند، سەگی خوێری، ژاوە ژاوی لەرزۆك، بەرزو باریك، خوارو وخێچ) جگە لە تێکەڵکردنیان بەدەنگی(کۆکەو، پرمە، جیڕە، بۆڵە، گوێ قووت کردنەوە) گەر ئەم وێنەیە مۆنتاجی بۆ بکرێ لە ساتەکاتێکدا چەند وێنە یەکی لێدروستدەبێ .

جگە لەمانە نیشاندانی بارودۆخی پێشمەرگە، کە چۆن لەئێوارەی تاریك بەسەر مالاندا دابەش دەبوون بۆ نانخواردن، نیشاندانی روویەکی گەشی گوندنشینەکان بوو لە خزمەتکردنی پێشمەرگەو لەوەی خوا بەنسیبی کردبا پێکەوە دەیانخوارد.

لە وەسفێکی بۆ شاری کەرکووك کە لە چیرۆکی (ئەم شارە ئەم خانمە ژنە)دا هاتووە : ((گەیشتمە بن سەری شار !!، بازاڕە قەڵەباڵغەکەم گرت .... قەڵەباڵغی ئاوهام نەدیبوو زات ناکەم خۆمی پێدا بکەم و ناشگەڕێمەوە .... کۆلانەکانی ئاوایی کە پیایاندا گوزەر دەکەی زۆر زۆر کەرێك و منداڵێك یاخود ئافرەتێك و مانگایەکی تیادا دەبینی .... لە دڵی خۆمەوە گوتم : "ئەم شارە مێروولەیە لەکوێوە هەڵدەقوڵێ ...؟!" خانێك لەسەر بازاڕەکەوەیە دانەوێڵەی ئەو دێهاتیانەی دەوروبەری شار بۆ ئەم خانەی دێنن ..... لێرەشەوە لەگونیەی دەنێن و بۆ مەحەتەی شەمەندەفەرەکەی دەنێرن ... کە گەیشتمە پێچەکە دەبینم رۆژی حەشرێکە ! نەبێتەوە لەبەر کەرو هێستر و ئەسپ و لادێی و خەڵکانی تر جێگا نەبوو پێی لێ دابنێی ! کەس بە کەس

---

[1]- کۆچیرۆك ،ل١٠٦.

نییە، قازانی مس، مەنجەڵی گەورەو بچووك، تاوە، لەنگەری، سینی، تەشت لەپێش دوکانەکاندا کەڵەکە کراون، یەك دوو کەسیش بەهەردوو پێ چوونەتە نێو سەرو قازانەوە بەردەوام خۆیان بادەدەن ئەمەم لەئاوایی دیتبوو بەدەم خۆبادانیشەوە گۆرانیەکی خۆشیان دەگوت ....))[1].

لەوەسفێکی نزیك و واقیعی لەگەڵ رازاندنەوەو راڤەکردن لەوەسفێکی جووڵاودا وەسفی ئەم شارە دەکات بە یارمەتیی دوو کامیرای چاوەکانی کەیەکەم کەرەستەیە بۆ وەسفکردن و لەنزیکەوە وەسفی شتەکانی کردووە باسی وردودرشتی شتەکانی کردووە خوێنەر واتێدەگات، خۆی لەو بازاڕە جەنجاڵە دەخولێتەوە، لەلێکچواندنێکدا بەشارە مێروولەی دەچوێنێ و لەگەڵ بەراوردکردنی لەگەڵ ئاوایی مرۆڤ لەهەر شوێن و جێگەیەك بژی وئاستی کۆمەڵایەتیی بەرز یان نزم بێت، لەرێی فلاشباگەوە، هەر پەیوەندیی بەشوێنی منداڵییەوە دەمێنێ. وەسفی زێد لەلای ئەم چیرۆکنووسە، گەر بۆ خراپی و ناشرینیش بێت ئەو هەر بەشێوەیەکی وا دەیگێڕێتەوە، کە جوانترین و خۆشترین شوێنە لەم وەسفەش بۆ ئەرەبخا لەگەڵ وەسفێکی بابەتییانە بۆ شوێنەکە، کە پڕە لەوێنەی جوڵاو و فۆتۆگرافییانە دەمێنیتەوە بەرامبەر رەنگپێدانەوەی بازاڕێکی قەرەباڵغ و پڕ لەژاوەژاوو نەمانی یاساو هەر کەس بۆ خۆی و بەئارەزووی خۆی هەڵس و کەوت دەکات .

لەیەك کاتدا وەسفی دوو شوێن دەکات : رابوردوو/ ئەوێ/ گوند، ئیستا/ ئێرە/ شار لەپەنای دەروونییەوە ستایش بۆ هەردوو شوێن دەردەبڕێ و بێزاریش لە هەردووکیان وەسفی یەکەمیان کپ و بێدەنگ کە هێمایە بۆ مت بوون و رازیبون بەئەمری واقیع لەلایەن لادێییەکانەوە و جووڵەو دەنگ نییە، واتە بەئاواتی راپەڕینێکە بۆ لە بن دەرهێنانی دۆخی بێدەنگی و قڕکردنی، وێنەی دووەمیش پڕ جووڵە و هات و هاوارە بۆ جوانکردن و شایستەتر کردنی کەلوپەلەکان، هەرکەس هی خۆی و کەدەبوایە هەموویان لەسەریەك ئاوازو

[1] – کۆچیرۆك ، ل١٦٨.

نۆتـە و بەیەکدەنگ بۆ مەسـەلە بنەڕەتییەکـە هاواریـان کردبـا، کـە ئـەویش ئازادییە، چونکە لەڕێی ئـازادی و دیموکراسـی بـازاڕی مـۆدێرن دادەمـەزرێ و بـازاڕ پێویسـتی بـەهات وهـاوار نابێـت، شـتەکان خۆیـان دەلالـەت لـەخۆیان دەکەن، نەك یەکێك پێیاندا هەڵبڵێ .

چیرۆکنووس، بەوپەڕی سادەیی و ساکاری وەسفەکان دەکـات، چـونکە پاش ئەوەی بەوەسفێکی درێژ ئەم چـیرۆکە تـەواودەبێ لـە کۆتاییـدا دەڵـێ: ((لە ساڵی ئەو چـەرخەکردنەمەوە تـا ئـەمڕۆ عەیامێکـە، وائێسـتا لـە شـوێنی پردە دارینەکەوە وەستاوم تەماشای "سـەری شـار دەکـەم" سـەری ژنێکـی پەرچـەم شـێواو و ئـاڵۆز دەبیـنم))[1]. لەگـەڵ شـانازیکردنی بـە شـاری کەرکوکـەوەو وەسـفکردنی وردو درشـتی ئـەم شـارە کـە (ئێسـتا)ی شـارە، کەچـی لـە گەرمـە گـەرمی قـەرەباڵغی ئێسـتای کۆچـدەکاتەوە بـۆ ڕابـردووی دێیەکـەیان و جوانییـە سـادەو سـاکارەکەی باسـدەکات، ئەمـەش بـۆ خۆشەویستیی رابردوو، و دێیەکەی و رازاوەیی نییەو نایـەوێ لـەم کەرکووکـە ئازیزە دابڕێ، چونکە ((مردنی شـارانی دیکـە دێـنێ))[2]، بـەڵام هەوڵـدەدات تررووسکاییی ئومێد لەڕێی رابردووەوە بۆ دەروونی خۆی بگەڕێنێتەوە .

لەوەسـفی شـاری کـەرکوك و ناوەکـانی کـەرکووك: (سـەنحاریب، تەپلوسـکەی عەرەفـە، پاسـە دارینەکـە، سـەرهەڵدانی نوێگـەری، شـەربەی قوڵفدار، خۆڵەپەتانییەکە، گەرماوەکان و بۆنیان) ناوو شوێنەکان واقـیعین و وەك خۆیان وێناکراون. لە کۆتاییەکەیدا دیارە کەپەنجا ساڵە ئەو شارە وەك خۆیـەتی و باسـی تونێـل و هێڵـی خێـرا و پـارك و سـوپەرمارکێت و سـێرك بوونیان نییە...کە لەکۆتایی چیرۆکەکەدا دەروونی نووسەر بە ئاشکرا دیـارە، کـە چ خـەمێکی قـووڵی ئەوشـارەی لـەناخی خۆیـدا هـەڵگرتووەو، حـەزدەکا لەئاستی شارانی دی بێ، کەنیوئەوەندەی کەرکووك خێروبێریان نییە، کەچی

---

[1]- کۆچیرۆك، ئەم شارە ئەم خانمە ژنە، ل ١٧١ .

[2]- س.پ، ئەمشارە ئەم خانمە ژنە، ل١٧٠.

بوونەتە شاری شاران و شوێنی گەشت وگوزار. ئـەم خولخواردنەوەیـەش لـە نێوان رابردوو وئێستای نەگۆڕوداهاتووی نادیار لەناخی هەموو تاکێکی کـوردا دەبینرێ و مایەی دڵەڕاوکێ وسەرگەردانی و تەنگ پێهەڵچنینێتی لەژیاندا .

لە چیرۆکی (دیارییەکی پەسەند نـەکراو) دا لەوەسـفی شـوێندا دەڵـێ: ((قۆڵیان راکێشا بۆ نـاو ئۆتۆمبیلەکـە قیژەیـەکی بـۆ کـرد و خـۆی راپسـکان شوفێرەکە دابەزی بەئیشارەت تێی گەیاند کە ئەیانەوێ یارمەتی بـدەن، وەك یەکێ واقی وڕبمێنێ زوبانی حەپەسابێ، هیچی بۆ نـەهات وەك شـێت سـەیری دەمیان ئەکرد. بردیان بۆلای معاونێك لەپشـت مێزێکـەوە دانشـتبوو هـەر کـە دی ئـافرەتێکی بـالآ بـەرزی جوانکیلـە یـان هێنایـە ژوورەوە هەسـتایە سەرپێ))[1] .

لەم وەسفەی گێڕەرەوە بـۆ شـوێن وەسـفێکی نزیـك و جـوولآوە و وەسـفێکی هەڵبـژێردراوە: (قۆڵیـان راکێشـا، خـۆی راپسـکان، واق وڕمـان و حەپەسـان) لەوەسفێکی جوانکاریو نزیکیشدا (ئافرەتێکی بالآ بەرزی جوانکیلە) .

لێرەدا بەهۆی رووداوەکـەوە ئـەرکی شـوێنەکە دەستنیشـانکراوە، یەکـەم: شوێن ناو ئۆتۆمبیل، دووەم: بنکەی پۆلیس، ئەم دوو شوێنە هەڵگری هێمنی پاراستنن بۆ هاولآتییـان، کەچـی سـنووری خۆیـان بەزانـدووە و بـەئارەزووی خۆیان یاری بەشتە سنووردارو پیرۆزەکان دەکـەن، ئەمـەش واتـاو دەلالـەتی خۆی هەیـە، کەدەسـەلآت کەسـانی ناتێگەیشـتوو لـەم شـوێنە هەسـتیارانەدا دەکاتە بەرپرس، ئەوەتا ژنێکی کۆڵەواری کورد رێگەی دەکەوێتە بەغدا بـەم شێوە دڕندانە دەکەوێتە بەر چرنۆکی ئاژەڵئاسای ولآتپارێزان .

**بۆن** : لەوەسفی شوێندا بەرجەستە کراوە، وەك خاسیەتێك بۆ شوێنەکان زیـاد کـراوە، ئەگـەر یەکـەم ئـامراز بـۆ وەسـف چـاوبێ، گـوێ و بـۆنکردن و دەست لێخشاندن لەدوایەوە دێن ،لێرەشدا هەسـتی بـۆنکردن بەکارخسـتراوە لەرێی وەسفی کارەکتەرەوە بۆ شوێنەکە بەدیار دەکەوێت، کـە چـیرۆکنووس

---

[1] – کۆچیرۆك، دیارییەکی پەسەند نەکراو، ل٥٣

تەنیا گرنگیی بە خودی شوێنەکە نەداوە، بەڵکو گرنگیی بە کارەکتەرەکە داوە، چونکە شوێن بەبێ کارەکتەر نابێت و کارەکتەریش بەبێ شوێن نابێت و تەواوکەری یەکترین .ئەگەر بەوردی سەیری ئەو پەیوەندییە وەسفیانە بکەین کەلە نێوان شوێنەکاندا هەیە ،دەبینین بۆن رەهەندێکی دەروونی بۆ کارەکتەرکان دروست دەکات لە چیرۆکەکانیش هەریەك جۆرە رەهەندێك دەگەیەنن. لە چیرۆکی(سێ هۆڵ)دا: ((دووکەڵ، شێ، بۆنی ئافرەت، تاریکی، وەك گۆیەکی سەر گێژەنگ بۆماوەیەك جیهانی هەردوو هۆڵەکەی لەبیر بردینەوە))[1] بەلای هەندێك نووسەرەوە هەستی بۆنکردن بەکار ناهێنرێت، تەنیا ((ئەگەر ئافرەت بوونی لەو شوێنەدا هەبێت، چونکە ئافرەت وەك گوڵێکە، لەرێی هەستی بینین و بۆنکردن ودەست (لمس) دوە هەستی پێدەکرێت))[2].

هەبوونی ژن لەم جۆرە شوێنانەی وەك شوێنی رابواردن و خواردنەوە و دانیشتنیان لەسەر مێز لەگەڵ پیاوان و بۆنی جۆراو جۆر لەخۆیان دەدەن بۆ راکێشانی سەرنجی دەوروبەرەکەیان .لەم پارچەی سەرەوە بۆن رەهەندی ورووژاندنی لە خۆ گرتووە. بۆنیش تەنیا بە ئافرەتەوە پەیوەست نییە، بەڵکو سروشت و باخچە پڕن لە گوڵ و گوڵزار، دەتوانرێت لەرێی وەسفی دیمەنێکی مێرگی بەهار وەسفی ئەو بۆن و بەرامە خۆشە بکرێت. زۆرجاریش باس لە بۆنی ناخۆش دەکرێ، هەندێ جاریش شتێك هیچ بۆنێکی نییە، بەڵام وانیشاندەدرێ کە بۆن هەستی پێدەکرێ، بەتایبەتی لە شیعردا. ئەگەر چی ئێستا وێنەی شیعر و زمانی شیعر ترنجاوەتە نێو چیرۆك و رۆمانیش بۆ نموونە: بۆنی غەریبی، بۆنی سامنانی لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانیش بۆنی بێگانان دەبینین ئەوسێ بۆنە بەرهیچ کامێك لە هەستەکان ناکەون، بەڵکو خەیاڵ دروستیکردون. هەروەك چیرۆکی کچە شقارتە فرۆشەکە.

---

1- کۆچیرۆك، سێ هۆڵ ،ل٦٧

2 -جماليات المكان، شاكر النابلسی، ص ١٨٥.

وەسفکرنی چیرۆکنووس بۆ (بۆن) وردی و واقیعیەتی چیرۆکنووسەکە نیشاندەدات، وەسفێکی ورد و گشتگیرە، هەستی وەرگر بۆ لای خۆی رادەکێشێ، کەلەسەر بنچینەی هەست بنیاتنراوە و یارمەتی فراوانکردنی بینینی چیرۆکنووس دەدات بۆ بابەتەکەی .

له چیرۆکی (گورگی رەش و گورگی بۆزو گورگی شین)دا دەڵێ:((لەشەوێکی گەرمای هاوینی ئەو شارەدا بۆنی خوێن و نەوتی شار خنکاندی))[1]. لە وەسفێکی کورتدا (بۆنی خوێن و بۆنی نەوت) یەکەمیان دەلالەتی مەرگ و خوێن رشتن دەنوێنێ لە شاری کەرکووک، ئەگەرچی دەریایەك نەوتی لە ژێردا هەیە، بەلاّم نەوتەکە تەنیا بۆنی دەگاتە هەژاران، نەك وەك سووتەمەنی و میوەی زستان، تاکو خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە، بەڵکو بەدرێژاییی مێژوو هەر بۆ دەوڵەتە دراوسێکان هەرزان بووە نەك بۆ کورد، خوێنرژانەکەش هەر لە پێناو ئەو نەوتەیە بۆئەوەی نەوت خۆی بگاتە میللەت نەك بۆنەکەی، بۆنی دووەم رەهەندێکی سیاسی دەنوێنێ.

لەوەسفێکیدا پشت بەهەردوو هەستی (بینین و بیستن) دەبەستێ لە چیرۆکی (دوو بینین)داو لەخۆدواندنێکدا دەڵێ: ((لەبەر ئازاری پێم نەبووایە لەماڵ نەدەهاتمە دەرێ بەئاستەم گەلاّیەکی سووربوو لە لقەکانی ترازاو بەلارەلار بەرەو خوار هات، چاوی لێ نەترووکاند تا بەئاستەم کەوتە بەر پێی، گۆچانەکەی خستە سەرو دەستی داگرت، قرچەیەکی خۆشی لێوە هات))[2]. لێرەدا سەرەتا بەهۆی هەستی بینینەوە گەلاّکە بینراوە لەکاتی کەوتنەخوارەوەی و وەسفێکی جوانکاری بۆ کراوە ئیدی پانکردنەوەی گەلاّکەو (قرچە) لێوە هاتنی بەهۆی هەست بیستنەوە بیستراوە، گەلاّ وەرینەکە واتاو دەلالەتی خۆی هەیەو پەیوەستە بەتەمەنی پیاوە پیرەکە کە هەردووکیان لەخەزانی تەمەندان، کەواتە وەسفێکی نزیك و واقیعی و رازاوە.

---

[1] – کۆچیرۆك، گورگی رەش وگورگی بۆزو گورگی شین، ل١٩٣.

[2] – س.پ، دووبینین ، ل١٤٢.

لـە وەسـفی ڕێگاوبانـدا کـە کارەکتـەر تیایـدا ونبـووە دەڵـێ: ((گڵـۆپی شـەقامەکان و کۆگاکـان سـەوزو سـوورو سـپی هـەڵکرابوون .. گڵۆپـەکان تـا ئەهات تیشکیان بەهێز ئـەبوو – یا لـە بەرچاوی ئـەو وادیـاربوو – ترسـێکی سامناك دایگرت و لەشی هاتە لـەرزین ... بـۆ یەکـەم جار هەسـتی کـرد وێـڵ بـــووە ... گریـــان قـــوڕگی گـــرت... تفـــی بـــۆ قـــووت نەئـــەدرا یـــەك دووجارلەسـەریەکە... وەك یـەکێ لەترسـی شـتێك رابکـا، تەماشـای دەورو پشتی خۆی کرد ..))[1].گێڕەرەوە وەسفێکی گشتگیر بۆ سەرجادەکە دەکات و بەمەشـەوە ناوەسـتێ تـاکو دەگاتـە سـەر وەسـفی کارەکتـەر و حاڵـەتی دەروونی نیشاندەدا.

لەم پارچەیەو پارچەکانی دواتر بەدرێژی باسـی گڵۆپـەکان و ڕەنگیـان و هاتووچۆی ئۆتۆمبیلەکان دەکات، دیارە ئەم وەسفانە وێناکردنی شـوێنەکەیە لـە دیـدو هەسـتی کارەکتـەرەوە نـەك شـوێنەکە، چـونکە دەستنیشـانی هەستکردنەکەی بەدڵەراوکێ و ترس و سامگرتن و لەرزین و دواتر وەك ئەوەی فێـی لێهـاتبێ و چـاونەتروکانی ولەمۆڵـەق وەسـتانی، لێـرەدا وەسـفی شـوێن ((لەرێی هەستی مرۆڤ ومیزاجیەوە کراوە،نەك لەرێی خودی شـوێنەکەوە))[2]. واتە: ئەو شوێنە لای کەسـێکی دیکـەی دانیشـتووی ئـەم شـوێنە، ئاسـاییە، بـەلاّم بـەلای کارەکتـەرەوە بـەمجۆرە دەبینـرێ بـەهۆی شـێواویی بـاری دەروونییەوە.

لە چیرۆکی (ئەنجامی پەیامێك)دا: ((تاچاو برێەکا لەبەردەمیـەوە راسـتی بوو .. لەدوور یەك دوو دێ دیاربوون، لەیەکێکیانەوە باریکە دووکـەڵی شـینی کـاڵ چـووبوو بـە ئاسمانـا ..))[3].لـە وەسـفێکی واقیعـی و بـەهۆی هەسـتی بینینەوە باسی تـەختایی شـوێنەکە لەنزیکـەوە دەکـات ئیـدی لـە وەسـفێکی دوور کـــە چـــیرۆکنووس ناتوانێـــت زۆر ورد بێتـــەوە لـــە وردەکارییەکانـــدا.

---

[1] – س.پ، دیارییەکی پەسەند نەکراو، ل٥٢.

[2]– جماليات المكان، شاكر النابلسي، ص ٩٨ .

[3]– کۆچیرۆك، ئەنجامی پەیامێك، ل٤٥ .

لەوەسـفێکی ئیهامیـدا وەسـفی ئەویـەك دوو گونـدە دەکـات کـە دووکـەڵ لەیەکێکیانەوە هەڵدەستێ بەمـەش خوێنـەر دەکەوێتـە گومانـەوە، ئایا ئـەم دووکەڵە هی سۆپەی دارە، یـان گوندەکـە ئـاگری تێبـەربووە، یـان حوکمـەت وەك ماف بەخۆدان لە دێرەوە وەك نەریتێك ئاگری تێبەرداوە .

لە چیرۆکی (گورگی رەش و گورگی بۆزو گورگی شین)دا لە وەسفی شوێندا ((سەرم خستە سەر خشت و دارو پەردووی ماڵە خاپوور کراوەکانـەوە، گـوێم لە هاوارو نرکەو قیژەی ئافرەت و منداڵ دەبوو، بەرگەی ئـەو قیـژەو گریانـەم نەدەگرت، سـەرم لەسـەر خشـت و خۆڵەکـە بـەرزدەکردەوە، هەسـتم دەکـرد روومەتم تەڕە))[1] .

ئەم وەسفە لەرێی هەستی بیستنەوە، بیستنێکی خەیاڵی کە لە ئەنجامی روودانی لەواقیعەوە بۆتەوە بە خەیاڵ، بەهۆی هەستی بیسـتنەوە گێـڕەرەوە نرکـەو قیـژەی ئـافرەت و منـداڵانی کـورد دەبیسـتێ کـە لـە چـاخە نـوێ و دێرینەکانەوە ژێر خاك خراون و خانەکانی لەشـیان تێکـەڵ بـە دارو پـەردووی ئەو شوێنە کراوە، هەر ئەو شوێنە نیوە زیندوو نیوە مردوو ماوەتـەوە. نیـوە زیندووەکەی هاوار هاواریەتی بۆ مرۆڤەکان، تاکو چاخێکی دیکە بەو شـێوەیە نەگەڕێتەوە کە دڕندەیەك لەژێر دەمامکی دەسـەڵات و بەرپرسـێتی جەسـتەو رۆح تێکەڵ بە فەنابوون بکات.

لـەم وەسـفەدا توانـای چـیرۆکنووس لـەو سمـین و هـەڵکۆڵین و کنـەکردن لەزەویدا وەك زەوی ناسێك بەدیار دەکەوێ، جگە لـە بـەمرۆڤکردنی خشـت و بەرد لەڕێی درکەی خواستراوەوە کە سیفەتی دەنگـی پێبەخشـیووەو لـە زۆر چیرۆکدا ئەمە دووبارە دەبێتەوە .

لە چیرۆکی (کەبێ دەنگی هێرش دەبا) داهاتووە: ((کە لە ژوورە تەنگەکە دەرچـووم، مناڵـەکان جـاران ئاسـایی خـۆم دەتریقانـەوە. چێشـتەنگاوێکی درەنـگ لەخـەو هەسـتام خـۆم ئامـادە کـرد بـەرەو لای رووبارەکـە))[2]. لـەم

---

[1] – س.پ، گورگی رەش وگورگی بۆزوگورگیشین ،ل١٩٢

[2] – س.پ، کە بێدەنگی هێرش دەبا، ل٨٧

وەسفە ئیهامییە (فریودەر)ەدا سەرەتا وەسفێکی واقیعیانەونزیك بۆ ژوورەکە دەکات کە لە لێی هاتۆتە دەرەوە، وادێتە بەرچاوی خوێنەر کە منداڵەکان وەك جارانی کاتی منداڵیی خۆی دەتریقێنەوە لە پڕ دەڵێ : لەخەو هەستام واتە ئەوەی سەرەوە هەمووی خەون بوو راستی نەبوو، وەسفی ئیهامی زیاتر گۆڕینی بابەت دەگەیەنێ .

ئەگەر وەسفی شوێن جۆرێك بێت لە وەستان، ئەوا کاتی چیرۆك تیایدا دەوەستێ و کاتی گێڕانەوە بەردەوام دەبێت.

وەسف لە کورتە چیرۆکدا زێدەڕۆیی تێدا ناکرێت وەك لە هەندێ رۆماندا دەبینرێ لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا کەم تا زۆر، وەسفی **سروشت** بەرچاو دەکەوێت، وەسفەکانیش بۆ ئەوە نین کە دیمەنێکی رازێنەرەوەبن، بەڵکو وەك بەشێکی سەرەکی لە چیرۆکەکان بەرچاو دەکەون، کەبایەخی خۆیان لە بیرو هۆشی وەرگردا هەیە، سروشت، سەرچاوەیەکی گرنگی چیرۆکنووسانە، بەتایبەت ئەگەر رووداوەکان لەشوێنێکی کراوە بن. مرۆڤ بەبێ سروشت ناژی، سروشت بەهەر چوار وەرزەکانییەوە، چۆن ماسی بێ ئاو ناژی، مرۆڤی کوردیش بەبێ سروشتی رەنگین هەڵناکات کەواتە سروشت دەبێتە هەوێنی داهێنان و بیرکردنەوە سەرماو گەرماو تۆزو باو سێبەرو هەتاو و ئەستێرە و مانگ و رۆژوشەو ...هتد دەبنە کەرەستە بۆ چیرۆکنووسان.

لەوەسفی شوێندا **سروشت** بەشێکی باشی بەرکەوتووە، لەبەرئەوەی پەیوەستە بەدۆخ و کاتی چیرۆکەوە. وەسفی چیرۆکەکان بەکورتی بەرجەستەکراون، بەرجەستەکردنێکە بەهەست و سۆزی کارەکتەرەکان، جگە لە هێماکردن بە دەلالەتی گشتی، چونکە ((ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دەروونی کارەکتەر و ئەو کارەی دەیکات و ئەو چوار چێوە گشتییەی کە تیایدا دەژی، پەیوەندییەکی دەروونییەو لەهەمان کاتیشدا ئەرك بە جێهێنانە))[1]. ئەو وەسفەی گێڕەرەوە بۆ سروشت دەیکات بۆ وەسفی

[1] – الألسنية والنقد الأدبي، د.موريس ابو ناضر، ص١٢٠

سروشـت نییـە، لـە جـوانی و رازاوەی دونـدو قـەدپاڵ و نەسـیمی بەربـەیانی، بـەڵکو رەنگدانـەوەی دەروونـی کارەکتـەرەکانی نـاو چـیرۆکەکەیە. هەنـدێ جارسروشـتێکی جـوان وڕازاوە، لەبەرهۆیـەك لەهۆیـەکان، سـەرنجی نووسـەر راناکێشێ ؛ بۆیە گێڕەرەوە یەکگرتنێك لە نێوان سروشت و کارەکتـەرکان لـە ناو چوارچێوەی چیرۆکەکاندا دادەنێ. هەندێ جاریش لەرێی درکەو خواستن ورەمزەوە زەبرو زەنگی داگیرکەران نیشاندەدات.

لە چیرۆکی (شەو)دا ((رەنگی خۆڵەمێشـی وا خەریکـە تـەنگ بـەزەردەی دەمە و ئێواران هەڵدەچنێ، دەستی لە بینی ناوە، لەحەژمـەتا ئـەوە تـا مـۆر هەڵدەگـەڕێ، نـەخێر ئاسـۆ لێـڵ بـووە، ئـەمجارەش تـاریکی پاشەکشـێی بـە رۆشنایی کرد ...... وەك لەشکرێکی بێ بەزەیی بـەبێ پـرس هـەموو لایـەکی داگیر کرد، وادەوری منیشی دا، بەڕاستی تـاریکی سـامی هەیـە))[1]. لێـرەدا وەسـف بـۆ ئامـادەکردنی زەیـنی خوێنـەرە وەك زەنگێـك، کـە پێـی بڵـێ وا خەتـەرێك لەڕێگایـە، یـاخود ئاگـادار کردنـەوەی خوێنـەرە بـۆ قبـوڵکردنی رووداوی ناخۆش، کە ئەمەش وەسفێکی رەمزییـە سـایکۆلۆژیەتی گێـڕەرەوە نیشاندەدات، ئەگەر بە چـاوێکی ئاسـایی سـەیر بکرێ وەك شـەڕی سروشـت دێتە بەرچـاو، کـە لەشـکری تـاریکی هێـرش بـۆ سـەر سـوپای روونـاکیی رۆژ دەبات و دەست لە بینی دەنێ و مۆری هەڵدەگێڕێ. لەم شـەڕەی سروشـتدا، لەشکر و سوپای تاریکی شەو، بەبێ پرس، هەمووشوێنێکی گرتەوە، (دەوری منیشـی داوە)[2]، لەخواسـتنێکدا دەسـتی بـۆ رەنگـی خۆڵـەمێش (ئێـوارە) خواسـتۆتەوە وەك نیشـانەیەك ئـەم دەسـتە لەبینـەقاقای زەردەی دەمـەو ئێواران نراوە، خەریکە بیخنکێنێ، (بین)یشی بۆ زەردەی ئێوارە خواستۆتەو، هەردوکیانی کردووە بە مرۆڤ، لەئەنجامدا مرۆڤی تاریك (شەو) دەست بەسەر مرۆڤـی (زەردەی ئێـوارە) دەگـرێ و بـەبێ پـرس و تـرس و شـەرم داگـیری

---

[1]- کۆچیرۆك، شەو ، ل١٧٢

[2] -س.پ، ل١٧٢

دەكات. ئەو وێنەیەی كە لەسەر خواستنی دركاو بنیات دەنرێ، وا لە وێنەكە دەكات كە مەبەستی دوورو دەلالەتی قووڵ بگەیەنێ. لەبەكەس كردنی شتە بێ گیانەكان .وێنەیەكە ڕەهەندی ڕامیاری دەگرێتەوە.

نووسەر لەچیرۆكی (دەنگوباسی ئەو دێیەی كە بەتەماین بیكەین بە هاوینەوار) دەڵێ:((بەتەمای ڕەشەبایەكی توندن دووكەڵە چڕەكەیان بۆ بڕەوێنێتەوە چاوەڕێی تۆفانێكین بۆ یەكجاری بەری كارێزەكەیان بۆ بەرەڵلا بكات و ئیتر بەربەستكردنی نەبێت. لەپەژارەی تینوویێتی خۆیانا ڕەشی چاویان وا خەریكە سپی هەڵدەگەڕێ..ئای بۆ تەتەرێك هەواڵی تەقینەوەی كارێز بدا بە (یەعقوب ەكان))[1].

لەم وەسفەدا لەبەر بێزاركردن و ڕاونانی بەردەوامی دوژمن بۆ سەرخەڵك ((سەرەتای وەرزێكی خەمگین لەسەر ڕوومەتی دانیشتوان بەدی دەكرێ))[2].

لەم دیمەنە پڕ ماتەمەدا كە لەگەڵ دەروونی كارەكتەر گونجاوە و بێ ئومێدیش لە دەست جەورستەمی ڕژێم، بەسەر گێڕەرەوە داهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا گێڕەرەوە هیوا بڕاو نابێت، بەڵكو وەرزی بێدەنگی كۆتای پێ بێت و ڕابوونێك بێتە كایەوە، واتە شۆڕش و ڕاپەڕین بەسەر ئەو كەسانەدا بكرێ، كە خێرو بێری وڵاتیان بردووە، چیتر ئەژدیها ئاسا بەری كارێزو ڕووبارەكان نەگرن، چونكە خەڵك و شۆڕشگێران چاویان تانەی هاتۆتە سەرو سپی بووە لەبەر تینوێتی، ئیدی خۆزگە بەوە دەخوازێ كە تەتەرێك هەواڵی تەقینەوەی كارێز واتە: شۆڕش و ڕاپەڕین بەگوێی خەڵك و پێشمەرگەدا بدا. تۆفان ئیشارەتە بۆ تۆفانی نوح، كە ڕەمزی بەرەنگاریبوونەوەی ڕێگرو لە ڕێ لادەران بوو، بۆیە خەڵك بە هیوای تۆفانێكی لەو بابەتەن، تاكو ئەو بەربەستانەی ڕێگەیان لە ئاوی كارێزەكان گرتوو لەڕیشەوە دەربێن و جارێكی دیكە نەتوانن ببن بەبەربەست. كارێزیش هێمایەكە بۆ خێر و بێرو ئازادی.

---

[1] – س.پ، دەنگوباسی ئەو دێیەی كە بە تەماین بیكەین بەهاوینەهەوار، ل ١١٢

[2] – س،پ، دەنگوباسی ئەو دێیەی كە بە تەماین بیكەین بە هاوینەهەوار، ل١١٢

ئیتر بەهۆی ئازادییەوە کارێزەکان بەرەڵڵا دەبن و یەعقوب ئاسا بە بۆنی کراسی یوسف چاوەکان رۆشن دەبنەوە، وشەکانی (تۆفان، یەعقوب ) وەك تێلنیشان بەکار هاتوون .

لە چیرۆکی (خەونی ناو دۆزەخەکە)دا کارەکتەری سەرەکی دەڵێ: ((لەبیرتە ئەو رۆژەش وەکو ئەم ئێوارەیە پاییزە خۆڵ دەباری ... کات بەهاربوو، بەڵام دەتوت هاوینە ... خۆت دەزانی ئەو گەرمیانە بەهار بەخۆیەوە نابینێ ... ئاسمانیش وەك جامێ خوێنت پیا پژاندبێ سوور دەیڕوانی ))[1]، ئەگەرچی بەهار گوڵی وەرزەکانە و وەرزی دڵخۆشی و سەربەستییە ئەو سەوزاییانەی کەلە ترسی زستان خۆیان شاردبووە دوبارە سەردەردێننەوە و جیهان خۆشی دەبینێ و بەرگی سەوزو سوور دەپۆشێ، کەچی بەهار لەم وەسفەی سەرەوە وەك وەرزی هاوین و پاییز گەرمە و خۆڵبارانە، ئاسمانیش لە جیاتی ئەوەی ساف و بێگەردبێ سوور دەیڕوانی. لەم وێنەیەدا دەبینین سروشت پێشبینی ئەو بێ ئۆمێدییە یە کە بەسەر کارەکتەری سەرەکیدا داهاتووە ئەو دیمەنە خەمگینە لەگەڵ دەروونی کارەکتەرەکان گونجاوو لەبارە. کەش و هەواو دەرونی کارەکتەرەکان بەرامبەر ئەنفالە بەدناوەکانی گەرمیان وەك یەکیان لێهاتووە، بەهار تۆزاوییە شوێنەکەش رەنگدانەوەی باری دەروونیی کارەکتەرەکانە. ئەوانەی دەگیرێن وئەوانەی وەستاون تەماشای ئەو دیمەنە جەرگبڕە دەکەن، هەموو شت لە دڵەڕاوکێ دایە لەڕێی گێڕانەوەیەکی خودیدا وێنەکە دەبێتە بەشێك لە گێڕانەوە نەك لێی دابڕاو بێ.

لەچیرۆکی (بێ خورەی رۆخانە گەرمیان هەڵناکات) گێڕەرەوە دەڵێ: ((خۆر لە پشت تۆزو گەردی پێی رێبوارو مەڕو ماڵاتی ناوچەکە سوور دەیڕوانی بەلای رۆخانەدا وەچەرخا، پارچەئاوێنە درێژ کۆلانە کەوتبووە بریسك و هوڕ بەردەمی تادەگاتە رۆخانە راستیە، تەنیا سێ گرد لە کوێرە دومەڵ دەچن

---

[1] – س.پ، خەونی ناو دۆزەخەکە، ل١٨٥

بەتەنیشت ڕێگاکەوەن، کەمێ ئەولاتر دڕکەڵانێکی چڕە ڕێگاکە لەوێدا دەبێتە ڕچەڕێ، کونارو زەردە زێ لەیەك ئالاون هەموو ساڵێك گوندییەکان ئاگری دەدەن کەچی سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە. کەمێکی کە بڕۆیت، دەگەیتە چەمە پیرۆزەکەی (ڕۆخانە) بەرەو خوار بڕوانیت، تاچاو بڕبکات دەشتاییەکی پان و بەرینە، لەملایشەوە لەدوور لەئاسمانەوە شاخەکان بەرەوزەوی کشاون، بزەیەك گرتی))[1] ئەگەرچی پارچەکە واقیعی دێتە بەرچاو، بەڵام خاڵی نییە لەرازاندنەوەش، ڕۆخانەی لە لەیەکچونێکی بێ ئەوزار بە ئاوێنە چواندووەو گرد بە کوێرە دوومەڵ دڕکەڵان هەموو ساڵ ئاگری تێبەر دەدرێ و دەژێتەوە، وەك هەبوونێکی بەردەوام یاخود نەمری بۆلایەنی شەڕ لەناو کۆمەڵدا کەبنبڕ ناکرێ، لەدوورەوەش ئومێدی لوتکەو چیا کەتاکە پشت و پەنای کوردە، مانی کورد بەچیاوە بەندە لەخۆشیانا بزەیەك گرتی. چیرۆکنووس لەدەردە دڵ و خەمی وشك کردنی ڕۆخانە، ڕۆخانەی کردووتە وێستگەیەك بۆ وەستان لەدیاری و بۆ ئەوەی جوانییەکەیمان نیشانبدات و دەیەوێت لە پێکهاتە و بەشەکانی دەورو پشتی بدات و وێنە جوڵاوەکە بەدیار بخات و، بەشێوازی خۆیان ڕەنگڕێژی بکاتەوە.

لەم وەسفانەدا، ڕۆڵ و گرنگیی وەسف لە بنیاتی گێڕانەوەدا بەدیار کەوت، چیرۆکنووس بەباشی بەرجەستەی کردووە، لەسەر ئاستی جیاجیا و بە هەمە جۆری و بەپێی پێویست پێشکەشی کردووین، وەسفەکان درێژدادڕ نەبوون تاکو گێڕانەوەکە پەکی بکەوێ، بەڵکو پشوویەك بوون و شانبەشانی گێڕانەوەکەش ڕۆیشتون، وەسفەکان ئەرکی خۆیان بەجوانی جێبەجێ کردوەو وەهەروا لە خۆیانەوە بەرێکەوت نەبوون یان بۆ ڕازاندنە و تێر کردنی حەزو ئارەزووی وەرگر، بەڵکو بەدەستی ئەنقەست و بەتایبەتی وەسفکراون و ئامانجی گەیاندنی دەلالەتەکانیان بوو بەوەرگر.

---

[1] – کۆچیرۆك ،ل١٢٠ – ١٢١

ب- وەسفی شت و کەلوپەل

گرنگیدان بەوەسفی کەلوپەل، لەلایەن لێکۆڵەرو هەمووشتزانیان بە قۆناغێکی باشدا تێپەڕیوە، تا وای لێهاتووە زۆر جار وەك ((کارەکتەرێك باس لەشتەکان بکریَ))[1]، بەلاَم لەچیرۆکی کوردیدا تاکوئێستا بەم شێوەیە نییە، وەسفی کەلوپەل لە سروشتی چیرۆکی واقیعییە، مالَ بەتەواوکەری ئەو کەسانە دادەنریَ کە تیایدا دەژین و یەکگرتنێك لەنێوان مالَ و ئەو کەسانەی تیایدا نیشتەجێن پەیدا دەکات. ئەمە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا زیاتر رەنگیداوەتەوە، وەك وەسفی شەپقەو وێنەی دیوار، وەسفی کەلوپەل دەبیَ شان بە شانی وەسفی شوێن و کارەکتەر بێت، چونکە هیچ شوێنێك بەبیَ کەلوپەل نابێت کەم بێت یاخود زۆر، سادە یاخود بەهادار، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی، لە جیهاندا روودەدەن، شتەکانیش گۆڕانییان بەسەردا دیَ، مەبەستیش لەشتەکان کەلوپەلی ناو مالَە، کە ئێستا بەجۆرێکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، سەیری هەر گۆشەیەکی مالَەکان بکەین، لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دیکە جیاوازن .

کەلوپەل بۆ پڕکردنەوەی شوێنەو توخمێکە لە توخمەکانی جیهانی دەرەکیی مرۆڤ، کە دەتوانیَ بەدەستی بێنیَ و ئامادە بوونیشی لەناو دەقی ئەدەبی رۆلێکی گرنگ دەبێنیَ، لەبەر ئەوەی ئاماژە بەڕاستییەك دەکات لەجیهانی دەرەکییدا روویداوەو، هەلگری دەلالەتێکی تایبەتە، بۆیە دەبیَ هەلگری واتاش بێت[2]. بەڕای (ئەدوین مۆیەر) هیچ کەلوپەلێك لەمالَەوەو لە فەرمانگە بەبیَ واتا نییە، راستە شت ڕەنگپێدەرەوەی ژیانی رۆژانەی مرۆڤە، جۆری ژیان و واقیع و ئومێدو هیوایان دەستنیشان دەکات، بەلاَم لەم بۆچوونەدا لە کۆمەلگای کوردی بەم شێوەیە نییە ئەگەر هەشبیَ رێژەیەکی کەمە.

---

[1]- الألسنية والنقد الأدبي، د.موريس ابو ناضر، ص ١١٤.

[2] – بناء الرواية، ادوين مور، ص١٣٦.

((شـت و کەلوپـەل روونتریـن رووالّـەتی ژیـانی کۆمەڵایـەتین، هـەر بۆیـە فەلسـەفەی کـەل و پـەل پەیـدابووە، لەکاتێکـدا ئـەو کەلوپەلانـەی مـاڵی پێدەڕازێنرێتەوە کۆمەڵێك بەهای کۆمەڵایەتی و مـادی و ئیسـتاتیکی خـاوەن دەلالـەتی تایبـەتی رەنگپێدەدەنـەوە کەنووسـەر دەیـەوێ پێشکەشـیان بکـات))[1]. نووسـەر لـەڕێی ئـەو کەلوپەلانـەوە کـە باسـیان دەکـات، بـاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رەهەنـدە دەروونـی و کۆمەڵایەتییـەکانی کارەکتـەر دەخاتـە روو. بـەلای (رینیـە ویلیـك و ئۆسـتن واریـن)ەوە وەسـفی مـاڵ واتە:((وەسفی کەسەکانە کە تیایدا دەژین لـەڕووی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و سەلیقەیان))[2]. واتە ئەو کەسانەی ماڵەکانیان بەکەلوپەلی جوان و گرانبـەها رازاندۆتەوە خاوەنی سەلیقەی بەرزن (ئالان رۆب گرێ)ش پێـی وایـە بـۆ هـەر چەرخێك جـۆرە رێچـکەیەك هەیـەو دەڵێـت: ((کـاتێ بەلـەزاك وەسـفی شـتێك دەکـات، دەیـەوێت گوزارشـت لـە سـیفەتی مـرۆڤ بکـات واتـە کاتێـك وەسـفی پەرداخێکی ئاو دەکات دەیەوێت سیفەتی خاوەنەکەی باسبکات، ئایا هەژارە یا دەوڵەمەندە، لووتبەرزە یا خاکی و بێفیزە، چونکە ئەم شتانە بـریتین لـە موڵکی خۆی، هەر بۆیە لەخۆی دەچن.))[3] ئەگەر ئەو تێڕوانینە بۆ کەلوپـەل لەسـەر ئاسـتی جیهـان بێـت، رەنگـە بـۆ هەنـدێك کـوردی باشـووریش وابـێ، چونکە ئێستا بارو دۆخی ژیان گۆڕاوە، زۆربەی زۆری خەڵك بـەرەو لای مـادە دەڕوات و خەریکە ژیانی میللەتی کوردیش شـتێك لەوبابەتـە روویتێبکـا، بـۆ ئەوەی چیرۆکی کوردیش لەئەدەبیاتی جیهانی دانەبڕێ دەبێ وەسفی شـت و کەلوپەل بخرێتە ناو چیرۆکی کوردییەوە.

وەسـفیش یـان درێـژە یـان کورتـە ئەگـەر درێـژ بـوو ئـەوا نـاوی وەسـفی بەلزاکییانەی لێنراوە، کەبەلزاك بەدانەری ئەمجۆرە وەسفە درێژە دادەنرێ و

---

[1] - بناء الرواية، سيزا قاسم، ص ١٣٩ .

[2] - نظرية الادب، رينيه ويليك و اوستن وارين، ص٢٨٨.

[3]- الجن والمتاهة، الن روب كرييه، لقاءات اجراها معه شاكر نوري، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٠، ص٧٦.

زیـاتریش لــه ڕۆمانــدا بــەر چـاو دەکــەوێ، چـونکه چـیرۆك مــاوەی ئــەم درێژدادرپـیـەی نییـە. ئـەدەبیاتی کـوردی هــەر لــە فۆلکلـۆرەوە، لـەم جـۆرە وەسفەی تیادا بەدی دەکرێ، وەك ئـەوەی لەهەقایـەتی پێڵاوەکـەی ئەحـەی کوڕنو، کەباشترین بەڵگە و نموونەیە بۆ وەسفی (پێڵاو) کە هەرلە سـەرەتاوە تاکو کۆتایی هــەر باسـی پێڵاوەکەیـە، هــەروەك فلـۆپێر لـە مـەدام بوڤاریـدا باسی پێڵاوی دکتۆرەکە دەکات .

لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا وەسفی (شت و کەلوپەل) زۆر بـە کـەمی کراوە، ڕەنگە خودی چیرۆکنووس ئەمە بە شـتێکی لاوەکـی دابنێـت، یـا ئـەو کاتە چیرۆکنووسـین بـەم شـێوەیە بـووە، بۆیـە زوربـەی شـوێنەکان دابـڕاون لەکەلوپەل، کەئەمەشیان بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە :

((١- هـــەژاریی بـاری کۆمەڵایـەتی و دەسـتکورتیی کارەکتــەر و بــەتاڵیی دەوروبەر لە کەلوپەل، کە دەکرێ گێڕەرەوە لەڕێی وەسفەوە باسیان بکات .

٢- نووسـەر دەیـەوێ لـەڕێی ئـەو رووت و قووتییـەی شـوێنەوە، بێـزاری و نـاڕەزایی خـۆی بەرامبــەر کەلوپەلــەکان دەربـبڕێ و شۆڕشـیان بەسـەردا بکات))[1] .

خاڵی یەکەم ڕەتدەکرێتەوە، لەبەر ئـەوەی زۆر چیرۆکنووسـی واقیعـی هەیـە لـەناو چیرۆکنووسـە کوردەکـان، وەسـفی کـەم دەرامـەتیی شـار و دێکانیـان کردووەو توانیوویانە بەرهەمەکانیان بکەنە شاکار بۆ واقیعی کۆمەڵگا، چونکە چیرۆك ڕەنگپێـدەرەوەی ژیـانی واقیعیـی کۆمەڵگایـە، بەتایبـەت میللـەتێکی وەکو کورد، کە زۆربەی هەرە زۆری مێژووەکەی دەسکاری و چەواشە کراوە، بۆیــە دەکــرێ لــەڕێی چــیرۆك و شــیعرەوە دووبــارە رابــوردووی خۆمــان بنووسینەوە. ئەگەر واقیع ئاوێنە بێـت، ئـەوا دەبێـت وردو درشـتی شـتەکانی تیـادا ڕەنگبدەنـەوە، جگـە لـەوەی چـیرۆك، وەك تۆمارێـك، جـەورو سـتەمی حکومەتــە یەکلــەدوای یەکــەکانی تۆمــارکردووە، کــە بــە هــۆی سیاســەتی

---

[1] - بناء الرواية، سيزا قاسم، ص١٣٨ .

شەڕانگێزیی ئەوان کورد هەر لەژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەریدا ژیاوە و نەپەڕژاوەتە سەر ماڵ ڕێکخستن، بەڵام ئەگەر کورسی و گوڵدان و تابلۆی جیهانی باسیان لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسەدا نییە، خۆ دەبوو باسی لبادو بەڕەیەکی خەت خەت و تەندورێك و قاپ و مەنجەڵێکی ڕەش و مەسینەو پەردەی ناوماڵ و کەپروسابات هەبووایە، وەسفی شتەکان وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافیانەیە لەڕێگەی دوو کامیرای چاوەوە ئەنجام دەدرێ، بۆیە نابێ پشتگوێ بخرێن، بەڵکودەبێ بایەخی پێبدرێت و ڕۆڵی لە بنیاتی گێڕانەوەدا دەست نیشانبکرێت، هەرچەندە شتەکان سادەش بن، بەڵام ئەگەر ژیرانە بەکارهێنران، ئەوا ناوەرۆك و دەلالەتی خۆیان دەگەیەنن.

هەندێك نموونە لەوەسفی شت و کەلوپەل دەخەینەروو : لە چیرۆکی (تەنیا ماچێ)دا:((خولەش تەنەکەیە کون کونی هێناو نایە ناو کوانییەك، کەلە نێوەڕاست دیوەخانەکەدا هەڵکەنرابوو پڕی کرد لە تەپاڵ و پشقل و ڕەگەدار ئاگری پێوە نا بڵێسەی وەختە بووبگەیایەتە بنمیچەکە بەدووکەڵ ڕەشۆ بووەکەی دیوەخانەکە پیرە کتریش کە نرابووە بانی زۆری پێنەچوو، دەسی کردە گیزە گیز))[1] گێڕەرەوە باسی تەنەکەو ئاگردان و ئاگر و تەپاڵ و پشقل و کتری دەکات وەسفێکی سادە و نزیك و واقیعیە، بۆیە بەوردی شتەکانی بینیوە. کردنەوەی ئاگر بەتایبەتی لەزستان و ڕۆژی بەفربارینیدا دەبێتە هۆی گەرمکردنەوە و باڵی خۆشی و ئارامی، دەست بەسەر دەوروبەرەکەدا دەگرێ، لێرە ئەم ئاگرکردنەوەو کتلی بەسەر نانە بووە بە هۆی ئومێد بەخشین، بۆ دانیشتووەکان و ڕێبوارەکان بەتایبەتی لە شوێنێکی سادەی وەك گوند کەئەوکاتە هەموو کەس چای پێلێنەنراوە، بۆیە ئاگر کردنەوە و کتلی بەسەر نان لەسەر ئەو مەشخەڵە ئاگرە وێنەی کتلی ڕەش بەدیار دەکەوێ و واتە: کتلی سادە و ساکار و ڕەش هەروەك خەڵکە ساکارەکەی گوند و ڕەنگپێدەرەوەی سادەیی و نەبوونیی و نەداریی ئەوان نیشان دەدا .

---

[1] – کۆچیرۆك، تەنیا ماچێ، ل ١٩ .

له چیرۆکی (ئاڵ و شەوە)دا گێڕەرەوە لەوەسفێکیدا بۆ ئەو ژوورە، کە ئایشێ منداڵی تێدا دەبێ دەڵێ : ((ئایشی بەسزمانیش لەسەر حەسیرێکی تۆزاوی پاڵ خرابوو، سەرینێ شڕ نرابووە ژێر سەری، پەریشان بوو بەسزمانە ... لەتەنیشت سەریشێوە قوتیلکەیەك دانرابوو بۆ رووناکی، لەلای راستیشەوە بیژنێ دانراوە قوماتەکەی تێ خرابوو خەنجەرێك، قورئانێکیش دانرابوو لەلای قوماتەکەوە))[1]

لەم وەسفەدا کەرەستە سادەو ساکارەکانی ئەو ماڵە یەکەبەیەکە باسدەکات کە لە چواردەوری ژنە زەیستانەکەدا هەبووە، باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی دانیشتووی ئەو ماڵە و ئاستی رۆشنبیرییان وبیرو باوەڕیان بەدیاردەخات.

شتە ڕاخراوەکە مافووری کاشان نییە، حەسیرێکە، ئەویش تۆزاوی، سەرینێکی شڕ لەجیاتی فانۆس و لامپا یاخود کارەبا قوتیلکە بۆ رووناکی، کەبەردەوام دووکەڵ دەکات و بێئەوەی هەستی پێبکەن مێشکیان پڕ لە دوانۆکسیدی کاربۆن دەبێ و کونە لوتیان رەش دەبێ، ئیدی لەجیاتی پووشینە بۆ ئەوەی قوماتەکەی لەسەر دابنرێ، بێژنگێك خەنجەرێکی لەناوبوو بۆ ترساندنی شەوە، بێ کارەبایی گوندەکانی کوردستان و خۆڵە پۆتی ژوورەکان بەڕوونی دیارە.

لە چیرۆکی (دوا نامە)دا لە گێڕانەوەیەکدا، گێڕەرەوە بەزاری کارەکتەرە سەرەکی و بەهۆی جێناوی کەسی یەکەمەوە وەسفی ئەو ژوورەمان بۆ دەکات کە ئەو کارەکتەرە بە مامۆستایەتی لە دێی (هـ) بەکرێی گرتووە: ((خۆ ژوورەکەش هەر ناوی ژوور بوو، یەکێکی کەڵەگەت، دەبوایە پشتی بچەمانایەتەوە لەناویا، ئەگەر لەسەرپێ رابوەستایە، کاتی بارانیش لەهەموو لایەکەوە رەشاو ئەهاتە خوارەوە. منیش هەرچی قاپ و قاچاغێکم هەبوایە لەژێر و ئاستی دڵۆپەکان دام دەنان، خۆزگە گوێت لێدەبوو، دەبووە چ

---

[1] – کۆ چیرۆك، ئاڵ وشەوە، ل١٤ .

هەرایەك لە برە منالێکی لاساردەچوون کە بە نارێکی لە تەنەکە شڕ بەربوو بوون))[1]

وەسفێکی نزیك و واقیعی و درێژ کە لە کۆتاییدا ئەرکی رازاندنەوەی دیوە، تاکە کەلوپەل، کەتیایدا باسکراوە، قاپ و قاچاغە .

وەسفی **وێنەی** سەردیوار کراوە کەلە یەکێکیاندا لە چیرۆکی بەردی سەبردایە:((وێنەی هونەرمەندێك بەسەر سەریوە هەڵواسراوە))[2]. وەسفێکی سەرپێیەو بەوردی باسی وێنەکە ناکات.

لە چیرۆکی (دەست) دا دووجار ناوی وێنە هاتووە لەیەکەمیان ((ئەمەیان لەگوڵدانێکدا لەتەنیشت وێنەی ناو چوار چێوەکە دانێ))[3] لە دیمەنێکی دیالۆگی وەسفی وێنە چوارچێوە دراوەکە دەکات. بەلام نازانرێ وێنەی چییە، هەر لە هەمان چیرۆك، بەلام لای چیرۆکنووس باسی وێنە بە دوو وشە هاتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو شوێنانەی چیرۆکنووس هەڵیبژاردوون لەژینگەیەکی وا بووە کەتیایدا بایەخ بەو جۆرە شتانە نەدراوە و کۆمەڵگا لەقۆناغی گواستنەوەدا بووە و ئۆقرەی نەگرتووە. لەوەسفێکی (گوڵدان)[4] و (شەربەی قوڵفدار)[5] ئەمانە وێنەی واقعیین و خەیاڵ نین نووسەریش بەشێوەی رازاندەوەو سەرنجراکێش نەیخستووتە روو، بەڵکو خوێنەر خۆی بەدوای جۆرو رەنگی گوڵداندا دەگەڕێت، یان بۆوەسفی شەربە ئەو خەیاڵە دەیگەڕێنێتەوە سەردەمانێك کەشەربەی تیادا بەکار دەهات .

لەدایەلۆگێکدا دوو وەسفمان دەستنیشان کردووە، کەوەسفی واقعین و نووسەر بێ رتووش پێشکەشی کردووین ((دایکم هەموو رۆژێ پێم ئەڵێ یاری لەگەڵدا نەکەی .. دامێن منداڵەکان هەڵئەداتەوەو ئەڵێ دەرپێتان لە پێدا

[1] – کۆچیرۆك، دوانامە ، ل ٢٩
[2] – س. پ، بەردی سەبر، ل١٣٧
[3] – س.پ، دەست ، ل٩٢
[4] – س.پ، دەست ، ل٩٢
[5] – س.پ، ئەم شارە ئەم خانمە ژنە ، ل ١٦٩

نییه))[1]. وەسفێکی واقیعی و نزیکە، باری ئـابووری و کۆمەڵایـەتیی زۆربـەی هەرە زۆری دێیەکان و شارەکان نیشاندەدات، کەچەند رووت و قـووت بـوون، هەندێ جار لەبەر هەژاریش نەبووە، بەڵکو ئاستی هوشیارییان نـزم بـووە بـۆ دابینکردنی ئەو شتە سادە پێویستانە بۆ منداڵەکانیان.

لەوەسفێکی دیکـەدا و لەهـەمان چـیرۆکدا وەسـفی نـانی مـاڵی شـاوێس دەکات: کە(چەند سپییە)[2]ئەگەرچی ئەمە وەسفێکی واقیعییـە ودیـارە نـانی ماڵی ئەو منداڵەی ئەو قسەیەی کردووە بۆرە یان رەشە، ئەم وەسفە شتێك لە رەمزی تێدایە کە ئەوەش دەلالەتی چینایەتییە.

ج- وەسفی کارەکتەر

کارەکتەر لە چیرۆکی کۆن و نوێدا بەتوخمێکی سـەرەکی دادەنـرێ لـە بنیاتنانی چیرۆکدا، بەبێ هەبوونی کارەکتەر چیرۆك ئەنجام نادرێ.

کارەکتەر لە ناو ژیانی واقیعیدا هەیە و ژیان شانۆیەکەیەتی، چـیرۆکیش ئاوێنەی ژیانە، هەر بۆیە چیرۆکنووس، کارەکتەر لەژیان وەردەگـرێ و چـۆن خـۆی حـەزی لەژیانـە و مردنـی نـاوێ، بەهـەمن شـێوە حـەز دەکـا کارەکتەرەکانیشـی بـەو ئاقـارەدا ببـات کـە مردنـی تێـدا نییـە و دەیـەوێت بەزنـدوویی بیانهێڵێتـەوە. لـە کورتـە چـیرۆکدا کارەکتـەر جێگـەی بایـەخی خوێنـەرە چـونکە وێنـای تاکـە ئاسـاییەکان دەکـات و خوێنـەر بەشـداردەبێ لەگەڵی، لەو شتانەی کە بایـەخی پێـدەدەن لـە هیـواو غـەم و نهێنـی و شـتە شاراوەکانی ناخیاندا .

لە ژیانی رۆژانەماندا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك دەناسین بەهۆی تێکەڵاو بوونی ڕاستەو خۆمان لەگەڵیان، بەڵام لایەنە تایبەتییەکەی ژیانییان و هەست و سۆزە راسـتەقینەکانیان و ئـارەزوو خواسـتە شـاراوەکانیان و بـیرو بـاوەڕو

---

[1] – کۆچیرۆك، چەرخێکی کەش بایز تەمەنی هەروەك ئێستادەبێ، ل٥٨.

[2] –س.پ ، ل٥٩.

کەسـایەتییەکانیان بـە هـەموو ڕەهەنـدە دەروونـی و بـیری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە ئەمانە هەموو تاڕادەیەك زانیارییان لە سەریان کەمە. کـاری چیرۆکنووسـینی بـاش دەرگـای ئـەوەمان بـۆ دەخاتـە سـەر پشـت، کەلەوێوە سەیری شێوە و جۆری خەڵکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکـەین(١).

کارەکتەریش بەپێی بنیاتی تەقلیدی دەبێ ناوێکی هـەبێ و خـزم و کەسـی هەبێ، لەگەڵ پیشەیەك، و هەندێ جـار موڵـك و مـاڵ و سروشـتێکی تایبـەت بەخۆی، دەموچاوێکیش کەدەبێتـە هـۆی ڕەنگدانـەوەی سروشـتی کارەکتـەر یاخود ڕابردوویەك کە ئەمجۆرە سروشتەی لە سەردەموچـاوی دروسـتکردووە بە هۆی ئەو سروشتەی کارەکتەر هەیەتی وایلێدەکات بەڕێگەیەکی سـنووردار لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا هەڵسو کەوت بکات(٢).

ئاکـارو شـێوەی دروسـتبوونی دەموچـاوی و جەسـتەی، بەتایبـەتی ئاکـاری دەرەوەی مـرۆڤ لـە جـوانی و ناشـیرینی لەسـەر نـاخی کارەکتـەر ڕەنگدەداتەوە، ڕەنگە زۆر جاریش ئەم بۆچوونە ڕاست نەبێ و ئـەو بۆچـوونە بەلاسایی کردنەوەی ئەدەبیاتی میللەتانی دیکەوە هاتبێتە ناو ئەدەبی ئێمـە، کەچ شتێك .دەبێتە هۆی ئارامیی و نائارامیی دەروونی مرۆڤ، زۆر جار خۆمان هەست بەوە دەکەین کەکەسێك کەموکورتییـەکی جەسـتەیی هـەبێت تووشـی جۆرە لادانێکی کۆمەڵایەتی دەبێت و دەرونێکی شپرزەی دەبێت .

کارەکتـەریش بـەگوێرەی دواکـەوتن و پێشـکەوتنی کۆمـەڵ گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە؛ لـە دەسـت جەوروسـتەمی ڕژێـم لـە پاڵـەوانی نـاو ئەفسانەکانەوە کە توانای دابینکردنی هەمووشتیان هەبووە ئیـدی قارەمـانی ناو داستانی دڵداری و قارەمـانێتی، بـەرەو پاڵـەوانی درۆزن و فێڵبـازی وەکـو بەکر مەرگەوەڕ، تا دەگاتە کارەکتەری خاوەن هەست و ویژدانی مرۆڤایەتی و خێرخـواز. ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە بەسـەر کۆمـەڵگادا هـاتووە بەسـەر

---

١ – بنية الشكل الروائي ، حسن البحراوى، ل ٢٢٦ .

٢ – س، پ، ل٢٢٦ .

کارەکتەریشـدا هـاتووە، تەنانـەت ناوەکـەش گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، کەسەرەتا ناوی (قارەمان)ی بۆ دانراوبوو کە هـەر لـە (بطـل)ی عەرەبییـەوە وەرگیرابوو رەنگە پڕ بەپێستی خۆی نەبێ، چونکە (بطـل) بـەمانای ئـەوەی ئەو هەموو ڕۆڵەی کە هەیەتی لە ئازایەتی و جوامێری و بەخشندەیی وەفریاد رەسی بێ، نـەك دەروون نـزم و ترسـنۆك و پابەندنـەبوونی بـە نـەریتی بـاڵا. ئەمجۆرە کارەکتەرە لـە چـیرۆکی فەرەنسـی و ئینگلیـزی بۆتـە بـاو، لـەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەمجۆرە کارەکتەرە بوون بە رەمز بۆ ئەوەی لە جیهانی نوێدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن [1]. دواتر ناوی (شاکەس)مان بەرچاو کەوتووە ئیدی کارەکتەر ئاوێنەیەکە، کە بە هۆیەوە دەروونـی مرۆڤـە بـاش و خراپەکان تیایـدا رەنگدەدەنـەوە بـۆ ئـەوەی لـە گێڕانەوەکەیـدا سـەرکەوتوو بێت. پشت بە جـۆری وەسـفکردنی کارەکتەردەبەسـتێ، هەنـدێك گێـڕەرەوە حەزدەکــەن وەســفی کارەکتــەرو رواڵەتەکــەی و جووڵانــەوەی بکــەن، هەندێکیشیان ماوە بە کارەکتەر دەدەن کە خۆی گوزارشت لـە خـۆی بکـات، ڕەخنـەی نـوێش هـانی ئەمـەی دوایـی دەدات، بەمـەش چـیرۆك رێگـە بـە پەیڕەوکردنی دووڕێگەی جیاواز دەدات :

((١- رێگــەی راســتەوخۆ یــان شــیکردنەوەیی : لەمــەدا پشــت بەوەســفی دەرەکیی کارەکتەر دەبەسترێ و گرنگیی کارەکتەر لەوەدا بەدیار دەکەوێت، دانەرەکەش حوکمێکی زۆری بەسەردا دەسەپێنێ، ئەم رێگایە پێویستی بەوە نییە، کە خوێنەر بیدۆزێتەوە، چونکە بە ئامادە کراوی پێشکەشدەکرێ .

٢- رێگەی ناراستەوخۆ یان نواندن : ئەم رێگایە پەیوەندیی راستەوخۆی بـە دایەلۆگەوە هەیە و دانەر پەنای بۆ دەبات، چونکە لەیادگاری و لێوردبوونەوە و خەون پەردە لەسەر کارەکتەر لادەدات، لەمەیاندا دانەر ماوە بۆ کارەکتـەر بەجێدەێڵێ تاکو خۆی بدۆزێتەوە))[2].

[1]- معجم مصطلحات العربية في اللغة والادب، مجدي وهبة وكامل المهندس، مكتبة لبنان، ط٢،١٩٨٤ ص٧٨.

[2] - قضايا النقد العربي الحديث، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٠م، ص ٨٣-٨٤

ئـەوەی لـە چـیرۆکەکانی چیرۆکنووسـدا تێبـینی دەکرێـت ئەوەیـە، کـە کارەکتــەر بەگشــتی باسـکراوە بـەزۆری خــەڵکێکی سـادەو نەخوێنـدەوارو سـتەملێکراو و چەوسـاوەی دەسـتی نـەریت و خـووی خـراپ و دواکـەوتووی ناوکۆمەڵن وملکەچی شتە خورافی و نەریتـە باوەکـانن، ئیـدی هـەر چـیرۆکە و بـەکات وسـەردەمی خـۆی. لـە هەنـدێ لـە چـیرۆکەکاندا کارەکتـەری خـاوەن رەهەندی سایکۆلۆژی بەرجەستە کردووە بـۆ پـەردە لادان لەسـەر نـاوەرۆکی نەست و حەزی چەپێنراوو ئازاری دەروون  کە تووشی خـەوزڕانیان کـردووە، هەندێك لە کارەکتەرەکان سروشتێکی یۆتۆبی و چەواشەکراوو نەخۆشـن، کـە هـەر پەرشـوبڵاون و گـردو گۆنـابن. هەنـدێکیان خـاوەنی نـاخێکی ئـاڵۆزن، دەروونیـان بـەدوودڵی و شـپرزەیی ئاوسـاوە. بـە هـۆی پاڵنـەرو هۆکـارە دەروونییەکانــەوە کــە شــتێکی ئاســاییە کاریگــەری لەســەر هەڵســوکەوتی رۆژانەیان بەدیار دەکەوێ و لەژێر باری دژیەکی دەروونیان دەناڵێنن .

لەم نموونانەدا گێڕەرەوە بـەوردی باسـی کارەکتـەرەکانی دەکـات، لـە دوو چیرۆکدا (دەسـتی ئۆخـەی ل٣٥،ناسـنامەو قۆچـانی رەش ل٤٨)  باسـی (ورگ زلە چاو دەرپۆقیوەکە)[1] دەکات وەسـفێکی کـورت و نزیـك و واقیعـی، رەنگــە لەبــەر هــەڵس و کــەوتی خــراپ و دڵڕەقیــی بەرامبــەر بەخــەڵك و گوندنشینەکان ئەوناوەی بەسەردا بڕابـێ، یـان بەڕاسـتی وابـووە و ورگـی زل بووە، کە ئەمە رەمزی مشەخۆری و خۆبەڕێوەبردن بووبێ لەسەر تیکـە نـانی هەژاران، لەوەسفێکی دیکە بۆ منداڵانی دێ (سـك پـەنماو)[2]. لەمەیانـدا سـك پەنمانەکـە لـە تێرییــەوە نییـە وەك وەسـفەکەی پێشـوو، ئەمــەیان لەبــەر نەخۆشـییە، واتـە منـداڵی دێیـەکانی کوردسـتان، هـەروەك لـە پێشـتر باسـی کـردووە، بـێ جلوبـەرگی ژێـرەوەو پـێ خـاوس ولـەجیاتی بووکەشووشــەو پایسکل، یاری بەوردەبەرد وپارچە شووشەو قەوانی ژەنگاوی دەکـەن و سـك پەنمانەکەیان  ئیشارەتە بۆ نەخۆشی منداڵکان.

---

[1] – کۆ چیرۆك، ل ٣٥ .

[2] – س.پ، لەڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا، ل١٠٣ .

له وه‌سـفی کاره‌کتـه‌ری چـیرۆکی (نێچـیر) کـه له‌هـه‌موو کاره‌کتـه‌ره‌کان ئه‌کتیف تره‌و به‌ده‌ستی خۆی نه‌خشه‌ی، بۆ ده‌رباز بوون له‌ده‌ست بـاوك و زڕ دایك و پیاوێکی پیر کێشاوه، که به زۆر لێی ماره کراوه، ئه‌گه‌ر چی هـه‌ڵاتنی هه‌ڵبـژاردووه وه‌ك رێگـه چـاره‌یه‌ك، بـه‌ڵام گـرنگ ئه‌وه‌یـه تاکـه کاره‌کتـه‌ره‌و کچیشه که‌له‌وکات و زه‌مانه‌دا کۆت و پێوه‌نده باوه‌کانی ناو کۆمه‌ڵ به‌هـه‌ڵاتن ڕه‌تبکاته‌وه، ئیدی گێڕه‌ره‌وه به‌وردی و له وه‌سفێکی درێـژدا باسـی شـێوه‌ی ده‌ره‌وه‌ی ده‌کات : ((ده‌ست و پێی له‌خه‌نه‌دا بوو، دووچاوی ئاسـکانی پێـوه بوو لووتێکی باریـك و وردیلـه‌ی هـه‌بووه کـه به‌ئه‌سـپایی کشـابووه خـواره‌وه نیشـانه‌ی مانـدووبوون و غـه‌مباریت بـه‌دی ده‌کـرد له‌ره‌نگـه هه‌ڵبزڕکاوه‌کـه‌ی زوڵف و ئه‌گریجه خه‌ناوێکه‌ی به‌په‌شێوی بـڵاو بـووه‌وه سـه‌رگۆنای مه‌ڕمـه‌رین که‌ئه‌وه‌نده‌ی تر قه‌شه‌نگتری کردبوو. دوو لێوی شه‌رابیش دوور له ده‌سکردی پێوه بوو))[1].

له‌م وه‌سـفه‌دا کـه بـه رواڵـه‌تی ده‌ره‌کـی کاره‌کتـه‌ر بـه‌دیار ده‌کـه‌وێ کـه گێڕه‌ره‌وه چاوی له‌سه‌ر هه‌ڵنه‌گرتووه‌و به‌وردی وه‌ك ئه‌وه‌ی له ژێر زه‌ڕه‌بـینی دانابێ، په‌رده له‌سـه‌ر جـوانی و رێکوپێکیی ئـه‌و کچـه هه‌ڵده‌داتـه‌وه وێنـه‌ی (چاوی – لوتی – ره‌نگی – زولفی – گۆنای – لێوی) کێشاوه، له‌م وه‌سفه‌دا به‌وردی و له‌دوای یه‌ك له‌به‌شێکه‌وه بۆ به‌شێکی دیکه ده‌چێت، تا له کۆتاییدا وێنه‌یه‌کی ده‌ستنیشانکراومان بـداتێ له‌سـه‌ر کاره‌کتـه‌ر، ئه‌مـه رێگایه‌کـه بـۆ خستنه رووی بابه‌تی وه‌سفی به‌یارمـه‌تی پارچـه پارچـه‌کردنی لـه‌دوای یـه‌ك. گێڕه‌ره‌وه گێڕانه‌وه‌ی چیرۆکه‌که ده‌وه‌ستینێ، تا ئه‌م کاره‌کتـه‌ره پێشـکه‌ش به‌شـانۆی رووداو بکـات، به‌مـه‌ش جڵـه‌وی کـات شـل ده‌کـات یـاخود خـاوی ده‌کاته‌وه وکاتی چیرۆك له جووڵه ده‌وه‌سـتێنێ، چـونکه وه‌سـفه‌که رووداوی تێدا نییه، رۆڵی کاره‌کته‌ری ژن جگه له چـیرۆکی (نێچـیر) لـه چـیرۆکه‌کانی (دۆزه‌خ، دیارییه‌کی په‌سه‌ند نه‌کراو، ئه‌ی چی بکـه‌م، بـۆ شـایی) له‌به‌رامبـه‌ر

[1] – س.پ، ل ١٠،١١ .

یاسا باوو سەپاوەکانی ناو کۆمەڵگە، کۆت و پێوەندیان لەدەستکراوە توانای دەربازبوونیان نییە گێڕەرەوەش هەربەوە ناوەستێ کە ئەدگاری دەرەوەیان وێنە بکێشێ، بەڵکو دەچێتە ناو ناخیانەوە .

گێڕەرەوە لەخەم و ئاوات و خەون و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان ئاگادارمان دەکاتەوەو پەردە لەسەر ناخیان هەڵدەداتەوەو هەست بە پشێویی دەروونیان دەکات، وەك لە چیرۆکی (ئەی چی بکەم) لە مەنەلۆگێکی راستەوخۆدا کە لەگەڵ کەسی دووەمی تاك دەدوێ کە هەر خۆیەتی : ((چی دەکەی ؟ تۆ لەو کاتەوە بەکر مەرگەوەڕ دونیای زینی شێلوکرد نازانی چی بکەی، لەوکاتەوە کە راوکەرەکە شاعەباسی حەوانەوەوشاردەوە نازانی چی بکەی ... لەو رۆژەوە کە قاسیدەکەی (دمدم) خەوی پیاکەوت و نامەکەی باخەڵیان دەرهێناو یەکیان بەحەوت کردو ئاگای نەبوو، نازانی چی بکەی.. تۆ لەوکاتەوە سوارەی ئیمارەتێك بەوەوە خۆی هەڵدەکێشا کە ئابلۆقەی ئیمارەتێکی کەی داوە نازانی چی بکەی ... کاتێ (نالی)یان تۆران و باپیرەکانت شاباشی هەنگوینی ژاراوی شاکانیان کرد ئیتر نازانی چی بکەی ... لەودەمەوە گالێسکە لێخوڕەکانی (نارامسین) شەو تا بەیانی ئارەزووی خۆیانیان بەئافرەتە قەیرەکان دامرکاندەوە نازانی چی بکەی...لەو کاتەوە دەم چەرموو و کەوا شۆڕەکان هەرلەخۆیانەوە دیارییان لە هەژاران کۆ دەکردەوە بۆ سوڵتانەکانی(باب العالی)یان دەنارد نازانی ونازانی چی بکەی))[1]. بەم جۆرە دەبینی کارەکتەر نەك هەر بۆ دووبەش بەشبووە، بەڵکو وەك شووشەی شکاو پەرشوبڵاوەوە خۆی بۆ کۆ ناکرێتەوە، وەك شتێکی ئەزەلیش چەندین خەمی مێژووی گەلەکەی لەناخیدا پەنگی خواردوەتەوە .

مرۆڤ بەگشتی، کارەکتەری کورد بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستادا هەریەك بەدوای خودی راستەقینەی خۆیدا دەگەڕێت، شپرزەو بێ ئارام و دوو

---

١ – کۆچیرۆك، ئەی چی بکەم، ل١٦١ – ١٦٢

دڵـە. جگـە لـە کارەکتــەری (مــرۆڤ) شــتی دیکــەش لەچــیرۆکەکان رۆڵــی کارەکتەریان دیتووە وەك دار و ئەسپ وشار .

لە چـیرۆکی دارەکـەی بەرماڵمانـدا، دارەکـە ئامـادەبوونێکی بەرچـاوی هەیە لە چیرۆکەکە و دەقەکەی پێدەناسرێتەوە. هەر لـەو کاتـەی نـەمام بـوو سوودی هـەبووە بـۆ سـێبەرکردن : ((دێتـە بـیرم دارەکـە دەشـیا بـۆ ئـەوەی تیشکی هاوین لە چەند کەسێك گل بداتەوە))[1]، جگە لەوەی شـاییی خـەڵکی گوند لەژێردارەکە ئامادە دەکرا، شەقارەکانی لەکورسی خۆشتر بوو بۆ منداڵ جۆلانەی لەسەر هەڵدەخرا، لاشەی مەڕو بزن بەیەکێ لـە لقەکانیـەوە دەکـرا. دار وەك رەمزێـك بـەکارهاتووەو مـان و نـەمان و ژیانـەوەی میللـەتی کـورد دەنوێنێ.

---

[1] – س.پ، دارەکەی بەرماڵمان ،ل٢٢ .

# بەشی چوارەم

## تەوەری یەکەم : دایەلۆگ

١- دایەلۆگ

ڕێگەیەکی سروشتی و ئاسایی گفتوگۆکردنە، بەبێ هەبوونی دوو کەس یان زیاتر ئەنجام نادرێ، نووسەران بۆئەوە پەنا دەبەنە بەر دایەلۆگ، تاکو هەست وسروشتی کارەکتەرەکان لەم ڕێگەیەوە بگوێزنەوە .

دایەلۆگ بەهەڵوێستی کارەکتەرەکانەوە بەندە، چونکە کاردانەوە جیاوازەکانی کارەکتەر دەنوێنێ .

لەگەڵ خولقاندنی مرۆڤ دایەلۆگیش دروستبووە. لەبەر ئەوەی چیرۆك ڕەنگدانەوەی واقیعە؛ بۆیە ئەم تەکنیکە لە ژیانەوە گوێزراوەتەوە بۆ ناو چیرۆك و بووە بە هونەرێکی گرنگ لە کورتە چیرۆکدا و لەڕێگەی دایەلۆگەوە بیر وهۆشی کارەکتەر وبینینە جیاوازەکانی دەخرێنەڕوو .

دایەلۆگ ڕێگەیەکی گرنگە کە چیرۆکنووس پشتی پێدەبەستێ بۆ جووڵاندن و ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکان و بەڕێگەیەکی گونجاو دادەنرێ بۆ ئەوەی وەسف و هەواڵ وشیکردنەوەی پێویست بەدیمەن ببەخشێ، بۆیە بەگرنگترین سەرچاوەی خۆشی بەخشین وزیندوویەتی دادەنرێ بۆ چیرۆك[1] ئەگەر چی لەدایەلۆگدا (کارەکتەرەکان لەسەر بابەتێك گفتوگۆ دەکەن))[2] بەڵام دایەلۆگ تەنیا گفتوگۆکردن نییە، بەڵکو، وەك : ((مەیدانی عەقڵ و شوێنی داهێنانەکانییەتی، سەرکەوتنیشی مانای بەدیارخستنی دەسکەوتەکانییەتی))[3] کەواتا دایەلۆگ تەنیا گفتوگۆی تێدا ئەنجام نادرێت،

---

[1] – بناء الرواية، د. عبدالفتاح عثمان، ص٢٧٣ .

[2] – معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، مجدي وهبة وكامل المهندس، مكتبة لبنان، ط/٢، لبنان، ١٩٨٤، ص٣٤٠ .

[3] – في دلالية القصة وشعرية السرد، سامي سويدان، دار الاداب، بيروت، ١٩٩٠، ص٣٦٠.

بەڵکو شوێنی خستنە ڕووی جەوهەری عەقڵە، گەر قووڵ و بەئەزموون و بەتوانابێت لەدەربڕین وهەڵوێستەکان ئەوا دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی ئەنجامی باش. ئیدی یان لەشێوەی پرسیارکردنە وەڵامی دەوێت، یاخود وەڵامی ناوێ و بەنیشانەی سەر سوڕمان کۆتایی دێت، هەندێ لە وەڵام و دەربڕینەکان قسەی راست و بەڵگەدارن، بەڵام هەندێ جاریش دوورن لەڕاستی، لەهەردوو جۆرەکە شدا دەروونی راستەقینەی کارەکتەر دەخرێتەڕوو کەئەمەش ئەرکی سەرەکیی دایەلۆگە .

لەگێڕانەوەدا، دایەلۆگ، تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بایەخێکی گرنگ بەدەستدێنێ بەهۆی ئەو ((ئەرکە دراميیەوە ئەو توانایەی کەهەیەتی لەشکاندنی وشك وبرینگیی قسەکردن بەجێناوی نادیار کەماوەیەکی باش دەستی بەسەر شێوازی نوسیندا گرتبوو))[1] . قسەکردن لەڕێی دایەلۆگەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لە دڵ و دەروونی خوێنەر نزیك ببێتەوە و زیاتر سەرنجی رابکێشێ، رێگەش لەبەردەم گێڕەرەوە ئاسانتر دەبێت، بۆ ئەوەی کارەکتەرەکان بەخوێنەر بناسێنێ، بۆیە دەکرێ دایەلۆگ وا دابنرێ کە ((پێوەرێکی دەروونیی وردە، توانای پۆلێنکردنی دەروونی کارەکتەرەکانی هەیە، بەبلیمەتی و راستگۆیانە، جگە لە وێناکردنی کارەکتەرەکان وپەرەپێدانی رووداو))[2]. دایەلۆگ شوێنێکە کارەکتەرەکانی لێوە بەدیاردەکەوێت بۆ لەیەکتری گەیشتن وقسەگۆڕینەوە، وادەبێ قسەی یەکتر پەسەند دەکەن وهەندێ جاریش نایکەن ،خوێنەریش تێیان دەگات.

دایەلۆگ (( هاوشانی گێڕانەوە، ئامرازی هاوتەریبی چیرۆکنووسە بۆ باسکردنی جیهانی تایبەتی چیرۆك و بۆ بەدیارخستنی تایبەتمەندیی کارەکتەرەکانی))،[3] بەڵام تەنیا ئەرکی بەدیارخستنی رواڵەتە دەرەکییەکانی کارەکتەر نییە، بەڵکو لەهەموو بوارێکی ژیاندا، دەستنیشانی

---

[1] – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوى، ص ١٦٦.

[2] – الاتجاه الواقعي في الرواية العراقية، عمر الطالب، دار العودة، بيروت، ١٩٧١، ص ٥٧ .

[3] – البنى السردية (نقد القصة القصيرة )، عبدالله رضوان، دار الكندي، الاردن، ٢٠٠٢، ص٧٤ .

ناخی کارەکتەر دەکات، چونکە خوێنەر هەمووشتزانیی دەربارەی دەروونی کارەکتەر نییە، ئەوە ئەرکی گێڕەرەوەیە کە لەرێی دایەلۆگەوە بۆ خوێنەری ڕووندەکاتەوە، بۆیە دایەلۆگ بوو بە ((گیانی چیرۆك و بزووێنەری جیهانی ڕووداو، بزواندنێکی جۆریی، بەم تەکنیکە گێڕانەوەکە گیانێکی دیکەی دێتە بەر بەهۆی ئەو دینامیکیە و جوانییە لەگەشە کردنی جولاندنی گێڕەرەوە بەدەست دێنێ))[1].

ئەو گیان و جووڵەیەش، واتە بەکارهێنانی جۆری وشەو شێوازەکان، پێویستە بەرنامە رێژبێت و رەمەکیانە نەبێت؛ پێویستە وشەکان بەگوێرەی دەقەکەبن و کەم و کورتییان تێدا نەبێت و لەئاستی کارەکتەردا بن، بەپێی پێویستیی چیرۆك ڕەچاوی کورتی و درێژیی دایەلۆگ بکرێت، چونکە دایەلۆگ ((وەك وەسف دەیەوێ ئەو زەمەنە تەقلیدییەی گێڕانەوە لەسەری دەڕوات نەهێڵێ، بەڵکو ئیش لەسەر خاوکردنەوەی ماوە دەکات))[2] پێویستە دایەلۆگ پوخت وهەڵبژێرراو و ئاسان بێت و دەبێ هەڵقولاوی ناو چیرۆك و پێوەی پەیوەستبێ و دانەبڕوا بێت، ئەگینا بەلای خوێنەرەوە نامۆ و لەناکاو دەبێ، بەتایبەتی لەرووی قسە پێکردن و هەڵوێستی کارەکتەرەکان دەبێ گونجاو بێت، چونکە دایەلۆگ هونەرێکی گرنگە لە چیرۆکدا، رۆشنبیریی چیرۆکنووس نیشان دەدات .

چیرۆکنووسی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەهەندێ لە چیرۆکەکانی، لەگێڕانەوەی تەقلیدی لایداوە و خوێنەری بردۆتە ناو جەرگەی ڕووداو، لەرێی ئەو دایەلۆگانەی کە دەبێ شوێنی گێڕانەوەی تەقلیدی بگرێتەوە، لەهەندێ چیرۆکیشدا دایەلۆگەکان شێوازی گێڕانەوەی بەسەردا زاڵە، هەر لەیەکەم چیرۆکیدا بەناوی(نێچیر)، دایەلۆگی ناڕاستەوخۆی بەکار هێناوە.

---

[1] – جماليات التشكيل الروائي، د. محمد صابر عبيد، د. سوسن هادي جعفر البياتي، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، ٢٠٠٨ ص ٢٨٦ .

[2] – س.پ، ل٢٨٨.

وێنەی واقیع بەهۆی دایەلۆگ راستتر دێتە بەرچاوو بۆ بردنە پێشەوەی رووداوەکانیش باشترە، چونکە لەرێی دایەلۆگەوە سەربەستی بەکارەکتەرەکانی دەدات، ئەگەرچی دوورو نزیک، بە روونکردنەوەو سەرنجەکانی لەگەڵیاندا بەشدارە. بەهۆی دایەلۆگەوە پەیوەندیی نێوان خوێنەر و کارەکتەر بەهێزتر دەبێت و تووشی بێزاری ناکات. دایەلۆگەکانی بەزۆری گوزارشت لە چینەکانی ناو کۆمەڵ دەکەن، کەتێیدا دایەلۆگی واقیعی وەك ئەوەی لەژیانی رۆژانەماندا روودەدات، جگە لە دایەلۆگی رامیاری کە بەزۆری لەرێگەی هێماوە دەربڕاون و لەدایەلۆگی دەرەکی کە لەراستەوخۆ وناراستەوخۆ پێکهاتووە. لەچیرۆکەکانی سەرەتای چیرۆکنووسینیدا کەلەساڵی ١٩٦٨ دا بڵاویکردۆتەوە، مەنەلۆگ و خۆدواندن وبەدواداهاتنەوەی ئازاد وفلاشباکی بەکار هێناوە.

دایەلۆگ لەلای چیرۆکنووس، لەگەڵ دەقەکاندا نامۆ وناڕێك نین، بەڵکو دەقەکان لەگەڵ کرۆك و بنیاتی چیرۆکەکاندا تێکەڵبووە ؛ لەگەڵ سروشتی کارەکتەرەکان سەری هەڵداوەو لەگەڵ واقیعی دەروونیان رێککەوتووە، لە کاتی پێویست گوێ لەیەکتر دەگرن و قسەی یەکتر وەردەگرن و ڕەتدەکەنەوە لێرەدا چیرۆکنووس، وەك دەرهێنەرێکی لێهاتووە، دایەلۆگەکان لەرێی کارەکتەرەوە لەسەر شانۆی ژیان پێشکەش دەکات، لەرێی دەربڕینی جۆراو جۆرەوە، کە هەندێکیان روونکردنەوەی هەڵوێستێکە، یان وێنا کردنی جووڵەیەکی شیاو یان نەشیاو، یان ڕەنگدانەوەیەکی دەروونییە لەچوار چێوەی دایەلۆگدا بنیاتنراون .

زاهیر رۆژبەیانی بەمجۆرە لە دایەلۆگی چیرۆکنووس دەدوێ :((ئەحمەد لەچیرۆکدا زۆرتر پشت بەگێڕانەوە دەبەستێت تا دایەلۆگ و مەنەلۆگ ئەو رێژە کەمەش بەزۆری بۆ روونکردنەوەو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیە نەك بۆ روونکردنەوەی باری دەروونی کەسەکان یادەرخستنی هەڵوێستە فەلسەفییەکان))،[1] بەڵام لەچیرۆکەکانی دواییدا ئەمەی کردووە، چونکە ئەو

١ – چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل١٧١.

چیرۆکانەی رەخنەگر باسیکردوون، بەرهەمی سالّی شەست و حەفتاکانن، بەلاّم لەچیرۆکەکانی(هاوار، فڕینەکان و ئاوێنە، دانپیانانی نامەردێك، شایەتیی بەردێك، قۆمقمۆقەو، ئەی چی بکەم ...هتد) بەتەواوی پەردەی لەسەر ناخی کارەکتەر هەڵداوەتەوە ولایەنە دەروونییەکەی ئاشکرا کردووە، هەر چیرۆکێکی نوێتری نووسیبێ گۆڕانکاری وپێشکەوتنێکی تێدا بووە.

**ئەرکی دایەلۆگ :**

شارەزایان چەند ئەرکێکیان بۆ دایەلۆگ دەستنیشان کردووە :

١- گواستنەوەی جووڵەی رووداو لە خالێکەوە بۆ خالێکی دیکەی ناو دەق[1].

٢- بۆ دەربڕین لە (بیرۆکە) بەقسەی ئالوگۆڕپێکراو لەنێوان کارەکتەرەکاندا، کەیەك شوێنکات کۆیان دەکاتەوە. دایەلۆگ هەر بەمە ناوەستێ، بەلکو بیرۆکەکە قوولّ دەکاتەوە و بە قسەکردن لەسەر هەموو لایەکانیشی، بەگۆشەنیگای جیاواز، گفتۆکەران دەریدەبڕن و سوورن لەسەر رێکوپێکی زمان و لێهاتوویی شێوازو بەهێزیی بەلگەکانیان دەولەمەندی دەکات[2] .

٣- دایەلۆگ ئەو تەوەرەیە بیرۆکەی دەق و ناوەرۆکە قوولەکەی بۆ لای خۆی رادەکێشێ[3]. بەهۆی ئەو ئەرکانەوە دایەلۆگ بەرێکترین شێوە دەگەیەنرێتە وەرگر.

دایەلۆگ ئەم ئەرکەش دەبینێ:

هەمەجۆری وچالاکی بەچیرۆك دەبەخشێ و لەکەشی گێڕانەوە بەرەو کەشی رووبەروو بوونەوەی دەبات.

---

[1] – الحوار القصصي، تقنياته وعلاقاته السردية، فاتح عبد السلام ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،١٩٩٩، ص ٢٩ .

[2] – ملامح الادب الفلسفي في النثر، فائز طه عمر، مجلة اداب المستنصرية، ع/٣، ١٩٨٦، ص٢١٦.

[3] النهايات المفتوحة، دراسة نقدية في فن انطوان تشيكوف القصصي، شاكر النابلسي، المؤسسات العربية للدراسات والنشر، ط٢، بيروت ،١٩٨٥، ص ٥٥ .

ئەگەر دایەلۆگ ((ئاخاوتنێکی لە دەم دەرچوو بێت، بە وشەو ماناوە، ئەوا لەژیانی رۆژانەدا وەك شتێکی ئاسایی لە ئارادیە وەك نیشانەیەکی سەرەتایی بۆ لەیەکتر گەیشتن و بەردەوامبوون لەنێوان گفتوگۆکەران))[1].

دایەلۆگ تەکنیکێکی سەرپێی ولاوەکی نییە، بەڵکو گرنگی خۆی هەیە، چونکە ورووژاندن و جووڵە بەدەق دەبەخشێت، جگە لەوەی ئەگەر لەرێی دایەلۆگەوە پەیوەندی بکرێ ئاسانترە و بە هۆیەوە لەیەکتر گەیشتنیش دێتە دی. خوێنەری چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) تێبینی ئەوە دەکات کە دایەلۆگ ئامادە بوونێکی روون و ئاشکرای هەیەو گێرەرەوە تیایدا بەجوانی بەرجەستەی کردووە. زۆربەی چیرۆکەکانی دایەلۆگیان لەخۆگرتووە راستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ هەروەها چیرۆکنووس تەکنیکی دایەلۆگی وەك توخمێکی یارمەتیدەر بۆ توخمەکانی دیکە بەکار هێناوە، کەبنیاتی دەقیان لێ پێکدێ دایەلۆگیش دەکرێ بەدوو جۆرەوە :

١- دایەلۆگی راستەوخۆ

٢- دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ

**١- دایەلۆگی راستەوخۆ :**

گفتوگۆکردن و دواندنی دوو کەس یان زیاترە، کەڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر دەدوێن بەبێ ئەوەی گێرەرەوە خۆی تێکەڵ بەپرۆسەی گێڕانەوەکە بکات، بەڵکو کارەکتەرەکان خۆیان راستەوخۆ دەدوێن، هەرچەندە، دایەلۆك بەهەر شێوەیەك بێت، کاری گێرەرەوەیە ئەمەش هەر لەگەڵ زەمەنی رووداو دێتەدی، واتا کاتی ئێستای گێڕانەوەکە. ئەمجۆرە دایەلۆگە ((باوترین جۆری دایەلۆگە لەئەدەبی چیرۆکدا ؛چیرۆکنووس لەرێگەیەوە قسەی گفتوگۆکەران وەك خۆی دەگوێزێتەوە))[2]. دوور لە دەنگ ودەستێوەردانی گێرەرەوە، کە

---

[1] – جماليات التشكيل الروائي، أ .د محمد صابر عبيد، د. سوسن هادي جعفر البياتي، ص ٢٨٧ .

[2] – الحوار القصصي، فاتح عبد السلام، ص٤١.

لـەڕێی روونکردنـەوە وراڤـەکردن و پێناسـەکردنەوە دەبینرێنـەوە، ئـەمجۆرە دایەلۆگـە رۆڵێکـی بنچـینەیی دەبینێـت لەپەرەپێـدانی رووداودا، جگـە لــە وێناکردنی واقیع وەك خـۆی، بـەهۆی پـەردە لادان لەسـەر نـاخی کارەکتـەر. لەهەمان کاتدا یارمەتیدەریشە بۆ گێڕەرەوە، تاکو کارەکتەر خـۆی لـە خـۆی بدوێ وبەنۆرە هەر جارەی یـەکێکیان بـدوێن ئەویدیکـەش وەڵامـی دەداتـەوە ((کـاتی گێڕانـەوە = کـاتی چـیرۆك))[1] دەبـێ و بنچـینەی ئـەم هونـەرە لـە ((شـانۆ وەرگـیراوە کارەکتـەرەکان بەشـێوەیەکی روو بـەروو نواندنـەکانیان نیشـانی بینـەر دەدن، بـەڵام خسـتنە روو لەهونـەری چیرۆکنووسـین بـەوە دەناسـرێتەوە کـە گوتارێکـە گێـڕەرەوە قسـەی کارەکتـەرەکان بـەجێگیری دەهێڵێتەوە بەبێ ئەوەی خۆی تێکـەڵ بکـات، هەنـدێ جـاریش خسـتنەرووی پێدەوترێت))[2]. پیرسی لەبووك وای دەبینێ کە ((شانۆی جووڵـە و بیرەکـان بێـت وناویشــی دەنــێ : درامــای قســەکەر – الـدراما الناطقـة))[3]، چـونکە کارەکتەران خۆیان دەربڕی خودی خۆیانن لەرێگەی قسەکردن لەچوارچێوەی رووداوەکاندا.

هەرچەندە دایەلۆگی دایەلۆگی راستەوخۆ لەچـیرۆکەکانی ئـەم چیرۆکنووسـە زۆر کەمــە، بــەزۆری ئــەو دایەلۆگانــەی خراونەتــەروو پوختــەو پــاراو نــین لەدەستێوەردانی گێڕەرەوە لەوەسف و روونکردنەوەو پێناسەکردن .

لەچـیرۆکی (بۆشـایی)دا ئـەم چـیرۆکە بـەگوێرەی سـاڵی نووسـینەکەی (١٩٧٨)، دڕندەییی رژێمێش بەرامبەر گرتن و کوشتن و شـونبزرکردنی کـورد لە چڵەپۆپەی بوو. پیاوەکانی ئەم گوندەش وەك گێـرەرەوە باسـی دەکـات، هەر یەکـە بـەجۆرێك گرفتـاری دەسـتی رژێـم بوونـە، تەنانـەت ئـیش و کـاری پیاوەکانیش ژنان بەڕێوەیان دەبـەن. ئەمـەش گـەورەیی و مشـورگێڕیی ژنـی

---

[1] – س. پ، ل٤٢.

[2] – القراءة والتجربـة، سـعيد يقطـين، دار الثقافـة، مط/النجـاح الجديـدة، الـدار البيضـاء، ١٩٨٥ ص١٨٤

[3] – صنعة الرواية، بيرسي لوبوك، ص١٥٦.

کورد نیشاندەدا کە لەهیچ بارودۆخێکدا دەستەپاچە دانەنیشتووە، ئەگەرچی باری دەروونیان ناجێگێرە لەبەر ئەوەی باوك وبراومێردیان لەبەر باری رامیاری لەماڵەوە نین. هەرچەندە (حەسەن جاف) ئەم چیرۆکەی بەجۆرێکی دیکە راڤە کردووە و بەئاقارێکی دیکەیدا بردووە ودەڵێت :((چیرۆکی بۆشایی ...لەئافرەتی گوندنشینەوە دەدوێت ..لەوەدەچێت چاوەڕێی مێردەکەی بێت))[1] ئەگەر مەبەستەکەی ئەویشی تێدا بێت ئەوا شتێکی پاژەییە، کێشە سەرەکییەکە رەشبگیریی پیاوە لە لایەك لەوانەی کە لەو کاتە لەدەرەوە نەبوون و بەدەستی رژێم تووشی گرتن و کوشتن ببوون، ئەوانیدیش لەدەرەوەبوون وخەریکی شۆڕش و دابینکردنی ئازادی بوون. کەواتە کێشە سەرەکییەکە رامیارییە نەك شتی دیکە، هەر وەك زاهیر رۆژبەیانی روونیکردۆتەوەودەڵێ: ((ئەوەی لە دەقی چیرۆکەکەدا باسکراوە هەندێ زانیاری وئاماژەی کورت وپچڕە، خوێنەر ئەگەر بیانداتە دەم یەك دەتوانێ مەزەنەکیش لە راستی کارەساتەکە بدات و بەپێی هزر وبۆچوونی خۆی دروستی بکاتەوە))[2].

((– بەر لەئێستا نەمدیوی درەو بکەی ! !

– کە پیاوان لەماڵ نەبن دەبێ دەغڵەکانمان بەپێوە بوەرێن ؟!

– بیری کەس ناکەی ؟

– وەختە سوێم بێتەوە بۆ باوکم.))[3]

لەبەر ئەوەی چیرۆکنووس زاراوەکانی وتی، پرسی، ئەیوت، وەڵامیدایەوە، بەکارنەهێناوە، بەدایەلۆگێکی راستەوخۆ دادەنرێ.

لەچیرۆکی (ناسنامەو قۆچانی رەش)دا یەکسەر بەدایەلۆگێکی راستەوخۆ دەستی پێکردووە :–

((– نیازت چییە ؟

---

١ – چیرۆکی نوێی هونەری کوردی، حەسەن جاف، چ :عەلاو، بەغدا، ١٩٨٥، ل٥٠.

٢ –چیرۆکی هونەری کوردی ، زاهیر رۆژبەیانی،ل١٦٢.

٣– کۆچیرۆك ،ل٩٧ .

– دەبمە دڵۆپێ لەو لێشاوەی کە کنە ئەکا لەشکری زۆرداری بەنیازی راماڵین وتەفر وتوناکردنی ... دەبمە پشکۆ، گڕ بەر ئەدەم لەو پیوەی کە بەتیکەی من وتۆ دروست بووە وئەو تاریکاییەی ئێوە لەناویان رابماڵرێ.
– تێناگەم لێت .... ورێنە ئەکەی ؟
– راستەکەی هەموو وتەیەك لەگەڵ زاتی ئێوەدا نەگونجێ بە ورێنەی ئەژمێرن ... بەلاّم من ئەوەی دەیڵێم زاتیش ئەکەم بیسەڵمێنم .
– تەمەنی پەنجا ساڵیم کەڵکی دەربەدەری پێ نەهێشتووم، وەکو جاران سەپانێکە بکە وسەرمان سووك بکە .
– بۆ ئەوەی ژیانی لەمەولامان وەك ئەوەی پێشوو نەبێ بڕیارێکە داومە گەڕانەوەی نییە))[1].

لەدایەلۆگەکەدا قسەی گفتوگۆکەران وەك خۆی دەگوێزێتەوە، ئەم چیرۆکە بەدایەلۆگ دەستپێ دەکات تەنیا ئەم چیرۆکەش بە دایەلۆگ دەستی پێکردووە چیرۆکنووس توانیویەتی ساتەکاتێك وێنە بگرێت، کە ترس لە دەسەلاّت هەموو کەلەبەرێکی داگرتبوو کەچی کارەکتەر هەلۆیستی لە پڕو لەناکاوی خۆی بەدیار خست، لەوکاتانەی هیچ مرۆڤێك لەژیانی خۆی دڵنیانەبوو،کەچی لەم دایەلۆگەدا خۆمان لەناو جەرگەی رووداو دەبینینەوە بەبێ هیچ یارمەتیدان و خۆتێکەڵکردن و راڤەکردنێك، دایەلۆگەکە راستەوخۆ هاتووە رۆڵی کارەکتەری خستۆتەڕوو بۆئەوەی خەڵك بزانێ کە وشەی (نەء) هەیە بەرامبەر بەرژێم و هەستی یاخیبوون ونەسەلماندنی زوڵم وزۆرداری، پەپکەی لەناخی گشت کوردێکی خاوەن هەلۆیست بەستبوو، ئەمەش نیشاندانی ناخی چیرۆکنووسەکەیە، کە ئاواتی هەرە گەورەی خۆیەتی لەوەی کەسێك هەبێ بەرژێمی بەعس بلێ (نەء) کاتێ لەدایەلۆگەکەدا دەڵێ: دەبمە دڵۆپێ لەو لێشاوەی کەکنە ئەکا لەشکری زۆرداری بەنیازی راماڵین وتەفر وتونا کردنی .... دەبمە پشکۆ، گڕ بەر ئەدەم لەو پیوەی، کە بە تیکەی من

---

[1] – کۆچیرۆك ،ل ٤٨.

و تۆ دروستبووەو ئەو تاریکاییـەی ئێـوە لـەناویان، رابمـالْریّ، ئەمـە وەلاّمـی کارەکتـەرە بـۆ گێڕەرەوەیـە کـە خـۆی یەکێکـە لەکارەکتـەرەکانی. هـەموو قسەکانی دەلالەتی یاخیبوون وشۆڕشکردنە لەدژی تاریکی ودیزە بەدەرخۆنە کردنی مەسەلەی کورد، ئەم وەلاّمە کارەکتـەری سـەرەکی سەرسـام کـردووە بگـرە ئـەم قسانەشـی لـەم کـات و سـەردەمەدا لـەلا وڕێنەکردنـە. دیمـەنێکی زیندوو واقیعیە و زمانەکەش لەئاستی کارەکتەرەکانە لەڕێی جێنـاوی کەسـی دووەمـی تاکـەوە ئەنجامدراوە،رەنگدانـەوەی واقیعـی ژیـانی کۆمەلاّیـەتی وسیاسییە، کەنابیّ مرۆڤ دەستەئەژنۆ بەرامبـەر کێشـەکانی ژیـان دابنێشـیّ، بەلّکو دەبیّ بەبیّ وچان لەخەباتکردندابێت بۆ گۆڕینیّ رژێمی خراپ بۆ باشـتر کەئەمەش بەبنیاتێکی واقیعی دادەنریّ .

لەچـیرۆکی (تەماشـاکان) دایـەلۆگێکی کـورت هەیـە، تیایـدا دوو کارەکتەر گفتوگۆ دەکـەن، گفتوگۆیەکـە کاردانـەوەی رووداوە واقیعییەکانـە، بەتایبەتی سیاسی، کەنەیهێشتووە مرۆڤی کورد دلّئارام و بێخەم بـیّ. یـەکێك لـە کارەکتـەرەکان چایچـیە و ئـەویتر فەرمانبەرێکـە کردوویـەتی بەپیشـە هەموو رۆژێك سەر لەچایخانە دەدا، بۆ ئەوەی خـەمی خـۆی و مـالّ و منـدالّی تـاویّ بڕەوێتـەوە، بـەلاّم کـاتیّ هەنـدیّ چـەکدار لـە ئۆتۆمبیلێـك لەبـەردەم چایخانەدا دادەبەزن و تەماشای دەکەن، ئیتر کاکە سالّح دەکەوێتـە بـارێکی دەروونیی شلّەژاوەوە، کـە پێشـتر داوای ئـاوی کردبوو لەچایچییەکە، بـەلاّم لەترسان ئەمەی بیر دەچێتەوە :

(( (– کاکە سالّحی هۆمەر بۆ واداچلّەکای ؟!)

(– وامزانی بەرازی )

(– چۆن ؟ چیت وت ؟)

(– هیچ ... ناخۆمەوە ... ئازەحمەت نەبیّ...))[1]

---

[1] – کۆچیرۆك ،ل ١٧٦ .

ئەگەرچی لەرووی خاڵبەندییەوە دایەلۆگ بەم شێوەیە ناخرێتە ناو کەوانەوە تەنیا لەم دایەلۆگەشدا چیرۆکنووس ئەمەی کردووە. هەردوو کارکتەر خۆیان دەربڕی خۆیانن ئەگەر چی بزوێنەری راستەقینە گێڕەرەوەیە، بەڵام دایەلۆگی راستەوخۆ ئەم بزواندنە دەشارێتەوە ئەم دایەلۆگە بایەخی بە قسەی کارەکتەرەکان داوە، کە مەبەستکراون بەرووداوەکەو خستنەرووەکەشی کاردانەوەی سیاسەتی چەوتی بەعسە ،کەخەڵك تۆقیوو شڵەژاو بوون و دەروونی کاکەساڵحی هۆمەر بەئاشکرا خراوەتە روو کەچۆن چایچییەکە ئاوی بۆ هێناوە کەپێشتر خۆی داوای کردبوو، بەڵام کە ئاوەکەی بۆ دێنێ وادەزانێ بەرازە ودوایش دەڵێ ناخۆمەوە .. هەر زوو پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێ : (ئازەحمەت نەبێ) ئاوەکە وەردەگرێ وەك کامیرایەك دەستی لەرزیوو، تەپەی دڵی و ئاوی نیوە لەدەسترژاو دێتە بەر چاوی وەرگر، کەچۆن مۆتەکەی ترس و تۆقاندنی رژێم لەسەر یەکە بەیەکەی کوردی هەژار رەنگی دا بووەوە لەو رۆژانەی فەرمانی پشکنین وقەدەغە کردنی جوولەی شار دەردەکرا، خەڵکەکە لەشیان دادەهێزراو هەنگاوەکانیان سست و ئەژنۆیان دەچەماوە هەروەك وێنەی کاکە ساڵح ،کەچۆن شڵەژا ودوایی لەگەڕانەوەشی بۆ ماڵ، کەبڕیاری دابوو شەوێکی خۆش بەسەر بەرێ، بەڵام بەبیانووی نەخۆشی نانیشی نەخوارد و زوو چووە سەربان. لەم دایەلۆگەدا جێناوی (م،ت) بەنۆرە بەکار هاتوون بۆ ئەو مەبەستە نییە، کە کارەکتەرەکان لەرێیانەوە خودی خۆیان بەدیار بخەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە، کە بەخوێنەر رابگەیەنن دایەلۆگ لەنێوانی دوو کارەکتەر بەردەوامەو گێڕانەوەکەش خراوەتە چوارچێوەی خستنەڕووەکەوە، کەدایەلۆگێکی سادە و بێ گرێ و راستەوخۆیە.

چیرۆکنووس لە هەندێ دایەلۆگدا دەستنیشانی تەمەن وپیشەی کارەکتەرەکانی نەکردووەو خوێنەر نازانی کێ ئەم قسانە دەکات :

وەك لەچیرۆکی (ئەسپ)دا دیارە :

((– جارێکی تر نایبینینەوە

– ئەسپ بوو بەشەرت
– ئەگەر ئێمە خاوەنی نەبووینایە
– ئاگرێ بوو بۆ خۆی
– دەستمان بۆ دەممان نابرێ
– باوکم لەسەری گلاو مرد .
– خالۆیەکی منیش .
– جوانە مەرگەکەی برام بۆ نالێی؟
– کەچی هەر خۆشتان دەوێ؟
– خۆشمان ئەویست.))[1]

ئەم دایەلۆگە بەهۆی دوو سێ کەسەوە ئەنجام دراوە، وەك رەمز لەمەسەلەیەك دەدوێ (ئەسپ)یش رەمزەکەیەو، رەمزی شۆڕشی کوردە قوربانی زۆری لەپێناو دراوە، بەڵام بەدەستی پیلانگێران لەناو چوو، ئیبراهیم قادر محەمەد لەبارەی ئەسپەکەوە دەڵێ : ((ئەسپ رەمزە بۆ شۆڕشی کورد لەدوای هەرەسی ١٩٧٥ .... ئەو ئەسپەی هەموو گوند خۆی بەخاوەنی دەزانی خۆشی دەویست و بە فوای دەبوون خەسێنرا، برا بۆ رایسز لەکەڵك کەوت هێندە غارغارێنی پێ کرا ،!! پیر بوو لەو کەژە دەمی چەقیوەتە خۆڵ و چەوو کەس نییە قومێ ئاوی بداتێ ... رەمزەکە ئاشکرایە دوایی ماندوو کردنی رژێمی بەغداو مل پێ کەچ کردنی بۆ خواستەکانی ئیمپریالیزم (لەو کاتەدا شای ئێران) دەستی لێ بەرداو لای لێ نەکراوە))[2]. واتە هەر کاتێ ئیشیان بەکوردبێ، ماوەیەك سەمای پێدەکەن و لە دواییشدا بۆ مەبەستە گلاوەکانیان رایدەگرن و تەسلیمی دوژمنانی دەکەنەوە .

---

[1]– کۆچیرۆك، ل٧٨ .

[2] – لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لەکوردستانی باشووردا، ١٩٧٠–١٩٨٠، ئیبراهیم قادر محەمەد،ل٤١ .

### ٢- دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ :

ئەم دایەلۆگە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ڕوودەدات، گێڕەرەوە یان یەکێك لەکارەکتەرەکائەرکی گێڕانەوەکە دەخەنە ئەستۆی خۆیان و ناهێڵن کارەکتەرەکان دەربڕی هەستی خۆیانبن، بەڵکو گێڕەرەوە لەڕێگەی وشەکانی: پرسی، وەڵامیدایەوە وتی .... هتد خۆی تێکەڵ بەگێڕانەوەکە دەکات، جگە لە وەسف و پێناسە و ڕوون کردنەوە و ئامۆژگاری. ئەم خۆتێکەڵکردنە هەندێجار ((پێش خستنە ڕووی بابەتەکە و هەندێ جاریش شانبەشانیەتی یان لەدواوەیە قسەکەرەکان لەگەڵ یەك دەدوێن وگێڕەرەوەش لەڕێگەی خۆتێکەڵکردنەکەوە ئیشارەت بەوەرگر دەدات))[1].

واتە ئەم دایەلۆگە دووبارەکردنەوەی قسەی کارەکتەرەکانە لەگەڵ تێکەڵکردنی گۆڕانکاری کە لەرابردوودا روویداوە، چونکە ((دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ قسەو و ڕووداو و جووڵەی کارەکتەرەکان کە لە رابردوو ڕوویانداوە دەگوێزێتەوە بۆ کاتی ئێستا لەگەڵ هێشتنەوەی پەیکەر و بیر وێنەی دایەلۆگەکە وەك خۆی))[2]، مەرج نییە هەر لە رابردوو بێت، دەکرێ باس لەداهاتووش بکات . ئەوەی پێویستە لەرووی خاڵبەندییەوە بکرێت بۆ جیاکردنەوەی دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ لەراستەوخۆ، دایەلۆگی ناراستەوخۆ بخرێتە ناو دووکەوانەی زۆر بچووك " "وەك لەخوێندنەوەی رۆمانە جیهانییەکاندا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لەچیرۆکە کوردییەکان بەگشتی و لە هەندێ چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا بەتایبەتی رەچاوی ئەمە نەکراوە.

خاسییەتی ئەم جۆرە دایەلۆگە کورتی و پوختییە نەك درێژدادڕی ((لەگەڵ شێوازی ناڕاستەوخۆ، کۆمەڵێك ڕووداوی هەڵبژاردە لەدەقە درێژەکان کورتدەکاتەوە))[3]، چونکە چیرۆکی کورت لەهەموو جۆرە ئەدەبییەکان زیاتر پێویستی بەم پوختەییە هەیە بۆیە ((ئەم شێوازە زیاتر

---

[1]- تحليل الخطاب الروائي، سعيد يقطين، ص١٩٥.

[2]- الحوار القصصي، فاتح عبد السلام :ص٩١ .

[3]- قضايا الرواية الحديثة،جان ريكاردو،ص٢٥٣ .

وەردەگیرێ، چونکە لەگەڵ خاسییەتەکانی دەگونجێ))[1]. ئەو دیمەنەی دایەلۆگ کە وەردەگیرێ، لەسەدا سەد جێی باوەڕ نییە، چونکە دایەلۆگەکە چەند جار بگێڕێتەوە هەر جارەی بەجۆرێك دەبێ و هەموو دایەلۆگەکەش بەدرێژی ناگێڕێتەوە، بەڵکو لەسەر شتە سەرەکی و کرۆکییەکانی چیرۆکەکە کورتتر دەکرێتەوە[2] واتە ئەوەی زۆر پێویستە هەر بۆیە ((کاتی گێڕانەوەکە لەکاتی چیرۆکەکە کورتتر دەبێتەوە))[3] لەبەر ئەوەی دایەلۆگەکان دەماودەم نەگێڕاونەوە.

لە دایەلۆگێکی دیکەدا لەچیرۆکێکی (ناسنامەو قۆچانی ڕەش)دا: ((مام کەریم بەهۆی ناسیاوییەوە ژوورێکی چنگ کەوت، تۆزو خۆڵی کولبەکەی لەخۆی نەتەکانبووەوە بڕێ چەك بەدەست هەموویانی خزانە ناو لۆرییەکەوە،

– کوا ناسنامەکەت ؟

– نیمە

– ڕاوەستە،

– تۆ؟

– نیمە

– ڕاوەستە

– نۆرە هاتە سەر مام کەریم

– تۆ ؟

– لای کوڕەکەمەوەیە

– لەکوێیە ؟

نەیتوانی وەڵامیان بداتەوە.))[4]

---

[1]– الحوار القصصي، فاتح عبد السلام، ص٩١ .

[2]– كتابة الرواية ،جوين برين، نقلا عن الحوار القصصي، فاتح عبد السلام، ص٩١ .

[3] – س.پ، ل٩١ .

[4] – کۆچیرۆك ،ل٥٠.

هەرچەندە گێڕەرەوە کارەکتەرەکانی جێگیر کردووە، کە قسەی نێوان سیخوڕەکانی بەعس و هاولاتییەکانە، بەشێوەیەکی کورت و سەرنجڕاکێش هاتوونەتە دواندن وەك خۆی گێڕاویەتیەوە، بەلام ڕێگای خستنەڕووەکە لەڕێگەی پێشەکییەکەو ڕوونکردنەوەیەکە لە ناوەڕاست و کۆتایی دایەلۆگەکە، بەهۆیانەوە ئامادەیی گێڕەرەوە بەدیار کەوتووە لەپێشەکییەکە بەهۆی جێناوی کەسی سێیەم و ناوهێنانی مام کەریم لە ناوەڕاست دایەلۆگەکەش، کە دەڵێ: ((نۆرە هاتە سەر مام کەریم)). ئەوەی دیارە گێڕەرەوە خۆی تێکەڵ بەگێڕانەوەکە کردووەو لەڕێی ڕوونکردنەوەکانییەوە لەکۆتاییشدا دەڵێ : نەیتوانی وەلامیان بداتەوە لەبەر ئەوەی مام کەریم نەیتوانیوە بڵێ: کوڕەکەم لەشاخەو لەداخی ئێوەو لەدژتان شۆڕش دەکات بۆ هێنانەدی ڕۆژێکی هێمن و ئارام. لەسەرەتاوە دایە لۆگەکە ڕاستوخۆیە، لەناوەڕاست گێڕەرەوە تێکەڵ بەدایە لۆگەکە دەبێت، ئەم دایەلۆگە دەسەلاتی سەرکورتکەرانەی ڕژێمی بەعس نیشان دەدا، کە چۆن بەچاوێکی سووك سەیری کوردیان دەکرد، ترس و تۆقینیان لە دڵی هەموو کەس ڕواندبوو، لەسەر خاك و ئاوی خۆی، بەبێگانەیان لەقەڵەم دەداو داوای ناسنامەیان لێدەکرد. ئەوەی بینرا کرۆکی ئەو دایەلۆگە بوو کە لەرابردوو ڕوویداوە، گێڕەرەوە پوختەکەی هێناوەتەوە بۆ کاتی ئێستاو ئەم ((کورتەوپوختەییەش بە ئامرازی دایەلۆگەکە دادەنرێ))[1]. دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ باڵی بەسەر چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا گرتووە، وەك پێشتر باسکرا لەیەکەم چیرۆکییەوە کە بەناوی (نێچیر)ە ((دانیشتبوو چمکی فەقیانەکەی بەدەستی زیوینی گرتبوو پەیتا پەیتا فرمێسکی پێ دەسڕی بەراستی ڤینۆسی لەبەر چاو خستبوو ! ! نەمتوانی زیاتر خۆم ڕاگرم، ڕووم تێکردو وتم :

---

[1]– الحوار القصصي، فاتح عبد السلام، ص٩١ .

خوشکی غەمبار تۆ کێی بۆچ دەگری ؟ وەرە دەرەوە لەنێو ئەم جەنگەڵە .... لەگریان کەوت من چاوم لێیە، بەڵام ئەو من نابینێ بێ دەنگ بوو، وەرامی نەدایەوە، دووبارە رووم تێ کرد وتم : وتم زووکە وەرامم بدەرەوە، بۆ ئەوەی بیترسێنم وتم، ئەگینا تفەنگێکت پێوە دەنێم بەدەنگە ناسکەکەی وتی: ئەگەر ڕاست دەکەی زووکە بمکوژە، بەڵکو رزگار دەبم، زووکە رزگارم کە ! بۆ ئەوە هاتوومەتە ئێرە بەڵکو ببمە خۆراکی جانەوەران دەی زووکە دەی! ! ..لەم کاتەدا دای لەپڕمەی گریان .. رۆیشتمە پێشەوە تاکو روو بەروو بووینەوە .... وتم : ناتکوژم هەستە، هێزی دایەخۆی، بەڵام لەبەر بێ هێزی نەیتوانی هەستێتە سەر پێ))[1] ،کە سەرنجی ئەم دایەلۆگە دەدرێ، تەنیا لەرێی وشەکانی(وتی، وتم) دەزانین ئەوە دایەلۆگە، چونکە پێویستە لەرووی خاڵبەندییەوە لەدایەلۆگدا چوکڵە دابنرێ لەبەر دەمی گفتوگۆکەران، قسەی گێڕەرەوەش کەهەر خۆی کارەکتەرو گێڕەرەوەیە لەرێی جێناوی کەسی یەکەم دواوەو گێڕانەوەکەی ئەنجامداوە، لەرێی ئەو پێشەکییەی کە لەوەسفێکی جووڵاودا باسی کارەکتەرەی کردووە. لەگێڕانەوەی ناڕاستەوخۆدا گێڕەرەوە لەرێی وەسف و روونکردنەوەو ئامۆژگاری، خۆی تێکەڵ بە دایەلۆگەکان دەکات، لەم دایەلۆگەدا گێڕەرەوە خۆی تێکەڵ بەپرۆسەی گێڕانەوەکە کردووە، کاتی رووداني دایەلۆگەکەش لە رابردووە، هەروەك لەسەرەتای چیرۆکەکە ئاماژەی پێکراوە ساڵی هەزارو نۆسەد وشەش بووە، بەڵام کەچیرۆکەکە دەگێڕێتەوە خوێنەر واتێدەگا ئێستایەو لەبەردەم ودەستی ئەودا روودەدات و ئەو قسانەی گێڕەرەوە دەیگێڕێتەوە، پێوەندییەکی زۆری بەقسەی کارەکتەرەوە هەیە، ئەم گێڕانەوەیەش ناڕاستەوخۆیە بەهۆی وشەکانی: (وتی، وتم، نەمتوانی خۆم ڕاگرم، رووم تێکرد، وتم، من چاوم لێیە، بەدەنگە ناسکەکەی وتی) خراونە روو جگە لە تێکەڵاوبوونی دایەلۆگەکە بەوەسف و تەعلیق .... ئەم دایەلۆگە

---

[1]- کۆچیرۆك، ل١١ .

لـەژێر ركێفـی گێڕەرەوەیـەو تارماییەكـەی تـاكو كۆتـایی لەگەڵیدایـە، جگـە لەوەش دایەلۆگێكی زۆر درێـژە، ئەمـەش یەكێكـە لەخەوشـەكانی دایـەلۆگ، چونكە وای لێدەكات وەك قسەیەكی ئامادەكراو بێت لـەكاتێكی پێشـتر نـەك ئێستا، ئەمەش كارێكە رەخنەگران بەبشی نازانن.

له دایەلۆگی ناڕاسـتەوخۆدا لـە چـیرۆكی (دوو بیـنین) مشـتومڕی نێـوان دوونـەوە، پـیرو گـەنج، دەخاتـە روو، بەیارمـەتی پێشـەكی و روونكردنـەوەو راڤەكردن و وەسف: ((لەپڕ كزە بایەك هەنـدێ گـەڵای وەریـوی بـن دارەكـەی بەرانبـەریانی وروژانـدو بەخشـەخش بـۆ لای ئـەمانی رامـاڵی، پیرەمێردەكـە ویستی لەگەڵ گەڵاكاندا یارییەكانی كەمێ لەمەو پێشی دەست پـێ بكاتـەوە، بـەڵام نـەیكرد، لاوەكـە گەڵایـەكی سـووربا‌وی بەدەسـتەوە گـرت، ورد ورد پیاڕوانی:

– جوانە !

پیرە مێردەكە وەك بكەی بەگوێیاو حەز بەدەمەتەقێ بكا بەپەرۆشەوە ئاوڕی دایەوە و بزەیەكی منالانەی هاتێ وكەمێ هاتە پێشەوە .

– چی ؟

– پایز وگەڵاپایزان .

– كەپایز دێ ودونیا روو لەسـاردی دەكـات ئـازاری پـێم هەراسـانم دەكـات و خەوم لێ هەڵدەگرێ .

" ئەم مەرگ هەڕەشەی لێدەكات و من ژیان ...."

– بێ پایز بەهار نایێ (تا داریش پایز جەزرەبەی نەدا، زستان لەگۆی نـەخا، گەڵای سەوز بەخۆوە نابینێ)

ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین
پۆلی باڵدار ئەفرێ بگرین
بگرین بگرین فرمێسك نەسڕین
پایز پایز ..

گۆرانی دەڵێی ؟! منیش لەتەمەنی تۆدا بووم شەوان ئەو دێیەی خۆمانم هەراسان دەكرد .لاوەكە هیچی نەوت تەماشای سەعاتەكەی كردو بۆ دوور رووانی، پیرەمێردەكە بینی وەلامی نەدایەوە ناچار بێ دەنگ بوو، ئەم بێ دەنگییە سەری دەزووی بیرەوەرییەكانی دایەدەست، سەرمایەی ئەم تەمەنەش بیرەوەرییە، زۆر بەئاسانی دەستی كردە هەڵكردنیان ... لەهەمان كاتدا لاوەكەش خامۆشی پیرەمێردەكەو وژەو گورەی شەقامەكە لە والاوردی چاوەڕەوانی ترازانی و بۆ لایەكی تر پەلكێشی كرد، بەلام هەریەكەو بۆ لایەك یەكێكیان بۆ ڕابردوو ئەوی تر بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو))[1] ئەو مشتومڕەی نێوان دوو نەوەی كۆن ونوێ، تاكو ژیان مابێ دەمینێ، بینینی لاوەكە بۆ ژیان وچاوەڕوانیكردن بۆ نەمری، بینینی پیرمێردەكەش بۆ مردن، چیرۆكنووس، لەهەڵبژاردن ودروستكردنی پێوەندی لەنێوان تەمەنی كەسەكان و سروشتدا سەركەوتوو بووە.

پایز و گەلاڕێزان لەگەڵ تەمەن و دەروونی پیرمێردەكە هاوتەریبن، چرۆكردنی دار و سەوز بوون و سێبەكردنی بۆ حەسانەوەی خەڵك، لەكاتی وەرینیشی دەبێتەوە پەین بۆ ئەو دارەی كەئەوی گەورە كردبوو و بۆ دارەكانی دیكە لەگەڵ تەمەنی لاوەكە دەگونجێ، هەر وەك چۆن پیرە مێردەكەش لەسەرەتای ژیانی مندالبوو، ئیدی لاو ودوایی پیر بوو، ساردو گەرمیی ژیانی زۆر دیت لەپێناوی مانەوە ونەمردن، هەروەك خۆڕاگریی دارەكانی سروشت لەكاتی هەڵكردنی رەشەباو بەفرو گەردەلولدا، خۆڕاگرو بەرگەگرن.

هەرچی لاوەكەیە لەسەرەتای هەوڵدانە بۆ ژیان و لەگەلا وەریوەكان گەلایەكی سوور باوی بەدەستەوەگرت، وەك بڵێ : ئومێدی ژیانی ماوە هەروەك ژیانی لاوەكە، كەچی پیرە مێردەكە بەگۆچان گەلایەكی پانكردەوەو وتی ((چاوەڕوانی مردنی گەلایەكم))[2]، بەلام زوو پەشیمانبووەوە، چونكە

---

[1] –س.پ، كۆچیرۆك، دووبینین ،ل١٤٣–١٤٤.

[2] – س،پ،ل١٤٢ .

چاوەڕوانی خۆیشی دەگرتەوە بۆ مردن، بۆیە بەپەلە چوو لە شوێنێك دانیشت و پاش حەسانەوە ڕۆیشت و دەرمانەکەشی بەجێ هێشت پانکردنەوەی گەلاو بەجێهیشتنی دەرمان، ئەمانە هەمووی بێ ئومێدیی پیرەمێردەکە نیشاندەدەن، کەچاوەڕوانی مردنە و لاوەکەش چاوەڕێیە یارەکەی بێت و بەدوو قۆلی پیاسەبکەن. جیاوازییەکی ئەوتۆ لە زمانی کارەکتەرەکان و گێڕەرەوە بەدی ناکرێت، زمانێکی سادە و بێ گرێیە، کە بەهۆیانەوە فەلسەفەی ژیان و مردن و گەنجی و پیریی خستۆتە روو، ئەم دایەلۆگەش بەبێ خۆتێکەڵکردنی گێڕەرەوە نییە، بەڵکو لەڕێی پێشەکییەك و یەك جاریش لەناو دایەلۆگەکە باسی پیرە مێردەکە دەکات، جگە لەوەی دەبوایە لەدوای دەستەواژەی پایزو گەلاڕێزان نیشانەی پرس(؟) دابنرایە .

لەگێڕانەوەیەکی دیکەی دایەلۆگی ناڕاستەوخۆدا، چیرۆکنووس دایەلۆگەکەی بەتەواوی پاوانکردوە وشەش جار زیاتر دەست لەدایەلۆگەکە وەردەدات .

((–هەیاس ئەوە قەوانەکەی منە ؟

– نەوەڵلا، من ئێستا دۆزیمەوە !

– کوا بزانم ؟ .... نەء، ئەوەی من گەورەترە.

–لەتەنیشتەوە دانیشت، وەکو ئەو پێی درێژ کرد، ساردی ئاوەکە هەناسەیە قووڵی

پێ هەڵکێشا بەجووتە تریقانەوە .

– ئاوات بڕوانە هەردووکمان پێمان شکاوە !!

ئاوات بێ ئەوەی تەماشای پێی بکات، گورج هەڵیکێشایەوەو دەستێکی پیادا هێنا، سەر گۆناکانی سوور هەڵگەڕا و دووبارە بەئاستەم بۆ ناو ئاوەکە درێژی کردەوە .

– دەتۆ تەماشاکە .

– های .. لەبەر چاومان وادیارە ئەگینا نەشکاوە .

چاویان بڕییە یەکتر، بێ ئەوەی بدوێن لەیەك گەیشتن کەکاتی یاریکردنە، بەڵام هەڵنەسان هەیاس چۆلەکەی سەر ئاو ئاسایی سەری بەرز کردەوە وروانییە تووڵە ڕێگاکە..
– با (هەتاڤ) بێ
– ئای .. هەتاڤ رۆۆ ۆ ی .
لەپاڵ گردەکە وەك رۆژانی تر وردە چەو و پارچە شووشە و سەحسی قەوانە کۆنیان کردبووە کەرەستەی ناو ماڵۆچکە خنجیلانەکانیان، بەردەوامیش ژمارەی کونی لاپاڵ گردەکە لەزیاد بوونابوو .
(هەیاس) دەستی بردە وردە چەو وپارچە شووشەکانی (هەتاڤ) بماڵێتە ناو ئەوانی خۆیەوە ..
– نەکەی هەیاس کوڕە گوناحە .
– تۆ ناڵێی رۆیی ؟!
– دێت ...
بۆ ماوەیەك پەنجەکانیان لەشووشە خۆر چوو بووە زەردە بەپڕتاو وەك چۆلەکە بەرەو کوختەکانیان گلان))[1].

هەر چەندە کاری ئێمە لەسەر دایەلۆگەکەیە، بەلاّم پێمان باشبوو ئەم روونکردنەوەیە بنووسین لەراڤە کردنێکی ئەحلام مەنسووردا بۆ ئەم چیرۆکە.

تەنیا لەچوار دەوری کێشەیەکی لاوەکیدا، کە بوونی هەرنییە، دەخولێتەوەو بەهیچ شێوەیەك بەلای کێشە سەرەکییەکەوە نەچووە، باسی ژیانی منداڵی کورد و بێ خەمی باوانیان بەرامبەریان دەکات، لەلایەکی دیکە باسی (( خەمناکی وکوێرەوەری ژیانی ئافرەتی کورد لەچرچ ولوول بوونی پرچەکانی دایکی ئاواتدا وبێ بایەخی وبێزاری و ماندوویی ژیانی ئافرەتی کورد دەخاتە روو کە زمانی گفت وگۆڕینەوەی نییە و توانای چەمینەوەی

---

[1] – کۆچیرۆك ،ل٨٠.

نییـه منـدالأنیش بەهـەمان بـار چـلّکی و سـەرو قـژ دانـەهاتوون))[1] . ئەمـە لێکدانەوەی ئەحلام مەنسوورە بۆ دایکی ئاوات، بـەلأم لەراسـتییەوە دوورە، چونکە کێشە سەرەکییەکە کارەکەیـە(رووداوە بنەڕەتییەکـە)، ئەمانـەی ئـەو باسیان دەکات ئەگـەر راسـتیش بـن ئـەوا کاردانـەوەن، چـونکە خـەم و ژانـە گەورەکە لەم چیرۆکەدا راگواستنی کوردە لـەپاش نسـکۆی (١٩٧٥) بـەدواوە چیرۆکەکەش سالّی (١٩٧٦) لە دهـۆك نووسـراوە، زۆربـەی کەرکووکییـەکان لەگـەلّ خـودی چـیرۆکنووس گواسـترابوونەوە بۆشـاری دهـۆك، ئـەوەی گێـڕەرەوەش گێڕاوێتیـەوە راگواسـتنەکەیە چـیرۆکەکە بـەبنیاتی بازنـەیی نووسـراوەولەکۆتاییەوە دەسـتی پێکـردووە ودەلّـێ: ((دایکـی ئـاوات لـە پشتیانەوە راوەستاوە، قورگی گریان گرتوویەتی، لەشی توانای نوشتانەوەی نییە و زمان لەدەمیا لالّە))[2] .

رۆژێك بەر لەو رۆژەی کـە دایکـی ئـاوات وەهـا پەشـۆکاوبێت (هـەتاڤ) کە هاوڕێی ئاوات و هەیاس بوو، هەردەم پێکەوە یارییان بەو وردە شووشە و قـەوان و وردە بـەرد و کولیلکـە سـوورە دەکـرد، بەدەسـتی بەعسـییەکان راگوێزرابۆوە، کاتی ئێستای رووداو، گەمـەکردنی ئـاوات و هەیاسـە بەهـەمان کەرەستە، بەلأم دایکی ئاوات پاش ئـەوەی کـەمێك مـاوەی بـەودوو مندالّـەدا کەیاری بکەن، بەلأم ((نەدەبوو لەمە زیاتر راوەسـتێ، چاوی نووقـان، هێـزی دایە بەر خۆی بەئاستەم داچەمی و مەچەکی (ئـاوات)ی گـرت دەمیشـی بـرد ماچێك و پاشماوەی فرمێسکێکی لەسەر گۆنای هـەیاس بەجێهێشـت وبـەرەو قەرەبالّغییەکەی بەردەم کوختەکـەیان پەلّکێشـی کـرد[3] واتـا دوێـنێ هـەتاڤ بەڕێکرا، ئەمڕۆش ئاوات ودایکی رادەگوێزرێنەوە، بۆیە ئەژنۆی لە دوای نایەو نوتقی گیراوە و بەرەوو ئەو شوێنە دەچێ کە قەرەبالّغێیەکەی لێیە، ئەوانەی

---

[1] – بینای هونەری لەکورتە چیرۆکی کوریدا، احلام منصور، چاپخانە : تیشك، سلێمانی، ١٩٩٩ ل١٤٢.

[2] – کۆ چیرۆك، ل ٧٩.

[3] – س .پ، هەیاس، ل ٧٩.

قەرەباڵغییەکەشیان دروستکردووە، هەندێکیان لەوانەن کە وەك دایکی ئاواط، چاوەڕێی راگواستن دەکەن، هەندێکیشیان خزم و کەس و هاوشارییەکانن ئەوێیان قەرەباڵغ کردووە. ئیتر ژنێك لەم بارودۆخەدا چ ئاگای لەخۆجوانکردنی خۆی و پاکڕاگرتنی منداڵکانیەتی، ئاخۆ چڵکنن یان پاك و خاوێنن، کە بە هیچ شێوەیەك ناوی چڵك لەچیرۆکەکەدا نەهاتووە، ئیدی ئەم وشەی چڵکە لە کوێ سەری هەڵدا ؟ !

ئەم چیرۆکە لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی ناسکە لە وردی و پێوەندی بەستن و یاریکردن لەگەڵ هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەرەکان و زمانێکی تایبەت بە منداڵ، جگە لە هەڵبژاردنێکی وردو جوان بۆ رەنگی سروشت و خۆر ئاوابوون.

تالیب محەمەد ئەحمەد، راو بۆچوونێکی هەیە لەبارەی ئەم چیرۆکەوە دەڵێ : ((هەتاڤی هاوڕێیان بۆتە قۆچی قوربانی ئەو سیاسەتە نەگریسە، هەر چەندە چیرۆکنووس ئاماژەی بۆ مردنەکەی (هەتاڤ) نەکردووە، بەلام هەڵسوکەوتی دایکی ئاوات و منداڵەکان (ئای و رۆڕۆیی)یەکەی ئاوات ئیجا بۆ مردنەکەی دەکەن، ئەو رۆیشتنەی کە گەڕانەوەی بۆ نییە))[1]. لەناو دایەلۆگەکەوە دیارە کە هەتاڤ نەمردووە (هەیاس) دەستی بردووە وردە چەو و پارچە شووشەکانی (هەتاڤ) بماڵێتە ناو ئەوانەی خۆیەوە :

((- نەکەی هەیاس، کورە گوناحە

- تۆ ناڵێی رۆیی ؟!

- دێت ..... ))[2]

هەیاس بەئاوات دەڵێ تۆ نەتوت هەتاڤ رۆیی، ئاواتیش دەڵێ : دێت ....... ئەم خاڵانە نیشانەی ئەو قسانەن، کە دەم توانای گۆکردنییانی نییە

---

[1] - هێما لەچیرۆکی هونەری کوردستانی باشوور ١٩٦١ - ١٩٨٠ تالیب محەمەد ئەحمەد، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ساڵی ٢٠٠٠ ، ل ١٠٤،

[2] - کۆچیرۆك ،ل ٧٩

یاخود بێدەنگییە لەبەر هۆیەك بێت، دوای ئـەوە (دێـت) کـارێکی رانـەبردووە واتە دوایی دێت هەرچی کاری (ڕۆۆۆی)یە ئەوەش دەڵێ (رۆیی) ناڵێ (مرد) .

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەمە بەدیارە دەوکەوێ کە نەمردووە ((هەیاس چاوی لەئاوات ودایکـی نـەترووکان تـا لـەناو قەڵەباڵغییەکـە ونیـانی کـرد .... ویستی هـەموو پارچـە شووشـەکان لەبـەردەم خـۆی کـۆ بکاتـەوە قسـەکانی ئاواتی هاتەوە بیر ((نەکەی هەیاس گوناحە ... دێتەوە))[1]

هەیاسیش وردە خۆڵ بەسەر پارچە شووشە و بەردەکاندا دەکات، تاکو کەس دەستیان لێنەدا تاوەکو هـەتاڤ و ئـاوات دێنـەوە، لێـرەدا لێهـاتوویی و باڵا دەستیی چیرۆکنووس بەدیار دەکەوێ لـەو ئومێـد و هیوایـەی کەهەیـەتی لەچـیرۆکەکەی رەنگـی پێداوتـەوە هـەرواش بـوو، خەڵکـە راگوێزراوەکـان گەڕانەوە سەر زێدی باپیرانیان لەجیاتی شووشەو وردە بەرد، چەندەها یـاری جۆراو وجۆریان هەیە لەناو خانووی جوان و رازاوەن قـەوانی گوللـە تۆپـەکان کـە پێیـان دادەدرا کردوویانـە بەگوڵـدان، کـە ئەمـە بەڵگـەی ئاشـتیخوازیی کوردە، چونکە لەناو چـیرۆکەکەدا باسـی قـەوانی ژەنگـاوی تێدایـە، کـە ئـەو منداڵانە یارییان پێکردووە واتە ئەو شوێنە هـەردەم لەبـەر هێرشـی دوژمنـان بووە وتاکە دیاری وخەراجیان بۆ خەڵکی ناوچـەکە کۆنـە قـەوانی ژەنگـاوی و خـوودەی عەسـکەرەکان بـوو، منـداڵی کـوردیش خوودەیـان دەکـرد بەسـاز وقەوانەکانیش دەکرانە فرۆکەی بچووك بۆ یاریکردن.

کەواتە کورد دڕ بە تاریکی دەدا و لەبێئیشـیدا ئـیش دروسـت دەکـات و ساز دروستکردنیش شانۆی دەوێ، ئەو شوێنەی شـانۆی لێیـە دەبـێ ئاشـتی تیایدا بەرجەستە کرابێ. ئەمانەو جگە لەهەڵبژاردنی ناوی (هەتاڤ و ئاوات) بۆ کارەکتەرەکان، کە رۆیشتن هاتنەوەیان مانادارە کە دەڵێ : هەتاڤ رۆیی مانـا نزیکەکە هـەتاڤی کارەکتـەرە مانـا شـاراوەکەش هـەتاڤ بـەمانای روونـاکی و خۆشی و شادی و ئازادی دێ، چونکە نەبوونی ئەمانـە بـوو وایکـرد (هـەتاڤ)

---

[1] س،پ، ل٧٩.

تەرحیل بکرێ، پێوەندیی نێوان دەروونی خەماویی کارەکتەرەکان و زەردەی خۆرئاواو لەیەکچواندنی کارەکتەرەکان بە چۆلەکە، ئەمانە هەموویان لە خۆیانەوە نەهاتوون، بەڵکو وردی و سەلیقەی چیرۆکنووس دروستیکردوون.

لەم کورتە چیرۆکەدا گێڕەرەوە بەشێوەیەکی بەرچاو جێدەست و دەنگی دیارە، کە خستنەڕووی ناڕاستەوخۆی پێدەوترێت .

ئەم خۆتێکەڵکردنەی گێڕەرەوەش لەبەر ((زاڵبوون و دیدەیی و دیکتاتۆریەتی نووسەرەکە)) [1] نییە وەك ئەحلام مەنسوور وتویەتی، بەڵکو ئەو زاڵبوون و تارماییەی گێڕەرەوە لەوە سەری هەڵداوە، چونکە وەرگر چاوەڕێی دەنگی ئەوەیە تا راستییەکان بدرێتە دەستی، واتە گێڕەرەوە بەپلەی یەکەم لەخەمی وەرگردایە، هەروەها سووره لەسەر ئەوەی وەرگر بەوەزعی کارەکتەرەکانی رازیبکات تاکو بڕوا بەکارەکتەرەکانی بکەن، خۆتێکەڵکردنی گێڕەرەوە لەبەر لاوازی و بێ توانایی کارەکتەرەکان نییە، لەوەی دەتوانن کەپەیامە راستەقینەکە بگەیەننە وەرگر یانا، بەڵکو لەوانەیە خۆتێکەڵکردنی لاوازی بکات، بەپەراوێز خستنی هەندێ دیمەنی هەستیار، بەلأم گێڕەرەوە وا پێدەچێ دڵی بەقسەی کارەکتەرەکانی ئاو نەخواتەوە و ترسو بێزار بوون و پاشەکشەی وەرگری بێت، بۆیە ((گێڕەرەوە سوور دەبێت لەوەی کە جێبەجێکەری ئەو داواکارییانە بێت کە لە وەرگر دەردەچێت و بەبێ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە، گێڕەرەوە دەبێتە مشەخۆر و گوێی لێرانەگیرێ و پشتگوێ دەخرێت)) [2] واتە ئەم خۆتێکەڵکردنەی گێڕەرەوە بۆ ئاسانکاری کردنە بۆ وەرگر، نەك زاڵبوون ودکتاتۆری.

---

[1] – بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا،احلام منصور ،چا:تیشك،سلێمانی،١٩٩٩،ل١٤٣.

[2] – الحكاية والتاويل، د . عبد الفتاح كيليطو، دراسات في السرد العربي، دار توبقال للنشر، طه، ١٩٨٨، ص ٣٣.

**تەوەرەی دووەم: شەپۆلی هۆش**

ئەو تەکنیکەیە پابەندی هیچ دەستورو یاسایەکی کات و شوێن نابێت، بەڵکو بۆ تێکدانی زنجیرەی کات و گێڕانەوەی تەقلیدی بەکاردێت، پێشتریش بەرنامەی بۆ دانەنراوەو خۆی بۆ ئامادە نەکراوە، لەناکاوو لەشێوەی ڕەوتێك بەخەیاڵ و مێشکدا دێت، بەبێ گوێدانە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی. هەروەها رێگەی پێشکەشکردنی زەین و هۆشی ناوەکییە، زۆر جار بە مەنەلۆگی ناوەوە ناسراوە، هەرچەندە شەپۆلی هۆش لەراستیدا هاوواتای (مەنەلۆگ) نییە، چونکە مەنەلۆگ رێگەیەکی گێڕانەوەیەو سەر بە شەپۆلی هۆشە.

شەپۆلی هۆش، چەندین بەشی لێجیا دەبێتەوە، مەنەلۆگیش یەکێکە لەو بەشانەو سەر بە شەپۆلی هۆشە .

ئەوەی گێڕانەوەکانی شەپۆلی هۆش بایەخی پێدەدات ((تاقیکردنەوەی عەقڵی و گیانییە لەهەردوو لای پەیوەست بە ماهیەت و چۆنیەتی))[1]، مەبەست لەماهیەت: چەندین تاقیکردنەوەی عەقڵییە لە درکپێکردن و یادەوەریی خەیاڵە، هەرچی چۆنیەتییە، چەندین رەمزو بەدوادا هاتنەوە (تداعی) یە.

پەیوەندی ئەم ماهیەت و چۆنیەتییەش وەکو روخسارو ناوەرۆکە لە پێکهاتەی ناوەوەی کارەکتەرەکان زۆر بەوردی و بەجوانی بەدیار دەکەوێت.

بۆ یەکەم جار لەلایەن ویلیام جیمس لە ساڵی ١٨٩٠ بەکارهاتووە.

ویلیام جیمس ((حاڵەتێکی لە هۆشدا دۆزییەوە، بەزەینی هەموو کەسێکدا رەتدەبێت ئەمەش لەحاڵەتی بەئاگایی و نووستندا دەبێت لەرێی دەرپەڕین و هەڵچوونی بێکۆتایی و گۆڕانی بەردەوام دەناسرێتەوە))[2] واتە:

---

[1] – تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ت:د.محمود الربيعى، دارالمعارف، ط٢ ، مصر،١٩٧٥،ص٢٤

[2]– جماليات اللغة في القصة القصيرة، قراءة لتيار الوعي في القصة السعودية ١٩٧٠–١٩٩٥، أحلام هادي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٤، ص٣٢ .

کەس نییە لەم دیاردەیە بێبەشبێ، ڕێژەی قسەکردنی مرۆڤیش لەناخی خۆیدا زۆر زیاترە لەوەی دەبیسترێت و دەگوترێ، بێبەرنامە، لەرابردوو و داهاتوو، واتە بەردەوام لە وڕێنەکردن و قسە هەڵبزرکاندنە لەگەڵ خۆیدا.

زاراوەی شەپۆلی هۆش تێکەڵ بە لێڵی و نادیاری بووە، ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی رای جیاواز بۆ لێکۆڵەران لەتێگەیشتنی دروستببێ، بەتایبەتی لە گێڕانەوە نوێیەکان، هەموو زاراوەیەکی نوێش لە سەرەتادا بەر کۆمەڵێك رەخنەو سەرنج و پێشنیاز دەکەوێت. بۆیە زاراوەی (تەوژمی هۆش) بە هۆشی کارەکتەرێك لە کارەکتەرەکان سنوور بەند دەکرێ و لای هەموو کەسیش وەك یەك نییە و جیاوازە، چونکە هەرکەسێك لەژیاندا بێت خاوەنی جۆرەها سروشت و رەهەندی فیکری و کۆمەڵایەتی و دەروونییە .

تەوژمی هۆش لای (رۆبێرت هامفری)، بەتایبەتی پەیوەستە بە: ((جۆرە چیرۆکێك کە لەبنەڕەتدا جەخت دەکاتە سەر ئاڵوگۆڕکردنی ئاستەکانی پێش قسەکردن لەهۆشدا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی پێکهاتەی دەروونیی کارەکتەرەکان))[1] .

مەبەست لە ئاستی پێش قسەکردن هەموو ئیش و کاری عەقڵ و بیرە، کە لەناو هۆشدا روودەدات بەبێ ئەوەی رای لە سەر بدرێت بەهۆی قسەکردنەوە .

بەلای ویلیام جیمس هۆش بریتییە لە: ((هەستی جەستەمان و پەی پێبردنەکانی دەوروبەرمان، لەیادگاری و تاقیکردنەوەی رابردوو و بیری شتە لەیەك دوورەکان و هەستی رازیبوون و رازینەبوون وخولیاو ئارەزوو و رقلێبونەوە، هەروەها حاڵەتی سۆزداری تر لەگەڵ نەخشەدانان و بەڕێوەبردن لە هەموو جۆرە گۆڕان و خڕبوونەوەکاندا))[2]، کەواتە چەمکی هۆش زۆر گشتگیرەو تاقیکردنەوەی هەست و ژیری و هۆش دەگرێتەوە .

---

[1]– تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ص٢٠.

[2]– جماليات اللغة في القصة القصيرة، أحلام حادي، ص٣٣.

مەبەست لە (شەپۆلی هۆش) دەرپەرینێکی لە رادەبەدەری وێنەی کەڵەکەبووی ناو زەینە دێتەوە ناو خەیاڵ بەشێوەی "زنجیرە" [1] زنجیرەی بەدوای یەکدا هاتوو زنجیرەش چەند بازنەیەکی سەربەخۆیە، یاخود ئەڵقەکانی هەریەکە خۆی تەواوکراوەو ئینجا لەگەڵ ئەڵقەیەکی دیکە یەکدەگرێت، یاخود وەك فارگۆنی شەمەندەفەر کە هەریەك پێکهاتەی خۆی بەجیاو سەربەخۆیە لەگەڵ فارگۆنێکی دیکە، بەلام هەمووشیان بە پەیوەستێکەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

ئەم زنجیرانەش بەتوندی پاڵپێوەنراون بەتایبەتی لەو بارو دۆخانەی، کەمرۆڤ تێیدا تووشی قەیرانی دەروونی دەبێت، هەندێ جار لە کاتی ئاساییشدا ئەمە دەبێ، بۆیە ئەگەر کەسێك بیەوێ بەسەرهاتەکانی بێنێتەوە یادی خۆی، بەتایبەتی زەق و دیارەکان، ئەوا بەشێوەی شریتی سینەمایی دێنەوە ناوخەیاڵ، چونکە داکردن(خزن)ی یادەوەری لای هەموو کەسێك بەهۆی وێنەوە دەپارێزرێ، لەرێی گوفتارو هەستەکان کەمترە، کە ئەوانە دەچنە خانەی (تداعی)یەوە، هەرچی کۆپیکردنی وێنەی کەسەکان و دیمەنە جوان و ناشیرین و خۆش و ناخۆشەکانە ئەوا تەنیا لەرێی وێنەوە لەزەین هەڵدەگیرێن .

ئەوانەی سەرەوە چۆنیەتیی بەدوای یەکدا هاتنی وێنەکان بوو، بەلام رۆبەرت هامفری لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت :((خودی هۆش پێویستی بەجۆرێك لە جووڵە هەیە، کە بەئاراستەی میلی کاتژمێر ناڕوات، لە جیاتی ئەوە پێویستی بە جۆرە جووڵەیەك هەیە، کە بۆ دواوەو بۆ پێشەوەیە، هەروەها سەربەستی تێکەلاوکردنی رابردوو، و ئێستاو دوارۆژی ئەندێشە کراوی هەیە)) [2] لەمەدا بەڕوونی بەدیار دەکەوێ، کە هۆش پابەندی هیچ دەستوورو یاسایەکی زەمەن نابێت، بەڵکو بەئارەزووی خۆی بازدەدات،

---

[1] – س.پ، ل٣٣.

[2] – تیار الوعي، روبرت همفري، ص٧٤.

لەرابردوو بۆ داهاتوو و بۆ کاتی ئێستا. واتە جێگیرو چەسپاو و بەرجەستە نییە ئەوەی روون و بەرچاویشە، هۆشی هەر مرۆڤێك مەتەڵێکی ئاڵۆزەو خۆی هەست بەو پەرشوبڵاوییە دەکات، کە چۆن بەیەکجار چەندین وێنەو یادگاری و خەون و ئاوات جگە لەخەیاڵە چەپێنراوەکان دێنەوە ناو مێشك. بەبڕوای ئێمە هیچ پێوەرێك توانای پێوان و دەستنیشانکردن و پێناسەکردنیانی نییە.

لەبەر گرنگیی ئەم تەکنیکە زۆربەی چیرۆکنووسەکان بەگوێرەی پێویست لە چیرۆکەکانیاندا پەنای بۆ دەبەن، پەنابردنیش بۆ ئەم تەکنیکە لەسەدەی بیستەم زیاتر بەدیار کەوت بۆ ئەوەی قسەی کارەکتەر راستەوخۆ بگاتە خوێنەر دوور لە دەستێوەردان و راڤەو شیکردنەوەی گێڕەرەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە گێڕەرەوە بێدەنگی هەڵدەبژێرێ و کارەکتەر خۆی دێتە مەیدان، دەبێتە دەربڕی هەست و سۆزو خەیاڵی خۆی، بەمەش چیرۆك لەکۆت و پێوەندی گێڕەرەوەی هەمووشتزان رزگاری بوو.

بەپێی دابەشکردنی رۆبرت همفری تەوژمی هۆش چەند تەکنیکێکی هەیە کە ئەوانەش: مەنەلۆگ، خۆدواندن، بەدواهاتنەوەی ئازاد. هەرچی(فاتح عبدالسلام)ە لە کتێبەکەیدا (الحوار القصصي)دا، تەوژمی هۆشی کردۆتە جۆرێك لە جۆرەکانی دایەلۆکی ناوەکی، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرەکیترین سەرچاوە لەو بوارە کتێبی (تیار الوعي) رۆبرت همفرییە، ئێمەش بەهەمان شێوە دابەشی دەکەین.

١- مەنەلۆگ ٢- خۆدواندن ٣- بەدواهاتنەوەی ئازاد

**١-مەنەلۆگ**

مەنەلۆگ قسەلەگەڵ خۆ کردنە لەناخەوە واتە: بەبێ دەنگ و تەنیاو لە ناو زەیندا. جۆرە گێڕانەوەیەکە تێیدا ئەزموونەکانی ناوەوەو سۆزی کارەکتەری چیرۆك لەئاستە جیا جیاکانی زەین لە قۆناغی پێش قسەکردن دەنوێنێ و ئاشکرادەکرێن.

پەنا بردن بۆ ئەم تەکنیکە بۆ ئەوەیە کارەکتەر دەربڕی خودی خۆی بێت، لەبەر ئەوەی ((واقعییەتی ناوەوەی))[1] کارەکتەر دەنوێنێ و بەهۆی وردبینی و کارامەیی نووسەرەوە دێتەدی، مەنەلۆگ لە دایەلۆگی ئاسایی بەوە جیا دەکرێتەوە یەکەمیان قسەلەگەڵ خۆی دەکات، دووەمیان لەگەڵ کەسێك یان زیاتر .

مەنەلۆگ دەربڕینی دەنگێکی ناڕەزاییی خودە بەرامبەر بەهەموو کێشەو حەزە چەپێنراوەکان، راستترین و واقیعیترین دەربڕینە، ناتوانرێ بەئاشکراو پڕ بەدەم هاوار بکرێ و دەرببڕدرێ. بۆیە باشترین رێگە بۆ ئەم دەربڕینانە مەنەلۆگە، بۆ ئەوەی وەرگر شارەزای ناخی کارەکتەرەکانی بێت، بەرامبەر بیرە تایبەتییەکان، کە لە بێئاگاییەوە نزیکەو پابەندی هیچ سنوورو پایەیەکی کۆمەڵایەتی نییە .

بەلای (ئێدوارد دوجاردی) یەوە کە یەکەم کەسە، ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە :

((مەنەلۆگ: چارەسەرکردنی بیرە شاراوەکانی نزیك ناوچەی ناهۆشە))[2].ئەمە بابەتە تایبەتییەکانی هزری مرۆڤ دەردەبڕێ، بەلام (ڕۆبەرت همفری) بەرپەرچی ئەم ڕایەی داوەتەوەو دەڵێ: ئەم تەکنیکە بۆ پێشکەشکردنی هۆش و چارەسەر کردنییەتی، ئیدی لە هەر ئاستێك لەئاستەکاندا بێت، واتە تەنیا ئاستی ناهۆش ناگرێتەوە، بەڵکو گرنگی بەهەموو پێکهاتەکانی هۆش و کردارەکانی دەدا، نەك تەنیا یەکێکیان .

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت، کە بەهیچ شێوەیەك باسی لێوە نەکراوە، چونکە تەکنیکی مەنەلۆگ پێکهاتەی هۆش لە قۆناغی پێش تەواو بووندا پێشکەشدەکات، پێش ئەوەی وەك دەربڕین پێبگاو دروست ببێ و بتوانرێ

---

[1] – أثر الواقعية الغربية في الرواية العربية، محبة حاج معتوق، دار الفكر اللبناني، بيروت ،١٩٩٤، ص١٥٩.

[2] – تيار الوعي، روبرت همفري، ص٤٤.

بەمەبەست قسەی لەسەر بکرێت و ببێتە وشەو دەربڕین[1]، واتە لەدەم نەهاتۆتە دەرەوەو نەوتراوە .

ئەگەرچی مەنەلۆگ بەتەکنیکێکی نوێ دادەنرێ لە چیرۆکی نوێدا، بۆ نەهێشتنی گێڕانەوەی تەقلیدییە، بەتایبەتی لە هۆش و ناهۆشدا و لەلای زۆربەی هەمووشتزانیان پێشکەوتنێکە چیرۆکنووسی پێیگەیشتووە، کەچی بەلای (عدی مدانات)ەوە ناهۆش بریتییە لەداهێنانی چیرۆکنووس بەمەبەستی خۆدزینەوە لە مەرجی هۆش و پێویستییەکانی، جگە لە خۆدزینەوە لە تەنگژەی نەزانین و پەی پێبردن بەمیکانیزم و مەرجەکانی چیرۆکنووسین، لەوەی پێویستی پێیە لەزانیاری و بینین و روونکردنەوەی زۆرو تەکنیکەکانی چیرۆکنووسین و مەلەکردن لەفەزای قسەی نارێک، ئەوەی لەپێشتر نەزانراوەو پلانی بۆ دانەرێژراوە، بۆیە لە ئەنجامی ئەمانەدا دەرچوون لە شتی باو دروست دەبێت و دەبێت بە هەموو شتێك تەنیا چیرۆك نەبێ[2] .

ئەم چیرۆکنووسە رەخنەگرە، یەکێکە لە هەوادارانی شێوازی چیرۆکنووسینی کۆن، بۆیە لادان لێی بەوێڵبوونی نووسەر دادەنێ، بەهۆی ئەم قسانەی لەخۆوەو لەناهۆشدا دەکرێن دەبنە هۆی لەدەستدانی جەوهەری چیرۆك و نەمانی بەهاکەی، هەربۆیە ئاگاداری چیرۆکنووسان دەکاتەوە تاخۆیان لەم جۆرە وێڵییە بەدووربگرن، بێگومان بیروڕای تاکە کەسێك توانای بەرگەگرتنی ئەو لێشاوە هاتووەی (تەوژمی هۆش)ی نییە، دەسەڵاتی راگرتنیشی نییە، چونکە هەردوو جۆرە چیرۆك دۆست و لایەنگرو هەواداری خۆیان هەیەو هەریەکەیان تام و چێژو تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.

ئیدوارد دوجاردین لە پێناسەی مەنەلۆگدا دەڵێت: ((رێگەیەکە بۆ بردنە ناوەوەی راستەوخۆی خوێنەر بۆ ژیانی ناوەوەی کارەکتەر، بەبێ هیچ

---

[1]- س، پ، ل٤٣.

[2]-فن القصة (وجهة نظر وتجربة)، عدّى مدانات، مط/ الأهلية للنشر والتوزيع ،الأردن،٢٠١٠، ص١٩٣.

خۆتێکەڵکردنێك لەلایەن نووسەرەوە بەهۆی راڤەکردن و سەرنجدانەوە))[١] .

مەنەلۆگ لە کورتە چیرۆکدا، چڕوپڕە لەبەر کورتیی ماوە، بەتایبەتی لەچیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا مەنەلۆگێکی ئێجگار زۆر بەرچاو دەکەوێت، ئەگەرچی فاتح عبدالسلام دەڵێ:هەندێ جار مەنەلۆگ تاڕادەیەك درێژە[٢]، بەڵام لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا، بەزۆری کورت یان زۆر کورتن تەنیا یەك دوو مەنەلۆگ نەبێ درێژن .

نابێ ئەوە لەیادبکرێ کە تێکەڵییەك لەنێوان مەنەلۆگ و مەنەلۆگی ناوەوە کراوە، هەڵەیە گەر بەمەنەلۆگی ناوەکی دابنرێت، چونکە ((مەنەلۆگ بەمانای دایەلۆگی تاك یاخود ناوەکی دێت پێویست نییە دووجار وشەی ناوەکی بەکار بهێنرێ، واتە دووجار دەوترێ مەنەلۆگی ناوەکی ناوەکی، مەنەلۆگ خۆی مانای ناوەوە دەگەیەنێت))[٣]، کەچی ئەوەتا لە کتێبی (تیار الوعی) کە سەرەکیترین سەرچاوەیە لەو بوارەدا (مەنەلۆگی ناوەکی)[٤] بەکار هێناوە، (امنە یوسف و احلام حادی) ئەوانیش مەنەلۆگی ناوەکییان بەکارهێناوە. هەرلەو کتێبەدا کە فاتح عەبدولسەلام لەکتێبەکەی خۆی ل١١٠ دەستنیشانی کردووە کە روبەرت هامفری دەڵێ: ((مەنەلۆگی ناوەکی زاراوەیەکە زۆرجار تێکەڵ بەزاراوەی شەپۆلی هۆش)) [٥] دەبێتەوە، بەڵام د.نەجم ئەڵوەنی دەڵێ : ئەوە رۆبەرت هامفری نییە کە زاراوەی (مەنەلۆگی ناوەکی) بەکارهێناوە، بەڵکو وەرگێڕی عەرەبی ئەم هەڵەیەی کردووە، ئەگەرچی (فاتح عبدالسلام)یش تووشی تێکەڵکردن بووە، تەوژمی هۆش دەکاتە بەشێك لەمەنەلۆگ[٦] .

---

١- نظرية الادب، اوستن وارين ورينيه ويليك، ص ٢٩٣ .

٢ - الحوار القصصی، فاتح عبدالسلام،ص١١٩.

٣- الحوار القصصي، فاتح عبدالسلام، ص ١٠٩ .

٤- تيار الوعي، روبرت همفري، ص٤٤ .

٥ - تيار الوعی، ص٤٢.

٦ - الحوار القصصی، ص٦.

چیرۆکنووسی ئەم لێکۆڵینەوە کارەکتەرکانی لەناو جەرگەی واقیعی کوردەواری هەڵبژاردووە وشارەزای ناخ وبیرکردنەوەو پلاندانانەکانیشیانەو مرۆڤیش بەبەردەوام لەگەڵ خەڵکی ناتوانێ لەگفتوگۆ کردن و قسەکردندا بێت، بۆیە بەشێکی هەرە زۆری ژیانی هەموو کەس بێدەنگییە، لەناو ئەم بێدەنگییەش بەبیرکردنەوەو تێرامان و خەون و ئاوات و بەدواهاتنەوەو یادگاری لەگەڵ خودی خۆی بەسەری دەبات لەکاری باش و خراپ و حەزو ئاواتە چەپێنراوو قەدەغەکان.

ئەو هەستانەی لە مەنەلۆگدا دەخولێتەوە پاژەیە لە گشت، ناتوانرێ هەستی پێبکرێ و کارلێکی لەگەڵدا بکرێ تەنیا لەرێی بنیاتی چیرۆکی تەواودا دەبێ، چونکە هەستی ڕاڕاو سەرەوبن و لەیەکترازاو پێوەندی بەکەشی دەروونەوە هەیە چیرۆکنووس هەستی پێدەکات و هەوڵدەدات رۆڵی خۆی تیادا ببینێ تاکو خوێنەر هەستی پێبکات و بەجیهانەکەی بارگاویمان بکات[1] ئەوەی لەمەنولۆگیشدا بەرچاودەکەوێ ئەوەیە کە ((راستگۆو دەربڕو ویژدانییە مرۆڤ هەست بەدەروونی ئازارکێش دەکات هەروەك خۆی ئەم ئازارە بکێشێ وایە، لە دایەلۆگی ئاسایی جیایە، چونکە کارەکتەر خۆی قسەکەرو گوێگرە))[2] واتە:رووی دەمی قسەکردنی لەکەس نییە، هەروەها مەنەلۆگ ((لەئەدەبی گێڕانەوەی کۆن و نوێدا ناسراوە، بەڵام لە گێڕانەوەی نوێدا زیاتر باوە))[3] مەنەلۆگ دەبێتە دووجۆر :

أ – مەنەلۆگی راستەوخۆ .

ب– مەنەلۆگی ناراستەوخۆ

---

١– التيارات المعاصرة في القصة القصيرة في مصر، الدكتور احمد الزعبي، دار الكندي للنشر والتوزيع، الاردن ،١٩٩٥،ص١١٠.

٢ – أثر الرواية الواقعية الغربية في الرواية العربية، د.محبة حاج معتوق، دار الفكر اللبناني، بيروت، ١٩٩٤، ص٣١٦ .

٣ – بنية النص الروائي، إبراهيم خليل، الدار العربية للعلوم ناشرون، ٢٠١٠، ص٣٠٤ .

### أ – مەنەلۆگی راستەوخۆ

لەم جۆرەمەنەلۆگەدا کارەکتەر راستەوخۆ خۆی دەدوێنێ، بەبێ ئەوەی هەست بەبوونی نووسەرو گوێگرو خوێنەر بکرێت، لەو مەنەلۆگەدا جێناوی کەسی یەکەم بەکار دەهێنرێ، ئەو مەنەلۆگە یان ئەو بیرانەی لە زەینی کارەکتەرن و پێشتر نەکراونەوە، چونکە لەبنچینەدا بۆ ئەوە نییە خوێنەر یان بەرامبەرەکەی بەم بیرانە بزانێ، لەبەر ئەوەی کارەکتەرلەگەڵ خودی خۆی دەدوێ نەك لەگەڵ کەسێکی دیکە دا.

کات، لە مەنەلۆگدا دیارو دەستنیشانکراو و دەست بەسەرداگیراو نییە ڕابردوو یان ڕانەبردوو لەوانەیە زیاتر لەداهاتوودا بێت، بەهۆی زۆر بیرکردنەوە لە رابردوو و داهاتوو زەین پەرشو بڵاوو لەبازداندادەبێ ؛ لەم بیر بۆ ئەو بیر و خستنەڕووی هۆشی ناوەوەی کارەکتەرە لەلایەن گێڕەرەوەوە لەرێی روونکردنەوەو شیکردنەوەو ڕاڤەکردنەوە بێئەوەی خۆی تێکەڵبکا، هەروەك دایەلۆگی دەرەکی راستەوخۆیە، بەڵام لە دایەلۆگی دەرەکیدا دەبێ قسەکەرو گوێگر هەبێ.

مەنەلۆگ هەروەك ڕۆبەرت هەمفری دەڵێت : ((ئەو جۆرە مەنەلۆگەیە بایەخ بەبوونی نووسەر نادات، وایشی دادەنێ هیچ گوێگرێك لەئارادا نییە))[1] و لەدەرەوەی دەقەکەوە بەخوێنەر دەگات و لەڕێگەی خودی کارەکتەرەوە بەراستەوخۆیی ئەنجامدەدرێت، بۆیە خوێنەر وا هەستدەکات کارەکتەر خۆی دەدوێت، ئەگەرچی قسەکەری راستەقینە گێڕەرەوەیە.

کارەکتەر بەراستگۆییانە جیهانی ناوەوەی خۆی دەردەبڕێ، بەبێ سڵەمینەوە لە هیچ سانسۆرێك، دەربڕینەکان وەك خۆیان بێ دەسکاری و دوور لە پابەندبوون بەرێزمان و خاڵبەندین، ((هۆش لەمەنەلۆگدا لەحاڵەتی هەڵچووندایەو هزرێك بە هزرێکی دیکە دەپچرێ و نووسەریش هیچ ڕۆڵی نییەو

---

١ – تيار الوعي، روبرت همفري، ص٤٤.

تەعلیق لەمەنەلۆگ نادات))[1] لەم تەکنیکەدا رۆڵی گەواهیدەرێك دەبینیٚ گویٚ بۆ قسەوباس و گۆشەنیگای کارەکتەرەکانی شلدەکات و بەچاوی ئەوان دەبینیٚ و بە جێناوی قسەکەر(م) دەدویٚ ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە دڵ ودەروونی کارەکتەر نزیکتر بێت. مەنەلۆگەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل زۆربەیان کورتن .

لە چیرۆکی (ئەنجامی پەیامێك)دا زۆربەی مەنەلۆگەکانی راستەوخۆن ((چۆن لەرووم دیٚ وازبێنم، شووورەییە بابگەڕێمەوە چاترە ڤیروسیا لەدێکەمان ... باشە واگەڕامەوە خۆدەبیٚ هیچمان لیٚ نەکەن ؟))[2] مەنەلۆگێکی راستەوخۆیە بەهۆی جێناوی کەسی یەکەم دەربڕاوە لەقسەی پچڕپچڕو دوو دڵی و گومان و پرس و سەرسوڕمان بەبیٚ ریزکردن و رێکخستن وتراوە و مەنەلۆگەکەش بەردەوام نییە، بەڵکو ناوبە ناو گێڕەرەوە بە گێڕانەوەی ئاسایی خۆی تێکەڵ دەکاتەوە کارەکتەر لە وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم حاڵەتەدایە کە تێی کەوتووە، لە بڕیاردان و پەشیمانی و ترسی رژێم ئاخۆ چییان لێدەکات یان نا ؟! ئەم قسانەش ئاراستەی کەس نەکراوە تەنیا خودی خۆی نەبێت جگە لەوە پرسیاردەکات وەڵامی لەکەسێکی دیکە ناوێت تا رێگە چارەی بۆ دابنیٚ خۆی و خۆی قسە دەکات و لە دۆخی رانەبردووی دانانیدا.

ئەوەی سەیرە ئەم مەنەلۆگە لەنیو دوو کەوانەی گەورەدا دانراوە، چونکە بەزۆری مەنەلۆگ لە نێو دووکەوانەی بچووك دادەنریٚ یان تۆختر دەنوسریٚ.

لە چیرۆکی (دەست)دا ئەم مەنەلۆگە دەبینین ((شەقامەکە جمەی دەهات ئێستا حەزدەکەم هەمووتان لەباوەش بگرم .. چۆن توانیم ئەوماوە درێژە بەسەر بەرم؟! .. تەنیای وبێزاری چۆن وەك مۆرانە یان خواردووم ؟! ..))[3].

---

[1] – س.پ، ل ٤٦، ٤٩.

[2] – کۆچیرۆك، ئەنجامی پەیامێك، ل ٤٥.

[3] – کۆچیرۆك، ل٩١ .

ئـەم مەنەلۆگـە راسـتەوخۆیە "شـەقامەکە جمـەی دەهـات" شـەقامەکە سـیفەتێکی دەروونـی وەرگرتـووە، واتـە سـیفەتی بابـەتی (دەرەکـی) لەدەستداوە، دواتریش، بـەهۆی جێنـاوی کەسـی یەکـەمی تـاك دەرکـەوتووە تاڕادەیەك پچڕ پچڕی لـە دەربـڕینی رسـتەکاندا دیـارە نـاجێگیری دەروونـی کارەکتەر نیشاندەدات لەڕێی پرسیاری بێ وەڵام ئاراستەی خۆی کـردووە لـە رابردووی بەردەوامەوە (دەهات) هاتۆتەوە سەر ئێستا .

لـە چـیرۆکی (هەڵسـانەوە)داو لـە مەنـەلۆگێکی راسـتەوخۆدا کارەکتـەر دەیەوێ شۆڕشێك بەناخی سڕو متبووی دەروونی خۆی و بەرامبەر دەسەڵاتی باوك بەرپابکات، بۆیە لـە مێشـکی خۆیـدا ئـەم بەزمـەی دامەزرانـد : ((بـەلا لووتێکـەوە دەڵـێم خـەوم دێ و تـۆش بچـۆرە جێگاکـەی خـۆت))[1]. لـە فرمانێکی رانەبردوودا و بەیارمەتی جێناوی کەسـی یەکـەمی تـاك، کارەکتـەر بڕیاری گۆڕینی هەڵوێستی خۆی داوە؛ لە کۆیلەتییەوە بۆ کەسێکی ئازاد و بۆ ئەوەی چیتر ئەو لاوە بەندەی جاران نەمێنێ و بەهیوایە ئەم شۆڕشەی ناخی خـۆی رووبـەرووی دەرەوە بکـات و بـوونی خـۆی بسـەلمێنێ و هـەر هیـواو چـاوەڕوانی نـەبێ، بـەڵکو دەبـێ ببێتـە ڕاسـتی. دەروونـی هەڵچـوویی و کاردانەوەی دەسەڵاتی باوك بەیەکجاری تەوژمی هێناوە بۆ تەقینەوە .

لەچـیرۆکی (گـەردەلوول)دا ((چـاك بـوو ئـەم شـوێنەم دروێنەنـەکرد، ناشیکەم بائەم چەند هەنگاوە گەنمەی منی پێوە بمێنێ...))[2] کارەکتەر لـە قسە لەگەڵ خۆکردندا ئاسوودەییە بەوەی ئەم قانە گەنمەی دروێنە نەکردووە لەبەر ئەوەی بوو بە پەناگەیەك بـۆ خـۆیی و باڵندەکـە، رەنگـە ئەمـەی بۆیـە کردبـێ، چـونکە کـەس پەناگـەی ئـەو نـەبووەو هـەردەم چـەپۆکی دوژمـن گەیشتۆتە سەری، ئەم قسانەشی ئاراستەی کەس نەکردووە و گوێگری نییە. سەرەتای مەنەلۆگەکە بەفرمانی رابردووە دواتر دەبێتـە فرمـانی رانـەبردووی

---

[1] – س.پ، هەڵسانەوە،ل ١٣٠.

[2] – س.پ، گەردەلوول ،ل.١٤٠.

دانـانی، مەنـەلۆگ لـەکاتی رابـردوو، رانـەبردوو، داهـاتوودا دەخولێتـەوە.
کارەکتەر بەناڕاستەوخۆیی ئەوە لە دەروونـی بـەدیار دەکـەوێت حـەزی لێیـە چـۆن ئـەو دالـّدەی باڵندەکـەی داوە، کەسـانێکیش دالـّدەی ئـەو بـدەن. مەنەلۆگەکەش دووره لەدەستێوەردانی نووسەر، کارەکتەر لەم دەربڕینانە لە هەڵوێستی خۆی سەربەخۆیە .

لـە مەنـەلۆگێکی دیکـەی راسـتەوخۆدا ((تـا گـۆرانی شـەوانمان دەبوایـە بەرەزامەندی ئاغا بوایە .. من رووی دەمم لە خەجـە دەکـرد .. بەنەسیبیشـم نەبوو .. بەرە بەرە براکـانم هاتنـە شـارەوە مـن و دایکـم ماینـەوە، وەسـتانم نەبوو. کار نەما نەیکەم قوڕکاری، بێڵکاری پاڵەیی چوزانم ئوو ئـوو .. قـات و قڕی منیشی جێ لەق کردو خزامە شارەوە دایکیشم لەغەریبی سەری نایەوە، دەوەرە بەتەنیا گوزەران بکە لەم تەمەنەشدا ئازاری قـاچ و قـولم ئەوەنـدەی کـە ژیـانی لـێ تـاڵ کـردووم ..))[1] پەرشـوبڵاویی هۆشـی کارەکتـەر لـەم مەنەلۆگەدا بەئاشکرا دیـارە و بـەهۆی تێکـەڵکردنی رابـردوو لەگـەڵ ئێسـتاو دوایی بازدان لە باسێکەوە بۆ باسێکی دیکـە و ماوەیـەکی زۆر درێـژ دەبـڕێ تاکو ئەو کۆمەڵە رووداوانـە دەستنیشـان بکـات، فرمانـەکان بـەهۆی ئـامرازی نەرێ و هەندێکیشیان هەر لـە بـاری ئـەرێیی ماونـەوە لـەرابردوو رانـەبردووی دانانی و فرمانی داخوازی، تاقەکانیش دەستنیشان نـەکراون و مـاوەی نێـوان رووداوەکـانیش دیـار نییـە بـیرو هـزری کارەکتـەر بـۆ لای یادگارییـە تـاڵ و ناخۆشەکان چووە وەك ئەوەی لەژیاندا خۆشی نەدیتبێ.

وێنەکان هەندێکیان بەوردی وەسفکراون و هەندێکیشـیان بـازی بەسـەردا دراوە؛ سەرەتای وێنـەکان و کۆتاییەکەشـیان کەئێسـتایە بەخۆێنـەر ئاشـکرا کـراوەو خـودی کارەکتـەر کەوتۆتـە کێشـمەکێش لـەنێوان رابـردووی تـاڵ و ئێستای کەنەفت .

لە چیرۆکی (هاوار)دا کۆمـەڵێك مەنـەلۆگی راسـتەوخۆ هەیـە لەیەکێکیانـدا ((شەبەقی دابوو بەڕێکەوتم دوو سـەعاتێك هـەیپێم لـێ کـردوو هـەر بەخۆشـم

[1]– س.پ، دووبینین، ل ١٤٥ .

نەدەزانی دواجار وتم باپشوویەك بدەم، لەپاڵ گردێكدا جگەرەیێكم پێكرد، وتم چاشتێكی قایم دەگەمە ملەكەوە، قەرەدیار نەبوو ... نابێ هاواركردنم لە بیربچێ نەكو ئێمە خواوڕاسان یەكێك بێرەدا گوزەربكات هۆ ۆۆ هۆهۆ، ... جگەرەكەم تەواوكرد هەستام زۆر نەڕۆیشتم تەماشام كرد لەدوورەوە تۆزێك دیاربوو ...))[1]. كارەكتەر راستەوخۆبە راناوی (من) دەدوێ و گەشتێك بەپێش رووداوە تازەكەدادەكات و لە ڕێی فرمانی (بوو) لەرابردووی خۆی دەدوێت، لەدواییدا پێشبینیی كردووە وئیدی بەپەلە دەگەڕێتەوە بۆ كاتی ئێستا و هاوارەكەی دووبارە دەكاتەوە دیسان بازدەداتەوە بۆ گێڕانەوەی رابردوو لەڕێی مۆنتاژی كاتەوە رووداوە كان دێنێتە پێش چاوی خۆی، ئەم دۆخە تازەیەی كە تێیی كەوتووە، ئەویش كەوتنە ناو بیرە، بووە بە هۆی ئەوەی كارەكتەر بەرابردووی خۆیدا بچێتەوە، لەگەڕاندنەوەكەیدا بۆ رابردوو هزری دەپسێ و دێتەوە ئێستا، مەنەلۆگ لەناو مەنەلۆگ دروست دەكات لەڕێی ئامرازی بانگ كردنی هۆۆۆ هۆ هۆ، ئەم (هۆۆۆهۆهۆ)یە لەسەرەتای چیرۆكەكەشدا هەیە، ئەوەی نەدەبوو لەم مەنەلۆگەدا هەبێ خاڵبەندییە، چونكە نابێ لە مەنەلۆكدا خاڵبەندی بەكاربێ.

ئەو بیرەقووڵەی كارەكتەری تێكەوتووە، بەئاشكرا رەهەندی دەروونی شپرزەو شێواوی كارەكتەری وێڵ و ڕێگە لێ بزر بوو بەدیار دەخات، كە هەر بە ئومێدی رزگار بوونەو یان هەر ئەو شوێنە دەبێتە گۆڕی كارەكتەر. لێرەدا كارەكتەر دابەشبووە بۆ دوو بەش، بەشێكی لە رابردووە بەشەكەی دی، قەیرانەكەی ئێستایەتی و چاوەڕێی كردنەوەی دەرگای ئاوات و ئومێدە، بەڵام بەهەوڵ وكۆششی خۆی نا، بەڵكو چاوەڕوانی دەستێكی دەرەكییە بۆ ئەم رزگاربوونە.

١ – كۆچیرۆك، هاوار،ل١٥٣ .

**ب– مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ**

جۆرە قسە لەگەڵ خۆ کردنێکە گێڕەرەوەی ((هەمووشتزان پێشکەشی دەکات و پێشترقسەی تێدا نەکراوە بەشێوەیەکی وایە هەست دەکرێت لەهۆشی کارەکتەرەوە هەڵدەقوڵێ، جگە لەمە ڕێنیشاندەری خوێنەرە لەڕێی روونکردنەوە و سەرنج و تێبینی))[1] بەمە کارئاسانی بۆ خوێنەر دەکرێ. ((دانەر لە چیرۆکدا ئامادەیە پێ بەپێی تاکگوتاری کارەکتەر دەجوولێت و ئەوەی لە زەینیدایە بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە، دانەری هەمووشتزان کەلەڕاستیدا دەبێتە گێڕەرەوەی هەمووشتزان هەموو شتەکانی ناو زەینی کارەکتەر لەکاتی پێش قسەکردندان بەجۆرێك دەخاتە روو دەڵێیت ئەم رووداو و، باس و خواسانە ... راستەوخۆ لەزەینی کەسەکەو کارەکتەرەوە دەگوازرێنەوە[2]. لەمجۆرە مەنەلۆگەدا، گێڕەرەوە وەسفی مەنەلۆگ دەکات، لە مەنەلۆگەکە لەجیاتی جێناوی کەسی یەکەم، جێناوی کەسی دووەم و سێیەمی نادیار بەکاردێ، واتە پێچەوانەی مەنەلۆگی ڕاستەوخۆیە، کە جێناوی کەسی یەکەمی تاك تێیدا بەکاردێ [3].

مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ، ئیحا بەخوێنەر دەدا، کەگێڕەرەوە و دانەریش ئامادەن. جگەلەوەسفکردن و لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان شتەکان و یەکێتییان و هۆیەکانیان و هەستکردن بە واقیع تێیاندا بەکار دەهێنرێ[4]

مەنەلۆگی ناراستەوخۆ، قسەکانی ناو زەینی کارەکتەر لە ئاستی پێش زمانەوە دەگوازێتەوە، بۆیە قسەکان لەڕستەیەکی تەواو و واتاداردا پێشکەش بەخوێنەر دەکرێن.

نموونە لەمەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ: لە چیرۆکی (ئەنجامی پەیامێك)دا، کە لەکۆمەڵە چیرۆکی دووەمە ساڵی ١٩٦٨ نووسراوە، (بەڵام بابیکەن)[5]، لەم

---

[1] – تیار الوعی، ص٤٩.

[2] – تیار الوعی، ل٤٩.

[3] – س،پ، ل٤٩.

[4] – س.پ، ل٤٩.

[5] – کۆچیرۆك، ئەنجامی پەیامێك، ل ٤٤.

مەنەلۆگــە ناڕاســتەوخۆیەدا، کاتەکــە رانــەبردووی دانانییــە. لــەواقیعی چــیرۆکەکەدا خراپەکارییــەکانی بــەعس روویانــداوە و کۆتاییــان پێهــاتووە، کەچــی کارەکتــەر لــەم مەنەلۆگــەدا دەڵێت:(بابیکــەن) وەك ئــەوەی کارەکــە نەکرابێ. ئەم ڕستەیەش ئاراستەی کەس نەکراوە و گوێگری نییە ورستەیەکی زۆر کورتە، دەرروونی شپرزەو هەڵچووی ئەو پێشـمەرگەیە نیشـاندەدات کـاتێ دایك و باوك و خێزانی خۆی بێ سەروشوێن دەبینــێ، لــەرێی جێنـاوی کەسـی سییەمی کۆوە دەربڕیوە، ئەگەرچی مەنەلۆگێکی کورتــە بــەڵام ورەی بــەرزو پــۆڵاینی پێشـمەرگەو تەسـلیم نــەبوونی بــەدوژمن تێدا بــەدی دەکرێت، وەك ئەوەی بە دوژمن بڵێ تۆڵە بە سەبرە بەڵام بەزبرە .

لــە چــیرۆکی (بــەردی ســەبر)دا کۆمەڵــە چــیرۆکی پێنجــەم هەربــەو نــاوە ناونراوەو لە مەنەلۆگێکی ناڕاستەوخۆدا هاتووە :

(( گیانی بابە

.......

ئــەم وێنەیــەت ؟ .. ســاڵێکی تووشــی وەك ئــەم ســاڵانە بــوو .. بەتــەك ئــەو نەمامەوە رامـان گرتـی و ئــەم وێنەیــەمان گـرت، ئـیتر هــەموو سـاڵێك لەگــەڵ ئەوانەمامەدا بەراوردمان دەکردی، ئەو ساڵی دوو ئەوەنـدەی بـاڵات دەچـووە ئاسمانـا. تـۆش هــەرباریك و سـیس دەبوویتــەوە ئــەو سـێبەرێکی گەشـی پــڕ حەوشەکەی بۆ کردین))[1] .

لـە چـیرۆکی (ئـەی چـی بکـەم)دا لەمەنـەلۆگێکی ناڕاسـتەوخۆدا کـە ژنێك لەگەڵ خۆی و بە بێ دەنگ قسە دەکات ئەمـە لـەکاتی راوەسـتانی ژنەکەیـە لەبەرامبەر ئاوێنــەدا : ((چــی دەکــەی ؟ .. تــۆ لــەو کاتــەوە بــەکر مەرگــەوەڕ دونیـای زیـنی شـێلو کـرد نـازانی چـی بکـەی، لـەو کاتـەوە کـە راوکەرەکـە (شاعەباســی) حەوانــەوە و شــاردەوە نــازانی چــی بکــەی ... لــەو رۆژەوە قاسیدەکەی (دمدم) خـەوی پیاکـەوت و نامـەی باخـەڵیان دەرهێنـاو یـەکیان بەحەوت کردو ئاگای نـەبوو، نـازانی چـی بکـەی ... تـۆ لەوکاتـەوە سـوارەی

[1] – کۆچیرۆك، ل١٣٧.

ئیمارەتێك بەوەوە خـۆی هەڵدەکێشا کـە ئابلۆقـەی ئیمـارەتێکی کـەی داوە نـازانی چـی بکـەی ... کـاتێ (نـالی) یـان تـۆران و باپیرەکانیشـت شاباشـی هەنگوینی ژاراویـی شـاکانیان کـرد ئـیتر نـازانی چـی بکـەی ... لـەو دەمـەوە گالێسکە لێخورەکانی (نارامسـین) شـەو تـا بـەیانی ئـارەزووی خۆیانیـان بـە ئافرەتـە قـەیرەکان دامرکانـدەوە نـازانی چـی بکـەی ... لـەو کاتـەوە دەم چەرموو وکەوا شۆڕەکان هەر لە خۆیانەوە دیارییان لە هەزاران کۆ دەکردەوە و بۆ سوڵتانەکانی (باب العالی) یـان دەنـارد نـازانی و نـازانی چـی بکـەی ... لـەوەتی رەسـووڵی مێـردت بەتـەنیا بـەجێی هێشـتی و ئێسـتاکەش نانەواکـە مزەی لێ خۆش کردووی و هـەموو رۆژێ دەسـتی لـەقامکت دەدا نـازانی چـی بکەی ... تۆ ئەم پرسیارە ئەزەلییە لە کـێ و بـەڕووی کێـدا دەدەی ؟ ئەمـە زەمانێکـە کـەس فریـای کـەس ناکـەوێت ... پەنجـەی بـۆ ئاسـتی ئاوێنەکـە بـەرزکردەوە، هێشـتا پاشمـاوەی ئـاردی دەسـتی ئـارداوی نانەواکـەی پێـوە مابوو ... لەم رۆژگارەدا کەکـەس بەکـەس نییـەو، وەك رۆژی قیامـەت کـەس فریـای کـەس ناکـەوێت، ئـەم سـێ بێچـووە بـێ پـەڕو باڵانـە چـۆنیان بـەخێو دەکەی؟ کێ دەڵێ دەوەن بەدار دەبێ ؟! "تەنیام ... لەم تەنیاییەی خۆم دەترسم ... دەبا ئـەو نانەوایـە بکەمـە داڵـدەی خـۆم ... ئـەی وانەکـەم چـی بکەم؟ ... کەس لەبرسانا مردووە؟... ئا ... بەهەزارن ... بـەڵام بـاجی ئـەم لەبرسامردنە دەبێ من بم ؟! ... دەستێك و ئەمجا شتێکی کە تا بەداوەکەوە دەبم ... برایەکم ... هەیـە، هەرشـەوێك کـە دێتـە بەغـدا بەقـەد پـارەی یـەك سـاڵی نـانی ئێمـە لەدەسـت سـۆزانییەکان دەنـێ"))[1]. ئـەم مەنەلۆگـە لەسەرەتادا ناڕاستەوخۆ بە جێناوی کەسی دووەمی تاك لەگەڵ خۆی دەدوێت و جێناوەکە هەر ئەو ئەرکـەی کەسـی یەکـەمی تـاکی بینیـووە، دایـەلۆگێکی روون و ئاشکرای لەگەڵ خۆی دروستکردووە و خودی ژنەکە لەگەڵ دەروونـی خۆی هاتۆتە قسەکردن، قسـەکان خراونـە نـاو کەوانـەو ئاراسـتەی کەسـێکی

[1] - کۆچیرۆك، ئەی چی بکەم، ل ١٦١ – ١٦٢.

دیاریکراو نەکراون وهەرجارەو بەجیا جێناوەکان بەکارهاتوون و تێکەڵ نەکراون، قسەکان پەرشوبلاّون و لەسەر یەك نین و هەندێ جار نەگونجاون لەگەڵ بابەتە سەرەکییەکەی کە ژنەکە پێوەی دەناڵێنێ، بازدان لە گێڕانەوەی بابەتەکاندا هەیە، جگە لەڕستەی ناتەواوو پرسیارلەخۆکردنی بێ وەلاّم و بەبیرهاتنەوە بەهۆی فلاشباکەوە بەبێ سانسۆر، چونکە مەنەلۆگ بۆ رەنگپێدانەوەی پرۆسەکانی زەین لای کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکی تەوژمی هۆش و ئاگایی گێڕەرەوەی هەمووشتزان بەژیانی ناوەوەی کارەکتەرەکان و ناوەرۆکی ناڕێکوپێکی و نالۆژیکی و نەگەیشتنە ئاستی بەدەنگبوونی قسەوە پەیوەستە، لەمەنەلۆگی ناڕاستەوخۆدا مەنەلۆگەکە وەسف دەکرێت[1] .

لەم مەنەلۆگەی سەرەوەدا، کە درێژترین مەنەلۆگە لەناو کۆچیرۆکەکەدا، گێڕەرەوە تەنیا بیری کارەکتەرەکەی بۆ خوێنەر نەگواستۆتەوە، بەڵکو لەبەشی یەکەمی مەنەلۆگەکەدا گۆشەنیگای چیرۆکنووس وپاشخانی رۆشنبیری زاڵە بەسەر مەنەلۆگەکەدا، ئەگینا وەك لەو مەنەلۆگەدا دیارە ((تۆ ئافرەتێکی بێ دەرەتانی کەڕەواڵەی ئەو گەرمیانەی نیازی چیت هەیە؟))[2] ئەو ئافرەتە کەڕەواڵەیە ئەم مێژووەی شاعەباس ونەرام سین وئیمارەتی کوردی و....... هتد چوزانێ، ئەم خۆتێکەڵکردنەی چیرۆکنووس لەناو مەنەلۆگەکەدا بەڕاستەوخۆیی سەرهەڵدەدات کەدەڵێ: ((پەنجەی بۆ ئاستی ئاوێنەکە بەرز کردەوە، هێشتا پاشماوەی ئاردی دەستی ئارداوی نانەواکەی پێوە مابوو ..))[3] چیرۆکنووس پێی وایە لەکاتی چیرۆکنووسین گیان بەبەر کارەکتەرێك دێنێ و واقیع دووبارە دەکاتەوە بۆیە ڕێگە بەخۆی دەدات بیری خۆی تێکەڵ بەگێڕانەوەکە بکات.

---

[1]- تیارالوعی، روبرت همفری،ص٤٩.
[2] - کۆچیرۆك، ئەی چی بکەم ،ل١٦٢.
[3]- کۆچیرۆك، ئەی چی بکەم ، ل١٦٢.

لەبەشـی یەکـەمی مەنەلۆگەکـە شـێوازی پرسـیار کـردن زاڵـەو مەنەلۆگـە دەروونییەکە لەسـەرخۆ چـۆتە نـاو نـاخی کارەکتـەر، ئـەم لەسـەر خۆییـەش لەبیرکردنـەوەو روونکردنـەوە بـەتاڵ نییـە، لایـەنی ئـاڵۆزو نـەبوونی توانـای کارەکتەر لەسەر وەرگرتنی هەڵوێستێك نیشان دەدات، ئەو واقیعەی کـە هـەر چـوار لای گرتـووە، لـەپڕ خـۆی لەبەرامبـەر هەنـدێ پاڵنـەری ناوەکیـدا دەبینێتەوە، بەدەستەواژەی (نازانی چی بکەی).

بەشـی یەکـەمی مەنەلۆگەکـەی زیـاتر بەشـێوازی رانـەبردووی دانـانی دەربڕیـوە لەکۆتاییەکـەی بەرپەرچـی وتەیـەکی پێشـینان دەداتـەوە (هـەر دەوەنـە دەبێـت بـەدار) لای کارەکتـەر دەوەن بـەدار نابێـت، لەبـەر ئـەوەی رەشبینی باڵی بەسەر دەروونیدا کێشاوەو تروسکەی روونـاکی بـەدی ناکات. کۆمەڵێ یادەوەری کە خۆیان لەنەستی کارەکتەر حەشـار داوەو تـەنیا خـۆی پێیان دەزانێ و لەدوای یەك دێنەوە بیری بەشی دووەمی مەنەلۆگەکـە تـەواو دەکات .

خوێنـەر هەسـت بـەم سـەرەتایانەی کارەکتـەر ناکـات، ئەگـەر خـۆی خوێنەر پەلکێشـی نـاو ئـەو قسـە هـەڵبزرکاوو پچرپچـڕانە نـەکات، بێگومـان خوێنەر بەم قسانەی کارەکتەر دەچێتە ناو نـاخی کارەکتـەرو لـەم گەشـتەی کارەکتـەر بـۆ نـاخی خـۆی هاوشـان دەبێـت. لەبەشـی دووەمـی مەنەلۆگـە راستەوخۆکەیدا، کارەکتەر جێناوی کەسی یەکەم بەکار دێنێ و لەنێوان ترس و دڵەڕاوکێیەکی سەیردا وەك چۆن دەسکە ئاون لەئاون دەدرێ بـەم شـێوەیە مێشـکی لـە زرنگانەوەیـەکی بەردەوامدایـە دەترسـم .... دەبـا ئـەو نانەوایـە بکەمـە داڵـدەی خـۆم .... چـی بکـەم ... کـەس لەبرسـانا مـردووە؟ ئـا .... بەهـــەزاران دەربڕینـــی پچـــڕ پچـــڕ و پرســـیاری بـــێ وەڵام بـــەردەوام لـــەم گێژەلوولکـەی بیریـدا دەخولێتـەوە، مەنەلۆگەکـەش بـە ناڕاسـتەوخۆ و راستەوخۆ پێشکەشکراوە.

لەمەنـەلۆگێکی دیکـەی ناڕاسـتەوخۆدا (هـەر بـۆ دەمـی سـاوایەکی خنجیلانە دەشێ)[1] لەڕێی جێنـاوی کەسـی سـێیەمی تـاك (ێ) کـورتکراوەی جێناوی (ێت)ە وەسفی مەمکی خۆی دەکـات و بەخـەیاڵ دێتـە پـێش چـاوی کەوا منـداڵێکی سـاوای لەسـەر کۆشـی خـۆی دانـاوە و شـیری دەداتـێ. لـەم مەنەلۆگەدا، هیـواو خـەم لـە دەروونـی کارەکتـەر لـەنێوان حەسـرەت و خـەو بینینـدا تێکـەڵاو بـووە بەهـەبوونی منـداڵێك. خـەیاڵکردن بەهـەبوونی ئـەو کۆرپەیە لەناو دەروونی کارەکتـەر گـڕی سـەندووە، بـەڵام ئاراسـتەی کەسـی نەکردووە، بەڵکو لەڕێی گێڕەرەوە پێمان گەیشتووە.

لەچیرۆکی (سەرەڕێدا) لەمەنەلۆگێکی ناڕاستەوخۆی زۆر کورت تەنیا لەدوو وشەو دوو سـێ خـاڵ پێکهـاتووە (وەڵڵاهـی ... هـا) مەنەلۆگەکـە وەك قسـەیەکی هـەڵبزرکاو وایـە، خوێنـەر تێبیناگـات سەرسـامی و شـپرزەیی کارەکتـەر بەرامبـەر رووداوو بینینـەکان بـەدیار دەخـات و لەمەنـەلۆگی دوای ئەودا بەدیار دەکەوێت کە ئەم شپرزەییەی بۆچی بوو.

لەچـیرۆکی (دوو بیـنین)دا هـاتووە ((جـا چـی تێدایـە، پـایزەو دەبـێ بوەرێ))[2] کارەکتـەر پـاش ئـەوەی بەگۆچانەکەی گەڵایـەکی وەریـوی پـان کردەوە وقرچـەی لێـوە هێنـا چاوەڕێی گەڵایـەکم بـەڵام لەگـەڵ ئـەم قسـەیە ترسێك لەناخی سـەریهەڵدا و لـەم قسـەیەی خـۆی پەشـیمان بـۆوە، جـا چـی تێدایە دەبێ بوەرێ. دەیویسـت مـردن لـەبیر خـۆی بباتـەوە، لەبـەر ئـەوەی تەمەنی ئەویش لەخەزاندا بـوو وەك تەمـەنی گـەڵاکان، بـەڵام ئەمـەی بەسـەر خۆی نەهێنا ئەگەرچی لەناخەوە ترسی مردنی لێنیشتبوو. ئەم مەنەلۆگـەش ئاراستەی کـەس نـەکراوە و گێـڕەرەوە ئـەم قسـە شـارانەوەی کارەکتـەرمان لەڕێی پرس و فەرمانی یاریدەدەر لەرانەبردوویەکی دانانیدا پێڕادەگەیەنێ.

---

[1]- کۆچیرۆك، کورتەی چوار چیرۆکی یەکجار درێژ ، ل٧١.

[2] – س.پ، دووبینین، ل ١٤٢.

لەچیرۆکی (عەبۆئیتالّی)داو لەمەنەلۆگێکی ناڕاستەوخۆدا کارەکتەری سەرەکی لەمەنەلۆگێکدا باسی عەبۆ دەکات و دەڵێ :((بۆچی عەبۆ دەیزانی و لای مسۆگەر بوو دەگاتە ئیتالّیا؟))[1]. ئەم مەنەلۆگە ئاراستەی کەس نەکراوە لەڕێگەی گێڕەرەوە پێمان گەیشتووە، بەیارمەتیی وشەی پرس و فەرمانی رابردووی بەردەوام ودوور دەربڕاوە، هاواری ناخی کارەکتەری سەرەکیی بەهێمنی پرسیاری بەسەر سوڕمانەوە لەخۆی کردووە ویستوویەتی پەردە لەسەر زەینی عەبۆ لابدات، تاکو بزانێ چی لەزەینیدا خولاوەتەوە، ئەم مەنەلۆگەش نەبۆتە هۆی بەرەوە پێش بردنی رووداو، بەڵکو تەنیا کاتی گێڕانەوەکەی خاو کردۆتەوە. لەم گێڕانەوانەی چیرۆکنووسدا پشت بەستن بە مەنەلۆگ پاژەییەو گشتگیر نییە، ناو بەناو پەنای بۆ بردووە، دووبارە گەڕاوەتەوە سەر گێڕانەوەی ئاسایی خۆی، کەچی رۆمانە جیهانییەکان زیاتری بەمەنەلۆگ دەگێڕرێنەوە.

نموونەی مەنەلۆگی تێکەڵ :((بریا پێم نەدەوت، ئیتر نایبڕێتەوە))[2] سەرەتا راستەوخۆیە لەرێی جێناوی یەکەمی تاك و دواتر ناراستەوخۆیە لەرێی جێناوی کەسی سێیەمی نادیار.

ئەو نموونە لە یەکترازاوو دابڕاوانەی لە نموونە جیهانییەکاندا بەدیدەکرێت، وەك ئەوەی کارەکتەرێك تووشی نەخۆشیی شیزۆفرینیا بووەو هەر جارەی بە جۆرە کارەکتەرێك خۆی دەنوێنێ و خوێنەر تووشی سەرلێشێوان و تێنەگەیشتن دەبێت. ئەگەر هەر لە زووەوە نەزانێ بنچینەی مەسەلەکە چییەو چۆنە. لەم جۆرە نموونانە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا، بەرچاو نەکەوتن .

---

[1]- س.پ، عەبۆ ئیتالّی، ل٢٠٢ .

[2] -کۆچیرۆك، تابلۆیەکی سوریالی، ل٨٣.

٢ - خۆدواندن (مناجاة النفس)

ئەم شێوە قسە لەگەڵ خۆکردنە لە بنەڕەتدا تەکنیکێکە، لەکۆنەوە بۆسەرشانۆ دانراوەو لەگەڵ گریکەکان گەشەی کردووە، کارەکتەر تێیدا لەسەر شانۆ خۆی دەدوێنێ و لە قسەکردنێکی تەنیادا دەبێ، بەلام لە لایەن بینەرانی شانۆیەکەوە بیستراوە، پێوەندییەکی توندوتۆڵی هونەری وئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە، لە رووداو و کەسێتییەکان و چیرۆکنووسیش ئەم تەکنیکە شانۆییەی خواستۆتەوە، بەهەوڵدانی چیرۆکنووس بۆ شاردنەوەی کارەکتەرەکانی ولێکوڵینەوەی بابەتییانەی کرداری گێڕانەوە[1] رۆبێرت هەمفری بەمجۆرە پێناسەی دەکات: ((تەکنیکێکە پێکهاتەوکردەی زەینیی بەراستەوخۆیی لەکارەکتەرەوە وبەبێ ئامادە بوونی گێڕەرەوە، بەلام بەگریمانەی هەبوونی جەماوەر بەبێدەنگی))[2] دەخرێتەروو، لەگەڵ خۆ قسەکردنێکە کارەکتەر هەست وبیری خۆی بەدەنگهەڵبڕین دەردەبڕێ واتە "دەدوێت" بۆ ئەوەی گوێگر لەمەبەستەکانی بگات، خۆدواندن ئەوەی هەیە دەیخاتەڕوو، بەلام مەنەلۆگ خوێنەر بۆناو زەینی خۆی رادەکێشێ واتە: ئەم خۆدواندنە پێچەوانەی مەنەلۆگە، کەمەبەستی گەیاندنی ناسنامەی زەینی و ژیانی ناوەوەی کارەکتەر نییە بەخوێنەر، بەڵکو ئامانج ((گواستنەوەی بیرەکان و هەستەکانە کە بە گرێچنی هونەریی وکردەی هونەریی چیرۆکەوە پەیوەستە))[3] واتە ئەم تەکنیکە پێکهاتەی زەین وکردە زەینییەکان بەڕاستەوخۆیی پێشکەش بەخوێنەر دەکات گریمانەش دەکرێت کە کەسێك، گوێرێك ئامادەیە بۆئەوەی گوێ رابگرێ. بەرای کودن: ((خۆدواندن بەشێکە لە مەنەلۆگ))[4] و جیاوازیی خۆدواندن لەگەڵ مەنەلۆگ ئەوەیە: لەخۆدواندندا کارەکتەری چیرۆك بەدەنگی بەرز بۆ گوێگرێك، دوێنراوێك قسە

---

١- جماليات القصة القصيرة، احلام هادى، ص٥٨.

٢- تيار الوعى، روبرت همفرى، ص٥٦ .

٣ - جماليات اللغة فى القصة القصيرة، احلام حادى،ص٥٦.

٤ - الحوار القصصى، فاتح عبدالسلام، ص١٢٦.

دەكات و ئەو قسانەی كارەكتەر لەمەنەلۆگدا دەیكا گـوێگرو دوێنـراوی نییـە، جگە لەوەی كارەكتەر لە ئامادەبوونی كەسـانی دی بـێ ئاگایە،جیاوازییـەكی دی ئەوەیە: مەبەستی خۆدواندن گەیاندنی سۆزو بـیری پەیوەسـت بـە چـنین وكاری هونەری لەكاتێك مەنـەلۆگ پـێش هـەموو شـتێك گەیانـدنی ناسـنامەی زەینییـە ([1])، واتـە ئـەم خۆدواندنـە تەكنیكێكـە تـەنیا بـۆ چـیرۆك و رۆمـان دروستكراوە، بەلاَم وەك هەبوون لەژیانی رۆژانەماندا، لە لەگەلّ خۆقسەكردنی پیرێژن و پیرەمێرد و منداڵ و قسـەكردن لەسـەر گـۆڕی ئـازیزان و قسـەكردن لەگـەلّ خـوادا بـوونی هەیـە. لـەناو چـیرۆكدا لـەرێی دەسـتەواژەكانی: لەبـەر خۆیەوە وتـی، بـەخۆی گـوت، بـەخۆمم گوتـوە، لـەژێر لێـوەوە لـەدەم هاتـە دەر....جیادەكرێتەوە.

((لەخۆدواندندا گۆشەنیگای چیرۆكنووس هەر گۆشـەنیگای كارەكتـەرە و شێوازی قسەكردن تێیدا وەك مەنەلۆگ پەرش وبلاّو نییە، چینی هۆش لێرەدا هەردەم لەسـەرەوە نزیكـە))[2]. لەچـیرۆكەكانی ئـەم چیرۆكنووسـەدا هەنـدێ نموونە لە خۆدواندندا بەر چاو دەكەوێت، دەستنیشانیان دەكەین:

لەخۆدواندنێكدا، كـە بەدەسـتەواژەی لەبـەر خۆیـەوە دەیـوت دەسـتی پێكـردوە : ((دایكـم قـەت توانـای ئـەوەی نییـە بكەوێتـە ئـەو دەشـتە .... باوكمیان گرتووە .... بەتایبەتی بەبۆنـەی منـەوە گـەلێ ئـازاری دەدەن))[3] لەم خۆدواندنەدا كارەكتەر لەگەلّ خودی خۆی دەدوێ وپەردە لەسـەر نـاخی خۆی هەلّدەداتەوە ولەخەمی پیری وبێتاقەتی دایكی لەلایەك لەلایـەكی دیكـە خەمی باوكـە گیراوەكـەی كـەتوانای وێنـا كردنـی ئـەوەی نییـە لەسـەر ئـەو ئەزیەت بدرێ، لەهێنان وبردنی ئەم خەیالاّنە ونەمانی توانـای بـۆ بەرگـەگرتن لەداخا سەری خۆی رادەوشاند .

---

[1] – س.پ، ل١٢٧.

[2] –تیار الوعی، روبرت همفری، ص٥٦–٥٧.

[3]– كۆچیرۆك، ئەنجامی پەیامێك، ل٤٣.

لەچیرۆکی (سۆراخ)دا هاتووە : ((مەحموود بزە گرتی ولەبەر خۆیەوە وتی: "کلیلێکی باشم دەست کەوت بۆ ئەوەی دەمی پیێ داخەم ونەهێڵم درێـژدادڕی بکـات" .... بەلاّم مـن دەمـەویێ ئـەم (ابـو ئـازاد)ەی پـیێ سـاغ بکەمەوە، رەنگە بتوانیێ سەرە دەزوویەکەم بداتە دەست))[1].

لەچیرۆکی (ئاوارە بوون)دا هاتووە ((مـن لـەکویێ بـەغا لـەکویێ – لەبـەر خۆتەوە وادەڵێـی))[2]. ئـەم دەسـتەواژەیەی تایبەتـە بەخۆدوانـدن کەوتۆتـە دواوە خۆدواندنەکـەش لەسـەرەتایە و زۆر کورتـە، چـونکە زۆر جـار وادەبـیێ خۆدواندنەکە کورت و تیژ تێپەڕ بیێ وەك ئـەو وەلاّمـە کورتانەیـە لەدایـەلۆگی دەرەکی گفتوگۆکەران وەلاّمی یـەکتری پێدەدەنـەوە، جگـە لـەوەی هەناسـە ساردیی کارەکتەرو خەمی ناخی بۆ رابردوو، لەو کاتەی لـە دێیەکـەی خۆیـان بوو ئێستاش ئاوارەی بەغدایە بەدیار دەخات کە ترووسکەی رووناکی لـەدڵ و دەروونیدا نییە و بەخەیاڵ هەر لە گوندەکەی خۆیان دەژی و کەسی دووەمـی تاکی کردۆتە مەبەست بۆقسە لەگەڵکردنی، کە هەرکارەکتەر خۆیەتی.

لە چیرۆکی (کە نامەکەی بۆ خەلیفە نارد) لەبەر خۆیەوە دەڵـیێ :((مـن شایستەی ئەمە نیم بەلاّم زیرەکی خۆم .... بەسەریان تێپەڕ بـووە))[3]. لـەم خۆدواندنەدا سـەرەتا بـەجێناوی یەکـەمی تـاك دەسـتی پێکـردووە لەدوایـیدا جێناوی کەسی سێیەمی تاك وبەشێوەیەکی پچڕپچڕ وەك ئەوەی لەسەرەتادا دەسـتەواژەکان لەیـەك دابـڕاو وپەیوەسـت نـەبن بەیەکترییـەوە کۆتـایی پێدەهێنیێ.

لـە چـیرۆکی (دارەکـەی بـەرماڵمان)دا هـاتووە : لەبـەر خۆمـەوە وتم : ((دارە خۆشەویسـتەکە رەگـی قووڵـت وەك ژیانـە و ناسـووتیێ ... وەسـەر

---

[1] – کۆچیرۆك، سۆراخ ، ل١٣٣.

[2] – س.پ، ئاوارەبوون،ل٢١٧.

[3] – س.پ، کەنامەکەی بۆ خەلیفە نارد ،ل٢٢٧.

هەڵدانـەوەت ئـەمجارەیان بـەجۆرێك پـەل وبـۆ دەهـاوێ هـەموو دێیەكـەم بگرێتەوە))[1] .

هەنـدێ جـار گێـڕەرەوە لەبـەكارهێنانی جێناوەكانـدا لەپێشكەشـكردنی خۆدواندنی كارەكتەر لەگەڵ دەروونی خۆی گۆڕانكاری و هەمەڕەنگی دەكات. لێرەدا لەبەكار هێنانی جێناوی كەسی دووەمی تاكدا، كە لەگەڵ دارەكەیـەتی وبە مەبەست ئەم جێناوەی هەڵبژاردووەو بەهۆیەوە لەگەڵ دارەكە دەدوێت و خەم و خەفەتی پەردەپۆشـكراوی دەروونـی بـەم دووسـێ قسـەیە، كـە بـۆنی شـۆڕش و ڕاپـەڕینی لێـدێت، نـاخی خـۆی پـێ ئـارام دەكاتـەوە، لـەجیاتی رەشـبینی بـەهیواو گەشـبینییەوە دەروونـی خـۆی نیشـان دەدات و لـەڕووی زەمەنەوە بـەهۆی پێشـبینیكرنی كارەكتـەر، بـازدانی تێدایـە لەئێسـتاوە بـۆ داهاتوو.

٣- بەدوا هاتنی ئازاد(التداعی الحر)

بەدواداهاتنی ئازاد (التداعی الحر)، بەبیرهاتنـەوەی شـتێكە یـان چـەند شتێك بەهۆی شتێكی دیكەوە، ئەمـەش لـەڕێی هەسـتەكانەوە دێتـەدی. ئـەم بـــەدواهاتنی ئـــازادە، كەشـــەپۆلی هـــۆش پشـــتی پێدەبەســـتێ، مانـــای ((ئاماژەكردنی شتێك بەشتێكی دیكـەو ڕێككـەوتنی ئەمـەش لـەڕێی سـیفاتی هاوبەش وپێچەوانەوە دەبێ بەشێوەیەكی گشـتی یـان پـاژەیی دەبێـت))[2] .

بەهۆی ئەو نزیكییەی لەنێوان وەسفراوەكراوەكەو وێنەكەی یان لێچـووەكەیدا هەیـە؛ دەبـێ لـەدێر زەمانـەوە لەگـەڵ بـوونی مـرۆڤ ئـەم بەدواداهاتنـەوە هـەبووبێ. ئـەركی هەسـت، سـەیركردن و گواسـتنەوە و نـاردنی زانیاریيـە هەستییەكانە بەگشتی، لەم بەڕێوەبردنی هەستەدا، چاو و گوێ لەپێشـەوەی هەستەكانن و بەچەسپاوی شتەكان لەناو زەین دادەكەن،(خزن) بـۆ نموونـە :

---

[1] - كۆچیرۆك، دارەكەی بەرماڵمان، ل٢٤.

[2]- تیار الوعی، روبرت همفری، ص٦٥ .

ڕەنگەکان وەك خۆیان دەچەسپێن و هەرگیز لە دووبارەوێناکردنەوە لە بەدواهاتنی ئازاددا ڕەنگی دار لەسەوز زیاتر ناهێنێتەوە یاد. چاو وگوێ تەنیا لەنزیکەوە شتەکان داناکەن، بەڵکو لەدوورەوەش توانای داکردنییان هەیە ئەگەر هێز خستنە سەر یەك خاڵەکە (ترکیز) چڕو وردیش نەبێ، هەرچی تامکردن و دەست لێدان و بۆنکردنە، ئەوانە تەنیا لەنزیکەوە دەتوانن ئەم داکردنە جێبەجێ بکەن .

ئەم بەدواهاتنە ئازادە، کردەیەکی لەپڕو لەناکاوو بێ بەرنامەیەو لەدەرەوەی ویستی مرۆڤە؛ بەهۆی پێشبینی کرنی کارەکتەر بەهۆی پێشبینی کرنی کارەکتەر بەهۆی دیتن و بیستن و بۆنکردن و بەردەستەکەوتن یان تامکردن لەکاتی ئێستادا، دەبێتە هۆی بەگەڕ خستنەوەی یادەوەری لەرابردوودا، کاتێ یەکێك لەمانە باسکراون و ئەنجامدراون و لەزەیندا داکراون کاتی دوور یانزیکیان بەسەردا تێپەڕیوە واتە : هەمیشە کردە هەنووکەییەکە دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەو ورووژاندنی رابردوو.

جگە لەمانەی باسکران هەندێ جار بەدوا هاتنەکە هەستی نییە، بەڵکو گوتەیی (لفظي)یە، بۆ نموونە لەگەڵ ناوی (گوڵی وەنەوشە، نێرگز) یەکسەر بیری کەسەکە بەلای ناوی کچێکدا بچێ کەناوی وەك یەکێك لەمانە بووبێ ویادگارییەکی خۆش یا ناخۆشی لەگەڵدا هەبووبێ .

فرۆید بۆ لێکدانەوەی خەونەکان و چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان پشتی بە بەدواهاتنەوەی ئازاد دەبەست لەکردنەوەی ڕەمزی خەون و گەیشتن بە بیری ناهۆش، ئەوە بوو نەخۆشەکانی درێژ دەکرد و دەستیان بەگێڕانەوەی یادگاری و ئازارەکانیان دەکرد بەبێ وەستان وسڵەمینەوە لەژێر چاودێریی چارەسەرکەری دەروونی کە بەوردی چاودێریی شێواز وبەکارهێنانی ئەو گوتانەی کە شێوازی نەخۆشەکەی لەرووبەڕوو بوونەوەی ژیان وچارەسەرکردن ڕەنگ پێدەداوە، بەڵام یۆنگ سوورە لەسەر

ئەوەی خەوشەکانی مرۆڤ، خاڵی دەستپێکردنی هونەری بەدواهاتنەوەی ئازاد بن لەبەدوادا چوون و پشکنین لە چەپێنراوەکانی ویژدان[1] .

ئەم تەکنیکە سەرەکییە سێ هۆکار رێکی دەخەن :

((یەکەمیان : بیرەوەرییە کە بنچینەیەتی،

دووەمیان : هەستەکانە، بەڕێوەی دەبات ،

سێیەمیان: ئەندێشە کە گوێڕایەڵی دەستنیشان دەکات و نووسەرانیش بۆ دەستنیشان کردنی ئاڕاستەی هۆشی کارەکتەرەکانیان بەکاری دەهێنن))[2] کات لەم تەکنیکەدا لەجست و جودایە لەنێوان ئێستاو رابردوودا، بیرەوەریی لەرابردوو، هەست لەئێستا، لەرێی گوێڕایەڵی و بەندایەتی ئەندێشەوە بۆ زەینی کارەکتەر کە لەشێوەی سووڕانی چاو بەدەورو بەردا ئەندێشەش لەخولانەوەی بەردەوامدایە ((ئەمە راستی بەدواهاتنی ئازادە، دەنگەکان لەناوەوەو لەدەرەوە، بەبێ هیچ رێکخەرێك دەچنە ناو یەکتر))[3] .

لەچیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا، ئەم تەکنیکە بەرچاو دەکەوێت و بۆئەمە سوودی لەرووداوی راستەقینە وەرگرتووە بۆ بەرجەستەکردنی وێنەکان و خستنە روویان، هەر بۆیە وێنەکان دەبنە تابلۆیەك وەك ئەوەی خۆیان بدوێن ئاوا پڕن لەجووڵە. سەرەتای بەکارهێنانی بەدواهاتنی ئازاد لە چیرۆکی (رێگای راستی) کە لەساڵی١٩٦٨دا نووسراوە دەست پێدەکات:((بەڵام لە دوای ئەم چیرۆکە ئیتر بەبەردەوامی ولەزۆربەی چیرۆکەکانیدا بەکاری بردووە))[4] بەڵگەش ئەو نموونانەن کەدەخرێنەروو.

((بێڵەکەی توند کرد لەزەوی .... پێی نایە سەر ئەسپەرەکە ... دەنگی تەپڵ هێزی پێی نەهێشت دڵی گوشرا ... تاس بردییەوە بۆ ماوەیەك وەکو یەکێك بیر لەهیچ نەکاتەوە بۆ بەردەم بڕوانێ وشك بووەوە ناوچەوانی بەو

---

[1] - جماليات القصة القصيرة، احلام حادى،ص٩٥-٩٨.

[2] -س.پ ، ل٦٥-٧١.

[3]- الحوار القصصي، فاتح عبد السلام، ص ١٧٥.

[4] - چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر رۆژبەیانی، ل ١٤٥.

ساردە نشت لەئارەق پێرار هەر لەم کاتانە پێی لەسەر ئەسپەرەکە خلیسکا))[1] کاتی ئێستای چیرۆکەکە (شەو)ە، دەروێش عومەر بەتەنیایە، لەناو ئەو قوڕو ئاوە شولەی ئەوەشان، لەپڕ گوێی لە دەنگی تەپڵ لێدان بوو یەکسەر دڵی توند بوو و خێرا لێدەدا، مێشکیشی وەك قوڕولیتەکە لیخن ببوو، لەڕابردوو خەلیفە ئەوکەسە بوو، کە لەگەڵ دەنگی تەپڵ حاڵی دەگرت، ئەو پیاوەش بوو کەغەدری لەحەبەی خێزانی دەروێش عومەر کردبوو دوو سێ ساڵ بەر لەئێستا.

ئەو یادگارە تاڵەی کە لەڕێی هەستی بینینەوە، لەڕابردوو داکرابوو، لەکاتی ئێستادا دەروێش عومەر، بەفلاشباگ سێ ساڵ بۆ دواوە گەڕاوەتەوەو ئەم یادگارە تاڵەی هاتۆتەوە زەینی، تەپڵ لێدانی ئێستا / بیستن / تەپڵ لێدانی رابردوو وخەلیفەی تاوانبار/ دووبارە ئێستا، تاڤ بەم جۆرە لەنێوانی ئێستاو رابردوودا دێت و دەچێت لەڕێی بەکارهێنانی وێنەی داکراو لەزەینی کارەکتەردا، کەدەنگی تەپڵ لێدانەکەی خەلیفەیە واتە: لەگەڵ بیستنی دەنگی تەپڵ لێدان لەکاتی ئێستادا ئەورابردووەی هاتەوەیاد.

لەچیرۆکی (تابلۆیەکی سوریالی)دا کارەکتەری ئەم چیرۆکە دوای ئەوەی رووداوی ئۆتۆمۆبیل وەرگەڕانی بەسەردا دێت و دەکەوێتە خەستەخانە ولەسەر قەرەوێڵەیەك درێژ دەکرێ، بەڵام هۆشی لەخۆی نییە، کاتێ وردە وردە هۆشی دێتەوەبەر، چاوی هەڵبڕی ((هاوار و ناڵەی پیرەژنەکەی بەرامبەری، زیاتر وریای کردەوە وخستییە سەر سەرەتای مەسەلەکە :

- ڕۆڵە مەڕۆ.
- دایە جانتاکەم.
- ڕۆڵە مەڕۆ دەترسم.
- بریا پێم نەدەوت، ئیتر نایبڕێتەوە
- زۆرم پێناچێ و.... دواجاریش .....))[2]

---

[1]- کۆچیرۆك، ڕێگای راستی، ل ٤٦.

[2] -س.پ، تابلۆیەکی سوریالی، ل٨٣.

- ئەم هاوارو ناڵەی پیرێژنی خەستە خانە، دەنگی دایکی بەبیر هێنایەوە کە لەسەرەتا پێش سەفەر کردنی لێیپاڕایەوە، کە نەڕوات چونکە دڵی ترساوە.

لەرێگەی مۆنتاژی شوێنەوە، رابردووی هێنایەوە بۆ ئێستا، بەهۆی هەستی بیستن و بەدواهاتنەوەی ئازادەوە دروستبووە.

لەبەدواهاتنەوەیەکی ئازادی دیکە، لەچیرۆکی (تۆپەکەی ئازاد)دا وبەهۆی گوتەی (تۆپەکە ) کارەکتەر مردنی براکەی هاتەوە یاد کە هەر ئەویش تۆپەکەی بۆ ئازاد کڕیبوو:

((ئازاد کەدلۆپەکانی بۆ نەگیراو وەڕس بوو،دەستە بچووکەکانی خستە سەر شانی باوکی:

- بابە ئەزانم لەکوێی شاردۆتەوە .. هەرکە گەیشتینە ماڵ یەکسەر دەری دەهێنم ئێ ؟

-.............

وشەی"تۆپەکە" ورووژانی .. تۆپەکەی ئازاد (برایم)ی کاکی بەبۆنەی تەواو بوونی خانووکەیان بەدیاری بۆ ئازادی هێنابوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەش کە لەماڵی خۆیان دوور کەوتبوونەوە لەبیری نەچووبووەوەو چەند جارێکیش کولاندبوویەوە))[1] ، کاتێ ئازاد دلۆپە بارانەکانی سەر جامی ئۆتۆمۆبیلەکەی بۆنەگیرا وداوای تۆپەکەی خۆی کردەوە واتە: منداڵەکە بەهۆی دلۆپە بارانە خڕکانەوە تۆپە خڕەکەی خۆی کەوتەوە یاد ئەمەیان لە ڕێی هەستی بینین بوو، باوکیشی لەگەڵ ناوی "تۆپ"کەبەدواهاتنەوەی گوتەیی(لفظی)یە، شەهیدبوونی براکەی لە پێشمەرگایەتی بەبیر هاتەوە کە بەر تۆپبارانی دوژمن کەوتبوو بۆیە دەڵێ ئەو سالارە هەرچەندە ناوی (تۆپ) دێنێ لەدوولاوە برینم دەکولێنێتەوە.

[1] - کۆچیرۆك، تۆپەکەی ئازاد ،ل ١٠٠.

لەچیرۆکی (هەڵسانەوە)دا کارەکتەر (رەسووڵی قالە ئایش)ە خاوەنی دەروونێکی شپرزە و شێواوە، چونکە هەست بەوە دەکات باوکی ئەشکەنجە و سانسۆرێکی زۆری خستۆتە سەر؛ هەردەم وەك بەندەیەك لەبەردەمی کرنۆش بۆ فەرمانەکانی دەبات. شەوێك بەهۆی دیتنی وێنەی مانگ لەناو جامە ئاوەکەی ژوور سەرییەوە ((یەکسەر دایکم کەوتە بیر، چونکی کاتێ شەوان لەسەر بانی کوختەکەمان بەتەنیشتمەوە رادەکشا بەدەم چیرۆکی خۆشەوە دەیکردمەخەو، لەپڕ نەڕەی باوکم دایدەچەڵەکانین لەخوارەوە بانگی دەکرد"رەعنا وەرە رەعنا"، بەڵام پێش ئەوەی بەجێم بێڵێ دەیگوت:"تەماشای ئاسمان بکە ئەوەتا مانگ دەڵێ: ئێستا من دێمە لای نەترسی"))[1]. لەم بەدوا هاتنەوەیەدا بەهۆی هەستی بینین وێنەی مانگی لەناو جامەکە لەتاقی ئێستادا دیت و بووە هۆی بە بیر هاتنەوەی وێنەی مانگ لەرابردوو و لەسەربان کە دایکی ئەوی بەمانگ دەسپارد، وێنەی مانگ لەهزرو بیری کارەکتەر بەهەڵواسراوی مابووەوە. وێنەی مانگ وەك سەرەداوێکە بۆ بەدواداهاتنی کۆمەڵێك بیری دیکە لەڕێی بەدواداهاتنی واتایی((ئەو لکاندنە لەنێوان دوو وشەدا پەیدا دەبێت، بەهۆی دروستبوونی پێوەندییەك لەنێوانیان، چونکە لەزەیندا بەهەمان هۆکار بەستراون))[2] هەرچەندە کارەکتەر زیاتر بەناو چینەکانی هزری خۆیدا قووڵ بێتەوە، ئەوەندە بیرەکان بڵاوتر دەبنەوە.

لەچیرۆکی (ئەی چی بکەم)دا بەدوا هاتنەوە لەڕێی هەستی دەست لێدان و بەدوا هاتنەوەی گوتەیی بەرجەستەکراوە .کارەکتەر ژنێکە پیاوەکەی نەماوە خەمی دونیای لێهاتووە، چۆن ئەو منداڵانەی لەبرسێتی رزگار بکات لەکاتی ئێستادا دەڵێ "ئەی چی بکەم" لەگەڵ وتنی ئەم رستەیە بەهۆی فلاشباگەوەدەچێتەوە دواوە، ئەو کاتەی دێتەوە یاد کە

---

[1] - س.پ ، ل١٢٨.

[2] - معجم مصطلحات الادب ، مجدی وهبة، ص٤٥٠.

دەیانویست بەزۆری زۆرداری بیدەن بـەکویخا ئـەویش پـەیمانی خـۆی لەگـەڵ ڕەسـووڵ بەسـتبوو کەبەیەکـەوە بـڕۆن و لـەڕێگا ((تـاوە بـارانێکی ئەوسـەر ئێوارەیـە چـەمەکەی هەڵسـاندووە...ئەوەتانێ راوەسـتاوم وەك دارێکـی بـەر رەشـــەبا ئـــۆقرەم نییـــە...گوێم لێیـــە ئـــەوجارەش دەمگـــوت "چـــی بکەم؟"....رەسـوول دەبیـنم بەئاسـتەمێك پـێم دەڵێ: "مەترسـە... وەرە باوەشـم... ئێـژم وەرە کۆڵم..."...دەسـتی لەمەچـەکت گیرکرد،دەسـتت هەڵایسـا، دەسـتی ئاگرێـك بـوو چـزا بەمەچـەکتا ... فـەرمووو نانەکـەت .... چاوەکانت هی پەلەوەرێکن بەداوەوە بوو بێ، ئەمە چەند جارێکە کە نانەکەم دەداتـە دەسـت وام پـێ دەڵـێ وپەنجـەکانم دەگوشـێ. ئـەمڕۆ لـەجارەکانی پێشووزیاتردەسـتی خـەریك کـردم ئەوەنـدەی نـەمابوو نانەکـەم لەدەسـت بەربێتەوە))[1]. کارەکتەر هەردوو دەست بەر یەککەوتنەکەی تێکەڵ کـردووە بەهۆی یەکێکانەوە ئەوەی دی هاتۆتە بیر، بەدەست بەرکەوتنەکـەی رابـردوو لە خۆشیاخەریکبوو ببورێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا پڕترس و ناخۆشییە ئەم وێنەو بیرو دیمەنانەش لەبیرەوەریدا داکراون و دەروونـی کارەکتـەریان داگـیر کردووە تا لە ڕێی بەدواداهاتنەوەی ئـازاد دووبـارە دەریـان بـبڕێ بـەبێ هـیچ رەقیب و چاودێریك بەبێ ڕێکخستن بەپەرشـوبڵاوی دێنـەوە یـادی. لەگوتـەی ئەی چـی بکـەمی رابـردوو فریادڕەسـێك هـەبوو لەدڵـەوە یـەکتریان دەویسـت ڕێگای رزگاربوونی نیشاندەدا، بەڵام چـی بکـەمی ئێسـتای فریـادرەس نییـە، بەڵکو ئەژدیهایەکە دەیەوێ دەستەمۆی بکا .

لەچیرۆکی (خەونی ناو تەلبەندەکە)دا کۆمەڵە خێزانێك ئامـادە کـراون بـۆ راگواسـتن لەزێـدی خۆیـان، لەناویانـدا ژنێـك و منداڵەکـەی لەگـەڵ ئـەو خێزانانەن کە چوار دەوریان تەلبەندکراوە تاکو بیر لەهـەڵاتن نەکەنـەوە، بـۆ ئەوەی لەکاتی دیاریکراو راپێچـی دۆزەخێکـی سـەر دنیـا بکرێن. ((ژنەکـە و منداڵەکـەی لـەدیوی نـاوەوی تەلبەندەکـەن، چـاویان بڕیوەتـە دەرەوەی

---

[1] – س.پ، ئەی چی بکەم ، ل١٦٣.

تەلبەندەكە، كە خەڵكەكە ژیانی ئاسایی خۆیانی تێدا بەسەر دەبەن هەندێ منداڵ یاری تۆپێن دەكەن، منداڵەكە بیری دەچێتەوە لای ئەو تۆپەی خۆی، كە شاردویەتییەوە لەماڵەوە چاوەڕێشە تۆپی ئەو منداڵانە بكەوێتە لای، بەڵكو نەیانداتەوە و خۆی یاری پێبكا، دایكەكەشی تەنوورێكی هەڵایساوی كەمێ ئەملای منداڵە لاسارەكان گڕی لەناخی بەرداوە ... لەگەڵ هەر زمانەكێشانێكدا خەونێك وەك رەنگی نارنجی وپەمەیی بڵێسەكە لەناخیدا خەریكە سەر هەڵدەدا .. دوێنێ نەپێرێ، سوارە بەدەم مەمك گوشینەوە بەئاگای هێنا، توند باوەشی لێدا بەخۆیەوە گوشی، پێی ووت:

– ئەوە چییە هەموو بەیانییێك فێر بووی ئەو بەزمە دادەمەزرێنی، بەرمدە ... درەنگە.

– بۆ پەلەتە؟

– تەنوور دادەخەم ... دەبێ نان بكەم ... دەستت لابە، مەكە...)).[١]

لەم بەدواداهاتنەوەیەدا لەڕێی هەستی بینیندا كارەكتەر لەناو بۆتەقەی خەم و ئازاردا بەهۆی هەستی بینین تەنوورێكی هەڵایساوی دیت. ژنێك تەنووری داخستووە بۆ نانكردن. بەم دیتنەو بەهۆی بیرەوەریی رووداوە كەڵەكەبوو و داكراوەكانی ناو هزری كارەكتەر لەڕێی خەیاڵەوە دووبارە هاتنەوە بیری، كەهەمان رووداوە و كارەكتەر جێبەجێی كردووە ئەویش تەندوور داخستن و نانكردنە بەمۆنتاجی شوێن هاتۆتەوە بیری.

ئێستای بەسەرهات و رووداوەكە لەنێو رابردووی خۆی تێكەڵ و پێكەڵ بووە، ئەوەی ئێستا لەبەر چاوی روو دەدات دووبارەی رابردووی خۆیەتی دەروونی شێواوو شڵەژاندووە وكاریگەریشی لەسەری بەردەوامە وگوشاریبۆدێنێ، بۆیە لەبێدەسەلاتی و بێچارەییدا فرمێسك دەڕێژێ.

لە چیرۆكی (ئاوارەبوون)دا كارەكتەر خەڵكی گوندێكی گەرمیانە لەبەر رووخان وكاولكردنی گوندەكەیان وكۆمەڵێ هۆی دیكە ڕێی كەوتۆتە شاری

---

١– كۆچیرۆك، خەونی ناو تەلبەندەكە، ل٢٠٤–٢٠٥.

بەغدا، لەویَ دەستی بەکرێکاری کردووە. لەرِێی جێناوی کەسی دووەمی تاکەوە قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات ((دوێنیَ چەند جاریَ ویستت خۆت یەخەی کابرای خاوەن کارگە بگری و پێی بڵێی...." تا ئێوارە بیَ وەستان کارت بۆ دەکەم ماندوو بوون نازانم...." لەگەڵ چەند کرێکارێکدا خزانە ناو پیکابێکەوە ... لەتەنیشت کۆمەڵە زیخ و کەرەستەی کاردا هەڵپرژانن .... چەند ماشێنێکی هەمە جۆر کپ وبیَ دەنگ، سارد و سرِ لەوناوەدا بوون، تا چاو برِ کات لەو بەر شەقامەکەوە خانووی چەند نهۆمی رەنگاڵە لەژێر تیشکی خۆری ئەو بەیانییەدا دەبریسکانەوە، ئەو کابرایەی پێی وتی وەرە، بەدەست ودەم کرێکارانی دابەش کرد کەهاتە لای تۆ بەپەلە وتی:

ئەم ریزە خانووە دەرِوخێنن ...

کە گوێت لەوە بوو، مووچرکێك لەشتی داگرت، کارەساتەکەی لای خۆتانت بیر کەوتەوە... نەتئەزانی چی بکەی، هەمان ئەم وتەیە ئەوە سالآنێکە لەکەللەتا دەنگ ئەداتەوە .. " ئەم ریزە ریزە – ریـ ..... ز، ب روو خێنن " دانیشتوانی گوندەکەتان بەیەکا چوو، ئەوەی زۆر پێویست نەبوایە نەیانهێشت لەگەڵ خۆتانیا بیبەن))[1].

ئەم بەدواداهاتنەوەیە لەرِێی هەستی بیستن و رستەی (ئەم ریزە خانووە برِووخێنن) بەبیرهاتنەوەیەکی گوتەییە، دووبارەو تەتەڵەکردنی تێدایە" ریزە ریزە – ر ی ...ز" بێگومان ئەم رستەیە لەرِێی **هەستی بیستن** وەرگیراوە و لەناو هۆشدا داکراوە، لەرابردووەوە، پاڵەپەستۆی لەسەر بووە، کاتێك پیاوانی رژێم فەرمانی تەختکردنی ئەو دێیانەیان دەردەکرد، کە نەوتی زۆر بوو بەبیانووی ئەوەی ئەو دێیانە نانی پێشمەرگە دەدەن فەرمانی رووخان و تێکدانیان دەردەکرا، رووخاندنەکە لەرابردوو روویداوە بەهۆی شۆفەڵ و بلدۆزەرەوە لەئێستاشدا کرێکارێکە لەبەغدا لەرِێی خاوەن کارەکەوە فەرمانی پێدەکرێت، ریزە خانوویەك برِوخێنن بەهۆی دووبارە بوونەوەی ئەم رستەیە

[1]– کۆچیرۆك، ئاوارەبوون، ل٢١٨.

(ئەم ریزە خانووە دەڕووخێنن) پاڵە پەستۆکە زیاتر بووە وبووە بەهۆی تەقینەوە وپەردە لادان لەسەر ئەم رووداوە داکراوەی هۆش لە رابردوو لەئێستاداو ئێستاش لەرابردوودا دەبینێتەوەو کارەکتەری توشی شۆك کردووە، شێوازێکی تایبەتییە لەخێرایی گەیاندن و گەڕانەوە بۆ رابردووی هزر لەئێستادا بەشێوەیەکی دەرپەڕیوو دەبێ. هۆش لەم ساتەکاتانەدا، ملکەچی هیچ یاسا وڕێسا یەك نابێت و لەدەرپەڕینەکەی بەربەستی ناکرێت. لەم بەدواداهاتنەوەیەدا هەستی بینین و بیستن و گوتەیی بەشدارن، بۆ هێنانەوەی رابردوو بۆ ئێستا .لەرووی رێزمانیشە (ئەم ریزە خانووە دەروخێنن) ناچێتە خانەی شێوازی ئەمری بەڵکو شێوازی هەواڵییە، بەڵام لەئاستی پراگماتیکەوە ئەمرە، هەر چەندە هەموو بەشەکانی تەوژمی هۆش گوێ بەلایەنی رێزمانی و خاڵبەندی نادەن .

جگە لەم چیرۆکانەی باسکران، لەچیرۆکی (دوانامە)دا ئەم تەکنیکە بەدی دەکرێت، مامۆستایەك لە کاتی ئێستادا لەگەڵ برادەرێکی لە چایخانەیەکدا دانیشتووە، لەو کاتەدا کاروانێك بەبەردەمی چایخانەکەدا تێدەپەڕێ لەگەڵ ئەو کاروانەشدا ((ئافرەتێك بەرگێکی ئاڵ و والای لەبەردابوو لە دواوە کۆششی ئەوەی ئەکرد کە بیانگاتێ))[1]. مامۆستاکە بەبینینی ئەو دیمەنە، ئەو ژنە هاوسێیەیانی هاتەوە یاد کە لەگەڵ خەزووری شەوێك چووبوونە لای مامۆستاکە تاکو نامەیەکیان بۆ بنووسێ بۆ مێردی ژنەکە، کە ئەو کاتە پێشمەرگەبوو، ماوەیەك دوای نامەنووسینەکە، مامۆستاکە رۆژێك دیتی ژنەکە لەگەڵ خەزووری بەرگێکی ئاڵ والای لەبەر بوو لە دوای خەزووری دەڕۆیشت، ئەم دیمەنەی کە لە ئێستادا لە دانیشتنی لە چایخانەکەدابینی ئەم دیمەنەی رابردووی بەبیر هێنایەوە .

لە چیرۆکی (دەست)دا، ئەم بەدواهاتنەوەیە بەدی دەکرێت، ئەویش لە رێگەی هەستی بۆنکردنەوەیە ((کە بۆنی قژت دەکەم ئەو کاتە خۆشانەم

---

[1]- کۆ چیرۆك، دوانامە، ل٢٨ .

وەبیر دەخاتەوە کاتیّ منالّ بووم خۆم رووت دەکردەوە ........ لەسەر خۆڵە داخراوەکەی ریّگاکە رادەکشام بۆنیّکی خۆشی هەبوو، بۆنی قژت ئەو بۆنەم دیّنیّتەوە یاد))[1].

لە چیرۆکی(دیارییەکی پەسەند نەکراو)دا بەدواهاتنەوەی ئازاد گوتەیی(لفظي) یە بەبیستنی رستەی (لاتخافي) کارەکتەرە ژنەکە زۆر ترسا، چونکە جاریّکی دیکە گویّی لەم رستەیە بووە ئەو جارە بوو کە دایان بەسەریاناو، عەلییان گرت، یەکیّ ئاوای پیّ وت [2].

لە چیرۆکی(چاوەڕوانی)دا لە ویّستگەی شەمەندەفەر کاتیّ کارەکتەر ئەو ژنە سپیکەڵانە چاو شینە دەبینیّ چاوەڕوانی کوڕەکەی دەکا، کە لە شەڕی جیهانیدا کوژراوە، کەچی ئەو هەر چاوەڕیّیەتی، دیمەنی ئەو ژنە دیمەنی (پوورە ئایشەی لای خۆمان)[3]ی بە بیر هیّنانەوە .

[1]– س .پ، دەست ،ل ٩٦ .

[2]– س .پ، دیارییەکی پەسەند نەکراو ،ل ٥٣ .

[3]– س.پ، چاوەڕوانی ، ل ١٤٧ .

# ئەنجـــام

لەئاکامی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١–سـەرەرای تێکـەڵاوبوونی جـۆری بنیاتـەکان لەگـەڵ یـەکتری، بـەڵام توانرا چوار جۆرە بنیات دەستنیشان بکرێ لە چیرۆکەکاندا:

زنجیرەیـی تێهـەڵکێش، بازنـەیی و نـۆرە. هەنـدێ جـاریش چـیرۆکەکە جۆری بنیاتەکە دەستنیشان دەکات کە بۆ بیرتیژی و پلاندانانی پێشـوەختی چیرۆکنووس دەگەڕێتەوە.

٣– چیرۆکەکانی لەگەڵ چیرۆك و شانۆو شیعرو گۆرانی و خەون و نامـە و مێژوو و بەڵگەنامە تێهەڵکێش کردووە .

٤– جۆرە بنیاتێك لە چیرۆکی چیرۆکنووسدا بـەدی دەکـرێ کـە لـەلای چیرۆکنووسـانی دیکـەی کـورد بـەدی نـاکرێ، ئـەویش بنیـاتی (کـۆڵین)ە لەچیرۆکەکە تەنیا مەسەلە بنچینەیی و کرۆکەکە باس ناکات، خوێنـەر دەبێ خۆی بەدوایدا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە.

٥– لــە چــیرۆکەکانی ئــەم چیرۆکنووســەدا زۆربــەی هــەرە زۆری کارەکتەرەکان شوێنی خۆیان رەتکردۆتەوە، جا لەبـەر ناسـەقامگیریی بـاری دەروونـی و دڵـەڕاوکێی تـاکی کـوردبێ، یـان هۆکـاری ئـابووری و سیاسـی و کۆمەڵایــەتی بــێ، کــە هــەر هــەموویان لــە کۆنەپەرســتیی رژێمــەکان و دەســەڵاتەکان سەرچـاوەیان گرتـووە، ژێـر دەسـتەیی و نایەکسـانی هـۆی سەرەکی ئەم رەتکردنەوەیە .

٦– تەکنیکی دیمەن، لە چیرۆکەکاندا بە هەردوو شێوەی دەرکەوتووە، یەکەمیان لـەڕێی دایـەلۆگ لـەنێوان کارەکتـەرەکان ئەنجامـدراوە، ئیـدی لـە بارەی هەر رووداوێکەوە بووبێ، دووەمیـان لـە ڕێگـای کـامێرای، هونـەری بـە گرتنی وێنەی رووداوەکان بەشێوەیەکی زیندوو و تـەژی لـە جووڵـەو هێمـای کارەکتەرەکان .

٧- وەسف بەشی شێری بەرکەتووە، لەچاو هەموو تەکنیکەکانی دیکە، بە وەسفی شێوەی دەرەوەی کارەکتەر نەوەستاوە، بەڵکو چۆتە ناخی کارەکتەرەکان و وەسفی ناوەوەو بیرکردنەوەکانی کردووە. وەسفی شوێنیشی بەڕەهەندە دەروونییەکانی کارەکتەرەکانەوە پەیوەستکردووە.

٨- گوند شوێنێکی بەرچاوی هەیە لە ناو چیرۆکەکاندا، بۆیە کاتێ کارەکتەر هاتۆتە شار، شاری ڕەتکردۆتەوە، خۆزگەی بە ژیانی گوند خواستووە، لە شاریش کێشەکەی زیاتر بووە و لە ترس و دڵەراوکێدا بووە هەردەم وێنەی کوختەکانی گوندی لەیاد بووە، بە پێی بەسەردا تێپەڕبوونی رۆژگار و ئاشنابوونی لەگەڵ شار (کەرکووك)، ئەمجارە کەرکووك بەدنیا ناگۆڕێتەوەو بە بەهەشتی زەمینی دادەنێت.

٩- کارەکتەرەکان بەگشتی شوێنی خۆیان ڕەتکردۆتەوە، هۆی سەرەکی لەمەدا ناسەقامگیری باری دەروونی کارەکتەر بووە، کە بۆ هۆکاری کۆمەلآیەتی و سیاسی دەگەڕێتەوە.

١٠- لەگەڵ ئەوەی چیرۆکنووس لە نزیکەوە ئازارو ئەشکەنجەی گەنجی کوردی بینیوە، ناوبانگی بەندیخانەکانی (هەیئەی خاسسەو پیریادی و ئەمنی عامەی بەغداوئەبوغرێب و موسل و تەسفیرات بەغدا) دەنگییان دابۆوە، کەچی لە دوورو نزیك وەك شوێنی(نا ئاشنا/ دژ) باسینەکردوون. جگە لە چیرۆکەکانی خەونی ناو تەلبەندەکەو خەونێکی ناو دۆزخەکە و هەیاس، کە تیایاندا باسی راگواستن و ئەنفال دەکات.

١١- چیرۆکنووس توانیویەتی جۆرە بینینێکمان پێشکەش بکات کە بە قووڵی و گشتگیری جیادەکرێتەوە، لەسەر شێوە تەقلیدییەکان نەماوەتەوە سنووری نێوان رێبازە ئەدەبییەکانی لابردووە، لە چیرۆکەکانیدا بەرامبەر لایەنی روون و ئاشکرا لە شیعرو ئەفسانە و سینەما و ڕەمز و مێژوو خوێنەری وەستاندووە، لەرێی رۆشنبیریی خودی خۆیەوە سەرنجی بەلای کلتوور و گرنگییەکەی راکێشاوین کە لە چیرۆکەکانیدا بەدی دەکرێن، جگە لەوەی بە

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە هەڵە بەکارهێنانی دین و کردنی بە ئامرازێکی سەرکوتکەر بۆ کۆمەڵی کوردەواری لە چەندین چیرۆك بەرجەستە کردووە.

١٢- ئەگەرچی شێوازی گێڕانەوەی بابەتی دەستی بەسەر زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکاندا گرتووە، بەڵام لەهەندێ چیرۆکدا شێوازی خودی زاڵ بووە. بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی (نازم ڕەشە قوماش، ئاوێنە، باڵندە) .

١٣- لە زۆربەی چیرۆکەکاندا سوودی لە مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ/خودی وەرگرتووە کە دیارترین تایبەتمەندییەکانی تەوژمی هۆشە، بە تایبەتی لە چیرۆکی (هاوار) کە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هەستی کارەکتەر دەکات .

١٤- تەکنیکی تەوژمی هۆشی بەکارهێناوە، بە تایبەتی بەشەکانی ئەم تەکنیکە لە مەنەلۆگ و خۆدواندن و هەڵڕژانی ئازاد و لەم سیانە نموونەی بەرچاو هەیە.

١٥- لە گێڕانەوەکانیدا ئەفسانە و ڕەمز بەکاردەهێنێت، بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی (دارەکەی بەرماڵمان، ئەسپ، سێبەرە سپییەکان، بەردی سەبر، شایەتی بەردێك) .

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان

### کتێب


– بینای هونەری لەکورتە چیرۆکی کوریدا، ئەحلام مەنسوور، چ: تیشك، سلێمانی، ١٩٩٩ .
– بینای هونەری چیرۆکی کوردی (لەسەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
– بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز)، نەجم خالید نەجمەدین ئەلوەنی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
– چەمك و ئێستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩ .
ـ چیرۆکی هونەری کوردی (شێوەو شێوازو بونیاد) زاهیر رۆژبەیانی، چ/٢، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.
– چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، چ:عەلاو، بەغدا، ١٩٨٥.
– دیوانی ئەسیری،د.کوردستان موکریانی ،دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس،چ٢،هەولێر،٢٠٠٦.
– ڕۆمانی کوردی، سابیر ڕەشید، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧ .
– (زریان، زایەڵە، زنار)، ئەنوەر قادر محەمەد، سلێمانی، ٢٠٠٤.
– شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چ/ ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١ .
– کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەکردنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراقدا (١٩٦١–١٩٧٠)، د. عەبدوڵڵا ئاگرین، هەولێر، ١٩٩٩.
– کۆچیرۆك، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چ/ ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
– لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چا/٢، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.
– هەنبانە بۆرینە، هەژار، فەرهەنگی کوردی– فارسی، چ/٥، تهران، ١٣٨٥ .

## كتێبەعەرەبییەكان


- الاتجاه الواقعي في الرواية العراقية، عمر الطالب، دارالعودة، بيروت، ١٩٧١.
- أثرالواقعيـة الغربيـة في الروايـة العربيـة، محبـة حـاج معتـوق، دار الفكـر اللبنـاني، بيروت،١٩٩٤ .
- الأحلام، سيجموند فرويد، مكتبة الهلال، ط٣، بيروت، ١٩٨١ .
- الأدب وفنونه ،د.محمد مندو، دار النهضة مصر للطبع و النش،١٩٧٤ .
- اساليب السرد فى الرواية العربية، د.صلاح فضل، دارالمدى للثقافـة والنشـر، دمشـق، ط١، ٢٠٠٣ .
- استراتيجية المكان: د. مصطفى الضيع، الهيئة العامة لقصورالثقافة، مصر، ١٩٩٨.
- اشكالية المكـان في الـنص الادبـي (دراسـة نقديـة)، ياسـين النصـي، مـط/ دار الشـؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.
- الألسنية و النقد الأدبي في النظرية والممارسة، د.موريس أبو ناضـر، دار النهـار للنشـر، بيروت، ١٩٧٩ .
- ألف ليلة وليلة، تحليل سيميائي تفكيكـي لحكايـة حمـال بغـداد، د.عبـدالملك مرتـاض، ديوان المطبوعات الجامعية، ١٩٩٣.
- بحـوث في الروايـة الجديـدة، ميشـال بوتـور، ت: فـؤاد انطونيـوس، منشـورات عويـدات، بيروت، ط/٢، ١٩٨٢.
- البناء الفني لروايـة الحـرب في العـراق (دراسـة لـنظم السـردوالبناء فـى الروايـة العراقيـة المعاصرة)، د. عبدالله إبراهيم، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٨٨ .
- البنـاء الفـني في الروايـة العربيـة في العـراق، د.شـجاع مسـلم العـاني، مـط/ دار الشـؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٤ .
- بناء الرواية، د. عبدالفتاح عثمان، مكتبة الشباب، مصر، ١٩٨٢ .
- بناء الرواية، دراسات مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ، سيزا قاسـم، دار التنـوير للطباعـة والنشر، بيروت، ١٩٨٥.
- بنية الخطاب الشعري، دراسة تشريحية لقصيدة اشجان يمانيه، د. عبـدالملك مرتـاض، دار الحداثة للطباعة والنشر، ١٩٨٦ .
- بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط١، ١٩٩٠.
- بنية النص الروائي، إبراهيم خليل، الدار العربية للعلوم ناشرون، ٢٠١٠ .

- بنية النص السردي في منظور النقد الأدبي، د.حميد لحمداني، المركز الثقافي العربي، بيروت ،ط٢، ١٩٩٣ .
- البنية الروائية في رواية الأخدود (مدن الملح) لعبد الرحمن منيف، محمد عبدالله القواسمة، دار الينابيع للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨.
- البنية القصصية ومدلولها الاجتماعي في حديث عيسى بن هشام محمد رشيد ثابت، الدار العربية للكتاب، ليبيا، تونس، ١٩٧٥ .
- البنية والدلالة في مجموعة حيدر حيدر القصصية، عبدالفتاح ابراهيم، الدار التونسية، ١٩٨٦ .
- البنى السردية (نقد القصة القصيرة)-١- عبدالله رضوان، دارالكندي، الاردن، ٢٠٠٢.
- تحليقات، قصص كردية قصيرة، احمدمحمداسماعيل، سلسلة خاصة بمهرجان طلاويذ، سليمانية، ٢٠٠٩.
- تحليل الخطاب الروائي (الزمن — السرد — التبئير)، سعيد يقطين، المركزالثقافي العربي، بيروت، الدار البيضاء، ١٩٨٩.
- تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، امنة يوسف، دار الحواراللاذقية، ط١٩٩٧،١
- التيارات المعاصرة في القصة القصيرة في مصر، د. احمد الزعبي، دارالكندي للنشر والتوزيع، الاردن، ١٩٩٥ .
- تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ت: محمود الربيعي، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٥.
- جدلية الزمن، غاستون باشلار، ت: خليل احمد خليل، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٤.
- جماليات التشكيل الروائي، د. محمد صابر عبيد، د. سوسن هادي جعفر البياتي، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، ٢٠٠٨.
- جماليات الديكور المسرحي، دراسة في اعمال صلاح حافظ الفنية، ياسين نصير، ط/٢، د. م، ١٩٩٠.
- جماليات اللغة في القصة القصيرة.. قراءة لتيار الوعي في القصة السعودية ١٩٧٠-١٩٩٥، أحلام هادي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٤ .
- جماليات المكان جماعة من الباحثين، دار قرطبة — عيون، ط٢، الجزائر، ١٩٨٨.
- جماليات المكان، غاستون باشلار، ت: غالب هلسا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ط/٢، ١٩٨٤.

- جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر النابلسى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٤.
- الجن والمتاهة، ألن روب كريه، لقاءات معه اجراها شاكر نوري، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٠، بغداد.
- الحكاية والتاويل، د. عبد الفتاح كيليطو، دراسات في السرد العربي، دار توبقال للنشر،١٩٨٨ .
- الحلم والرمز والاسطورة (دراسات في الرواية والقصة القصيرة في مصر)، شاكر عبدالحميد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٨.
- الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، فاتح عبدالسلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٩٩.
- الخراب الجميل، احمد خلف، دار الطليعة، للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١.
- خطاب الحكاية (بحث في المنهج)، جيرار جينيت، ترجمة: محمد معتصم وعبدالجليل الأزدي وعمرحلي، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ط١٩٩٧،٢.
- دراسات في القصة العربية الحديثة، د.محمد زغلول سلام، منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٨٧.
- دراسات في نقدالرواية: د.طه وادي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ط١، القاهرة ،١٩٨٩.
- دراسات نقدية فى الادب العربى، عزيز السيدجاسم، ط١، مط : وزارة الثقافة والاعلام، بغداد ،١٩٧٠
- دلالة المدينة في الخطاب الشعري المعاصر(دراسة في اشكالية التلقي الجمالى للمكان)، قادة عقاق، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.
- دلالة المكان في قصص الاطفال، ياسين النصير، ط١، دارثقافة الاطفال، بغداد،١٩٨٥
- الرواية العربية واقع وافاق: مجموعة كتاب، دار ابن رشد، بيروت، ١٩٨١.
-الرواية العراقية وقضية الريف، باقر جواد الزجاجي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.
- الرواية والمكان، ياسين النصير، الموسوعة الصغيرة (١٩٥)، دا الحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٦.
- روح العصر، اسماعيل عزالدين، دار الرائد العربي، بيروت، ١٩٧٢.
- السرد الروائي في اعمال ابراهيم نصرالله، هيام شعبان، دار الكندي للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٤.

- صنعة الرواية، بيرسى لوبوك، ت: د.عبدالستار جواد، منشورات الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٩٢.
- الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي والنقدي، الولي محمد، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، بيروت، د.ت .
- عالم الرواية، رولان بورنوف و ريال اوئيلية، ت:نهاد التكرلي، مراجعة : فؤاد التكرلي ود.محسن الموسوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١ .
- عبقرية الصورة والمكان (التعبير، التأويل، النقد)، طاهر عبدالمسلم، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٢.
- الفضاء الروائي في (الغربة) الاطار والدلالة، منيب محمد البوريمي، دار الشؤون الثقافية، بغداد، د. ت.
- الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، د.ابراهيم جنداري، مط/ دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠١ .
- فضاء النص الروائي مقارنة بنيوية تكوينية في ادب نبيل سلمان، محمد عزام، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، ١٩٩٦.
- فن الشعر، ارسطوطاليس، تحقيق وترجمة : د.شكري محمد عياد، دار الكاتب العربي، ١٩٦٧.
- الفن القصصي في المهجر، هادية احسان رمضان، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٨.
- الفن القصصي في ضوء النقد الأدبي الحديث، د.عبداللطيف الحديدي، دار المعرفة، المنصورة، ١٩٩٦.
- فن القصة، وجهة نظر و تجربة، عدّى مدانات، الأهلية للنشر والتوزيع، ٢٠١٠.
- فن القصة، د.محمد نجم، دار الثقافة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٥٥.
- في دلالية القصص وشعرية السرد، سامي سودان، دار الاداب، بيروت، ١٩٩٠.
- في السرد، سامى سويدان، دار الاداب، بيروت، ١٩٩٠ .
- في السرد (دراسات تطبيقية)، عبدالوهاب الرقيق، دار محمد علي الحامي، تونس ،ط١ ،١٩٩٨.
- فى معرفة النص، دراسات في النقد الادبى، د.حكمت صباغ الخطيب، مط/النجاح الجديدة، الدارالبيضاء، ١٩٨٤.

- في نظريـة الروايـة، د. عبـدالملك مرتـاض، المجلـس الـوطني للثقافـة و الفنـون والاداب، الكويت، ١٩٩٨.
- قال الراوي (البنيات المكانية في السيرة الشعبية)، سعيد يقطين، المركز الثقـافي العربـي، بيروت، ١٩٩٧.
- قـراءات في الأدب و النقـد ، د. شـجاع العـاني/ منشـورات أتحـاد الكتـاب العـرب، د.م، ١٩٩٩.
- القـراءة والتجربـة، سـعيد يقطـين، دار الثقافـة، مطبعـة النجـاح الجديـد، الدارالبيضـاء، ١٩٨٥.
- قضايا أدبية و مذاهب نقدية، د. حمدي الشيخ – كليـة الاداب – جامعـة بنهـا، المكتـب الجامعي الحديث، الأسكندرية ،٢٠٠٧.
- قضـايا الروايـة الحديثـة، جـان ريكـاردو، ت، صـياح الجهـيم، منشـورات دار الثقافـة والارشاد، دمشق، ١٩٧٧.
- قضايا الشعر المعاصر، نـازك الملائكـة، الطبعـة الخامسـة، دار العلـم للملايـين، بـيروت، ١٩٧٨ .
- محي الدين زنكنة روائياً دراسة و نقد، د. رؤوف عثمان، مط/بابان، ٢٠٠٨.
- مدخل إلى التحليل البنيوي للقصص، رولان بارت، ترجمة: منـذر عيـاش، مركـز الإنمـاء الحضاري، ١٩٩٣ .
- مدخل الى نظريـة القصـة، سمـير المرزوقـي وجميـل شـاكر، مـط/ دار الشـؤون الثقافيـة العامة، بغداد، ١٩٨٦ .
- مدخل لدراسة الرواية، جيرمى هوثرون، ت: غازى درويش عطيـة، دار الشـؤون الثقافيـة العامة بغداد، ١٩٩٦.
- الموضـوع والسـرد مقاربـة بنيويـة تكوينييـة فـى الادب القصصـى، د.سـلمان كاصـد، دارالكندى، الاردن، ٢٠٠٢
- النص الروائي (تقنيات ومناهج)، بيرنار شاليط، ترجمـة : رشـيد بنحـدو، الهيئـة العامـة لشؤون المطابع الاميرية، ١٩٩٩.
- نظرات في الرواية المصرية، الدكتور نبيل حـداد، دار الكنـدي للنشـر والتوزيـع، الأردن، ٢٠٠٣.

- نظرية الأدب، اوستن وارين و رينيه ويليك، ت: محي الدين صبحي، مراجعة : د.حسام الخطيب، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، مط:خالد الطرابيشى، ١٩٧٢.
- نظرية البنائية في النقد الأدبي، د.صلاح فضل، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٧٧.
- نظريات السرد الحديثة، والاس مارتن، ت: حياة جاسم محمد، المجلس الاعلى للثقافة، د.م، المطابع الاميرية، ١٩٩٨ .
- نظرية المنهج الشكلي (نصوص الشكلانيين الروس)، ت: ابراهيم الخطيب، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٢.
- النقد الادبي، د.حكمت صباغ الخطيب، مط/ النجاح الجديدة، الدار البيضاء، ١٩٨٤ .
- النقد التطبيقي و الموازنات، محمد الصادق عفيفي، مؤسسة الخانجي، مصر، ١٩٧٨ .
- النقد التطبيقي التحليلي: د. عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦ .
- النهايات المفتوحة، دراسة نقدية في فن انطوان تشيكوف القصصى، شاكر النابلسى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط٢، بيروت،١٩٨٥
- الوجود والزمان والسرد (فلسفة بول ريكور)، ت : سعيد الغانمي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩١ .
- وظيفة الوصف في الرواية، عبد اللطيف محفوظ، الجزائر، ٢٠٠٩.


**فەرهەنگ**


- المصطلح السردي معجم المصطلحات، جيرالد برنس، ت: عابد خزندار، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة ،٢٠٠٣.
- معجم مصطلحات العربية في اللغة والادب، مجدي وهبة وكامل المهندس، مكتبة لبنان، ط٢، ١٩٨٤.
- معجم مصطلحات الادب، مجدي وهبة، مكتبة لبنان، ١٩٧٤.

## نامەئەکادیمییەکان بەزمانی کوردی

### نامەی ماستەر

- کورتیلـە چـیرۆکی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتاندا۱۹۷۰–۱۹۷۹، ئـازاد محەمـەد، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، ۲۰۰۸ .
- گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، ریـزان رەحمـان خـدر، نامـەی ماسـتەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین ،۲۰۰۷ .
- هێما لەچیرۆکی هونەری کوردستانی باشوور ۱۹٦۱ – ۱۹۸۰، تالیب محەمەد ئەحمەد، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ساڵی، ۲۰۰۰.

### نامەی دکتۆرا

- لێکوڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا، ئیـبراهیم قـادر محمـد، نامەی دکتورا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ۱۹۹۷.

## نامە ئەکادیمییەکان بەزمانی عەرەبی

### نامەی ماستەر

- بنـاء الروايـة العربيـة في الكويـت، د.جـبر صـبر، رسـالة ماجسـتير، كليـة الاداب جامعـة البصرة، ۱۹۸۹ .
- السردية في النقد الروائي العراقـي (۱۹۸٥–۱۹۹٦)، أحمـد رشـيد وهـاب الـدرة، رسـالة ماجستير، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، ۱۹۹۷.

### نامەی دکتۆرا

- السرد عند الجاحظ، فاديه مروان احمد الونسة، اطروحـة دكتـوراه، كليـةالاداب، جامعـة الموصل ۲۰۰٤ .
- العلامة في ثلاثيـة ارض السـواد لعبـدالرحمن منيـف (دراسـة سـيميائية)، فيصـل غـازي صمد النعيمي، اطروحة دكتوراه، كلية التربية، جامعة الموصل، ۲۰۰٥.

**گۆڤاری ئەدەبی**

- چەند پەیڤێك دەربارەی چیرۆكی كوردی، شێركۆ بێكەس، گ/ ئایندە، ژ٤٩، سالّی ٢٠٠٣.

**المجلات**

- البنية السردية في قصص لطفيه الدليمي، احمد حسين جارالله، مج/الاقلام، س/٣٦، ع/٣، ٢٠٠١.
- البيئة في القصة، وليد ابوبكر، مج/الاقلام، ع/٧، ١٩٨٩.
- تطور البناء وأدواته في الرواية العراقية، شجاع العاني، مج/الاقلام، ع/٢، ١٩٨٦ .
- الخصائص البنائية للاقصوصة، د. صبري حافظ، مج/ الفصول، المجلد الثاني، ع/٤، ١٩٨٢.
- مقولات السرد الأدبي، تزفيتان تودورف، ت: الحسين سحبان وفؤاد الصفا، مج/ افاق المغرب، ع/٨–٩، ١٩٨٨.

ملامح الادب الفلسفي في النثر، فائز طه عمر، مج/ اداب المستنصرية، ع/٣ ،س/ ١٩٨٦ .

**چاوپێكەوتن**

- چاوپێكەوتن لەگەڵ چیرۆكنووس رۆژی ٢٠٠٩/١١/٩ كاتژمێر ٤:٥.
- پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ چیرۆكنووس سێشەم لە ٢٠١٠/٦/٢٩، كاتژمێر ٩ی شەو.
- پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ چیرۆكنووس رۆژی دوو شەم ٢٠١٠/٧/٦ كاتژمیر ٨,١٥ شەو.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

1- Roland barthes ,introduction analyze des resist. communication.8,1966

2 – wales, karie - Dictionary of stylistics, London :Longman Group 1.1 ltd .1989

# ناوەرۆك


| بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٥ |
| **بەشی یەكەم : چەمك و جۆرەكانی گێڕانەوە** | ٩ |
| **١- چەمكی گێڕانەوە** | ٩ |
| ئەركی گێڕانەوە | ١٣ |
| ئەركی گێڕەرەوە | ١٤ |
| **٢- جۆرەكانی گێڕانەوە** | ١٥ |
| گێڕانەوەی بابەتی | ١٦ |
| گێڕانەوەی خودی | ٢٨ |
| **بەشی دووەم : توخمەكانی گێڕانەوە** | ٣٩ |
| **١- زمان** | ٣٩ |
| **٢- ڕووداو** | ٤٣ |
| یەكەم: بنیاتی زنجیرەیی | ٤٧ |
| دووەم: بنیاتی تێهەڵكێش | ٥١ |
| سێیەم: بنیاتی نۆرە | ٧٥ |
| چوارەم: بنیاتی بازنەیی | ٨٠ |
| **٣- كات** | ٩٢ |
| ڕەوتەكانی كاتی گێڕانەوە: | ٩٥ |
| أ- ڕەوتی گێڕانەوەی دواخراو | ٩٥ |
| ب- ڕەوتی گێڕانەوەی پێشخراو | ١٠٧ |
| ج- جووڵەی كات لەڕووی خێرایی و سستییەوە | ١١٣ |
| | ١٢٦ |

**٤- شوێن**
جۆرەکانی شوێن ١٣٢
أ- ئاشناو نائاشنا ١٣٣
ب- کراوەو داخراو ١٤٨
ج- واقیعی و خەیاڵی ١٥٩
**بەشی سێیەم: وەسف** ١٧١
جۆرەکانی وەسف
أ- وەسفی شوێن ١٧٥
ب- وەسفی شت و کەلوپەل ١٨٩
ج- وەسفی کارەکتەر ١٩٥
**بەشی چوارەم : دایەلۆگ** ٢٠٢
**١- دایەلۆگ** ٢٠٢
١- دایەلۆگی راستەوخۆ ٢٠٧
٢- دایەلۆگی ناراستەوخۆ ٢١٤
**٢- شەپۆلی هۆش** ٢٢٦
١- مەنەلۆگ ٢٢٩
أ- مەنەلۆگی راستەوخۆ ٢٣٤
ب - مەنەلۆگی ناراستەوخۆ ٢٣٩
٢- خۆدواندن ٢٤٦
٣- بەدواهاتنەوەی ئازاد ٢٤٩
ئەنجام ٢٦٠
سەرچاوەکان ٢٦٣